# دۆلار لە ئەمریکا



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# دۆلار لە ئەمریکا

دوو بابەتە لەسەر پارە و سەرمایە و بانک لە ئەمریکای نوێدا

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:

شێرزاد هەینی



ناوی کتێب: دۆلار لە ئەمریکا – دوو بابەتە لەسەر پارە و سەرمایە و بانک لە ئەمریکای نوێدا
ئامادەکردن و وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٨١١
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٧١ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## بابەتی یەکەم

# ریتشیستان

گەشتێکە بۆ ژیانی دەوڵەمەندە نوێیەکانی ئەمریکا


نووسینی: رۆبرت فرانک
وەرگێرانی بۆ عەرەبی: محەمەد ئەمین

## رۆبرت فرانكی نووسەر



ژورنالیست رۆبرت فرانک لە رۆژنامەی وول ستریت ژورنال هەفتانە وتاری نووسیوە، رۆژانەش لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت بەناوی (راپۆرتێک لەسەر سامان) هاوكاری دەكات، بەردەوامیش بۆ ماوەی ١٣ ساڵە وەک پەیامنێر لە ئەتلانتاو لەندەن و سنگافورە و نیۆیورک كاردەكات، لە بەرامبەر كۆشش و كارەكانیدا بۆ ئامادەكردنی راپۆرتی ئابووری لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەگەڵ ژورنالیستی رۆژنامەكەیان، لە ساڵی ١٩٩٨ خەڵاتی OVERSEAS PRESS CLUB وەرگرتووە، ئێستاش لەگەڵ ژنەكەی و كیژەكەی لە نیویۆرک دەژیت.






وێنەی بەرگی كتێبە ئینگلیزییەكە

# پێشەکی

لە ئەمریکا زۆرتر لە نۆ ملیۆن ماڵباتی ملیۆنێر هەیە، ملیۆنێرەکانی ناو ئەمریکا لە ملیۆنێرەکانی هەموو وڵاتانی ئەوروپی ژمارەیان زۆرترە، رێژەی ١٪ ملیۆنێرەکانی ئەمریکا خاوەن ١،٣تریلیۆن دۆلاری جیهانن، ئەو پارەیەش لە کۆی داهاتی فەرەنساو ئیتالیاو کەنەدا زۆرترە. بەپێی بۆچوونەکانی نووسەرەکە ئەو سامانە زۆرەی ناو ئەمریکا لەو دە ساڵەی دواییدا کۆکراونەتەوە.

لەبەر رۆشنایی پەیڤێکی ئابووریناسی ناودار (جۆن کینیث گالبریث) کە وتوویەتی:

تویژی دەوڵەمەندان زۆر ناودارن، بەڵام کەمتر لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیان لەسەر کراوە، رۆبرت فرانک کاری کردووە. نووسەرەکە دەوڵەتێکی ئیفترازی بنیات ناوە کە زۆربەی ساماندارەکانی تێدا دەژین، وەک ئەو شوێنەی لە فلوریدا هەیە، کە گۆرەپانی گۆڵفیشی تێدایە. ئەو دەڤەرەی لە ئەسپن لە ولایەتی کولورادۆ هەیە، کە کەمپی خلیسکانێی سەر بەفری تێدایە، ئەوانەی لە مانهاتن باڵەخانەی چەند نهۆمیان بەرز کردیتەوە. ئەو شوێنانە هەواری ئەو دەوڵەمەندانن. هاووڵاتیانی ناوچەکە بەو دەوڵەتە دەڵێن Richistan واتە دەوڵەمەندستان، ساڵانە ١٠٧ هەزار دۆلار لە ئارامگە تەندروستییەکەیان سەرف دەکەن، دەوڵەمەندی وایان لەناودایە، سەعاتی دەستی بە ٦٠٠ هەزار دۆلار لە دەستی دەکات. خانووە هاوینەکانیان یاریگەی تەنسی ژنانەو پیاوانەیان تێدایە، واتە یاریگەیەک بۆ خۆی و یەکێکیش بۆ ژنەکەی. بارث روبرتسی خاوەن کار کەشتییەکی هەیە، خۆی لەناو بەستەڵەک و بەفرا دەسووڕێتەوەو بەفرەکەش دەتاوێنێتەوە، کەشتییەکەش لە شێوەی کەشتییەکانی فایکینگە، لەناو کەشتییەکانی سەیراندا، بە ئیسراحەت سەما دەکەن، لەناو ساڵۆنەکەیدا بەئاسانی هەڵدەپەڕن. لەناو کەشتییەکاندا شوێنی تایبەتی ئاهەنگیشی تێدایە.

لە بەشەکانی کتێبەکەدا ئەوانەی دیمانەیان لەگەڵ کراوە، زۆر بابەتی سەیرو نوێیان وروژاندووە، یەکێکیان بۆ نموونە لە دیمانەیەکدا وتوویەتی، بەس نییە من



لەگەڵ منداڵەکانمدا هەفتانە ماوەی ٥٥ سەعات بە خۆشی رادەبوێرین، ئەوەندەمان بەسە، ماوەیەکی باشە. ئەوەی سەیرە نووسەرەکە باش هەستی بەوە کردووە، ئەو دەوڵەمەندانە زۆر دەترسن، بەردەوام لە کەوتن و رووخان ترسیان هەیە، وەک چۆن لە ماوەیەکی کورت دەوڵەمەند بوون، دەترسن لە ماوەیەکی کورتیش تەلاری سامانەکەیان بڕووخێت. بۆیە بەردەوام لە رووخانا ترسیان هەیە.

نووسەرەکە نووسیویەتی، جاران تەنها ١٣ ملیاردێر لە ئەمریکادا هەبوون، بەڵام ئیمڕۆ لە پاش ساڵی ١٩٨٥ ژمارەی گەیشتووتە زۆرتر لە هەزار ملیاردێر لە ئەمریکا. لە ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەیان ملیاردێرەکانی ناو ئەمریکا گەیشتووتە ٢٢٧ هەزار کەس، بێگومان لەوانە ژمارەی بەرچاوی ژنیانی تێدایە. دەوڵەمەندەکانی لە ولایەتی نۆرث کارولینا بەتەنها بەقەد هەموو ملیاردێرەکان هەموو وڵاتی هیند دەبێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو توێژە وەک لە وڵاتێکی تر بژین وایە، کەسەکانی ناو ئەو توێژە تیمی تایبەتی نوژدار بەردەوامی و بەدرێژایی ٢٤ سەعات، چاودێری تەندروستیان دەکەن، بە فرۆکەی زۆر تایبەتی سەفەر دەکەن، لە هەوارگەی زۆر خۆش کاتەکانی پشوودانیان بەسەردەبەن. هەرکەسێک بیەوێت بگاتە دوا پلەی ئەو توێژە، پێویستە سەرمایەکەی لە دە ملیۆن دۆلار کەمتر نەبێت. ئەوەی لەو پارەیەی کەمتری هەبێت، ناوی لە توێژی (خۆشگوزەرانەکان) دا دەبێت، ئەوانەش ئوتومبێلی مارسیدس دەهاژۆن، بەڵام ئەوانی تر ئوتومبێلی مارکەی (مایباخ) Maybachدەهاژۆن. کتێبەکە خۆی لە توێژینەوەیەکی کۆمەڵایەتی ورد دەدۆزێتەوە، بەڵام نووسەرەکەی ئامۆژگاری خوێنەرەکانی دەکات، زۆر بایەخ بە ناوەرۆکەکەی نەدەن، سەری خۆیان بەو توێژینەوەیە نەخەنە ژان، با لەجیاتی ئەوە، روو لە خوێندنەوەی رۆمانە خۆرئاواییەکان بکەن، کە لەسەر ئەو توێژە دەوڵەمەندە نووسراون.

١

## ئامۆژگەی ستارکی:

سالانە ئامۆژگەی ستارکی نێونەتەوەیی چوارجار دەرگای تاقیکردنەوە بۆ وەرگرتنی ئارەزوومەندان دەکاتەوە، ئەوانەی لە ئەزموونە تایبەتییەکانیان دەردەچن، پسپۆر دەبن لە کاری سێرڤیس و گالسۆنی لەناو ماڵە ملیۆنێرو دەوڵەمەندەکاندا، فێر دەکرێن چۆن خواردنیان بۆ سازبکەن، چۆنیان پەروەردە بکەن. ئەوانەی دەکەونە ئەو ماڵانە، ٨ هەفتە جۆرەها خولی راهێنان و پەروەردەیان لە کەرەستەکانی مەتبەخ و پاککردنەوەو رازاندنەوەو گەسکلێدان و شووشتن و سازکردنی ژوورەکان و ئوتووکردنی جلوبەرگ و ئامادەکردنی جگەرەیان بۆ سازدەکەن. ئەو فێرخوازانە فێر دەکرێن، چۆن تابلۆیە زەیتییەکان پاک بکەنەوە، چۆن خواردن و خواردنەوە پێشکەش بکەن، فێریان دەکەن چۆن مێزو خوانەکانیان برازێننەوە. ئەوانە وا فێردەکرێن چۆن کۆشکێکی رووبەڕوو ٤٥ کم٢ بە ٢٠ تا ٣٠ دەمژمێر پاک بکەنەوە، ئەوانەی لەو خولانە دەردەچن فێر دەکرێن چۆن ساردەمەنی ناسک و نازدارو تامخۆش، لە شەوانی درەنگیش بۆ خاوەن ماڵەکە سازبکەن، ئەگەر خاوەن ماڵەکە لەناو پاپۆریش بێت، لە دەریای ناوەڕاستیش بێت. ئەو کارمەندانە پسپۆرن لە پۆلینکردنی ماڵەکەیان لە کاتی خاوێنکردنەوەی، تا خاوەن ماڵەکە رووی شکۆی زۆر جوان و شکۆدار دیاربێت، کتێبخانەکەیان بۆ ریزبەند دەکەن، تا شیاوی پایەداری کۆمەڵایەتی ئەوان بێت. تا پاڵتۆیە فەرووەکانیان وشک نەبێتەوە شارەزان لە هەڵگرتن و پاراستنیان، بۆیە لەناو دۆڵابی داری ئەرز هەڵناگیرێن، لەوەش شارەزان کەوا ناکرێ ئوتومبێلی جۆری بنتلی بشۆردێن.



## پرنسیپەکانی ستارکی:

ئەو خوێندکارانەی لە خولەکانی پێگەیاندنی سێرڤیسی ستارکی وەردەگیرێن، لە باڵەخانەیەکی گەورە دەمینێنەوە، هەموویان یەکپۆش دەکرێن، رەنگی پانتۆڵەکانیان خاکییە، قەمیسی سپی لەبەردەکەن، چاکێتیان سپییە، پێڵاوی بۆریش لەپێ دەکەن، کیژو کوڕەکانی خێزانەکان بە نازناوی بەرێز بانگ دەکەن، ناوی خۆیان ناهێنن، وایان فێردەکەن، هەر میوانێک سەردانی کردین، بەیەکەوە بۆیان هەڵسنە سەر پێ، بۆ گەیشتن بە هەر کارێک، بۆ خاوێن کردنەوەی هەر شتێک، بۆ تێکردنی فنجانە قاوەیەک، بۆ پاککردنەوەی کەوچکێک، دەستوبردبن، بەخێرایی بگەنە لای میوانەکانیان. بەتەواوکردنی ئەو کۆرسانە ئەو خوێندکارانە ساز دەکرێن تا بتوانن بەدروستی خزمەتی گەورە دەوڵەمەندەکان بکەن. لەو کۆرسانەدا فێردەکرێن، کەوا کەسانی دەوڵەمەند بەردەوام حەز دەکات شامپۆکانیان، مەعجوونی ددانیان تا سەر پڕ بێت، دەرسی ئەوەیان دەدەنێ، ئەگەر گەورەکانیان خاوەن چوار خانووش بن، هەموو دۆڵابەکانی جلوبەرگەکانیان رێکوپێک بن، گەرماوەکانیان خاوێن بن، هەموو شتەکانیان لە شوێنی خۆیدا بێت، لە کاتی ویستنی هەر شتێک بەدوایدا نەگەڕێن. ئەو خوێندکارانە فێردەکەن، کەوا ئەو کەسە دەوڵەمەندانە زۆر لە نەخۆشی و میکرۆب دەترسێن، زۆر پەرۆشی تەندروستی خۆیانن، بەڕێوەبەری ئامۆژگەی ستارکی لەبەر رۆشنایی ئەوەی ئەوانە لەبەر ئەوەی سامانی زۆریان هەیە، بۆیە زۆر خۆیان خۆش دەوێت، زۆر لە میکرۆب دەترسێن، بۆیە بەو ئاراستەیە خوێندکارەکانیان فێر دەکەن.

ئەو کەسانەی لە دوارۆژا لەبن دەست و لە ماڵەکانی ئەو ملیۆنێرانەدا کاردەکەن، ئەوە باش دەزانن، کەوا ئەوانە دوو شتیان زۆر لا پیرۆزە، ئەویش ئاژەڵە ماڵی و گەنجینەی کۆن و دێرینەکانە، بۆیە دەبێ بەردەوام ئەوەیان لەبەرچاو بێت. (تشامبیون) لە یەکێک لە کۆرسەکانیدا بەئامادەبووانی وتبوو:

لەو خوارەوەیە خێزانێکمان هەیە، لە ماڵەکەیدا سەد ئامێری تێدایە لاسایی هەموو باڵندەیەک دەکاتەوە، ئەوانەش بەردەوام و رۆژانە پێویستییان بە چاودێری و پاککردنەوەو ئاگاداری هەیە، دەوڵەمەندێکی تریشمان هەیە، ٥٠٠ جۆری ئوتومبێلی هەیە، بەردەوام دەیەوێت رۆژانە هەموویان پاک بکرێتەوە. ژنێکی تری دەوڵەمەندمان

هەیە کێڵگەیەک پشیلەی ماڵی راگرتووە، سێ کەسی بۆ ناندان و پاککردنەوەو خزمەتی ئەوانە داناوە، یەکێکی داناوە، باڵندەکان دان بدات، ئەو کەسە بەرپرسە لەوەی دان لە چواردەورەی کێڵگەکە دابنێتەوە تا چۆلەکەی زۆر نزیک بکەونەوە، تا ئەو چۆلەکانە پشیلەکانی شادومان بکەن، ئەو کەسی باڵندەکان دان دەدات مووچەی لە هەموو کارکەرەکانی تری ناو کۆشکەکە زۆرترە. شاگردەکان لەوەش شارەزا دەکرێن، قسە لە قسەی گەورەکانیان نەکەن، دەست لە کاروباریان وەرنەدەن، هەموو کارەکانیان بە رووخۆشییەوە بۆ راپەڕێنن، بۆ نموونە ئەگەر خاوەن ماڵەکەیان بۆ هێنانی سەگەکەی لە پالم بیتشەوە فرۆکە تایبەتییەکەی ناردە نیویۆرک سەرسام نەبن. ئەو خولە فێرکارییە بە BOOT CAMP دەناسرێت، فێرخواز بۆ وەرگرتنیان لەو کۆرسە ١٢٠٠ دۆلار دەدەن، ئەو پیشەیە، پیشەی سێرڤیس و خزمەتگوزاری لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەشەی کردووە، دیارە ئەوەش پەیوەستە بە زۆربوونی داواکاری لەسەر ئەو توێژە سێرڤیسە، لەبەر گرنگی و باشی کارەکانیان دیارە کەوا مووچەشیان زۆرتر بووە، ئەوەی لەو ئامۆژگەیە دەرچوویێت، مووچەی ساڵی یەکەمی لە نێوان ٨٠ تا ١٢٠ هەزار دۆلار وەردەگرێت. بێجگە لەو مووچەیە لەو مالانە لە شوێنی کارکردنیان بە خۆڕاییش دەخۆن و دەخەون.

## کەلتوورێکی نوێ:

بە زۆربوونی سەرمایەو ژمارەی ملیاردێرەکان لەناو ئەمریکا، پیشەی سێرڤیس لە مالان زۆرتر بووە، ئەوەش پابەندە بەو کەلتوورەی بە پەیدابوونی ئەو توێژە دەوڵەمەندە سەری هەڵداوە، لە سەدەی بیستەم کارکردن لە مالان و پیشەی سێرڤیس کەم ببۆوە، بەرەو نەمان دەچوو، جاران لە بیستەکانی سەدەی رابردوو لەناو کۆشکە گەورەکان، لەناو ماڵە گەورەکان سوپایەک کارکەرو سێرڤیس و پسپۆرانی خواردن و خوان ئامادەکردن و شوفێرو بەردەست، بەرچاو دەکەوتن، بە سستبوونی رێژەی سەرمایەکان لە شێستەکان و لە حەفتاکان، ئەو پیشەیە بەرەو لاوازبوون دەچوو، کارکردن لە ماڵی دەوڵەمەندەکان کزتر دەبۆوە، بە چاوی سووکیش تەماشای دەوڵەمەندەکانیش دەکرا، ئەوەی لەسەر ئەو پیشەیەش دەبیسترا تەنها لە فیلمەکان و رۆمانەکان ناوی دەهات. خاتوو (ماری ستارکی) دامەزرێنەری دامەزراوی ستارکی



ئەنتەرناشیونال دەڵێ:

دیارە ئەو پیشەیە لە مالان نەمابوو، وەک کارێکی شایستەش سەیری نەدەکرا، بەلام دووبارە ئەو پیشەیە بە زۆری گەڕایەوە ناو کۆمەڵگا، کە دەوڵەمەندەکان سامانیان زۆرتربوو، باڵەخانەیان گەورەترو شێوازی ژیان گۆڕانی بەسەردا هات، دووبارە توێژی سێرڤیس و بەردەستی پەیدا بۆوە، لەگەڵ زۆربوونی ئەو پیشەیە ناوو کارو بەرنامەشیان گۆڕا، ناونیشانی نوێ سەری هەڵدا، وەک پیشەی خزمەتی تایبەتی و منالّ پەروەردەکەرو یاریدەرو پاسەوانی تایبەت، دووبارە کاری سازکردنی خواردەمەنی لەلایەن کابانی مالانەوە زۆر بۆوە، دیارە مووچەو پلەی ئەو کارمەندانەش بە گوێرەی کارو شارەزایی و دەستڕەنگینییە، بەپەیداکردنی زۆرترین پسپۆری مووچەو پایەکانیشیان بەرز دەکرێتەوە. لە شارەکانی نیویۆرک و تکساس و فلۆریدا کۆمپانیاو نووسینگەی کار دۆزینەوەی ئەو کەسانە زۆرە، بەردەوام ژمارەیەکی زۆر ئامادەن بۆ کارکردن و پڕکردنەوەی هەر بۆشاییەک لە ماڵەکان. ئەو کارمەندانە لە جۆرەها شوێن حەز بە کارکردن دەکەن، کەسی وا هەیە، ئارەزوویەتی لە بانی باڵەخانەکانی مانهاتن کار بکات، یان کەسی وا هەیە حەز دەکات لە شالییەی نیویۆرک کار بکات، یان حەز لە شوێنە تایبەتییەکانی بەفرخلیسکانێ دەکات، یان لە ئاسینی ولایەتی کولورادۆ.

بۆ ئاسانکردنی بەرنامەی ئەو کارانە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت ماڵپەڕی تایبەتی بۆ رێنمایی هەیە، وەک ماڵپەڕیEstatejobs.com کە تایبەتە بە خزمەتگوزاری ناوماڵ، پێش سی مانگ ریکلامی ١٠٠ بابەتی تێدابوو، بەلام ریکلامەکان زۆرتر بانگهێشتەی گەشتوگوزاری نەک بۆ کاری سێرڤیس و کار دۆزینەوەی خزمەتگوزاری. ئەگەرچی نووسینگەی ئاماری کرێکاری ژمارەیەکی تۆماری بۆ ژمارەی ئەو کارمەندانە لەلا تۆمار نییە، بەلام هەندێ لە ئاژانسەکانی پسپۆر لەو بوارەدا، کۆکن لەسەر ئەوەی ژمارەی دەوڵەمەندەکان زۆرتربووە، ئەوانەش زۆرتر پێویستیان بەو کەسە پسپۆرانە هەیە، بۆ کار ئاسانی و سێرڤیس، زۆرن سەرپەرشتکارو بەڕێوەبەری تایبەتییان لە ماڵەکان و لە نووسینگەکانیان دەوێت، ئەو رێژەیەش لە کۆتایی نۆهەدەکان زۆرتربووە، دیڤید گونز سەرۆک و دامەزرێنەری یەکێک لەو نووسینگانە لە

کالیفۆرنیا، ئەو وا دەزانێ ئەو پیشەیە هێشتا زۆر گەشەی نەکردووە، بە زۆربوونی ئەو دەوڵەمەندانە وا هەست دەکەن پێویستیان بە کەسانی شارەزا هەیە بۆ یارمەتی و دەستکاری ناوماڵەکانیان و ئاسانکردنی بەرنامە زۆرەکانیان. تازە وا هەست دەکەن، ماڵەکەنیان پێویستی بەو کەسانە هەیە، ئێمەش وا ئیشمان زۆرتر دەبێت.

## ١٥ خانوو:

گونزی خاوەن نووسینگەکە، کەسی وا دەناسێت، کەوا ١٥ خانووی هەیە، بۆیە ٤٠ هەتا ٥٠ کەسی شارەزای لە سێرڤیس پێویستە. گریتهاوس لە نووسینگەیەکی تری نیویۆرک لەبەر زۆری داواکارییەکان ناتوانێت بۆ هەموویان کارمەندیان بۆ دەستەبەر بکات، چونکە ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، ئاسان نییە، لەبەر ئەوانە زۆرن و داواکانیشیان زۆربووە، ئەو لە نووسینگەکەیەوە دەرەقەتی داواکانیان ناهێت.

ئەو دەزگایانە تا بتوانن کارمەند بۆ ئەو ماڵباتانە پەیدابکەن، ناچارن کۆرس و ئامۆژگەی زۆر بکەنەوە، بەرنامەی وایان هەیە لە ئوهایۆوە بۆ هەموو ناوچەکانی وڵات کۆلیژو ئامۆژگە بکەنەوە، کار بکەن شارەزایی و پسپۆری لەو خزمەتگوزارییە زۆرتر بکەن، پرۆفیسۆر کارۆل سکودیری مامۆستای ئەو کۆرسانە، بەدڵنیاییەوە وتوویەتی:

من خوێندکارەکانم پێش ئەوەی کۆرسەکانیان تەواو بکەن، کاریان دەست کەوتووە، لەو ماوەیەدا ٤٠ کەسیان کۆنتراکی کاریان کردووە، هەر یەک لەوانە ساڵانە مووچەکەی لە ٧٥ هەزار دۆلار کەمتر نییە. لەسەر پسوولەی کارمەندی کارامە بە کورتی بە سێ پیتی کورتکراوە نووسراوە، CHM درێژەکەشی CER-TIFIED HOUSEHOLD MANAGER.

## گرفتی گەورە:

خاتوو سکودیر دەڵێ، گرفتی ئێمە لەو رۆژانە ئەوەیە ئێمە خوێندکارمان دەست ناکەوێت، ئەو مەرجانەی ئێمە دەمانەوێت زەحمەتە لە هەموو کەس دەرناکەوێت. ئامۆژگەکەی ئەو کۆنترین پێگەو خوێندنگایە بۆ پێگەیاندنی ئەو پیشەیە، ستارکی خۆی لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند گەورە بووە، هەر لە منالییەوە خزمەتکارو بەردەستیان لە ماڵەکەیان هەبوو، بەو پیشەیە ئاشنا بووە، ماڵەوەیان کارگەی



خواردەمەنی گازیان لە خوارووی ئایلینۆی هەبووە. ئەو دەڵێ من کە گەڕامەوە ماڵەوەمان شوفێرەکەمان وولتر هاتە شوێنم، زۆر بە ناسکی پێشوازیی کردم، بە شانازییەوە کارەکەی ئەوم خۆشدەویست.

سەرەتا ماڵەوەیان بۆ خویندن رەوانەی زانکۆی دینفری کاسۆلیکیاینی کردبوو، ماوەیەکی زۆر لەو زانکۆیە خەریکی خوێندن بوو، بەڵام تەواوی نەکردبوو، ستارکی بەرنامەی خوێندنەکەی گۆڕیبوو، وازی لەو زانکۆیە هێنابوو، بۆ خوێندنی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی لە کۆلیژی میترۆبولیتان بەردەوام بووە. کە خوێندنەکەی تەواو کردووە، لە چەندین شوێنا کاری کردووە، بەردەوام لە کاری نوێتر گەڕاوە.

ستارکی تازە لە مێردەکەی جیاببۆوە، دوو کوڕەکەی بەخێو دەکرد، یەکێک تەلەفۆنی بۆ کردووە، داواکار بووە، یەکێکی بۆ بدۆزێتەوە تا بە کرێ ماڵەکەی بۆ سازو پاک بکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی خۆی تازە لە مێردەکەی جیاببۆوەو پێویستی بە پارە هەبووە، بیری بۆ ئەوە چووبوو، خۆی ئەو ئیشە بکات، پاش ئەو تەلەفۆنە لە هەموو لایەکەوە پەیوەندی پێوە کرا تا کارکەری بۆ پەیدابکەن، بۆیە ئەوەیان رێخۆشکەربوو تا کۆمپانیای پەیداکردنی سەرپەرشتیارو خزمەتگوزار دامەزرێنێت، تا رۆژێکیان بەگزادەیەکی عەرەب کە لە دینفر دەیخوێند پەیوەندی پێوە کردبوو، کارکەرێکی شارەزاو پسپۆری بۆ بدۆزێتەوە، زۆر بەدوای ئەو بەگزادەیە شەیدابووەو کاری زۆری کردووە تا یەکێکی بۆ بدۆزێتەوەو داواکانی جێبەجێ بکات، لەو رۆژەوە بیری کردنەوەی کۆمپانیایەک بۆ سازکردنی خزمەتگوزاری تایبەتی لا دروست دەبێت. لەبەرئەوەی رەوشی دەوڵەمەندەکان گۆڕابوو، بۆیە پێویستییان بە ژمارەیەکی زۆری کارگوزاری تایبەت و لێزان دەبوو، ماڵ نەبوو دەستەیەکە کارکەرو بەردەستیان لەناو ماڵەکانیان نەسووڕێتەوە. دەوڵەمەندەکانی ئەو نەوەیە بە دەست و بەهرە و شەونخوونی خۆیان سەرمایەی زۆریان پێکەوە نابوو، بەو سەرمایانە خانوو و باڵەخانەی تازە بابەتیان بنیات ناوە، بۆیە دەیانوویست لە داهاتەکەی ئیسراحەتیش بکەن، بە جوانی و بە باشیش خزمەت بکرێن. هەموو لەوانە کە رۆژانە کارو پێویستییەکانی فرەتر دەبوو هەرهیچ نەبێ ژنێکیان دەویست خزمەتی ماڵەکەیان بکات،.

## کارکەری تایبەتی:

خزمەتکاری تایبەتی و شارەزای باش، لە ماڵێکدا دەتوانێت سەرپەرشتی ٣٠ کەس لە باخچەچی و سەرپەرشتیاری ماڵ و چاودێری ئاژەڵە ماڵییەکان و پاککەرەوەکان بکات، دەسەڵاتی ئەوەی هەیە بودجەی ماڵەکەش تا یەک دوو ملیۆن دۆلار دابڕێژێت، ئەوانە لە بەرنامەکانی کۆمپیوتەری ماڵەکەش بەرپرسن، دەتوانن بە کۆنترۆڵی کۆمپیوتەری چاودێری ڕووناکی کۆشکەکەش بکەن، لە بەکارهێنانی دەزگاکانی هوشیارکردنەوەو ئاگادارکردنەوەی لە دووری چەند میلەوە شارەزان. ئەوانە دەبێ لە مامەلەکردن و بەدواداچوونەوە لە نووسینگەکانی گەشتوگوزار لێزان بن، ئەوانە وا راهاتوون زیرەکانە دەتوانن لەگەڵ کەسێکیش مامەڵە بکەن و کاریش بکەن، ئەگەر کەسەکەی بەرامبەری تەمبەڵ و سست و بێ بەرنامەش بێت، هەموویان لە لێخوڕینی ئوتومبێلیش شارەزان، پسوولەی لێخوڕینی رەسمی ئوتومبێلیان هەیە. لەو پێناسەیەوە دیارە کەسە دەوڵەمەندەکان پێویستییان تەنها بە خزمەتکارێکی سادە نییە، ئەوان دەخوازن، ئەو کەسانە وەک ئەفسەری دەست بەزەبر بن. بۆیە ستارکی لە رۆژێکی نادیاری ساڵی ١٩٩٠ لە فەرهەنگی زماندا گەڕا بۆ دۆزینەوەی ناوێک شیاو بێت، بەو کەسە خزمەتکارە تایبەتییانە. پاش پشکنین و گەڕان لە ناو فەرهەنگەکانی زماندا وشەی سەرپەرشتییاری ماڵی بۆ ئەو کەسانە دۆزییەوە، بەو زاراوەیە house-hold manager ، ستارکی زاراوەیەکی تازەی هێنایە ناو پیشەسازییە نوێیەکەی، لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیەوە ئامۆژگەی ستارکی نێونەتەوەیی دامەزراند، سەرەتا بارەگاکەی لە دینفر لە باڵەخانەیەکی گچکەی کۆن دامەزراند. پاشان گواستییەوە باڵەخانەیەکی سووری جورجی شێواز لە پشت ئەنجومەنی ولایەت لە کولورادۆ.

سەرەتا ستارکی خۆی وانەکانی بۆ فێرخوازەکانی دەدایەوە، بەڵام هێدی هێدی پێویستی بە وانەبێژ دەبوو، بەناچاری مامۆستای تری هێنا، لەوانە تشامبیون ولیام ئاکتۆف، ئەوەی ماوەیەک خۆی کاری سەرپەرشتیاری تایبەتی ماڵان بووە، بۆ سێ لە سەرۆکەکانی ئەمریکا چێشتی ئامادە کردووە، وەک بەڕێوەبەری ماڵی جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا (ئال گۆر) یش کاری کردبوو. ماوە ماوە بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکانی بەڕێوەبەری ئامۆژگا ستارکی هانا دەباتە بەر کەسانی



شارەزا لە بواری هەمەجۆری وەک پسپۆرانی ئاسایش و پسپۆری لیمۆزین و پسپۆری خشڵ و گەنجینە گرانبەهاکان و شارەزا لە حەریرو شارەزایانی سیستەمی بەڕێوەبردنی وریای ماڵ و خێزانەکان... ئەوانەی بانگ دەکردو لە وانەکانی رۆژانەیان بەشداری پێ دەکردن، سوودی لە ئەزموون و بەهرەکانیان وەردەگرت. ئێستاش ساڵانە ستارکی نۆ پۆل لە فێرخواز بەڕێ دەکات، لە ساڵی ٢٠٠٦ زۆرتر لە سەد خزمەتکاری تایبەتمەندی دەرچوواندووە، ساڵانە چوار کۆرسی Boot Camps دەکاتەوە، بێجگە لەوانەش چوار بەرنامەی پشتیوانیش دەکاتەوە، کۆرسێکی چوار رۆژەش بۆ بەهێزکردنی کۆمپیوتەریان بۆ دەکاتەوە. سەرمایەکانی ستارکی بەهۆی ئەو ئامۆژگایە ٣٠٪ بەرز دەبێتەوە، سەرمایەکەی گەیشتووتە دوو ملیۆن دۆلار، ئەو دەستکەوتانەشی لە هەموو لقەکانییەوە دەبێت، کە بە فرۆشتنی کتێب و بەرنامەکانی کۆمپیوتەرەوە دەستی دەکەوێت، دیارە ماڵباتەکان ئەوانەی پێویستییان بەو بەرنامەو رێنماییانە هەیە، دریغی ناکەن لە وەرگرتنی ئەو سەرچاوانە بۆ زانین و فێربوون لە وەرگرتن و راگرتنی خزمەتکاری تایبەت لە ماڵەکانیان بۆ راپەڕاندنی کاری رۆژانەیان.

## کۆنگرەی ساڵانە:

ساڵانە ئامۆژگەی ستارکی بە ئامادەبوونی سوپایەکی زۆر لەو کارمەندانەی لەو بوارەدا کاردەکەن و ئەوانەی شارەزاییان هەیە کۆنگرە سازدەکات، لە هەموو گۆشەیەکی ولایەتە یەکگرتووەکان بۆ را گۆڕینەوەو سوود وەرگرتن لە ئەزموونی یەکتری، خزمەتکاری زۆر ئامادە دەبن، ماوە ماوە ستارکی کتێبێک لەسەر ئەتەکێت بڵاو دەکاتەوە، بەو بڵاوکراوانە کەلتووری ئەتەکێتی خزمەت، لە ناو ماڵە گەورەکان ئاشنا دەکات. ئەو ئامۆژگایە لە بەرامبەر کار دۆزینەوە بۆ دەرچووەکانی ساڵی یەکەم ٢٥ تا ٣٠٪ رێژەی مووچەکەی لێ وەردەگرێت. ئەو ئامۆژگایە بەردەوام کۆرسی نوێ دەکاتەوە، وەستانی نییە، ئەوەش مانای ئەوە نییە، کەوا بازاڕی تەژی خزمەتکار کردووە، ئەو ماڵانەی کارمەندیان دەوێت، بەئاسانی دەتوانن لەو ئامۆژگایە پێویستی خۆیان هەڵبژێرن، هێشتا بەردەوام داواکار لەو ئامۆژگایە زۆرە. رۆژانە ستارکی دەیان تەلەفۆنی بۆ دەکرێت، هەموو بەیەکەوە دەرچووانی ئامۆژگایەکی ئەویان

دەوێت، هەرچەند سامانی دەوڵەمەندەکان زۆرتر دەبێت، داوای کارمەند لەسەر ستارکی زۆرتر دەبێت.

ستارکی لەگەڵ بەردەوامی پرۆژەکەی، شارەزاییش لە کەسایەتی دەوڵەمەندەکان زۆرتر پەیدا دەکات، بە وردی لە ژیان و رۆژانەی ساماندارەکان شارەزا دەبێت، هەموویان بەتایبەتی ئەوانەی لەو دوایانەدا هاتوونەتە ریزی دەوڵەمەندەکان، زوو دەڵێن، ئێمە راستە پارەمان هەیە، راستە هاتووینەتە ناو مەیدان بەڵام خۆمان کەسایەتی سادەمان هەیە، راستە سێ چوار کۆشک و تەلارمان بەرز کردیتەوە، بەڵام شۆخییان پێ ناکەین، بۆ فێرخوازەکانیان بەسەرهاتی ئەو دەوڵەمەندانەی ناوچەی کنکتکات دەگێڕێتەوە، کە داوایان لێ کردبوو، بۆ دەستنیشانکردنی سەرپەرشتیارێک بۆ ماڵەکەی ئامۆگارییان بکات.

دەگێڕێتەوە، کە ژن و مێردەکە خزمەتکارەکەیان بردیتەوە ناو کۆشکەکەیان، بەردەوام وتوویانە ئێمە کەسی سادەیەن، ئەوەندە پارەدارو خاوەن کارنین، تەنها کەسێکمان دەوێت کەم و زۆر هاوکاریمان بکات، کۆشکەکەمان بۆ خاوێن راگرێت، پێویستییەکانمان بۆ فەراهەم بکات، بەڵام لە راستیدا وا دەرنەچووە، ژنەکەی دوا مۆدیل جلوبەرگی شاتیل و باربری لەبەربوو، حەوزەکەی مەلەوانییان بە داری خورما دەوری گیرابوو، کۆگای ماڵەکەیان نزیکەی ٥ هەزار شووشەی شەرابی تێدابوو، ئەوان هەر دەیانوت، ئێمە کەسی سادەین، بەڵام هیچ شتی سادەو ئاساییم لە ماڵ و کۆشکەکەیان نەهاتووتە بەرچاو. ستارکی لە ئارەزوو و مەیلی ئەو کەسە دەوڵەمەندانەی ئەو رۆژگارە راهاتووە، دەزانی پەیوەندی و دۆستایەتی پتەویان لەگەڵ دروست بکات، بۆیەش ئەوانیش هەڵسوکەوتی خۆشیان لەگەڵ کارکەرەکانیان دەنوێنن، بەسادەیی و بەڕووی خۆشییەوە لەگەڵیان دەجوولێنەوە، وەک برادەریان لێ دێت، فێرخوازەکانیان رادەهێنێت، بە ناوی خۆیان بانگیان نەکەن، بە بەڕێز بە ژن و بە پیاوەکان بانگیان بکەن، هەروەها کارەکەرەکانیش بەڕێزەوە ناویان بگوترێت، بە فێرخوازەکانی وتووە، ئەگەر گەورەکان، خاوەن ماڵەکان خۆشیان ویستیان بە ناوی ئاسایی بانگتان بکەن رازی نەبن، چونکە ئێوە لەسەر کارن، پرنسیپەکانی کارکردن و رێزگرتن پێویستە پەیڕەو بکرێت.



ستارکی بەرنامەکانی ئامۆژگەی لەسەر سیستەمی ئینگلیزی گۆڕی، بەرنامەیەکی نوێی بۆ فێرکردن دارشت، دیارە ئەو بەرنامەیە تەریبە لەگەڵ پێویستییەکانی دەوڵەمەندەکانی ئیمڕۆی ئەمریکا، بەرنامەکەی جاران شێوەی کارکردنی کۆن بوو، دەکرا گۆڕانی بەسەردا بکرێت، بەوە بەرنامەکانی فێرکردنی بنەماکانی خزمەتکاری و سەرپەرشتی ماڵ و کۆشکە گەورەکان شێوەی هاوچەرخی وەرگرت. بەو بەرنامە کارمەندەکان فێر دەکرێن چۆن رەوشی ئارامگاکانیان کە لە شێوەی هوتێلە شەش ستارەکان باش و چاک و پوخت راگرن. بەرنامەکەی ناو نابوو (نموونەی خزمەتگوزاری بەڕێوەبردن)، ئەوەش ١٠٠ کاتژمێری فێرکردن و راهێنانی دەویست، بەڵام بەرنامەکە بۆ کارکردن سیمای جیهانی هەبوو، دەکرا لەهەموو وڵاتێکی ئەو جیهانە پەیرەو بکرێت. ستارکی بەرنامەکەی بە ناوی تۆڕی پێوانەکانە Standards Matrix، دە پلەو پێوانەیە، بۆ نموونە، ئایا خاوەن ماڵەکە دەیەوێت رۆژانە یان دوو رۆژ جارێک سەگەکەی بشوات، حەز دەکات قەمیسەکانی قەد بکرێن، یان بە دۆڵابەکانەوە هەڵبواسرێن، خواردنەکانیان لەسەر خوانێک بێتە پێش یان لەسەر مێزی نانخواردنی ئاسایی بێت، هەموویان لەسەر یەک خوان کۆببنەوە، دەبێ کارەکەرەکەیان بزانێ هەر کەسێک لە ماڵەکە حەز بە جۆرە خواردنێک دەکەن، حەز دەکەن بە چە شێوەیەک خواردنەکەیان پێشکەش بکرێت.

لەگەڵ رۆژگارا شێوەی ئەو خزمەتکارانەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، وەک جاران کەسانی تەمەن گەورە نین، کە تەمەنی خۆیان لەیەک شوێن سەرف کردبێت، ئەوانەی لەو رۆژانە ئەو کارانە دەکەن، لە فێرگەکانەوە دەردەچن، بڕوانامەیان لە دەستە، زۆربەیان گەنجن، مێینەیان لە نێرینەکان زۆرترە. کارەکەرەکانی ئەو پیشەیە، زۆریان دەڵێن، ئێمە لەبەر بوونی دڵسۆزی لەو پیشەیەدا ئەو کارەمان هەڵبژاردووە.

دون کارمیشایل، کیژێکە لە کارەکەی رۆژانەی ناو ماڵێکی دەوڵەمەند، زۆر خۆشحاڵە، ئەو دەڵێ:

من خواردنی بەیانییان بە زەوقی ئەوانەوە ساز دەکەم، دەزانم بەیانییان ئارەزووی کام کەناڵی تەلەڤزیۆنی دەکەن، من بەردەوام بۆیان لەسەر ئەو کەناڵە دادەنێم. من بەرنامەکانی سەفەرەکانیان بۆ سازدەکەم، چاودێری بەرنامەکانیان بۆ دەکەم.

جیمس هوبکنز ٢٢ ساڵ، دەرچووی بەشی گەشتیاری، کە لە بار هاربر لە ولایەتی مینی کاری کردووە، کە لەلای ماڵباتێک لە سیل هاربور لەسەر کەناری ئەتڵەسی کاری وەرگرتووە، هەستی کردووە کارکردن لەو بوارەدا خۆشە، کارەکەی لا خۆش بووە، خزمەتی باخچەی ماڵەکەی و بەلەمەکەیانی کردووە. هەروەها وتوویەتی من کە ئەندامانی خێزانەکە بۆ پاریس دەفڕن، یان بۆ سواربوونی بەلەم خۆیان ئامادە دەکەن، من زۆر دڵشاد دەبم. ئەو تا خوێندنەکەی لە بەشەکەی گەشتوگوزار تەواو کردووە، ٢٠ هەزار دۆلاری بە قەرز وەرگرتووە، بۆ تەواوکردنی خوێندنەکەشی لای ستارکی ١٢ هەزار دۆلاری تری قەرز کردووە.

کیفن ستافۆرد لە گەنجییدا لە کافتیریایەک لە کوکوبیتش لە ولایەتی فلۆریدا کاری کردبوو، تەمەنی ٢٨ ساڵ بووە، کە شارەزایی زۆر تر بوو لە باڕێک کاری وەرگرتووە، تا رۆژێکیان ماڵباتێکی دەوڵەمەند ناس دەکات، ئەوان ژن و مێردەکە داوای لێ دەکەن، بێتە لای ئەوان لە کۆشکە گەورەکەیان لە کوکوبیتشم، خۆی و ژنەکەی کار بکات، بەیەکەوە چاویان لە ماڵەکەیان بێت، کە رایان لە کارکردنەکەی ئەو دەبێت، ئۆتومبێلێکی بۆ دەکڕن، خانووەکەی خۆی بۆ نۆژەن دەکەنەوە، بە هەموو شێوەیەک کۆمەکیان دەکەن، بۆیە ژن و مێردە خزمەتکارەکە ماڵەکەو کارەکەیان لا خۆشەویست دەبێت، پارەی بەشداربوون لە ئامۆژگەی ستارکی بۆ وەرگرتنی کۆرسی تایبەتیشیان وەرگرتووە، بەو کۆرسەش شارەزایی زۆرتر لە بەڕێوەبەری خزمەتگوزاری وەردەگرن، بۆیە ئێستا ستارفۆرد بەو پیشەیە بەختیارەو لە کارەکەی پسپۆر بووە، خاوەن ماڵەکەش سەریان سووک بووە. ئەو بەو ژیانە نوێیەی وا دەزانی خەونە.

تشامبیۆن مامۆستا لە ئامۆژگەی ستارکی، لەگەڵ فێرخوازەکانی توندە، لەسەر هەموو وردەکارییەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکات، یەکێک لە فێرخوازەکانی ئەو کۆرسانە، رەوشت و شێوەی کارکردنی مامۆستاکەیان بە توند دەزانێت، کە گلەیی لە شێوەی مامەڵەی ئەو دەگرت، ئەو وەڵامی رەخنەکەی داوەتەوەو وتوویەتی:

من رۆژانی سوپام لە رزگارکردنی کوێتا بەبیر دێتەوە، لەوێ فێری خۆڕاگری بووم، لەسەر داوای هاوڕێیەکەم منیش بەشداری شەڕەکەم کرد، بەیەکەوە بەشداربووین،



بەڵام لەوێ هاوڕێیەکەم لەناوچوو، من مامەوە خۆڕاگر بووم، کۆڵم نەدا. بۆیە لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیە من فێرخوازەکانم فێری هیواو بەردەوامی و خۆڕاگری دەکەم!

کە ستارفۆرد کۆرسەکانی وەرگرتبوو، گەڕابۆوە فلوریدا، لەگەڵ برادەرێکی تری بە مووچەی ساڵانەی ١٢٠ هەزار دۆلار لە لای کەسێکی دەوڵەمەند کاری وەرگرتبوو.

لەبەر ئەو دەوڵەمەندانەی ئەو رۆژگارە لە توێژەکانی ناوەندی کۆمەڵ پەیدا ببوون، بۆیە لە ئەتەکێتی ئەو ژیانە نوێیەی خۆیان شارەزا نەبوون، بۆیە ئەوانیش پێویستییان بە راهاتن و فێرکردن هەبوو، دیارە کەوا نازانن مامەڵە لەگەڵ بەردەست و هاوکارو کارەکەرەکانیان بکەن، ئەوان وا فێربوون هەموو کارەکانیان بە دەستی خۆیان بکەن، حەز بەو رەوشە تازەیەو وەرگرتن و راگرتنی یاریدەر ناکەن، بەتایبەتی کاروباری ناو کۆشک و ماڵەکانیان.

## ٢

بۆب مولْکدارێکی تازەیە، لە خۆرئاوای ولاتا دەژیت، لەبەرئەوەی کۆشک و باڵەخانەکەی لەسەر ٨٠٠ فەدان زەوی دروست کراوە، رووبەری دروستکراوەکانی نزیکەی ١٠ هەزار پێ ٢ دەبێت، بینایەکانی زۆرن وەک ماڵی نیشتەجێی و ستودیویەکی هونەری و کابینەیەک بۆ کەلوپەلی راووشکارو چەندین کۆگاو دروستکراوی پێویستی تر، بۆیە بەناچاری بۆ خزمەتکردنی ئەو هەموو بینیایانە، بۆ راپەراندنی کاروبارە زۆرەکانی ناو ئەو ماڵە گەورەیە، پێویستی بە شەش کەس دەبێت، یەکێک لەوانە دەرچووی ئامۆژگەی ستارکی بوو، ئەوان کارو فەرمانەکانی بۆ بەڕێوە دەبەن. بۆب بەناچاری بواری داوە، ئەو هەموو کەسە لەناو ماڵەکەی بسوڕێنەوە، ئەو ئەوەی زۆر لا سەیر بوو، چونکە لەناکاو ژیانی گۆڕابوو، چۆن دەکرێ کەسانی خزمەتکار دەست لەناو ماڵەکەی بگێڕن، جلوبەرگەکانی بۆ سازبکەن، لەناو مەتبەخەکەی کار بکەن، دەست لە کەرەستە تایبەتییەکانی بدەن.

دیارە ئەویش تا لەگەڵ هاوسەرو مناڵەکانی بە ئارامی کاتەکانی بەسەر ببات، کارو ئیشەکانی داوەتەوە دەست ئەو کارەکەرو بەردەستانە، چونکە ئەوانە بەردەوام سەرقاڵن، بواری ئەوەیان نییە بپرژێنە سەر کاروباری ناو ماڵەکەیان. بۆب ئەگەرچی بە رەزامەندی خۆی بۆ کارەکانی خۆی ئەوانەی لە ماڵەکەی راگرتووە، بەڵام هەست دەکات، بێجگە لە بوونی ئەو هەموو کەسە بێگانەیە لە چواردەورەی، هەست دەکات، ئەوانەش کێشەیان هەیە، ئەوانەش لەناخیاندا چاودێرییان دەوێت، لەو ماوەیەدا هەستی کردووە، خاتوونە بەرپرسەکەیان لەگەڵ کارمەندەکان باش و نەرم ناجوولێتەوە، ئازاریان دەدات، هەموو لە دەستیان هاواریان لێ هەڵساوە، بۆیە بەناچاری ژنە بەرپرسەکەیان گۆڕیوە.

کە ژنەکەی بە یەکێکی تر گۆڕیوە، ئەویش زیاد لەپێویست کارو بەرنامەی بۆ دادەنان، بەرنامەی زۆر بووە، ئەو لە ماڵێکی ترەوە وا راهاتبوو، بۆیە ئەوان ژیانی وا



ئاڵۆزو بە بەرنامەیان نەویستووە، چونکە ئەو ژن و مێردە حەزیان لەوە بووە، شەوانە بە تەماشاکردنی فیلم و خوێندنەوەی کتێب بۆ مناڵەکانیان بەسەرببەن، نەک بەو بەرنامانەی ئەو پێشنیاری دەکرد. نەیاندەویست شەوانە بە بەزمی ئاهەنگەوە سەرقاڵ بن، بۆیە خزمەتکارەکەیان ئاگادارکردەوە، ئەوان لەو جۆرە کەسانە نین!

ئەو خێزانانە بە هۆی ئەو سەرپەرشتیارە تازانە زۆر شێوەی ئەتەکێتی ژیانیان دەگۆڕێت، رۆژانی هەینی خوانی ئێوارانیان بۆ سازدەکات، بۆیە بۆب کە خۆی و ژنەکەی بەو شێوەیە دەبینییەوە، سەرسام دەبوو، لەبەر خۆیانەوە دەیانوت، دیارە ئەو ژنە خزمەتکارە دەیەوێت شێوازی ژیان و رۆژانەمان بە یەکجاری بگۆڕێت.

ژنەکەی بۆب رۆژێکیان، بە بەڕێوەبەری خزمەتگوزارییەکەی ناو ماڵەکەی وتبوو، من دەخوازم بە ناوی خۆم بانگم بکەیت، من نامەوێت، دەستەواژەی تر بە ناوەکەم پێوە بلکێنیت، من ناوی خۆم دەوێت، بۆیە بۆب بەرگەی ئەو ژنەی نەگرتبوو، لە ئامۆژگەی ستارکی داوای کردبوو، یەکێکی تریان بۆ خزمەتی و بەڕێوەبردنی ماڵەکەیان بۆ رەوانە بکات، دیارە ئەو خێزانە لەگەڵ کارمەندە نوێیەکە بە باشی دەڕوات، بە دروستی گوێڕایەڵی بەرنامەی ئەو ماڵە دەکات. سالانەی ئەو کارمەندە تازەیەش دەگاتە ٨٠ هەزار دۆلار، کارەکان بەسادەیی دەکات، هەفتانە راپۆرتێکی لەسەر کارو پێویستییەکانی بۆ بەرز دەکاتەوە، هەفتانەش بە نامەی ئەلکترۆنی ئاگاداری خاوەن ماڵ دەکاتەوە، ئەویش بە ئارامی بەسەریان دەکاتەوە، هەردوولا باش لەیەک گەیشتن. ئەگەرچی ئەو کارمەندانە لەناو ماڵەکەی بۆب ئاسانکاری زۆر دەکەن، کاروباریان باش بۆ رادەپەڕێنی، بەڵام ئەو هەر بەو ئەتەکێتانە سەرگران دەبوو، رۆژانە کەسانی زۆر دێنە ناو ماڵەکە، بەرنامەی زۆریان بۆ زیاد کردووە، زانیویەتی زانایەکی بواری پۆتاسیوم، هاتووتە ناو ماڵەکەیان بۆ چاودێریکردنی خۆڵی رووەکەکان، بۆ سەرپەرشتی دارمێوەکان، یەکێکی تری شارەزای چاندن هاتووە، وەستایەکی پسپۆر لە کەرەستەی تایبەتی فەرەنسی بۆ چاککردنەوە هاتووە، ژنێکی تر هاتووە دەستێ لەناو ماڵەکەو دیکۆرەکە وەربدات.

## مەسەلەی مشکەکە:

گۆڕانی ژیانیان لە مەسەلەی مشکەکەوە دەست پێدەکات، ئەو مشکەیان وەک نموونە باس کردووە، رۆژێکیان لەناو ماڵەکەیان هەستیان کردووە، مشکێک پەیدابووە، بە نامەیەکی ئەلکترۆنی بە بەڕێوەبەرەکەیان وتبوو، ئەویش بەپەلەو بەرەسمی پەیوەندی بە کۆمپانیایەکی چاودێری ئاژەڵە ماڵییەکان کردبوو، جاران بوایە خۆیان بەئاسایی چارەسەری مشکەکەیان دەکرد، بەڵام ئێستا دەوڵەمەندبوون، چەند کەسێک خزمەتیان دەکەن، کێشەو بەرنامەیان زۆر بووە، دیارە بۆ یەک مشک چە بەزمێکیان ناوەتەوە، چەند کارمەندی شارەزا لە راوکردنی ئاژەڵی ماڵی هاتبوون، پێنج کەس بۆ یەک مشک هاتبوون، بۆیە بۆب زۆر دەیپرسی بۆچی ژیانمان وای لێهات. ئەو هەموو گۆڕان و ناونیشان و سەرۆک بەش و کارمەندانەمان بۆ پەیدابوو، بۆنی بەرنامەی تازە لە ژیان و رۆژانەی ئەو ژن و پیاوە ملیۆنێرانە هەموویان بە گۆڕانەکانی ئابووری و بازاڕ پەیدا بوون.



٣

## گەشتێکە لە ژیانی دەوڵەمەندە نوێیەکان:

ئەگەرچی ئەو توێژەی لەو دواییانەدا لە ئەمریکا دەوڵەمەند بوون. چاوەڕوانکراو نەبوو، دەکرێ بگوترێت ئاساییش بوو، لە مێژوو بێ وێنە بوو، بە کات و بە قەبارەکەی تازە بوو. هۆکارە سەرەکییەکانی سەرهەڵدانی ئەو توێژە وەک هۆکارەکانی چەرخە زێرینەکەی بیستەکانی سەدەی بیستەم بوو.

کیفن فیلیبس لە کتێبەکەیدا (سامان و دیموکراسیەت) دا، وتوویەتی: هۆکارەکانی هاتنە پێشەوەی ئەو توێژە زۆرن وەک، تەکنەلۆژیای هاوچەرخ و گەشەو زۆربوونی ئاوێتەیی ئابووری و پشتیوانی حکومەت بۆ بازاڕی ئازادو رەوشی دەوڵەمەندەکان. دیارە کیفن دڵنیایە ئەو دوو فاکتەرە رۆڵیان زۆر بینیوە لە پێوانەی زۆربوونی ملیۆنێرو ملیاردێرەکان لە مێژوودا.

سەرەتای پەیدابوونی سەردەمی ئەو سامانداارانە دەگەڕێتەوە پاش شەڕی ناوخۆ، هێڵەکانی ترێن و پترۆڵ و پیشەسازی پۆڵا، لە پێگەی تەکنەلۆژیای نوێی ئەو رۆژانەیە، پەیدابوونی بانک و سەهمەکانی سووتەمەنی و دارایی بوون. حکومەت پشتیوانی و کۆمەکی زۆری بە کۆمپانیاکانی پترۆڵ و شەکرو ویسکی کردبوو، تا ساڵی ١٩٠٠ ژمارەی ملیۆنێرەکانی ناو وڵاتە یەککگرتووەکان گەیشتبووە ٤٥٠٠ ملیۆنێر، سەرمایەی ئەوانەش لە نێوان ١٠ تا ٢٠ ملیۆن دۆلار بوو، لە ناوەڕاستی ساڵانی ١٨٠٠ تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم سەرمایەکانیان دەگەیشتە ٢٠٠ تا ٣٠٠ ملیۆن دۆلار. کە روکیگلر لە سەرەتای سەدەی بیستەم لە کێڵگەکانی دۆزینەوەی پترۆڵ کاری کردووە، لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێوانەی سەرمایەی شکاندبوو، لەو رۆژانە سەرمایەکان و خاوەن سەرمایەکان لە یەک ناوچەی جوگرافی کۆ دەبوونەوە، ئەویش ناوچەی خۆرهەڵاتی سەرووی ئەمریکا بوو، لەو دەمانەدا

سامانەکان کەوتبووە ناو دەستی ١٪ خێزانە ئەمریکییەکان.

هەر لەو چەرخە زێڕینەدا لە بیستەکانی سەدەی بیستەم کاروانی دووەم سەریهەڵدا، فاکتەرەکانی گەشەی سامان، سەرکەوتنەکان و دەستکەوتەکانی شەڕی جیهانی و پەیدابوونی ئامێری رادیۆ و فیلمەکانی کارتۆن و زۆری ئۆتومبێل و تەلەڤزیۆن، بێجگە لەوانەش کەمکردنەوەی باج لەسەر سەرمایەو هەڵکشانی نرخی سەهمەکان و یەکگرتنەوەی زۆری کۆمپانیاکان، هەموو ئەوانە هۆکار بوون بۆ پەیدابونی نەوەیەکی نوێ. لە نێوان سالانی ١٩٢١ تا ١٩٢٩ پارەی ملیۆنێرەکان زۆر رووی لە زیادبوون کرد، ژمارەیان گەیشتە ٢٥ تا ٣٠ هەزار کەس. پێش بێبازاڕییە مەزنییەکەی ساڵی ١٩٢٩ ، ١ ٪ دەوڵەمەندەکان خاوەنی نیوەی سامانی گشتی وڵاتەکە بوون.

پاش کۆتایی شەڕەکە، لە نێوان سالانی چلەکان و شێستەکان سامانێکی گەورە پەیدابوو، ئەکسەکانی (سەهم) داو جۆنز بەرزبوونەوە، سەرکەوتنی ئەمریکییەکان لە شەڕ دژ بە ژاپۆن و ئەڵمانییەکان بازاڕی گەرم کرد، ژیان و بژێوی خۆش کرد، بازاڕی گەرمی بازرگانی کردەوە، کۆمپانیای زۆر کرانەوە، ئەمریکییەکان روویان لە کڕینی ئۆتومبێل و خانووبەرەو کەرەستەو ناوماڵ کرد، بەڵام لەو سالانە سامانەکە وەک سالانی پێشوو نەبوو لە لای ١٪ ئەمریکییەکان کۆبکرێتەوە، سامانەکە لە پەنجاکان و شێستەکانی سەدەی رابردوو، لە نێوان ٤٨٪ی خەڵکەکە بڵاوبۆوە. بەڵام لە ناوەندی حەفتاکان رێژەکە بۆ ٢٠ ٪ هاتە خوارەوە، بۆیە هەردوو پسپۆرانی ئابووری کلودیا مولدین و رۆبرت مارگۆ ناویان لەو رۆژگارە ناوە، سەردەمی بێبازاڕییە مەزنەکە، چونکە پارەکە لە دەستی بازاڕ نەماو سامانداراەکان زیانی زۆریان لێ کەوت، لە رووی سیاسی و کەلتووریش زۆریان زیان بەرکەوت.

## سەردەمی چاوچنۆکی:

لە سالانی هەشتاکانی سەدەی رابردوو، ئەو ئاراستەیە شکایەوە، بە گەشەی تەکنەلۆژیای زانیاری و بازاڕی پارەو سستی چاودێری حکومەت لەسەر بازاڕەکان دووبارە سامانداراەکان بووژانەوە، تا وایان لێ هات ١٪ دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا،



دەستیان بەسەر ٣٠٪ سامانی داگرت، تا ساڵی ١٩٨٩ رێژەکە بەرزتر بۆوە، گەیشتە ٣٣٪. سالانی هەشتاکان ناونرا بە سەردەمی چاوچنۆکی، هەر ئەو سەردەمەش بووە پێشبینییەکی میانڕەو لە نۆهەدەکان و سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠، دیارە کەوا لە نێوان سەردەمی چاوچنۆکی و ئەو رۆژگارەی سامانداری زۆر هاتنە ناو بازاڕو پەیوەندی زۆر پتەو و کاریگەریان هەبووە، ئەوانەی ناوی شەپۆلی سێیەمیان بەرکەوتبوو، بە سوودبینین لە گەشەی تەکنەلۆژیاو سەرمایەگوزاری و سیاسەتی بازاڕی ئازاد. بەڵام ئەو شەپۆلە نوێیەی سامان بەسەر پارەدارەکانی پێش خۆیان سەرکەوت، لەو دە ساڵەی دواییدا نیوەی سامانەکەی دەوڵەمەندەکان سەری هەڵدا، ئەو ملیارەی ئەو کاتانە لە دەست روکیلفر بوو ئیمڕۆ دەکاتە ١٤ ملیار، کەواتە پوختی سەرمایەکە لە سەرمایەی هەر یەک لە پێنج لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای وول مارت، سام والتۆن کەمترە.

ئەو سەرمایەدارانەی ئەو رۆژگارە توانییان سامانی ئەمریکی بۆ یەکەم جار لەسەر ئاستی جیهانی، فەراهم بکەن، بۆ یەکەم جار لە مێژوودا، لە ساڵی ٢٠٠٤ ژمارەی سەرمایەدارانی ئەمریکی لە ئەوروپا زۆرتر بێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ئەمریکا ٢٢٧ هەزار ملیۆنیری نوێی بەدەست هێنا، بۆ نموونە وڵاتی چین، ئەگەرچی زۆر باس لە مەزنی سامانەکەی دەکرێت، ژمارەی ملیۆنیرەکانی ناگاتە ١٪ سەرمایەدارانی ئەمریکا، کە ژمارەیان لە چین لە هەمان ساڵدا دەگاتە ٢٠ هەزار ملیۆنێر، لەهەمان ساڵدا لە وڵاتی هیند تەنها ٨٣ ملیۆنێر تێیدا هەڵکەوتووە، ئەو ژمارەیەش تەنها لە ولایەتی نۆرث کارۆلینادا هەیە. دیارە زۆربوونی هەنگاوە ئابوورییەکان لە ئاکامی نزیکبوونە کلاسیکییەکەی نێوان هێزە ئابوورییەکان بووە، واتە بەرزبوونەوەی بازاڕەکان و تەکنەلۆژیای نوێ و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان و هاتوچۆی ئاسان و خێرای کالاکانە لە جیهاندا. لەگەڵ ئەوانەشدا گەشەو بالابوونی پارەو سامان فاکتەری هەرە سەرەکییە لە گەشەو پێگەیاندنی ئەو دەستە سەرمایەدارانەو بەخێرایی دەوڵەمەندبوونیان، ئەوەش لە مێژوودا رووی نەداوە.

بەڕێوەبەری بانکەکان، ئەوانەی پارەی دەوڵەمەندەکانیان لە بن دەستە، یان بۆیان بەڕێوە دەبەن، زۆر حەز بە وشەی سەوداکردنی بەشەکانی دەکەن، واتە حەز دەکەن

مامەڵە بە ئەکسەکانیان بکەن، چونکە ئەو سەهمانە بازاڕیان گەرم دەکات، مامەڵەیان بە جۆشتر دەکات، بەو پرۆسەیە دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژگارە ئەوانەی ناومان ناون نەوەی سێیەم، بوونەتە سەرچاوەی سامانداری خۆیان، دەستکەوتەکانیان وەک دەستکەوت و سەرمایەو پاش میرات و داهات و سەرچاوەی ترەوە نەبوو. لە پاش هەموو مامەلەیەکی بانکی لەو جۆرەدا، گەشەو بووژانەوەی ئابووری بە دواوەیە، لە سالآنی رابردوو رێژەی قازانجە کەمەکان و حیساباتی خانەنشینی گەشەپێدراو و قازانجی بەرچاوی کۆمپانیایەکان و زۆری پاشکەوتەکانی دەرەوە (بۆ نموونە پاشەکەوتەکانی ولآتی چین دەگاتە ١،٧تریلیۆن دۆلار وەک دانانی پارە) پارەیەکی زۆری هێناوەتە بەردەست. سندووقەکانی خانەنشین و سندووقەکانی سەرمایەگوزاری کۆمپانیاکان زۆرتر لە ٤٦ تریلیۆن دۆلاریان هەبووە، ئەوەش لەچاو ساڵی ٢٠٠٠ بە رێژەی سێ چارەگ زۆرتر بووە، لە هەمان ماوەدا ئیحتیاتی بانکەکانی ناوەندیش لە دراو گەیشتووتە ٤ تریلیۆن دۆلار، هەروەها جۆرەها سەرمایەی تر گەشەی کردووە، ئەوەی زانراوە، کەوا ئەمریکییەکان خۆیان کەمتر پارە پاشەکەوت دەکەن، ئەوەی زۆرتر هاتووە، پارەی دەرەوەیە.

سەرۆکی ئەنجومەنی ئێکسترای فیدراڵی ئەمریکی بن بیرنانکی، رۆژێکیان لە سەر بابەتی کەڵەکەبوونی بەکارهێنانی دراو لە جیهان بە پارووی پاشەکەوتەکانی جیهانی ناوبردبوو، پێش ئەویش ناویان نابوو، دیوارێک لە پارەو سامان، بەڵام لە راستیدا وەک رووبارێک لە پارە وایە، لە چواردەورەی جیهاندا دەسووڕێتەوە، چەندین لقی لێ دەبێتەوەو بۆ بەنداو دەگەرێت، بەنداوی گرنگیان بەش و سەهمەکانە، لە ساڵی ١٩٩٠ەوە بەهای ئەکسەکانی ( سەهم) لە ولآتە یەکگرتووەکان لە سێ تریلیۆن دۆلارەوە بەرز بۆوە بۆ ١٧ تریلیۆن دۆلار، دیارە کەوا دابەزینە گەورەکانی نرخی ئەکسەکان کاریگەری لەسەریان نەبووە، بەڵام ئەنجامەکانی بازاڕی سامان و پارە لە داو جۆنز ژمارەو پێوانەی نوێی تۆمارکردووە.

رووباری سامان و پارەش بەناوی سەرمایەگوزاری بریکار لە شێوەی سندووقەکانی هەڵگرتن و سندووقەکانی بەشە تایبەتییەکان و سەرمایەگوزارییەکان لە پرۆژە نوێیەکانی ناوچە ترسناکەکان، لافاویان سەری هڵداوە، ئیمڕۆ لە ولآتە



یەکگرتووەکان زۆرتر لە سێ هەزار سندووقی هەڵگرتن هەیە، سەرجەمیان زۆرتر لە 500 ملیار دۆلاری تێدایە. پارەی ئەوەندە زۆر لەو سندووقانەی هەڵگرتن و لە پرۆژەکانی سەرمایەگوزاری دەکرێت، وای لێ هاتووە، ناکرێ پارەی تر وەرگیرێت، یان سەرمایەگوزاری تر جێگای نابێتەوە. لە ئاکامی وەرنەگرتنی پارەی تر بۆ سەرمایەگوزاری بەرپرسانی دووچاری سەرئێشەو شەرمەزاری دەکرد. ئەو پارەیە لە سەرفکردنی دراوەکان لە بازاڕەکانی پارەو سەرمایەگوزارەکانی بریکاردا زیادی دەکرد، دەکەوتە دەست کەسانی دەرەوە، زۆر لە ساماندارەکان لەئەنجامی ئەو سەرفکردنە جیهانییەوە پەیدابووە، بەتایبەتی ئەوانەی کۆمپانیای تایبەتییان بۆ خۆیان دامەزراندبوو، یان لە سەرپەرشتیکردنی ئەو کۆمپانیایە گەورانەدا مووچەی بەرزیان وەرگرتووە، یان لە قازانجی ئەکسەکانەوە سوودمەند ببوون.

٤

دەوڵەمەندەکانی ئیمڕۆ دەکرێ بکرێتە پێنج گروپ

یەکەم: دامەزرێنەرەکان

ئەو توێژە سەرمایەدارە بە پارەی خۆیان کۆمپانیای تایبەتییان دامەزراندووە، پاشان سەهمەکانیان بۆ فرۆشتن لە بازاڕ نمایش کراوە، پارەدارەکانی وەک فوربس و بیل گیتس و شیلدۆن ئادیلسون و مایکل دیل لەو سەرمایەدارن، لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە ٤ هەزار سەرمایەدار کۆمپانیای تایبەتی خۆیان دامەزراندو سەهمەکانیان بۆ فرۆشتن ڕەوانەی بازاڕ کردبوو، ئەوەش نزیکەی ٥٠٠ ملیار دۆلاری وەک دراو ڕەوانەی بازاڕکردبوو.

دووەم: بەشدارەکان

ئەوانە بەڕێوەبەرن، و لە کۆمپانیا تایبەتییەکان بەشیان هەیە، بەیەکەوە کۆمپانیای گشتی پێکدەهێنن. کۆمپانیای UPS بۆ گواستنەوەو گەیاندنی کاڵاکان کە لە ساڵی ١٩٩٩ دامەزرا، چەندین بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیاری ئەو کۆمپانیایە لە دوارۆژا بوونەتە ملیۆنێر، وەک شوفێرو کارمەندی گواستنەوە کاریان تێدا کردبوو. بەهەمان شێوە فەرمانبەرانی کۆمپانیای میکرۆسۆفت کە بەشێکیان تێدا کڕی بووینە کەسی ملیۆنێر، بە کڕینی بەشی ناو کۆمپانیای گوگولیش چەندین ملیۆنێری هێناوەتە بەرهەم، پاش ئەوەی ئەوانە لە یەکەم ڕاگەیاندنی فرۆشتنی بەشەکان بەشداربوون. یەکێک لە کڕیارەکانی خانووبەرە لە وول ستریت ژوورنال، وتبووی:

من نەمویست ببمە دیلی کۆمپانیای گوگول، کە شارلز شواب دامەزرێنەری سایبر کورب CYBER-CORP لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بووە یەکێک لەو سەد ملیۆنێرە، کە جاران کارمەندی ئاسایی بوون لەو کۆمپانیایەدا.



سێیەم: خاوەن کۆمپانیاکان

ئەوانە خاوەن پرۆژەکانن، یان بەڕێوەبەرەکانی کۆمپانیاکانن، کە بەشێکیان بە کۆمپانیای تر یان بە کەسانی تر فرۆشتووە، بەرامبەر بە چەند سەهمێک، یان بەرامبەر بە بڕە پارەیەک. لەناو بەربەرەکانی کۆمپانیاکاندا بەناچاری چەندیان تێکەڵ بوون و بەیەکەوە کاریان کردووەو کۆمپانیای نوێیان داناوە، پاشان بەیەکەوە بە ڕووی کۆمپانیای تر وەستاون، لە ساڵی ١٩٩٥ نزیکەی ١٠٨ هەزار بە گۆژمەی ١١ تریلیۆن دۆلار مامەڵەی تێکەڵبوون کراوە.

چوارەم: بەڕێوەبەرە سەرمایەگوزارەکان

ئەوانە ئەو سەرمایەدارانەن لەناو لافاوی گەرمی بازاڕو کڕین و فرۆشتن و تێکەوڵێکەی دراوا بەشێکیان بۆ خۆیان گل داوەتەوە، بانکەکانی وول ستریت وەک پاداشت نزیکەی ٣٦ ملیار دۆلاریان وەک پاداشتی BONUSES داوە، تەنها بانکی گولدمانس ساکس ١٦ ملیاری داوە. بەڕێوەبەرەکانی سندووقەکانی هەڵگرتن و پاشەکەوت و بەڕێوەبەرەکانی بانکەکانی سەرمایەگوزاری لەناو دەوڵەمەندەکانی توێژەکانی مامناوەندی دیارن و جێگەی خۆیان کردیتەوە. سێ لە بەڕێوەبەری سندووقەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ زۆرتر لە ملیار دۆلاریان وەرگرتووە، هەر یەک لەوانە ١٣٠ ملیۆن دۆلاریان بەرکەوتووە.

پێنجەم: مووچەدارە گەورەکان

بەڕێوەبەری سێ بانک لە ساڵی ٢٠٠٤ کۆی پاداشت و مووچەکانیان گەیشتبووە یەک ملیار دۆلار، مووچەی ٢٥ لە بەڕێوەبەرەکانی بانکەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتبووە ١٣٠ ملیۆن دۆلار.

**فەرمانبەرە مووچە زۆرەکان:**

لە ئامارەکاندا دیارە کەوا لە هەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، مووچەو پاداشتی سەرۆکەکانی بواری ڕاپەڕاندن بە ڕێژەی ١٧٠٪ بەرز کراوەتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پاداشت و مووچەی کارمەندانی تری ئاسایی تەنها بە ڕێژەی ٤٠٪ بەرز

کراوەتەوە. دیارە بڕگەکان و وردەکارییەکان تایبەتن بە بەرزبوونەوەی نرخی سەهمەکان.

چاودێرانی بازاڕو سەرمایەو قازانجەکانی کۆمپانیای (ئاکسون موبیل) وا دەزانن ئەو سەرمایەو ئەو قازانجەی بەر ئەو کۆمپانیایانە کەوتووە، لە ئەنجامی لێهاتوویی و شارەزایی سەرۆکی راپەڕاندنی کارو بەرنامەکەی لی رایمۆند بووە، بۆیەش لە ساڵی ٢٠٠٥دا ٦٩،٧ملیۆن دۆلاری وەک قەرەبوو وەرگرتووە، بۆ خانەنشینکردنیشی ٩٨ ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە، بێجگە لە لێهاتوویی بەڕێوەبەرەکەی، بەرزبوونەوەی نرخی پترۆڵیش دەوری هەبووە لە پێکەوەنانی ئەو سەرمایە زۆرە.

بەڕێوەبەرانی کۆمپانیای تەکنەلۆژیای کە ژمارەیان ١٥٠ کەسە، لە دۆڵی سیلیکۆن لە ساڵی دارایی ٢٠٠٥ دا ١،٨٤ ملیار دۆلاریان بەرکەوتووە، ئەو رێژەیەش لە چاو ساڵی ٢٠٠٣ دا ٧٧٪ زۆرتر بووە. بەڕێوەبەری تەنفیزی پێشووی کۆمپانیای بفایزر کۆی پاداشتەکانی گەیشتبووە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار، پاش ئەوەی زووتر خانەنشین کراوە.

## پاداشت و لێپرسینەوە:

ئەو رۆژە رۆژی ئەوەیە بەڕێوەبەرە بەتوانای کۆمپانیاکان، ئەوانەی لە ماوەی کارکردنیاندا پارەی باشیان پێکەوەناوە، کۆمپانیاو پرۆژەی تازە دامەزرێنن. ئەگەرچی دەستەی یونایتد هیلث نزیکەی دوو ملیار دۆلاریان بە سەرۆکی تەنفیزییەکەیان ولیام ماکوایر دابوو، بەڵام پاشان بۆ لێکۆڵینەوەو پێداچوونەوەی بژاری سیاسەتی سەهمەکان بانگیان کردبوو.

سەرۆکی تەنفیزی کۆمپانیای بییر سترنز، جیمس کاین لە کۆمپانیاکە بای ٠٢،١ ملیار دۆلار لە ساڵی ٢٠٠٦ بەشی هەبووە. ناوی سەرۆکی کۆمپانیای لیمان برۆس، دیک فۆلد لە پێشەوەی لیستی فۆریس وەک ملیاردێرێک هاتبوو. کەسەکانی پلە دوو و خوارتر لە سەرۆکە تەنفیزییەکان. ئەوانیش مووچەکانیان ساڵانە دەگاتە دوو ملیۆن دۆلار، ئەوەش لە قەرەبوو و بژارەکانەوە خۆیان دەنوێنن. لە ساڵی ٢٠٠٥ دا لە دەڤەری سان فرانسیسکۆدا نزیکەی ٦٤١ بەڕێوەبەر لە کۆمپانیاکان مووچەی





ساڵانەیان لە ملیۆن دۆلار زیادترە.

بەپێی توێژینەوەیەک کە لە دەزگای PRINCE & ASSOCIATES بەڕێوەچووە دەرکەوتووە کەوا ٦٠٪ ئەوانەی سەرمایەکانیان لە ١٠ ملیۆن زۆرترە، سەرچاوەی پارەکانیان لە سەودای بەش و سیوولەی سەهمەکانەوە بەدەست هاتووە، رۆس ئالان دامەزرێنەری PRINCE & ASSOCIATES رایگەیاندووە، کەوا سەرمایەی ئەو پارەدارانە لە ئەنجامی جۆرەها کاری تایبەتییەوە دەستیان کەوتووە.

لە توێژینەوەیەکدا دەرکەوتووە کەوا ٢٣ ٪ ئەوانەی سەرمایەیان لە سەرووی دە ملیۆنە، سامانەکەیان لە پلەیەکی باڵای وەزیفەوە دەستکەوتووە، لەوانە تەنها ١٠٪ یان سامانەکەیان وەک میرات بۆ ماوەتەوە، لەوانە تەنها ٣٪ یان کەسانی ناودارن لەو کۆمەڵگایەدا. بێگومان زۆری سەرمایەو ناوداری دەوڵەمەندەکان بە پلەی بەرزی وەزیفە زۆرتر دەبوو، ئەوانەی بەشداربوون لە دامەزراندنی کۆمپانیاکان لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا سەرمایەکانیان لە ٢٥ ملیۆن دۆلار تێپەڕی نەدەکرد.

لەو رەوشەدا، لە گەرمەی پەیداکردنی ئەو سامانە زۆرە، رووباری سامان هاتنەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، لە ساڵانی سەدەی بیستەم پارە کۆکردنەوە لە شێوەی کەڵەکەبوون، بەکارکردن و بەردەوامی دەکرا بوار خۆش بکرێت، سامانێک پێکەوەبنێت، پرۆژەیەکی تایبەتی دامەزرێنیت، ئەوەش هەنگاوی یەکەم بوو بۆ گەشەی پرۆژەکە، دیارە ئەوەش تەمەنێکی درێژی دەویست تا لەو کارەدا سەرکەوتوو بیت، لەو سەردەمەدا بواری هەڤاڵبەندی سەرمایەش کەم و زۆر هەبوو.

بەڵام لەو رۆژانەدا، لە سەردەمی ریتشیستان، لە جیهانی دەوڵەمەندەکاندا، سامان بە لێشاو رووەدەکرێت، دەوڵەمەندبوون ئاسانترو خێراتر بووە. بەڕێوەبەرەکان، هەڵسوورێنەرەکانی کۆمپانیایەکان بە مووچەو پاداشتی زۆریان پارەی زۆریان کۆکردیتەوە، زۆریان بەوە دەوڵەمەند بوون کە بەخێرایی کۆمپانیایان دامەزراندووەو کۆمپانیاکانیان هەر بەخێراییش فرۆشتۆتەوە، ئەوانە بەخێرایی برووسک پارەی زۆریان کۆکردیتەوەو کارەکەشیان مەترسیشی لەسەر نەبووە. سەرکەوتن و زۆربوونی سامانەکانیش بەندە بە گەشەی بوارەکانی تەکنەلۆژیاو جیهانگیری، ماوەی گەشەی پارەو سامانی کۆمپانیاکان لە نێوان دامەزراندن و فرۆشتنەوەیان

کورت بوون، لەو رۆژانەشدا سەرمایە زۆرەو لە بازاڕو سەرمایەگوزرای دەگەڕێت. کۆمپانیاکانی ئەو رۆژانە بە دوای دامەزراندنی سەرمایەو کۆمپانیا بوون، نەک بۆ دوارۆژو دانانی بەردی بناغەو پلان بۆ گەورەبوونی دامەزراوەکانیان، بەڵکو مەبەستی سەرەکییان بۆ دانان و فرۆشتنەوەی خێرای بەشەکان قازانجی دەستاودەست بووە، بۆ ئەوەی بەو بەرنامەیە پارەی زۆرو خێرایان بێتە دەست.

بەرنامەی سامانداری بەلەز INSTAPRENEURS واتە دامەزراندنی چەندین پرۆژە لە ماوەی کورتدا. جاوید بولیس لە تەمەنی ٣١ ساڵیدا، لە ماوەی چەند ساڵێکی کورتدا، زۆرتر لە دە کۆمپانیای پەیوەست بە گەشەی تەکنەلۆژیای دامەزراندووەو هەمووی فرۆشتوونەتەوە، لەو دامەزراندن و فرۆشتنەوانانەدا زۆرتر لە ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری هاتبووە دەست. رابەری زانیاری ئەلکترۆنی جیف بارکر لە ناوەندی هەشتاکاندا سێ کۆمپانیای دامەزراندووەو لە ساڵی ٢٠٠٤ بە کۆمپانیای تومیسۆن فاینشالی فرۆشتۆیەتییەوە، هەورەها کۆمپانیای چوارەمیشی

دامەزراندووەو ئەویشی بەوان فرۆشتۆتەوە. بارکر دڵنیایە هۆکارەکانی زۆری و خێرایی کۆمپانیاکان گەشەی تەکنەلۆژیاو گەیشتن بە سەرچاوەی سەرمایەو بواری خۆشی و باشی بەڕێکردنی سەهمەکانە. ئەوەش بواری سازاندووە، زۆرتر کار لەو مەیدانە بکەن و خیرا بگەنە سامانی زۆرترو ئەزموونەکە دووبارە بکەنەوە.

کۆچبەری ئێرانی بول میراج و براکەی دیفید کۆمپانیای HOT POCKETS لە سەرەتای نۆهەدەکان دامەزراندووە، لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆمپانیاکەیان بە ٢،٦ملیار دۆلار فرۆشتۆتەوە کۆمپانیای نستلە. حاییم صبان خاوەنی کۆمپانیای کارتۆنی تایبەت بە کۆمپانیای دیزنی، پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٥ لەگەڵ فۆکس یەکیان گرتووتەوە، کۆمپانیایەکیان بە ١،٧ملیار دۆلار فرۆشتوتەوە. سدنی فرانک جۆرێکی تایبەتی ڤۆدگایان بە ناوی GREY GOOSE کردەوە، پاشان بە ٢،٣ ملیار دۆلار فرۆشتیانەتە کۆمپانیای باکاردی.

هۆکاری تری زۆربوونی سەرمایەو دەوڵەمەندبوونی بەلەزی کۆمپانیاکان، سیاسەتی حکومەتەکانە، حکومەت رۆڵی سەرەکی بینیوە لەو بەرنامەیەدا، سیاسەتی حکومەت دەروازەی بازاڕی ئازادی خستووتە سەرپشت، کۆت و پەیوەندییەکانی



لەسەر ئەو بازاڕو کەسە دەوڵەمەندەکان هەڵگرتووە، ئەوەش لە ئەمریکا لەسەردەمی سەرۆک رۆناڵد ریگانەوە پەیڕەو کراوە، تا ئیمرۆش ئەو سیاسەتە بۆ بەرژەوەندی سامانی ئازاد بەردەوامە، بەو بەرنامەیە ژمارەی سەرمایەداران زۆرتر بوون، سامانەکانیان قەبەتربوون. سیاسەتی دارایی ولاتەکەش هاندەر بووە، تا پارەدارەکان زۆرترو بەلەزتر سواری پشتی مەترسی و گیانبازی بن، کۆمپانیاکان و کەسەکان زۆرتر بە پیر ئەو کارانە دەچوون. تا باشتر قازانج بکەن، تا سەرمایەکانیان زۆرتریان بێتە سەر، سیاسەتی باج و داهاتەکان لە بەرژەوەندییان رێکخراوە، سوودو دەستمایەکانیان تەنها بۆ خۆیان بووە، رێژەی باجی داهات کە لە ساڵی ١٩٦٣ دەگەیشتە ٩١٪ بۆ ریژەی ٣٥٪ لە ساڵی ٢٠٠٧ دابەزی، باجی سەر قازانجە مەودا درێژەکان لەو پێنج ساڵەی دوایی، لەسەر سەهمەکان و سەنەدەکان و ئوسڵوەکانی دارایی لە ٢٠٪ بۆ ١٥٪ دابەزی، ئێستاش باجی داهات لەسەر زۆربەی قازانجەکان ٣٨،١ ٪ بۆ ١٥٪ کەم کراوەتەوە.

بێجگە لەو پێناوانەی سەرمایەیان پەیداکردووە، هۆکاری ناشەرعی و فێڵ و بادانەوەش پێناوی سەرچاوەی سامان زۆربوونە، بۆ نموونە گەندەڵییەکانی کۆمپانیاکانی ئانرون و وورلدکۆم و ئیدیلفیا کۆمیونیکشنز و تایکۆ، دەرکەوتووە سەرمایەدارەکان مووچەی بەرزیان بە بەڕێوەبەرەکانیان داوە، لە لێکۆلیناوەکان دەرکەوتووە بەشی بەرزی سەهمەکان دراوە بە بەرپرسە پلەداری کۆمپانیەکان بۆ چاوپۆشین، ئەوانیش یاساو رێنماییەکانیان بۆ بەرژەوندی سەرمایەدار و قازانجی زۆرتر باداوەتەوە. ئەوانەو سەرجەم هۆکارەکان بوارسازبووینە بۆ زۆربوون و گەشەی سامان لە ئەمریکا، ئەو هۆکارانەو هەموو بەیەکەوە ناو و پێناسەی دەستەواژەی دەوڵەمەندەکانی گۆڕیوە.

## کەی لە ئەمریکا وەک دەوڵەمەندێک دەناسرێیت:

تا ببیتە ئەندامێکی لیستی دەوڵەمەندەکانی ناو ئەمریکا، پێویستە گوژمەی سەرمایەکەت بگاتە ٦ ملیۆن دۆلار، جاران پێش ساڵی ١٩٩٥ بۆ گەیشتن بەو پلەیە پێویستت بە نیوەی ئەو پارەیە هەبوو. تا ناوت بچێتە ناو لیستی ناوی

دەوڵەمەندەکانی ساڵی ١٩٩٥ لە ئەمریکا ببیتە یەکێک لەو ٤٠٠ کەسەی ناویان لە لیستی فوریس هاتووە، دەبێ هەر هیچ نەبێ ٤١٨ ملیۆن دۆلارت هەبێت. بەڵام ئەو ملیۆن دۆلاری لەو رۆژانە پارەیەکی زۆر بووە، ئیمڕۆ شوقەیەکی بە دوو ژووری نوستن لە مانهاتنی نیویۆرکی پێ ناکرِدرێت، یان لە هەواری هامتونزی نیویۆرک بەو پارەیە خانوویەکی پێ ناکرِدرێت. لەو رۆژانە ژمارەی ملیۆن بوویتە ژمارەیەک و بەئاسایی دەنووسرێت، ئەو کتێبە یەک ملیۆنی لێ فرۆشراوە، یان ملیۆنی لەناکاو و ملیۆنی داهاتوو، یان بەرنامەی تەلەڤزێونی چۆن دەبیتە ملیۆنێرو ملیۆنێر جوو؟ ژمارەی ملیۆنێرەکان لە ئەمریکا ئەوەندە زۆر بووە ناکرێ بیانژمێریت. کەسانی ملیۆنێرەکانی ناو جیهانی ریتشیستان بەئاسانی دەگاتە زۆرتر لە نۆ ملیۆن کەس، کە سەرمایەت دەگاتە سەرووی ملیۆن. لەسەر تابلۆی پێشوازی کافتیریای نووسرابوو، قاوەکەمان بە پارەی ملیۆنیرەکانیش ناهێتە کرِین، بۆیە ئیمڕۆ تابلۆکەیان بەو شێوەیە هەڵواسیوە، قاوەکەمان بەیەک ملیاردێر ناکرِێت.

## کەی سەرمایەدارەکان هەست بە ئارامی دەکەن؟

لەگەڵ دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژگارە ئاستی پارەش بەرز کرایەوە، بەپێی توژێنەوەیەکی دەزگای Advisors PNC بۆ بەرِێوەبردنی سەرمایەکان ئەنجامی داوە، بۆیان دەرکەوتووە کەوا ئەو دەوڵەمەندانە بەوە ژیانیان دابین دەبێت و تێر دەبن، ئەگەر بەردەوام سەرمایەکانیان دوو بە قەد داهاتەکانیان بێت، لەو رەوشانەدا هەست بە ئارامی دەکەن، لەو راپرسییەدا دەرکەوتووە، ئەوانەی سامانەکانیان لە نێوان ٥٠٠ هەزار تا ملیۆنێک دۆلارە، ئەگەر داهاتەکەیان بگاتە ٢,٤ ملیۆن دۆلار ئارام دەبن، ئەوانەی داهاتیان ملیۆن و ١,٤٩ ملیۆن دۆلارە، لەو راپرسییەدا وتوویانە پێویستییان بە سێ ملیۆن دۆلار هەیە، هەروەها ئەوانەی داهاتیان لە سەرووی دە ملیۆنە پێویستییان بە ١٨ ملیۆن دۆلار دەبێت، بەکورتی تا ببیتە کەسێکی دەوڵەمەند پێویستت بە دوو قەد پارەکەت هەیە.

تا ناوت بکەوێتە ناو دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا پرنسیپسی نەگۆڕ زۆر هەیە، لە بانکەکانی سەرمایەگوزاری بوار نادرێت ناوت بچێتە ناو ناوەکان، تا کەسی پارەدار



خاوەن ١٠ ملیۆن دۆلار نەبێت، بانکی وەک (جی. بی. مورگان) داوای زۆرتر لە ٢٥ ملیۆن دەکات، وەک مەرجێک بۆ ناسینی وەک ملیۆنێرێک، تا مامەڵەی (ڤی، ئی. پی) وەرگرێت. تا ببیتە هاوبەشی دارایی لە بانکی (سیتی گرۆب برایفت) مەرجی ١٠٠ ملیۆن دۆلاریان داناوە، بەوەش دەروازەی مامەڵە و سەرمایەگوزاری نوێیت بۆ دەکرێتەوە، کەواتە بۆمان روون کرایەوە کەوا کەسی سەرمایەدار بۆ گەیشتن بە پلەی دەوڵەمەندیی دەبێ لە دە ملیۆن دۆلاری کەمتر نەبێت، بەو پارەیەش دەکرێ بچیتە ناو بازاڕی پارەو سەرمایەو بانکەکان.

کەسی دەوڵەمەند واتە سەرمایەکەی لە ملیۆن دۆلار کەمتر نییە، ئەو پارەیەش دەکرێ مانگانە بە قازانجەکەی ئەگەر ٥٪ بێت، ٥٠ هەزار دۆلاری پێ ببرِیت، بەو پارەیەش سیمای خۆشگوزەرانی بۆ دابین دەکات، کە بنچینەیەکی سەرەکی کەسانی سەرمایەدارە، کەسانی دەوڵەمەندیش دەبێ پارەی ئەوەیان هەبێت، خوێندنیان تایبەتی بێت، هەواری هاوینەیان هەبێت، ئارام بژین، لە ماڵەکەیان گارلسۆن و بەردەستیان هەبێت، ئەگەرچی ئەو پارەیەش زۆر نییە، بەڵام بەشی ئەوەیان دەکات بەو پارەیە سیمای ژیانیان بگۆڕن، کە لە ئەنجامی ئەو سامانە نوێیانەوە بۆیان مەیسەر بووە، نەک لە خانەوادەکەیەوە بۆیان ماوەتەوە، ئەندامانی دەوڵەمەندی ناو جیهانی ریتشیستان، پارەی زۆر سەرف دەکەن، زۆریش بەفیرِۆ دەدەن. ئەگەر رێژەیەک بۆ ئەو کەسانەی سەرمایەیان ١٠ ملیۆن دۆلارە بکەن، بۆمان دەردەکەوێت، کەوا ٢٣٪ ئەوانەی ئەو پارەیان هەیە، لە پلەو پایەکەیانەوە دەستیان کەوتووە، لەوانەش ١٠٪ لە خانەوادەکەیانەوە بۆیان ماوەتەوە. کەسانی ناوداریش رێژەکەیان تەنها ٣٪ یە.

٥

له یانەی مار لاگۆ له پالم بیتش دەستەیەکی دەوڵەمەند ئاهەنگێکی گەورەی خێزانییان بۆ خۆیان و هاوڕێیەکانیان ساز کردبوو، سەرۆکی یانەکە ملیاردێر دۆنالد ترامب، بە رووپەکی خۆش خۆی و ژنەکەی پێشوازییان له میوانەکان دەکردو وێنەی یادگارییان بۆ دەگرتن، بەردەوام میوانی زۆرتر دەهاتن. پیاوێکی قژ زێڕین خۆی بە ئامادەبووان ناساندو وتی:

من ناوم (سیمۆن ڤایرمان) ە، سوپاستان دەکەم لەو شەوە خۆشە لەگەڵ ئێمە ئامادە بوون.

پیاوەکە کە وتە کورتەکەی تەواو کرد، هاتە ناو خەڵکەکە، هاتە سەر مێزەکەمان، یەکێک بە چرپە بە منی وت، دیارە ئەو شەوە ئەو پیاوە خۆی کەر دەکات، پاشان کەرایەتییەکەمان بە چاوی خۆمان بینی.

دەوڵەمەندەکان بۆ پیتاک بەخشین بە خاچی سووری نێونەتەوەیی، ساڵانە لە ئاهەنگێک بۆ ئەو مەبەستە ئامادە دەبن، ئاهەنگەکە ٥٠ ساڵە لە دوا رۆژی شەممەی مانگی ینایر لە پالم بیتش سازدەکرێت، تا پیتاکەکە زۆرتر بێت، ئاهەنگە بەجۆشتر دەبێت، کەسانی دەوڵەمەندو ناوداران ئامادە دەبن. ئەو ئاهەنگەکە لە ساڵی ١٩٥٧ هوە بە پێشنیاری ماری گۆری میریوثر پۆست ژنە ملیۆنێرو کەسایەتی ناوداری دەڤەری ئۆلد پالم بیتش بۆ یەکەم جار کراوە، لەو رۆژەوە ساڵانە ئەو ئاهەنگە بۆ بەرژەوەندی خاچی سووری نێونەتەوەیی لەو دوورگەیە سازدەکرێت، میوانەکان یەکپۆش ئامادە دەبن، دەکرێ بگوترێت، تاکە ئاهەنگە ئامادەبووان بەیەک شێوەو بەیەک بەرگپۆشی ئامادەی دەبن.



## بژاردەی پالم بیتش:

دەیان ساڵە لە دەڤەری پالم بیتش سیاسەتی کەلتووری خوێنی شین، وەک هەموو ئاهەنگەکانی تری خاچی سووری نێونەتەوەیی پەیڕەو ناکرێت، ئامادەبووان تەنها ئەندامانی خێزانەکانی کۆمەڵگەی پالم بیتشە، لە حەفتاکان و هەشتاکانەوە، ژنە ملیۆنێری ناوچەکە سو وایتمور سەرپەرشتی ئاهەنگەکە دەکات، بەرنامەو کەسەکانی داوەتکراو ستاندەرە، بەڵام دوو جار بێجگە لە دانیشتوانانی دوورگەکە, جاکلین کنیدی و ئایستی لۆدری تێدا داوەت کراوە. سەرۆکی رێکخراوی خاچی سووری نێونەتەوەیی دەدرێتە کەسانی پایەدارو ناوداری خێزانەکانی دانیشتووانی شیکاغو نیویۆرک و بۆستن و فیلادلفیا، ئەوانەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە زستانان لەسەر ئەو کەنارەدا دەمینێنەوە، بێگومان سەرۆکەکە دەبێ لە ژنێکی ناوداری ئەو بنەماڵانە بێت.

## ناکۆکی لەسەر ئەو پۆستە:

لەناو کۆمەڵگەی پالم بیتش، بۆ ئەو پۆستە ناکۆکی و ململانێ هەر هەبووە، چونکە پۆستەکە بەرزە، لەبەر ناو و هەیبەتەکەی و کەرامەتەکەی زۆر بۆ ئەو پۆستە کۆششیان کردووە، تا ماوەیەکی نزیک ئەو پۆستە لە بنەماڵەکانی ئەو دەڤەرە دەرنەچووە، بەڵام لەو دواییانەدا چوارچیوەکە شکا و، بۆ پۆستەکە ساڵی ٢٠٠٥ ململانێیەکە زۆر دژوار بوو. سایمۆن فایرۆن کە ملیۆنێرێکی پۆستن بوو، یەکەم کەسی بوو شەرەفی ئەو پۆستەی لە پالم بیتش لە دەرەوەی ناوچەکە بەرکەوتووە، فایرمان لە دایک و باوکێکی بە نەژاد رووسی لەدایکبووە، ئەو لە ساڵی ٢٠٠٣ هاتووتە پالم بیتش، ناوێکی بۆ خۆی لە دەڤەری خۆرهەڵاتی باکوری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەیداکردووە، بە شەش ملیۆن دۆلار خانوویەکی کڕیوە، بە چەند ملیۆنیک چەند ریستورانێکی کڕیوە، هەموویانی بەیەکەوە کردووە بە ریستورانی چینی، کە بەیەکەوە کۆمەڵگایەکی بە ناوی COC`S لێ دامەزراندووە.

فایرمان کەمتەرخەمی نەکردووە لەوەی خۆی بە خەڵکەکە بناسێت، لە ساڵی ٢٠٠٥ لە ژمارەیەکی تایبەتی PALM BEACH Society باسی ژیانی تایبەتی و کارو فەرمان

و پرۆژەکانی کردووە، گۆڤارەکەش بۆ ئەو کەسە ناونیشانی سەرکردەو داهێنەرو خێرخوازی هەڵبژاردبوو.

فایرمان لاپەڕەکانی رۆژانی زووتری ئەوەندە پاک نییە، هیج قسەی لەسەر نەبێت، سوێندخۆرەکانی فیدرالی لە ساڵی ١٩٩٦ بۆیان ئاشکرا بووە، کەوا ئەو بە شێوەیەکی نایاسایی بە ٢٠ هەزار دۆلار هاوکاری هەڵمەتی هەڵبژاردنی کردووە، تا کاندیدی کۆماری ئەو کات بۆب دۆل دەنگی زۆرتر دەستەبەر بکات، ئەوەی لەسەر بوویتە ماڵ، پێش ئەوەش لە ساڵی ١٩٩٢ بە شێوازێکی نایاسایی پشتیوانی هەڵمەتی هەڵبژاردنی جۆرج بۆشی باوک و یاریدەرەکەی دان کویلی کردووە. فایرمانیش لەو دوو تۆمەتە ئینکاری نەکردووە، دانی بە هەردووکیان ناوە، بۆیە سزایەکەی کەم کراوەتەوە، ٦ ملیۆن دۆلاری وەک سزا داوە، دادگاش بڕیاری مانەوەی ئیجباری لە ماڵەکەی خۆی بۆ ماوەی شەش مانگ لەسەر سپاندووە. بۆ ئەوەی ناوبانگی باش لە پالم بیتش دەربکات، پارەی زۆری وەک پاداشت و یارمەتی دەبەخشییەوە، بۆ کاری خێرو چاکەش دەستبڵاوی و بەخشندەیی دەکرد، یارمەتی تیمە هونەرییەکانی دەدا، بۆ نەخۆشخانەکان و کۆمەلە خێرخوازییەکان پارەی چاکی دەبەخشی، لە هەموو ئاهەنگەکانی پالم بیتش بەوە دەناسرا، لە کۆتایی بەرنامەکە مایکرۆفۆنەکە وەردەگرێت و رایدەگەیێنێت کەوا ٢٠ هەزار دۆلار یان زۆرتری دەبەخشێت. هەموو لایەک ئەوەیان دەزانی کەوا فایرمان ئەو هەموو پارەو دیاریانەی بۆ ناوبانگی خۆی و مەرامی تایبەتی دەدا، بەڵام ئەو دەیوت من کە پارە بۆ کاری چاکەو خێر دەبەخشم و زۆریش بەختیار دەبم، ئەو بەرامبەر کەسانی کەم دەرامەت و هەژاران ناتوانێ دەستەوەستان بێت، ناکرێ یارمەتی پێشکەش بە کەس و لایەنی پێویست نەکات. لە ساڵی ٢٠٠٣ یەک ملیۆن دۆلاری بە خاچی سووری نێونەتەوەیی پێشکەش کردووە، بۆیە لقی رێکخراوەکە سەرۆکە کۆنەکەیان، دیان ئایکسلستۆنیان گۆڕیوەو ئەویان وەک سەرۆک داناوە.

## دەسەڵات بە پارە:

کە فایرمان پارەکانی دەبەخشییەوە، خەڵکی ناوچەکە بێزارییان دەنواند، لایان ئاشکرا بوو کەوا ئەو بۆ پایەو ناوداری خێر و چاکە دەکات، دەیەوێت بە پارەکانی



پۆستەکان وەرگرێت، بۆیە سەرکۆنەی خاچی سووریان کرد کە سەرۆکە کۆنەکەیان گۆڕیوە، مامەڵەکەیان بە ناشەریفانە وەسف دەکرد. بۆیەش لە رقی ئەو هەڵوێستەیان زۆر لە پارەدارەکان یارمەتییەکانیان بۆ خاچی سوور کەم دەکردەوە، پارەکانیان دەدایە رێکخراوی تری خێرخوازی. مەسەلەکە ئەوەیە فایرمان و کەسانی تر ئەوە چاک دەزانن، پاسەوانە کۆنەکانی ئەو رێکخراوە بوار نادەن کەسی نوێ و خوێنی تازە بێنە ناویانەوە، چونکە دیارە کەوا کۆمەڵگەی پالم بیتش داخراوەو دەروازەی ناوەوەی ناکاتەوە. فایرمان دەستی نەپاراست لە سەرفکردنی پارەی کۆکراوەی خەڵکەکە لە گۆڕینی شوێنە کۆنەکەی بارەگاکەیان لە هوتێلە کۆنەکەی بریکز بۆ هوتێلی ترامپ مارلاگۆ، تا بارەگاکانیان شیاو بێت، پارەی زۆریشی لە دیکۆرەکانی ناوەوەشی سەرف کرد. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئەودا بۆ نارەزایی لە سەرۆکایەتی ئەو، زۆر لە ئەندامە کۆنەکانی ئەو بنەماڵەیە بۆ ئاهەنگەکە نەهاتبوون، بۆیە فایرمانی سەرۆکی نوێ، لە شارەکانی پۆستن و واشنتۆن و شاری تریش خەڵکی لایدەی داوەت کردبوو، بەو شێوەیە مێزەکانی تەژی لە مێوان کردبوو. لەبەرئەوەی زۆر لە بەرنامەکان گۆڕانی زۆر بەسەر داهاتبوو، سەرۆکی نوێ لە وتەکەشی بەرنامەی گۆڕیبوو، کەوتە گازاندەو رەخنە لە سەرۆکی پێشووی رێکخراوەکە، ئەوەش هەرگیز لە نەریتی خاچی سووردا نەبوو، لە ئاهەنگ و بۆنەکانیدا ئەو بەرنامانە نەبووە، هەروەها لەو ئاهەنگەدا بە خراپە ناوی کۆنە سەرۆکەکەیان هات، ئەوەش نارەزایی و گلەیی زۆر لە ئامادەبووانی لێ کەوتەوە، بەتایبەتی هاوولاتیانی دەڤەرەکەی پالم بیتش.

## سامانە کۆنەکان و سامانە نوێیەکان:

لە کۆنەوە شەڕو ململانێ لە نێوان پارەداری کۆن و دەوڵەمەندە نوێیەکان هەبووە، لە یۆنانی کۆندا شەڕ دژ بە دەوڵەمەندان گەرم بووە، لەنێوان دەوڵەمەندە کۆنەکان، ئەوانەی کە بە بازرگانی و هێنانی بەهارات وبۆن و حەریر پارەیان دەست کەوتبوو، مێژوونووسی یۆنانی شیستر ستار نووسیویەتی:

کەوا دەوڵەمەندە نوێیەکان کۆششیان زۆر بووە تا بگەنە ئاستە دیارەکانی کۆمەڵگەی ئۆروستقراتی و بازنەکانی کۆمەڵایەتی، بۆیە زۆر لاسایی ئەو توێژەیان کردووەتەوە.

ئەرستۆ بەوە ناسرابوو زۆر دژایەتی پارەدارەکانی کردووە، لە دەوڵەمەندە نوێیەکانیش زۆر تووڕە بووە، دەیوت:

ئەوانە نازانن هەڵسوکەوت بکەن، کۆنترۆڵی خۆیان پێ ناکرێت، بۆیەش زۆر دەکەونە ناو داوی هەڵەو نەزانینەوە.

## لە نێوان کۆن و نوێدا:

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، کە هێڵی ترێن لە ئەوروپا پەیدا بوو، کە سەرمایەدارانی شۆڕشی پیشەسازی گەیشتنە ناو بازاڕ، ململانێ و ناکۆکییان لەگەڵ کۆنە ساماندارەکان سەری هەڵداوە، ئیمرۆش دەوڵەمەندانی کۆمەڵگەی ئەو ریتشیستانە، لەلایەن دەوڵەمەندە کۆنەکان شەڕیان دەکرێت، چونکە سامانی زۆرو بازاڕی گەرمی ئابووری تازە توێژێکی نوێ لەناو کۆمەڵی بێ ناونیشان و نەناسراوی هێناوەتە بەرهەم. ئەو باڵەخانەی ئەوانەی دروستیان کرد، بینایە کۆنەکانی وەک پالم سبرینگ و مارتا فاینیارد و پالم بیتش و دەڤەری گرینتشی لە ولایەتی کۆنکتیکتی شاردەوە، دەوڵەمەندە تازەکان بەپەلە هاتنە ناو یانەکانی گۆلف و کەشتییەکانی دەریاوانی و یانەکانی پولو، کە جاران بوونە ئەندام لەو یانانە بۆ ئەو جۆرە کەس و ناوانە زۆر زەحمەت بوو، بەوەش نەوەستان وا خەریکە یانەی تایبەتی بە خۆیان دادەمەزرێنن. لە هەموو ڕەفتارەکانیان لاسایی کۆنەکان دەکەنەوە، بە راکردن بۆ پیتاک بەخشین دەچن، سەردانی مۆزەخانەکان و ئۆپراکان دەدەن، دەبنە ئەندام لە دەستەکانی پارێزگاری لە ژینگە، مافی ناونانی دامەزراوە گشتییەکان لە نەخۆشخانەو یاریگەو پەرتووکخانەکان بەدەست دەهێنن. لە ساڵی ٢٠٠٥ پارەدار رۆناڵد بریلمان مافی ناونانی شانۆی سەرەکی لە سالۆنی کارنیگی کڕیبوو، ناوی شانۆیەکەی بەناوی بنەماڵەکەی کردبوو، پێش ئەویش سێ شوێنی گشتی تریش لەو دەڤەرە بەناوی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان کرابوون.

لە ولایەتی ماساتیوششش دوورگەی ناتکیت لە لایەن سەرمایەدارانەوە کڕابوو، کە شوێنی چەندین کەپر و کووخی ناشیرینی شپرزەی ماسیگرەکان بوو، کرا بە گەڕەکێکی شایستەو نازداری تەژی لە ڤیلای گەورەو شۆستەی بەلەمی دەریایی



باشی تایبەتی. یانەکانی ئەو ناوچەیە شەوانە هاموشۆی گەرمە، بۆ ئەندامبوون لە یانەی گۆلفەکە ئابوونەی ٤٠٠ هەزار دۆلاری دەوێت، لە گوڕەپانەکەدا یانەیەکی تەندروستی باش و یاریگەی ئاسکواش و شانۆیەکی تایبەتی تێدایە، تا ئێستا بە پارەی ئەندامبوونیدا سەرمایەی ٤٠٠ هەزار دۆلاریان کۆکردیتەوە، دەستەیەکی پارەداری ناوچەکە، بە هاوبەشی و بەیەکەوە شۆستەیەکی گەورەی کەشتییان بە ناوی Great Harbor Yacht Club دروست کردووە، لەو یانەیەش ٢٠٠ هەزار دۆلار پارەی ئەندامبوون وەرگیراوە، لە ئەندامە ناودارەکانی ئەو یانەیەش ئبیگیلی ژنە ملیاردێری کیژی ملیاردێر رۆجر بنسکە.

لەبەرئەوەی دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژانە خێراتر لە جاران سامان کۆدەکەنەوە، بۆیە ناکۆکییەکانی نێوانیان گەرمە. لە ساڵی ٢٠٠١ تەنها ١٪ دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا، ٩٪ ی پارەکەیان وەک میرات بۆ ماوەتەوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٩ ڕێژەکە زۆرتر بوو دەگەیشتە ٢٣٪. یەکێک لە پسپۆرانی بانک بۆی گێڕامەوەو وتی:

ئەگەر پێش چەند ساڵێک هەر کەسێک بۆ نموونە خاوەن حەوت ملیۆن دۆلار بوایە، ئەوە پارەدارێکی زۆربوو، بەڵام ئیمرۆ ئەوەی لەو ناوچەیە تەنها ئەو پارەیەی هەبێت، بە هەژارترین کەسی گوزەرەکەمان دەژمێردرێت.

شەڕەکە کەلتووریش بوو، چینی دەوڵەمەندەکانی جاران چەندین دەسەڵات زەبرو بڕیاریان لەسەر دەکرایە ماڵ، وەک دامەزراوەکانی پرۆتستانییەکان و خوێندنگاکانی یەکگرتووی ئایفی و تۆماری کۆمەڵایەتی و مین لاین فیلادلفیاو پۆستن براهمنزو بانکدارەکانی نیویۆرک و دەزگا یاساییەکانیان، بەڵام لەو چل ساڵەی دواییدا ئەوەیان کەمێک کاڵ بوونەتەوە.

دەوڵەمەندەکانی دوێنێ زۆرتر شانازی بە بنەماڵەو رابردووی خۆیان دەکەن، بە کەلتوورو دابونەریتەکانیان بەستراونەتەوە، ئەوە نەماوە دەستەیەک لە باب و باپیرانییەوە سامانی بۆ بمینێتەوە، ئەوانەی ئیمرۆ شانازی بە کارو ماندووبوونی بەردەوامی خۆیان دەکەن بۆ سامان کۆکردنەوە، ئەوانە کاتی پشوودانیان جیاوازە لە دەوڵەمەندەکانی پێشوو، هەڵسوکەوتیان گۆڕانی بەسەر رەوشی ساماندارەکان هێناوە، بە شکۆوە باسی ڕەگ و ریشەی مامناوەندی بنەماڵەکانیان دەکەن، شانازی

به کار دەستی و شەونخوونی خۆیانەوە دەکەن، دەستی یارمەتییان دەگاتە زۆربەی ڕێکخراوە خێرخوازەکان. ناکۆکییان لە نێوان ئەو دەستە پارەدارە لەناوچەی پالم بیتش بەردەوام گەرمە، بەڵام لە بوارەکانی خێرخوازیدا کۆمەک و هاوکارییان بێ سنوورە، لەو ساتانەدا رق و کینەو بەربەرەکانێیەکانیدرن وەلا دەخەن.

## کەناری ملیاردێرەکان:

پترۆڵی موریسۆن فلاگر ئەو زەڵکاوەی کەناری فلۆریدای کردە پەرادیس (فردۆس، بەهەشت)، بەو سامانە زۆرە ناوچەکە بووە فردۆسێکی خۆش، دەوڵەمەندەکانی پالم بیتش لەو رووبەرە گچکەیە کۆ دەکاتەوە کە رووبەرەکەی ناگاتە چوار میل چوارگۆشە، لە ماوەی نێوان ئاهەنگەکانی سەری ساڵ و جەژنی فسح دا، سەرژمێری ئەو دوورگەیە دەگاتە ١٠ تا ٤٠ هەزار کەس، هەرچی پارەداری وڵات هەیە بۆ زۆر مەبەست رووی تێ دەکەن.

لەو دوورگە فردۆسییە بەسەرهاتی شەرمەزاری زۆری تێدا روو دەدات، وەک شەرمەزارییەکی بەناو فلاگر، کە یەکێک لە دەوڵەمەندەکان ژنە نەخۆشەکەی لەسەر سەرینی نەخۆشی جێی هێشتبوو، کیژێکی تەمەن بیست و چوار ساڵانەی بۆ خۆی هێنابوو، یان جیابوونەوەکەی میرگوری میرۆیتر لە هاتون، پاش ئەوەی مێردەکەیان لەگەڵ ژنە خزمەتکارەکەیاندا، لە ژووری نووستنی خۆیانەوە گرتبوو. ئەو کۆمەڵگەیە لە پالم بیتش بەسەرهات و رووداوی شەرمەزاری سێکسی لەو شێوەی زۆری تێدا رووداوە.

کەسە دەوڵەمەندەکانی ناو دەڤەری پالم بیتش سیمای گەنجییان پێوە دیارە، ئەگەرچی بەو سامانەش ماندوو ببوون. لە کەسە ناودارەکانی ئەو رۆژانە، پێشەوای پلیتەکانی دڵنیابوون هاوارد کیسلرە و میشیلی هاوسەریەتی کە لە پۆستنەوە هاتوون، لەو دوا دواییەدا خانووێکیان بە ٣٠ ملیۆن دۆلار کڕیوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک بۆ نەخۆشەکانی شێرپەنجە (کانسەر) ئاهەنگێکی گەورەیان سازکردبوو. ناوێکی تری دیارەی ئەو کۆمەڵگایە سیدیل میللرە ، کە لە کلیفلاندەوە هاتووەو کۆمپانیای Matrix Hair Essentials دامەزراندووە، خانووێکیان لەسەر



رووبەری ٣٠ هەزار پێ دووجا لە دوورگەکە دروست کردووە، ئەوانیش هاوکاری کۆمەڵە خێرخوازەکان دەکەن، لە ناوەکانی تری ئەو دەستەیە موزیکساز جۆن ستۆک و ماری هاوسەریەتی، هەروەها دان بوریسلۆف و دیک رۆبنسۆن. لەناو شەقامەکانی پالم بیتش ئۆتومبێلی ناوداری وەک بنتلی و رۆلزویس و بۆرش دەبینرێت، لە بازاڕە سەرەکییەکەی فۆرث ئافینیو باشترین و نایابترین جلوبەرگ و خشڵ و گەنجینەی کۆنی دێرینی مارکە نوردارەکانی جیهان دەفرۆشرێن.

هنری کرافیسی سەرمایەدار خانووێکی لە ناوچەی Intercoast Waterway بە ٥٠ ملیۆن دۆلار کڕیوە، بۆ خانووێک لەسەر کەناری فلۆریدا پارەیەکی زۆری ژماردووە، بەڵام رۆن بریلمان خانووێکی کڕیوە لەو پارەی تێپەڕاندووە، نرخەکەی گەیشتووتە ٩٠ ملیۆن دۆلار، ئەو پارەیە لە ئەمریکا زۆر بوو بۆ خانووی نیشتەجێی. بەڵام دۆنالد ترامب لە ساڵی ٢٠٠٦ لەو نرخەی بۆ خانوو بەزاندو خانووێکی لە ئابی گوسمانی بە ١٢٥ ملیۆن دۆلار کڕیبوو. سەرمایەدارانی ئەو دەڤەرە فێری ئەوەبوون، موڵکی تر لە تەنیشت موڵکەکانیان بکڕن، بەو موڵکە تازانەوە موڵکەکانی خۆیان گەورەتر دەکرد، بالەخانەکانیان بەرزتر دەکرد، لەو دە ساڵەی دواییدا ژمارەی ئەو خانووانەی یەک خێزانی گەیشتە ٢٥٩٦ خانوو، کە ساڵی ١٩٨٠ ژمارەیان زۆرتر بوو گەیشتبووە نزیکەی سێ هەزار خانوو، ئەویش هەمووی لە ئەنجامی گەورەکردنی خانووەکانییەوە بوو، بە کڕینەوەی موڵکەکانی تەنیشتی خۆیان، بۆ نموونە دیڤید کۆشی میراتگری کۆمپانیای کۆش ئاندسریز، سێ پارچە زەوی تەنیشت خۆی کڕیوەتەوەو لەسەر رووبەری نزیکەی ٦٠ هەزار پێی چوارگۆشە خانووێکی گەورەی بنیاتناوە.

وەرزی گەشتیاری لە پالم بیتش ماوەکەی چوار مانگە، لە نێوان جەژنی سەرە ساڵەوە تا جەژنی فسح درێژەی هەیە. لەبەرئەوەی زۆربەی ئەوانەی دێنە ناوچەکە، کەسانی خانەنشین و گەشتیارو بنەماڵەی هاووڵاتیانە، بۆیە چالاکی کەمی تێدا ئەنجام دەدرا . لەبەر ئەوەی لە ناوچەی فلۆریدا رێژەی باجی کەمە، بۆیە زۆر دەمینێنەوە، چونکە کارەکانیان دەکرێ بە ئەنتەرنێت و مۆبایل و سوپایە فەرمانبەرو بەردەستەکان ڕاپەرێنن و بەڕێ بکەن، بۆیە ئاساییە زۆر لەو ناوچەیەدا بمینێنەوە.

بەڵام بوریسلوی بەڵێندەری پەیوەندییەکان، تەمەن چل ساڵان، دەبێژێت، من ژیانی

ئێرەم لا خۆشە، ئەگەرچی کەسانی بێکارو خانەنشین رووی تێ دەکەن، بەڵام من بەدوای سەرمایەو قازانج زۆر دەمینێمەوە، بواری باشی کاریشم دەست دەکەوێت.

لە پالم بیتش قاوەخانەی Petite Marmite بوویتە مەنزڵگەی بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی ئەوروپی، بەڵام ئیمڕۆ ریستورانی Palm Beach Grill زۆرترین گەشتیار رووی تێ دەکەن. لەو دوورگەیە بوارو قیبلەگاهی هەموو ئاین و رەگەزێک هەیە، ئەو دەوڵەمەندانەی ئابوونەی ساڵانەی ١٥٠ دۆلار دەدەن بۆیان هەیە بچنە یانەی MAR - a - Lagoبە پارەکە دەچیتە ژوورەوە، مەرجی تری لەو یانەدا نییە، تیرەو ئاین و رەگەز ناخوات.

لەو دوورگەیەش بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری و زانیاری و وێنەی ناودارەکانی سێ رۆژنامەی تێدا دەردەچێت. شانۆن دونیلی نووسەر لە رۆژنامەی دیلی نیوز، هەفتانە دوو جار ستوونی تایبەتی لە رۆژنامەکانی دوورگەکە دەنووسن، هاووڵاتیان بە کلۆفەوە چاوەڕوانی خوێندنەوەی دەکەن. بەشێکی دوورگەکە بوویتە هەواری تایبەتی تەمەن گەورەکان و خانەنشینەکان، بەشەکەی تریش دەوڵەمەندە نوێیەکان بە سۆزو چالاکانەو تێدا دەسووڕێنەوە، بۆیە دەکرێ دوورگەکە بکرێتە دوو بەشی لەیەک جیاواز، بە سەرمایەو بە تەمەن و بە بەرنامە. لە سەرفکردنی پارەو خۆدەرهێنان لە نێوان هەردوو دەستە دەوڵەمەندەکەی ئەو شوێنە جیاوازی هەیە، ئێستاش کۆنەکان ئارەزوویان نییە باس لە پارەو سامانەکانیان بکەن، بەڵام ئەوانەی لەو دواییەدا پارەیان کۆکردیتەوە بە شانازییەوە باسی سامان و پارە زۆرەکەیان دەکەن.

تیم بلیکسیتی ملیاردێر لەسەر کەشتییە نازدارەکەی بە شانازییەوە دەڕوانێتە چواردەوری خۆی، بە نازەوە دەڵێ:

ئای کە سەیرە، من هەر رۆژێ لە ناوچەیەکم، راوەستانم نییە، وا ئێستا لەسەر کەناری مەکسیکم.

ئەگەرچی زۆر لە یانە تایبەتییەکەی YELLOWSTONE خۆی دەمایەوە، ئەو یانەی خۆی لە مانتانا دروست کردووە، دەسووڕێتەوە رۆژێک لە کێڵگەکەی لە ولایەتی وایومینگە، بەڵام رۆژی پاشتر لە ماڵەکەی خۆی لە پالم سیرینگ لە ولایەتی کالیفۆرنیا کە رووبەرەکەی ٣٠ هەزار پێ چوارگۆشەیە دەبینرێت، لەو هەوارەیدا



یانەی تەندروستی و حەوزی مەلەوانی و شانۆو پارکی راگرتنی ئۆتومبێل و یاریگەی گۆلف چەندین نافورەو تاقگەی رازاوەو باخچەی هەمەڕەنگی تێدایە، سەرجەم دروستکراوەکان ملیۆنێک دۆلاری تێ چووە. ئەو پیاوە زۆر خێرا پارەی زۆری لە بازرگانی دار هاتە دەست، بۆیە لە تەمەنی چل ساڵیدا خانەنشین بوو، بەڵام لەو دواییانەدا گەڕایەوە سەر کاری دروستکردنی شۆستە بۆ بەندەرەکانی سەر دەریاو هەوارگەی حەوانەوەی گەورەی فەردۆسی، ئێستا دوو هەواری تایبەتی بەناوی ئەو هەیە، دەکرێ ئەو دوو هەوارە YELLOWSTONE CLUB و YELLOWSTONE CLUB WORLD بە نازدارترین هەواری حەوانەوەی پشوودانی گەورە کەسایەتییەکانی جیهان بژمێردرێت.

بلیکسیت بێجگە لە کارەکانی خۆی، چەندین موڵکی کڕیوە، لە ئەمریکاو مەکسیک زۆرتر لە ٥٠٠ فەدان زەوی هەیە، هەروەها مامەڵەی سەهمیش دەکات، لەگەڵ کۆمپانیا نوێیەکانیش هاوکارە، دەزگایەکی خێرخوازیش بەڕێوە دەبات، رۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی عەقارات، بەڵام ئەو بە رەسمی پێش ١٥ ساڵ خۆی خانەنشین کردووە. ئەگەرچی خۆی کەم لە بازاڕ دەردەکەوێت، بەڵام دەستکەوتەکانی دیارو زۆرن، ناوی شیاوی لەناو سەرمایەدارەکان دیارە، بۆ پشوودان و حەوانەوەی خۆی، چەندین هەوارو خانووی هاوینەو فرۆکەو بەلەم و ئۆتومبێلی نازداری هەیە، بەڵام بواری نییە تامیان لێ وەربگرێت، ناپرژێتە سەر ڕابواردن و سەیران، بۆ پارەش ئەوەندەی هەیە، بەشی چەند پشتی دەکات. بەردەوام بە دروستکرنی باڵەخانەیەکی نوێ، یان بە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی نوێ سەرقاڵە، لەسەر پارچە کلینکسەکانی سەر مێزەکانی نانخواردنیش بۆ پرۆژەی نوێ نەخشەسازی دەکات، بەوەش ناسراوە ئەو کەسەیە پرۆژەکانی هەرگیز تەواو نابن، وێڵە بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەکانی، بۆ داهێنانەکانی، ماندووە بۆ زۆرترو نوێتر. هەموو لایەک دەزانن ئەو پیاوە سەرمایەدارە نەبوو دوو شەو لەسەریەک لە یەک شوێن، لەیەک ماڵ، لەناو فرۆکەیەک، لەسەر کەشتییەک بمینێتەوە، تا سێی بەیانی بە ئیمیل نامە بەڕێ دەکات، بەردەوام شوفێرو پیلۆتەکانی (فرۆکەوان) لە ئامادەباشیدان، دەزانن لە هەموو کات و ساتێکدا بۆ کاری خێرا داوایان دەکات.

بلیکسیت و دەوڵەمەندەکانی وەک ئەو، شێوازو بەرنامەو تێڕوانینی دەوڵەمەندەکانی پێش خۆیان گۆڕی، جاران پشوودان و حەوانەوەو مۆڵەت لە کارکردن هەبوو. ئەوانەی لەو رۆژانە سامان پەیدا دەکەن، گیانبازیش دەکەن، کاری بەردەوامی بێ راوەستان دەکەن، داهێنانیان بەردەوامە، لەو رەوشانەدا دەژین و کاردەکەن، وای لێهاتووە، کاری ئابووری روو لە ململانێ و داهێنان کردووە.

دەوڵەمەندەکانی ئەو زەمانە لە کۆنەکان گەنجترن، زۆرتر گونجاوترن بۆ کار راپەڕاندن، ئەوان شانازی بە کارکردنی ١٨ سەعاتی بەردەوامی خۆیان دەکەن، شانازی بە بەرهەم و داهێنانە خێراو زۆرەکەیان دەکەن. دەوڵەمەندەکانی ئەو ریتشیسیانە لەناو بەلەمە نازدارەکانیان بەردەوام ئامێری یاریان تێدایە، هاوشانی کارەکانیان کە زۆر بە تەلەفۆن بە تۆرەکانی نێت رایدەپەڕێنن، یاریش دەکەن، دەستیان لەسەر کۆمپیوتەرەکانیانە، لە گۆڕەپانەکانی گۆلف دەسووڕێنەوە.

بلیکسیت بە ناوهێنانی گۆڤاری فۆربس یەکێکە لە ٤٠٠ کەسە دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا، سامانەکەی بە ١,٢ ملیار دۆلار مەزندە دەکرێت، بەڵام بە شێوازو دیمەن لە کەسێکی دەوڵەمەند ناکات، ئەو بەردەوام سێ شت هەڵدەگرێت، جانتا گچکەی پارەو پێنووسێکی پلاستیک و حاسیبەیەکی هەرزان کە تەنها سێ دۆلاری پێدراوە تێداوە، کە لە کۆبوونەوەکان و کارە رەسمییەکانیدا لەگەڵ شارەزایانی بانکەکان و سەرۆکە تەنفیزییەکانیدا دەبێت، پانتۆڵێکی سادەو کراسێک لەبەر دەکات، زۆرتریش شۆرتێک و تیشێرتێکی لەبەرەو کڵاوێکی یاری گۆلفی لەسەردایە، تەنها لە پرسەکان و لە ئاهەنگی زەماوەندەکاندا بەدلەی رەسمی لەبە دەکات، ئەوەش ساڵێ چەند بۆنەیەکی کەمی وای دەبێت. لەبەرئەوەی زۆر بایەخی بە پۆشاکی تایبەتی نەداوە، بۆیە زۆرجار لە شوێنە گشتییە نایابەکان و پێشانگاکانی ئوتومبێلان تووشی سەرئێشەو دەرکردن بووە، رۆژێکیان بۆ کڕینی بەدلەیەکی نایابی تایبەتی بۆ رۆژی دەرچوونی کوڕەکەی لە زانکۆ ، خاوەن بوتیکەکە لەبەر ئەوەی جینزو کراسێکی سادەو پێڵاویکی قوڕاوی لەبەر بوو فەرمانی دا لە بوتیکەکەی دەری بکەن، خۆی گێڕابوویەوە، وتبووی کە دەرچووم و سواری ئوتومبێلەکەم بووم کە لە جۆری رولزرۆیس بوو، ناتوانم باسی تێکچوون و شێواویی کابرا بگێڕمەوە، کە ئێمەی بینییەوە.



بلیکسیت لە شارۆچکەیەک بە ناوی روزبیرگ لە دووری ١٨٥ میل لە خوارووی شاری بورتلاند گەورە بووە، لەبەرئەوەی باوکی نەخۆشی دڵی هەبووە، بۆیە نەیتوانیوە بە دروستی کار بکات، مناڵەکانی باش بەخێو بکات، تا یارمەتی ماڵەوەیان بدات بۆیە ئەو ناچار بووە شەوانە کار بکات،. بۆیە وتوویەتی:

من کە لە دایک بووم کەوچێکی ژەنگاویم لە دەمدا بووە، لە قوتابخانە بۆ وەرگرتنی خواردن خوێندکاران دوو ریز دەوەستاین، ئەوانەی پارە دەدەن، ریزێکیش بۆ ئەوانەی پارە نادەن، کە چاودێری کۆمەڵایەتی بەخێویان دەکەن. من لە ریزی دووەم بۆ وەرگرتنی خواردن دەوەستام، واتە لە چینە هەژارەکان بووم. دەگێڕێتەوە کە لە ریزی خوێندکارانی چاودێری کۆمەڵایەتی بۆ وەرگرتنی خواردن وەستاوە، گوێ لێ بووە کە خوێندکارەکان ئاماژەیان بۆ کردووە کەوا ئەو پارەی خواردن کڕینی نییە، بەناچاری لەو ریزە وەستاوە، بۆیە ئەو ساتانەی لەبیرە کە چەند دەشێواو هەستی بە شەرم کردووە.

لەیەکەم رۆژی چوونە بەر خوێندنی ئامادەیی مامۆستایەکی توندو دەستگرانیان هەبوو، ناوی والی ئایشلر بوو، ئەو لە وتەیەکیدا پێی وتبوون، من وا دەزانم گرنگ نییە لەلای من چیتان لێ دەردەچێت، چی فێر دەبن، گرنگ ئەوەیە لەناو وڵات، سەردەکەون، یان سەرناکەون، لە ناو میللەت گرنگە، ئێرە زۆر گرنگ نییە، ئەو ئامۆژگارییەی کاریگەری زۆری لەسەر دوارۆژی ئەو دانابوو، تا ماوەیەکی زۆر ئەو قسانەی لە مێشکدا مابوو، ئەو ئامۆژگارییەی کردبووە بەرنامەی کارو دوارۆژی خۆی.

## مەترسییەکان و کوشندەیی قەرز:

ئەگەرچی باوکی لە کەنیسەیەک وتارخوێن بووە، بەڵام ئەو بایەخی بە کارەکەی باوکی و ئاین نەداوە، هەر لە تەمەنی ٢٥ ساڵییەوە هاتووتە بازاڕ، کاری بازرگانی چوویتە مێشکییەوە، یەکەم کاریشی، کڕینی سێ گوێدرێژ بوو، رۆژێکیان لە لاپەڕەی ریکلامی رۆژنامەیەک دەخوێنێتەوە کەوا کابرایەک سێ گوێدرێژی هەیە بۆ فرۆشتن، کڕینی گوێدرێژەکانی دێتە خەیاڵەوە، دەچێتە لای کابرای خاوەن گوێدرێژەکان، بە

هەرزان هەر سێ گویدرێژەکەی لە بن دەستی دەردەهێنێت، تەنها ٢٥ دۆلار بە سێ گوێدرێژەکە دەدات، بۆ بەیانی وەک بارگیرو هێستر لە رۆژنامەیەکی تر ریکلامیان بۆ دەکات، هەر یەکێکیان بە ٧٥ دۆلار دەفرۆشێتەوە، بۆیە وتوویەتی بەو شێوەیە لە کاری بازرگانی راهاتم.

بەردەوام چاوی لە ریکلامەکان دەگێڕا، زۆری نەخایاند، تا رۆژێکیان ریکلامێکی خوێندەوە کەوا چەند بارە دارێک بۆ فرۆشتن هەیە، پارەکەشی زۆر بوو، نووسرابوو بە ٩٠ هەزار دۆلار، هەموو دارەکانیش یەکدەست دەفرۆشرێن، بەڵام ئەو تەنها ١٠٠٠ دۆلاری هەبوو، لەگەڵ خاوەن دارەکە رێکەوتبوو، دارەکەی بەو پارەیە لێ بکڕێت، بەڵام وەک پێشینە ١٠٠٠ دۆلارەکەی بداتێ، لە ماوەی هەفتەیەک پاشماوەی پارەکەی بۆ بژمێرێت، لەگەڵ کابرا رێکەوتن، بە مەرجێک ئەگەر پارەکەی تر نەدا ئەوە هەزار دۆلارەکەشی حیجز بکات.

فرۆشیارە گەنجەکە بۆ فرۆشتنەوەی کاڵاکەی لە بازاڕا سووڕایەوە، لە ماوەی هەفتەکە کڕیارێکی دۆزییەوە، هەموو دارەکەی بە ١٤٠ هەزار دۆلار پێ فرۆشتبوو، قازانجێکی باشی کردبوو، لەیەکەم مامەڵەی گەورەدا یەکدەست ٥٠ هەزار دۆلاری لە گیرفانی ئاخنیبوو. کە پارەی کەوتە گیرفان و پارەی پەیداکردووە، باوکی گومانی کردووە کەوا کوڕەکەی بە شێوەیەکی ناشەرعی، لەو بازاڕەدا پارە پەیدا دەکات، خۆی گێراویەتەوە، کەوا باوکی هەڕەشەی ئەوەی لێ کردووە لە پۆلیس شکایەتی لێ دەکات، داوای کرد سەرچاوەی پارەکەی بۆ روون بکاتەوە.

لەو رۆژەوە بلیکسیت کەوتە ناو بازاڕی دارفرۆشی. لەناو گوندە دوورەکانی باکوری خۆرئاوا دەسووڕایەوە، گوند بە گوند، دەڤەرەکانی بەسەرکردەوە، کە تەمەنی گەیشتوتە سی ساڵ دەستکەوتی مانگانەی گەیشتووتە ملیۆن دۆلار. لەگەڵ ئایدرا پرسۆسەی هاوسەرگیری پێکەوەناوەو خانووێکی گەورەیان کڕیوە، لە سەرپەرشتی مناڵەکانیان هاوکاری ژنەکەی کردووە، کە لە پرۆسەکانی تری هاوسەرگیرییان چوار مناڵیان هەبوو.

لەسەرەتای هەشتاکان نرخی دار بە شێوەیەک دابەزی زۆر کاریگەری لە سامان و کاری بلیکسیت کرد، نرخی دارەکانی بە رێژەی ٨٠٪ دابەزی، بۆیە بەناچاری لەبەر



باری قەرزدا ئیفلاسی خۆی راگەیاند، لەبەر بێ پارەیی بۆ دانەوەی وەسڵەکانی خانووەکەشی فرۆشت، کۆششی کردووە قەرزەکانی نەهێڵێت، بۆیە وتوویەتی لەو رۆژەوە بڕیارم دا، جارێکی تر کار بە قەرز نەکەمەوە، بە پارەی قەرز مامەڵە نەکەم، چونکە لەو رۆژانە تێگەیشتم کەوا قەرز چەند کوشندەیە، قەرز پیاو دەکوژێت.

پاش ئەو نسکۆو زیانەی لە بلیکسیت کەوتووە، دەستەوستانە نەبووە، لە بازاڕی دار فرۆشتن و کڕین خۆڕاگر ماوەتەوە، توانی راست بێتەوە، توانی کۆمپانیایەکی دار دامەزرێنێت، کە بەشەکەی خۆی لە ساڵی ١٩٩٠ بە ٢٠ ملیۆن دۆلار فرۆشتەوە. کە بلیکسیت ئەو پارەی وەرگرتووە، وای زانیوە ئەو پارەیە کە ئەو کاری کردووە، بەو پارەیە گەیشتووتە لووتکەی سامان، بۆیە فڕۆکەیەکی تایبەتی و خانوویەکی لەسەر کەناری رووبارێک لە ولایەتی ئاوریگۆن کڕیوە، وازیشی لە کاروباری بازرگانی هێناوەو گەڕاوەتەوە سەر ئارەزووەکانی خۆی کە لە ساڵەکانی حەفتاکان حەزی لێ کردوون، وەک گۆرانی و نووسینی تێکستی گۆرانی، بەڵام دیارە بێ کاری بازرگانی نەحەواوەتەوە پاش چەند مانگێک گەڕاوەتەوە ناو بازاڕی کڕین و فرۆشتنەوە.

لە ساڵی ١٩٩١ لە مونتانا خۆی و ژنەکەی بیریان لەوە کردەوە، بۆ پشوودان و ئارامی خۆیان و مناڵەکانیان هەوارێکی فردۆسی بنیات بنێن، بڕیاریان دا بیرۆکەی کڕینی پارچە زەوییەکە بکەنە راستی، بۆیە ١٦٤ هەزار فەدان زەوییان کڕیوە، بەڵام دوایی هەوارەکەیان گەشەی کردو بووە یانەیەک، یانەی Yellowstone لە سەر پارچە زەوییەک بۆ حەوانەوەی خێزانەکەیان، کرایە یانەیەکی کۆمەڵایەتی فراوان، چەندین چالاکی وەک بەفرخلیسکێ و گۆلف و گەمەی خێزانی تری تێدا کرایەوە، ژمارەی ئەندامانی یانەکە گەیشتە ٣٠٠ ئەندام، ساڵانە هەر ئەندامێک ئابوونەی ٢٥٠ هەزار دەدات، کەسایەتییە ناودارەکانی ناو ئەمریکا ئەندامن لەو یانەیەدا، وەک بیل گیتس و سەرۆکی تۆری News Corp بیتر شیرنین و سەرۆکی کۆمپانیای Comcast ستیف بۆرک و جێگری پێشووی سەرۆکی ئەمریکی دان کویل.

کە هەواڵی ئەوە بڵاو کرایەوە خاوەن هەوارەکانی تر گاڵتەو بەزەییان بە خاوەنەکەی دەهات، هەموو کۆک بۆن لەسەرئەوەی ئەو کارە خێری نابێت، چونکە دیارە کەوا سەرمایەکەی زۆرەو پارەیەکی زۆری تێچووە، بۆیە دەبێ ئابوونەیەکی زۆر

بۆ بەئەندامبوون بدەن، چونکە پارەدارەکان خۆیان هەوارگەی خۆیان هەیە، مەلەوانگەی تایبەتی خۆیان هەیە، شاری یارییان هەیە، پێویستییان بەوە نییە بە پارە بێنە ناو ئەو یانەیە، بەڵام خاوەنەکەی لەبەرئەوەی ساماندار بوو، شارەزای کەسایەتی دەوڵەمەندەکان بوو، کارەکەی تەواو کرد و دەستەیەک ئەفسەری ئاسایشی دامەزراند، سەرۆکایەتییەکەشی دایە ئەفسەرێکی ئاسایشی سەردەمی سەرۆکی پێشووتری ئەمریکی جیرالد فۆرد.

بلیکسیت بەسەرکەوتنی پرۆژەکەی لە یانەکەی رانەوەستا، لەگەڵ ژنەکەی بیرۆکەی هەواری ترین لا گڵاڵەبوو، ئەمجارە یانەیەکی تریان دروست کرد، لەو یانەیەدا لەگەڵ بواری هەموو چالاکییەکان، چەندین ڤیلای گچکەیان بۆ مانەوەو حەوانەوە دروست کرد، لەو یانەیەدا بواری خۆشگوزاری بۆ خۆیان و سەگەکانیان دەستەبەر کردبوو، بەڵام پارەی بەشداری ئەندامبوون و کات بەسەربردن لە کاتی مۆڵەتەکانیاندا زۆرتر بوو.

ئەو ژنەو مێردە بەوە نەوەستان لە دەرەوەی ئەمریکاش کۆششیان کرد، لە سکۆتلاند پارچە زەوییەکی گەورەیان بۆ دروستکردنی یانەیەکی گەورەی گۆلفی ئەفسووناوی کڕی، یاریگەکەی گۆلفیان بە ساباتی حەوانەوەی نایاب دەورەدا. بەوەش نەوەستا هەر لە دەرەوەی ئەمریکا ئەمجارە بەرەو پاریس رۆیشتن، لەوێ لە دەرەوەی شار قەڵاتێکی کۆنیان کڕی، مێژووی قەڵاتەکە بۆ سەدەی سێزدەم دەگەڕایەوە، قەڵاتەکەیان نۆژەن کردەوە، لەگەڵ نوێکردنەوەکە حەوزێکیان بۆ مەولەوانی و یانەی تەندروستییان بۆ زیاد کرد، پاش ئەو قەڵاتە دوورتر گەرانەوە بەرەو مەکسیک و لە تورکیاو لە تاهیتی، لەوێش سێ بەندەری گەشتوگوزارییان کڕی.

## نیگەرانی:

بلیکسیت و ژنەکەی بە ئاسانی بەسەر ئەو هەوارانە دەسووڕێنەوە، بە چەندین فڕۆکەی تایبەتی خۆیانەوە، بە بەلەمی خێرا، بە سوپایەک کارمەند و شارەزایانی خواردن و کابانی خزمەتەوە، لە نێوان پاریس و کەنارەکانی دەریای ناوەڕاست و بۆ ئەمریکاش سەردەدەن.



بە فڕۆکە دەفڕن بۆ سانت ئاندروز بۆ یاری گۆلف، بۆ قەڵاتەکەیان دەفڕن، بە بەلەمەکانیش لە دەریای ناوەڕاست دەمێنێنەوە، چەند رۆژێک بۆ پشوودان دەمێنێنەوە، بەڵام ماوەیەکەیان چەندەو چەند رۆژ دەخایەنێت، دیارە کەوا ئەو ژن و مێردە تام لە مۆڵەتەکانیان وەرناگرن، کەم پشوو دەدەن، لە بیریان نەماوە کەی بۆ دواجار پشتیان کردیتەوەو ئیسراحەتیان کردووە، ویستیان بە بیر خۆیان بهێنیەوە کەی بۆ دواجار مۆڵەتیان لە کار وەرگرتووەو بۆ خۆیان ژیاون، بەیەکەوە وتیان زۆر لەمێژە، بیریان کردەوەو وتیان پێش حەوت ساڵ، واتە ساڵی ١٩٩٩ بوو، بەڵام ژنەکەی هاتە وەڵام و وتی:

لەوێش، ئەوجارەش سەرپەرشتی کارمان کردووە، دانیشتنمان نەبووە، ئێمە راوەستانمان نەبووە.

پارەیان زۆرەو سامان و موڵکەکەنیان سەروبنی دیارنییە، بەڵام هێشتا بلیکسیت حەز ناکات بە دەوڵەمەندو ئەندامی ریتشیستان ناوی بهێنن، ئەو وەک کەسێکی سادە دیارە، بەدڵەی تایبەتی لەبەر ناکات، بە جلەکانییەوە دیارە نییە، ئەو کەسێکی سەرمایەدارە، وەک خەڵکی سادە کراسی کراوەی لەبەرکردووە. دەستێ بەرگی CAS-UAL لەبەر کردووە، زۆر بە کەمی جلی رەسمی لەبەر کردووە. یەکێک لە دەوڵەمەندەکانی پالم بیتش پێیڕاگەیاندم، بەدلە لەبەرکردن بوویتە پۆشینی ئەو کارمەندانەی لەگەڵ مندا کاردەکەن، ئەوان لە من زۆرتر جلی رەسمی لەبەر دەکەن، ئێمە ئەو مۆدەیەمان لا نەماوە، سادەو ئاسان دەژین.

سەرمایەدارو ملیاردرێر دیڤید تیبر، بە رۆژنامەی وول ستریت جورنالی راگەیاندبوو، من خۆم بە شێوەو پۆشاک دەوڵەمەند دیارم، ئەگینا خۆم بە ئەندامێکی سادەی چینەکانی ناوەندی کۆمەڵ دەزانم.

بلیکسیت دەبێژیت من لەبەر غرووری و لەخۆباییبوونی دەوڵەمەندەکان حەز بە رەفتار و هاموشۆیان ناکەم، دیارە کەوا سامان دەبێتە مایەی نیگبەتی و فیزو خراپەکاریش. سامان وەک دەرزی خوێن وەرگرتنە، بۆ زانینی جەوهەری مرۆڤ بە سامانەکەی، رووە ناشیرینەکانی مرۆڤ دیار دەبێت، ئەگەر لە جەوهەری مرۆڤ خراپەو بەدکاری هەبێت، بە سامانەکەی زوو راستی رەوشت و جەوهەرەکەی

دەردەکەوێت، ئەو جۆرە کەسانە سامانەکانیان بەرەو خراپتریان دەبەن. کە ناوم وەک ملیاردێر هێنا، لە وەڵامدا وتی:

من کە گوێم لەو دەستەواژە دەبێت، وا دەزانم باسی کەسێکی تر دەکەن، ئەوە من نیم!

هەموو دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژگارە لەسەر یەک خاڵ کۆکن، ئەویش نایانەوێت ناسنامەی کۆنی خۆیان، رابردووی خۆیان، کە لە بنەماڵەو رەچەڵەکی توێژە ناوەندەکانی کۆمەڵەوە هاتوون، ئەوەی برژوایە بوهیمیەکان نین، دوێنێی خۆیان لە بیره، دەزانن چۆن گەیشتوون، بەپێی بۆچوونەکانی دیڤید بروکسی نووسەری کتێبی Bobos In Paradise ملیاردێرە نوێیەکانی ئەو رۆژانە، سامانیان زۆرترەو پارەیان زۆرترەو لە کۆنەکان زۆرتر دەستبڵاون، لەکلاسیکییەکان زۆرترو باشتر سەرف دەکەن. بۆیە بلیکسیت و دەوڵەمەندەکانی تری وەک ئەو لە نێوان دوو هەوارو دوو کەسایەتیدا دەژین، تا ئیمرۆ کەسایەتی چینە ناوەندەکانی ناو کۆمەڵی لە بیرماوەو بە شێوەش وەک کەسێکی ئوورستقراتیش دەژیت.

بەیانییان ئەگەر لە ماڵەوە بێت، بلیکسیت سواری ئوتومبێلە مارکە نیسان ئارماداکەی دەبێت، دەچێتە قاوەخانەی ستاربکسی نزیک خۆیان، لەوێ قاوە تایبەتییەکەی خۆی کە ناوی Mocha دەخواتەوە، ئەو هەر شەیدای ئەو قاوەیە، ئەگەرنا لە ماڵەکەی خۆی ستافی خواردن ئامادەکردن دە کەس دەبن، شێفەکەی ئەڵمانەو لە ئامادەکردنی خواردن و خواردنەوەی خۆش و تایبەتی بڕوانامەی هەیەو خەڵاتیش کراوە.

کە پرسیاری ئەوەمان لێ کرد، چەند ئوتومبێلی تایبەتیت هەیە، بە پەنجەکانی دەستی ژماردی، لە وەڵامدا وتی:

بەڕاستی نازانم.

من چەند ئوتومبێلی جۆری بنتلی و رۆلزرۆیس و رینجرۆڤر و چەندی ترم بەرچاو کەوت، بەڵام ئەو خۆی حەز دەکات ئوتومبێلی گچکەی سپۆرتی بەکار بهێنێت، بەو ئوتومبێلە دەچێتە قاوەخانەکەی، لەبەر گچکەیی بەئاسانی دەتوانێ شوێنی راگرتن بدۆزێتەوە.



لە خۆی و لە ژنەکەم پرسی، چەند کەس لە ماڵەکەتا کاردەکەن، بلیکسیت وتی:

وا دەزانم ٧٠ کارمەندانمان هەیە..

بەڵام ژنەکەی بۆی راست کردەوە، کەوا بە خزمەتکارو چێشتلێنەرو باخچەچی و دەرگەوان و پیاوانی پاسەوان و ئاسایش هەموویان دەگاتە ١٠٥ کەس، بۆیە بلیکسیت زوو هاتە وەڵام و وتی:

کەواتە ئێمە کێشەو تەنگژەمان هەیە!

خانووەکەیان لە ناوچەی بورکباین، یەکێکە لە خانووە گەورەو نازدارەکانی سەرانسەری وڵات، دەروازەکەی لەسەر دیمەنی ئەفسووناویی دیزنی لاند دەکرێتەوە، حەوشەکەی تەژی گوڵزارو تاڤگەو حەوزو بواری رووناکە، هەموو بەیەکەوە رەوشێکی رۆمانسی لەسەر شێوەی کۆشکی ئالیزی دەردەخات. بەڵام کۆشکی بنەماڵەکەی لە لاس فیگاسە، دوو نهۆمە، لە شێوەی کۆشکە ئەوروپییەکانی سەدەکانی هەژدەهەم بنیات نراوە، چەندین حەوزی جوانی بە ماسییەوە تێدایە، خانووەکە پارچەیەکە لە مۆزائیک و کریستال و پەیکەری شێوە ئاسیایی، گەنجینەی هونەری بەرزو نازداری زۆری تێدایە، چەندین قەفەسی باڵندەش بە گۆشەکانەوە دیارن.. گەورەترین سەلاجەی ناو نیویۆرکی تێدایە، سامان و کۆشک و سەرمایەیان زۆرە، هاوشانی ئەوەش ئەو ژنەو مێردە لە دەستی خێرو یارمەتی لە پێشەوەدان، کاری چاکەی زۆر دەکەن، بلیکسیت هەر لە رۆژنامەیەکی بانگەوازێکی یارمەتی و پێویستی بخوێنێتەوە خێرا دەستی دەگاتێ، دوودڵ نییە لە یارمەتی و بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی بەخشین و یارمەتیدان.

## دڵی ئەمریکا:

لە رووداوی بۆمەلەرزەو زریانەکەی کاترینا، بلیکسیت خێرا دوو ملیۆن دۆلاری بە لێقەوماوانی کارەساتەکە پێشکەش کردبوو، پارەکەی ئەو زۆرترین بڕە یارمەتی بوو لەو کارەساتەدا، بێجگە لەو پارەیەش هانی برادەرەکانیشی داوە ئەوانیش بەگوێرەی توانا پارە ببەخشنە زیانلێکەوتووەکانی کارەساتەکە، بەوەش نەوەستاوە پارچە تێکستێکی بۆ گۆرانی یارمەتیدان نووسیوە، شیعرەکە پاشان کرا بە گۆرانی و

هاندان بوو بۆ یارمەتی و پارەبەخشین، شیعرەکەی ناو نابوو (دڵی ئەمریکا).

ڕۆژێکیان لە ساڵی ٢٠٠٦ تەلەفۆنم بۆ کرد، پرسی تەندروستیم کرد، لە وەڵامدا وتی:

من باشم ، لە فرۆشتنی موڵکێکم یەک ملیار دۆلارم قازانج کردووە.

پارچە زەوییەکی هەبووە بە ڕووبەری ٤٢٠٠ فەدان، موڵکەکەی فرۆشتبوو، کەسێکی دەلاڵ و سەرمایەگوزاری موڵک و زەویوزار کڕیبووی، پارەکەی لەوەوە قازانج کردبوو.

ئەو وا دەزانی کۆکردنەوەو هاتنەدەستی ملیاری یەکەم لە دۆلار زەحمەتەو کارو بەرنامەی زۆری دەوێت، بەڵام کە ملیاری یەکەمت دەست کەوت، دووەم ملیار ئاسان دەبێت، پەیداکردنی پارەی زۆرتر ئاسان دەبێت. کە لە ژنەکەی جیابووەتەوە، بەڕەزامەندی هەردوو لا سامانەکەیان بەش کردووە، ئەو یەک ملیاری بەرکەوتووە. ژنەکەشی ملیارێکی وەرگرتبوو.

دەوڵەمەندی ئەو ڕۆژانە وایە زۆر دەبەنەوە، زۆریان دەست دەکەوێت، کە زیانیشیان لێ دەکەوێت، پارەکەش زۆرە، وەک چۆن قازانجەکە خەیاڵییە، ئەگەر زەرەریش بکەن زیانەکە گەورەیە.



## ٦

بیت موسر دەوڵەمەندێکی ترە، باشی لەبیرە کە سامانەکەی گەیشتووتە یەک ملیار دۆلار، هەفتەیەک بوو جەژنی ساڵانەی خۆی لە ساڵی ١٩٩٩ کردبوو، کە سامانەکەی ژمارەی گەیشتبووە ملیارێک دۆلار. ڕۆژێکیان بیت موسری تەمەن ٧٢ ساڵان، لەسەر هەوارێکدا لە لاس فنتناس لە ناوچەی لاس کابوس لە کەناری مەکسیک لەگەڵ دۆستەکەی هیلاری گرینکری تەمەن ٣٤ ساڵ دانیشتبوو، لەو ڕەوشە خۆشەدا تەلەفۆنی بۆ ژنە سکرتێرەکەی کردبوو، لە نرخی سەهمەکانی کۆمپانیاکەی Safe-guard Scientific پرسیبوو.

کۆمپانیاکە پارەکەی لە دەیان کۆمپانیای کۆمپیوتەر بەشدار کردبوو، خۆشی ملیۆنەها سەهمی تێدابوو، بە بەرزبونەوەی نرخی سەهمەکانی کۆمپیوتەر، ئەو زۆرترین قازانجی بەرکەوتووە، ئەو ڕۆژەی تەلەفۆنەکەی کردبوو بۆ زانینی نرخی سەهمەکان، نرخەکان زۆر بەرز بوو، بەو تەلەفۆنە ڕووی دۆستەکەشی خۆشتر کردبوو، سامانەکەی گەیشتە سەرووی ملیار دۆلار، بۆیە نازدارەکە لەسەر سەرینەکی هەڵپەڕیبوو، هاواری کردبوو، ئای خودایە چی لەو پارەیە بکەین... ئەوەندە زۆرە؟

پارە سەرفکردنەکە ئاسان بوو، زوو بڕیاریان دا چەند خانووی گەورە بکڕن، خانووی تایبەتی خۆیان لەسەر ڕووبەری ٢٤ فەدان لە بنسلفانیا دامەزراندبوو، پاریگەی یاری تەنسیان دانابوو، حەوزی مەلەوانییان ئاوا کردبوو.

لەو خانووەدا یانەیەکی تەندروستییان بە هەموو پێویستییەکانی دروست کرد، باخچەیەکی جوان و فراوانیان ئاوا کرد، دۆستەکەی ماڵەکەی تەژی کرد لە گەنجینەی گرانبەهای ئەوروپی. پارەکەیان زۆربوو، بۆیە لە نانتکیت خانووێکی هاوینەیان دروست کرد، فڕۆکەی تایبەتییان کڕی، ئۆتومبێلی مارکە لیمۆزینیان ڕاگرت، هاوشانی ئەو موڵک و پێویستییانە، ملیۆنەها دۆلاریان بە ڕێکخراوی خاچی

سووری وەک بەخشین و یارمەتی بەخشی، بەو پارە بەخشینە بووە کەسی ژمارە یەک لە بەخشینی پارە لە بنسلفانیا. بەو پارە زۆرەو بەو هەموو داهات و مولّکانە دلّیان خۆش بوو، بەلاّم زۆرتر دلّیان بەوە خۆش بوو، کە سەهمی کۆمپانیاکەیان نرخی بەرز دەبوو و ناویان لەسەر ئاستی هەموو ولاّت بە باشە دەهات.

بەلاّم ئەو سامان و شانازییە تا سەر نەبوو، پاش چەند مانگێک قیمەتی سەهمەکانی کۆمپانیاکەی دابەزی، ئەوەندە هاتە خوارێ ملیاردێرەکەی ئیفلاس پێکرد، کەوتە سەر قەرزان، لەو سامانە زۆرەی تەنها ١٥ ملیۆن دۆلاری مایەوە، گەڕایەوە سەر کۆمپانیا سادە گچکەکەی جارانی. کە پارەکانی نەما دۆستەکەشی کە لەو دواییانەدا مارەشی کردبوو جیابۆوە، ژنەکەی نەما، دەستەی کارمەندەکانی دوورکەتنەوە، فرۆکە تایبەتییەکەی فرۆشت، مولّکەکەی لە نانتکیت هەراج کرد، لەو هەموو کۆشک و ڤیللانە خانووێکی سادەی مایەوە، بڕیارە ئەوەش بفرۆشێت، مەزندە دەکات ئەو خانووەی کە دەکەوێتە ناوچەی یونفیلد ٨,٥ ملیۆن دۆلار بکات.

## ترس لە رووخان و شکان:

چۆن کەسە پارەدارەکانی ناو بازاڕو سەهمەکان دەتوانن خێرا سامانی زۆر کۆبکەنەوەو ببنە ملیاردێر، بەو شێوەیەش بەخێرایی دەکرێ سامانەکەیان بفەوتێت.

ئەگەرچی سەرمایەو پارەی دەولّەمەندەکانی ریتشیستان کراوەتە بالّەخانەی پتەو و کاروانێکی دوورودرێژی لۆری و کارگەو دروستکراوی هەمەجۆر، بەلاّم بەردەوام لە رووخان و کەوتن دەترسێن، ترسیان لە دابەزینی نرخ و سەهمەکان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی سامانەکانیان بریتییە لە سەهم و خەیالّ و ژمارەو ئەسولی تایبەتی دارایی. بۆیە دەولّەمەندەکان لە هەموو کاتێ زۆرتر بناغەیان بۆشەو ترسیان هەیە، لەناکاو بڕووخێن و هەرەس بهێنن.

لە سالّی ٢٠٠١ بازاڕەکانی پارەو دارایی شکستێکی کوشندەی بەرکەوت، لەو پێشهاتەدا، لەو شکانە مەزنەدا، لە نێوان سالاّنی ٢٠٠١ و ٢٠٠٢ دا نزیکی ٢٠٠ ملیار دۆلار بەشی زیانی دەولّەمەندەکان بوو، بەو شکان و بەو رووخانە خێرایەی سەرمایەدارەکان بەناچاری، لە بێپارەیی روویان لە کۆنە دووکانەکانی مالّەوەیان



کردیتەوە، واتە هیجیان نەماوە.

ئەگەر سەیری لیستی فۆربسی دەولّەمەندەکانی سالّی ٢٠٠١ بکەیت، دیارە ژمارەیان ٢٧٠ ناوی تێ کەوتووە، کە لە هەمان لیستی سالّی ١٩٨٩ ناویان نەبووە، واتە لەو دوایانەدا پارەدار بوون، بەلاّم بە دابەزینی زۆرو بەردەوامی نرخی سەهمەکان ناوی زۆریان زوو زوو دادەبەزێت، لەوانەی لە لیستەکەی فوربسی سالّی ٢٠٠٥ ناویان کەوتووە، تۆماس مارسیکو و لیون لیفاین لە کۆمپانیای FAMILY DOLLAR STORES و نورمان ویت لە کۆمپانیای GATEWAY و جیفری کاتزنبرگ شاهی سەفقەکانی هۆلیوودو خاوەنی کۆمپانیای لیتل سیزرزی پیتزا مایکل ئایلیتش.

کە دادگای فیدرالی بڕیاری دا کۆمپانیای مایکرۆسۆفت بازاڕی پاوان کردووە، سزای دەرحەق دەرکرد، بیل گیتس لە سالّی ٢٠٠٠ دا ١٢ ملیاری لە سامانەکەی لەدەست دا، دیارە سامانی سەر کاغەز چارەنووسی وایە، مەترسی هەر لەسەر هەیە، وەک برووسکە لە هەلّسانی خێرایەو بەخێراییش دادەبەزێت.

ئەگەرچی دەولّەمەندەکان زیانی زۆریان بەردەکەوێت، بەلاّم ناگەنە خانەی هەژاری و نەداری، کەمێک سامانیان هەر دەمینێت، بە نەمانی ٨٠٪ ی سامانیان، ژیانیان دابینەو پارەیان لە دەست دەمێنێ بۆ بژێوی رۆژانەیان. بە بۆچوونی زانای کۆمەلّناسی تۆماس دیبریت، سەرمایەدارانی نوێ، ئەوانەی لە چینەکانی ناوەندی کۆمەلّەوە هەلّقولاّون، ئەوان زۆرتر دووچاری زیان و شکان دەبن.

لەناو ناوداران حالّەتی رووخان و زیانی مادی زۆر رووی داوە، یەکێک لەوانە وارین موسرە، ئەوان حەز ناکەن زۆر باس لەو مەسەلەیە بکەن، بە تەنگژەیەک، یان بە نارەحەتییەکی دەزانن، ئەوان دەیانەوێ تازە پاش ئەو دۆڕانە لەگەلّ ژیانە نوێیەکەیان رابێن، موسر خۆی بەردەوام گەشبینە، زۆر وتوویەتی، من دەمەوێ بیر لە دوارۆژا بکەمەوە، ئەوەی چوو رۆیشت، رابردووم لە بیرنەما.

ئەو لە بنەمالّەیەکی هەبوون پەروەردە بووە، بەسەرهاتەکەی سەیرە، زۆر خێرا سامانەکەی گەورە بوو، لە بنسلفانیادا دەستی بەکارکردووە، لە دامەزراندنی ٥٠ کۆمپانیا بەشدار بووە، بەلاّم لە کۆتاییدا بووە قوربانی سەردەمی گەشەی ئەنتەرنێت.

لەناوچەی فیلادلفیا بەسەرهاتی خۆشی ئەو دەگێڕنەوە، بە چاکێتە سپییەکەی و سپۆرتی تەنس ناسراوە، کەسایەتییەکی سەرنجڕاکێشی هەبووە، لە تەمەنی هەشتادا خەریکی کیژۆڵان بووە، کیژی تەمەن سی ساڵانەی دەگرت، ئەو وای دەزانی ئەو کیژانە شەیدای ئەون، بۆیە دەیوت، وا دەزانن من وەک جاران سامان و پارەی زۆرم ماوە! موسر لەماڵەکەی خۆیدا پەیکەرە برۆنزییەکە بە ناوی (پیاوە خۆڕاگرەکە) ی خۆی داناوە، ئەو کوڕەی لەسەر دەستی دایکیدا، تاقانە لە هاریسبیرگ گەورە بووە، لە زانکۆی لیهی ئەندازیاری پیشەسازی خوێندووە، وەک پێناوی فرۆشتنی سەهم لە بازاڕدا کاری کردووە، بەڵام وازی لە خوێندن هێناوەو کۆمپانیایەکی تایبەت بە پێناوی دارایی دامەزراندووە، لە ساڵی ١٩٥٣ توانیویەتی لە وەکیل و برادەرەکانی ٣٠٠ هەزار دۆلار کۆبکاتەوەو کۆمپانیایەکە دامەزرێنێت، ئەو کۆمپانیایە تایبەت بوو بە پرۆژەی گچکەو سەرمایە کەم، کە کارەکەی سەری گرت، بەشەکانی بە تۆماری گشتی دەفرۆشتەوە. ئەو یەکێکە لە پێشەنگەکانی سەرمایەگوزاری کارە گچکەکان لە ناو هەموو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

موسر لە بژاردنی هەلێک بۆ کاری بازرگانی زیندوو و وریابوو، بەشداربوو لە دامەزراندنی چەندین کۆمپانیای گچکە، بەتایبەتی ئەوانەی سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە، لەوانەی لەسەر ئاستی وڵاتا ناویان پەید اکردووە، وەک تۆڕی کابل CO-MCASTو تۆڕی بردنی کاڵا بۆ خێزانەکان QVC وNOVELL بۆ کۆمپیوتەر. لە کارو بەرهەم و قازانج بەردەوام بووە، تا لە ساڵی ١٩٩٥ سامانەکەی گەیشتووتە ٧٠ ملیۆن دۆلار. ژیانی تایبەتی رۆتینی بوو، رۆژانە بەیانییان زوو بەئاگا دەهات، لە هوتێلەکەی نزیک خۆیانەوە نانی بەیانی دەخوارد، موسر هەفتانە چوار جار یاری تەنسی دەکرد، سەگە تووک زێڕینەکەی لەگەڵ خۆی دەبرد، بەردەوام سەگەکەی پێبوو، دەیبردە نووسینەگەکەشی.

موسر دە ساڵ ئوتومبێلە OLDSMOBILE442 کەی مابوو، نەیدەگۆڕی، بەڵام بەڕێوەبەرەکانی ناو کۆمپانیایەکەی داوایان کرد ئوتومبێلەکەی بگۆڕێت، تا ئەوانیش جورئەت بکەن ئوتومبێلی باشترو نوێتر بکڕن، دیاربوو فەرمانبەرەکانی شەرمیان دەکرد ئوتومبێلە کۆنەکانیان بگۆڕن تا سەرۆکەکەیان ئوتومبێلە کۆنەکەی نەگۆڕێت.



لە کەنارەکانی نیوجیرسی ڤیلای تایبەتییان هەبوو، بەڵام ئەو زۆر کەم لەگەڵ ژنەکەی و هەر سێ منداڵەکەی سەردانی دەکرد.

موسر رۆتینییەکانی ژیانی دیاربوو، راهێنانی وەرزشی کردووە، بۆ شوێنی نوێ و شاری نامۆش وەک گەشتیار بەردەوام سەفەری کردووە. موسر چاوتێرانە پارەی بە رێکخراوەکانی خێرخوازی داوە، هەر جارێک داوای کۆمەکی لێ کرابێت، دەستی نەگێڕاوەتەوە، یارمەتی تیمەکانی دێدەوانی داوە. ئەگەرچی ئەو جوولەکە ئاینیش نەبوو، بەڵام پارەی زۆری بە قوتابخانەکانی جوولەکە داوە، کاسۆلیکیش نەبوو، بەڵام یارمەتی قوتابخانەکانی کاسۆلیکییەکانی داوە.

لە ناوەندی نۆهەدەکانەوە موسر دەستی کردبوو بە سەرمایەگوزاری لە بواری تەکنەلۆژیای نوێ، کاری لە سیستمی نوێی کۆمپیوتەر کردووە، ئەگەرچی خۆی کۆمپیوتەری لە ماڵەوە نەبوە، لە ئەساسدا ناشزانێ کۆمپیوتەر داگیرسێنێت، لەگەڵ ئامێرە نوێیەکان هاوڕێ نەبوو، هەرگیز ئەنتەرنێتی بەکارنەهێناوە، تا ئەو دواییانەدا مۆبایلی کڕیبوو، تا لەبیری بێت لە کوێیە، مۆبایلەکەی لە ناو ئوتومبێلەکەی جێ دەهێشت. ئەو چاکی دەزانی رۆژێ دێ ئەنتەرنێت، بواری بازرگانی و ئابووری دەگرێتەوە، بۆیە بە کۆمپانیای SAFEGUARD سەرمایەگوزاری چەندین کۆمپانیای نوێی کردووە، وەک کۆمپانیاکانی SANCHEZ COMPUTER و INTERACTIVE US و CAMBRIDGE TECHNOLOGY کە بەئاسانی و بەباشی لەناو بازاڕدا گەشەیان کردووە.

لە ساڵی ١٩٩٢ رەوشی تایبەتی و خێزانی موسر گۆڕا، بەرنامەی ژیانی گۆڕی، لە ئاهەنگێکدا کیژۆڵەیەکی تەمەن ٢٧ ساڵانەی بەناوی هیلاری ناسی، دوو ساڵ بوو ژنەکەی خۆی تەڵاق دابوو، لەگەڵ ئەو کیژە بووە دۆست و یار، زۆر بەیەکەوە مانەوە، لەو رۆژەوە ژیانی گۆڕا، بەیەکەوە زۆر دەردەچوون، لە ساڵی ١٩٩٥ بۆ ژیان و رابواردن چوونە بونفیلد، ساڵێک بوو لەو شارە بوو، کە بە دوو ملیۆن خانووێکیان کڕی، خانووەکەیان سەرلەنوێ دانایەوە، هەموو کەرەستەو کەلوپەلی نوێیان بۆ هێنا، ئەو پارەی لە دانانی ماڵەکەیان سەرف کرد گەیشتە ٥ ملیۆن دۆلار. لەو رۆژەوە موسر لە پارە سەرفکردن راهات، ژیانە سادەکەی جارانی نەما، ئەوەش بۆ

هاورێیەکانی شتێکی سەیر بوو، ئەو پیاوە سادەیە چۆن بە دەستی ئەو کیژە گۆڕا، بۆ دەستی دایە پارە سەرفکردن، لەگەڵ هیلاری بە ٤ ملیۆن دۆلار پارچە زەوییەکیان بە رووبەری چوار فەدان لە ناوچەی نانتکیت کڕی، بەردەوام بوو لە پارە سەرفکردن، لە بۆکۆنۆس خانووێکی هاوینەیان کڕی، دیسان بەیەکەوە کۆمپانیایەکی دروستکردنیان لە نانتکیت دامەزراند.

موسر گومانی لەوەدا نییە کەوا پاش ناسینی هیلاری دۆستی گۆڕانی بنەڕەتی بە سەر ژیانیدا هاتووە. هەموو ئەویان وەک کەسێکی ئاسایی دەناسی، هەموو لایەک دەیانزانی حەز بە ئاکاری بیروقراتییانە ناکات، هەرگیز وەک ساماندارێک خۆی نەدەنواند، بەڵام وا دیارە ئەو ژنە دۆستەی زۆری گۆڕی، بەدوای باڵەخانەی نایاب و دەگمەن دەگەڕا تا لەناویدا بژیت، وای لێهات سۆراخی شتە نوێیەکانی دەکرد، ژیانی جوان و سەرنجڕاکێشی دەویست. موسرو ژنەکەی لە نانتکیت دینیس کۆزلۆسکی بەڕێوەبەری تەنفیزی کۆمپانیای TYCO و ژنەکەی (کیرن) یان ناسی. لەو ڕۆژەوە دۆستایەتی و پەیوەندیی نێوان ئەو دوو بنەماڵەیە پتەوبوو.

لەبەر زۆری گەڕان و هاتوچووەکانی، بڕیاری دا فڕۆکەیەک لە جۆری CHAL-LENGER بە ٦٠ هەزار دۆلار بکڕێت، گەشتەکانی بە فڕۆکە تایبەتییەکەی ئەوەش نیشانەیەکی گۆڕانی شێوەی ژیانی بوو. هیلاری دەگێڕێتەوە، کە موسری ناسیوە، پیاوێکی سادە بووە، جلوبەرگی ئاسایی دەپۆشی، ئەوەی پێوە دیار نەبوو کەوا سامانداره‌و پێگە ئابوورییەکەی لە ئاستێکی باڵادایە، بۆیە کارم کرد تا شێوەو جۆری دۆستەکانی بگۆڕم، زۆرم پێ گۆڕی، کۆستەمی زۆر گران و تایبەتیم بۆ هەڵبژارد، جلی گرانبەهام پێ کڕی، بەڵام نەمتوانی رەنگی چاکێتە زەردەکانی پێ بگۆڕم، نەمتوانی لەو رەنگە دەربازی بکەم.

ئەگەر هیلاری زۆر دەستکاری پۆشین و هەڵسوکەوتەکانی موسری بەئاسانی کردو زۆری بۆ دەستەبەربوو، بەڵام لە کاروبارەکانی بازاڕو سەوداکانی نەیتوانی هەمان کاریگەری لەسەر هەبێت. کارەکانی موسر خۆی لە سەرمایەگوزاری لە کۆمپانیاکانی سەرەتایی کۆمپیوتەر دەدۆزییەوە، لەوانە یەک ملیاری لە کۆمپانیای ئەنتەرنێت کابیتال گرووپ دانابوو، بەڵام ئەو کارانە بەتایبەتی کارەکانی کڕینی سەهمی



کۆمپانیاکانی کۆمپیوتەر سەرکەوتوو نەبوو، کە نرخەکان دابەزین کارەکانی کەوتنە مەترسی، لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٠ دا قەرزەکانی گەیشتنە سەد ملیۆن دۆلار، بەشی زۆریشی لە بری زەمانەتی سەهمەکانی کۆمپانیاکەی بوو.

هیلاری زوو داوای لێکردبوو سەهمەکانی کۆمپانیاکەو سەهمەکانی بەشدار لە تۆڕەکانی ئەنتەرنێت بفرۆشێت، بەڵام ئەو بەو پێشنیارە رازی نەدەبوو، ئەو دەیوت من دەمەوێ پارەکەم لە کارو بازاڕدابن. ژنەکەی بۆ خۆشی زۆرتر لە سەد ملیۆن دۆلار سەهمی هەبوو، بەرنامەی هەبوو سەهمەکان بکاتەوە پارەو لەبن دەستی خۆیدا بێت، بەڵام موسر رازی نەبوو، کە بواری داو بەرنامەی بەباش زانی کار لە کار ترازبوو، بۆیە بەشێک لە سەهمەکانی هێشتەوە، یان بەهایان نەمابوو. بۆیە بەشێکی لەناو کۆمپانیاکان مابوو، ئەو مەزندەی ئەو رووخان و شکانەی نەدەکرد. کە باری لار بوو، بەشدارەکان و خاوەن سەهمەکان لە کۆمپانیاکەی داوای پارەکانیان دەکردەوە. ئەویش نەیدەتوانی پارەکان بگێڕێتەوە. لە پایزی ساڵی ٢٠٠٠ دا هیلاری بە ئاشکرا بە مێردەکەی وتبوو:

خۆشەویستەکەم.. ئێمە کەوتووینەتە ناو گێژاو و گرفت.

پاش کۆشش بۆ چارەسەرکردنی گرفتە داراییەکانی، کۆمپانیاکەی رازی بوو ٢٦ ملیۆن دۆلاری پێشکەش بکات، بەڵام ئەو هەنگاوە نەیتوانی تەنگژەکان چارەسەر بکات، بۆیە لە فبرایری ساڵی ٢٠٠٠ سێ لە بەڕێوەبەرەکانی کۆمپانیاکە، لەوانە برادەرە نزیکەکانیشی داوایان کردبوو دەست لە کۆمپانیاکە بکێشێتەوە. موسرو ژنەکەی بۆ ئاساییکردنەوەی بارە ئاڵۆزە ئابوورییەکەیان فڕۆکە تایبەتییەکەیان فرۆشت، بەشێک لە موڵکەکانیان فرۆشت، بەشێک لە کارمەندەکانی دەرکرد، ستافەکانی سووک کرد، بە هیوای دەرچوون لەو قەیرانە، چاوی بە لیست و فایلە ئابوورییەکان خشاندەوە.

بەیانییەکیان نووسینگەی یاسایی کۆمپانیاکە SAFEGUARD هەموو فایل و بڕوانامەی سەهمەکان و ئسولەکانی تایبەت بە موسریان بۆ گەڕاندەوە. بەڵام ئەوانەی بەناوی هیلاری بوون وەک خۆی مانەوە، توانی بیانپارێزێت. هیلاری ئەو رۆژە رەشانەی ژیانی چاک لە بیر ماوە، هەستی بەترس و دڵەڕاوکێی زۆر کردووە،

که لەبەر چاوی ئەو موسر دەستبەرداری هەموو سەرمایەکەی دەبوو، هەموو سامانەکەی دەفەوتا، باشی لەبیرە بە رۆژانی کوشندەو نیگەرانی باسیان لێوە دەکاتەوە.

پاش ئەو نسکۆیە گەورەیەی بەسەر موسر داهات، لە ماڵەکەی گۆشەگیر مایەوە، چالاکییەکانی سست بوون، ئاکاری گەشی نەما، هەندێ لە سەرمایەدارەکان بەوەیان دەترساند کەوا رەنگە دووچاری لێپرسینەوەی یاساییش ببێتەوە، رەنگە کۆمپانیاکانی ئانرون و ووردلد کۆم داوای لە دادگاش لەسەر تۆمار بکەن. لەو رەوشە ئاڵۆزەیدا لە نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٠ دا بە رەسمی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ هیلاری کرد، کە هەواڵەکە بڵاوبوویتەوە، زۆر لە خەڵک دەیانوت لەبەر ئەوەی ژنەکە پارەی زۆرترەو کێشەی دارایی نییە، بۆیە لەو کاتەدا ئەو پرۆسەیان کرد، بەڵام هەردوو ئەو پرۆپاگەندانەیان بە درۆ و نارەوا وەڵام دایەوە. وتیان پرۆسەکە هیچ پەیوەندی بە پارەو قەیرانەکەی موسر نەبووە.

لە ساڵی ٢٠٠١ سامانەکەی ئەوەندە لاواز بوو توانای نەما ٢٦ ملیۆن قەرزاری کۆمپانیاکەی بوو، نەیتوانی بیداتەوە، بۆیە بەناچاری کەوتە دانوستان، لە ساڵی ٢٠٠٤ لەبەر چەند هۆکاری تایبەتیش لەگەڵ هیلاری ژنیشی جیابوونەوە. موسر کەسێکی بەتواناو بە ورە بوو بۆیە کۆڵی نەدا، پەیوەندی بە کۆمپانیاکە هەرمابوو، کاری دەکرد، جوولەی مابوو، هاوکار بوو لە دانان و راستکردنەوەی چەندین کۆمپانیا، لەوانە کۆمپانیای تایبەت بە سستمی خۆراک، لەو رۆژانە ئەو جۆرە کارانە سەهمەکانی بەرز دەبوونەوە. لەو رۆژەی ئەو وەک ئەنجومەنەکەی بەڕێوە دەبرد بەهای سەهمەکانی دوو جار لە بەها کۆنەکانی بەرزتر بوونەوە، هەر لەو رۆژانەش ١٥٪ سەهمەکانی کۆمپانیایەکی SAFEGUARD هەر مابوو. لەو کۆمپانیایە هەر مایەوە، هیوای زۆر بوو رۆژێک سامانەکەی بگاتەوە ٥٠ ملیۆن دۆلار.



٧

## کەشە خەیاڵییەکە

دون ویستۆن کە بەو بەلەمەی درێژییەکەی سەد پێ دەبێت، بە خۆشی و سەرکەشییەوە جیهان تەی دەکات، لە دوورگەی سانت مارتینی لە دەریای کاریبی نیوەڕۆیەکەی لەگەڵ برادەرەکانی ئەوانەی وەک ئەو خاوەن بەلەمی تایبەتین بۆ نانخواردن هەڵوەستەیەک دەکەن و بەلەمەکانیان رادەگرن. لە تەنیشت بەلەمەکەی ئەو، بەلەمەکەی (کۆری لین) ە کە درێژییەکەی ١٣٠ پێ دەبێت. بەلەمەکەی ئەو زۆر نایابە، حەوزێک جاکوزیی گەورەو ٥ کابینەو شاشەیەکی پلازماو دوو جتسکی و بەلەمی فافۆنی تێدایە. لە تەنیشت ئەویشەوە بەلەمێکی ١٩٧ پێ درێژ راگیراوە، هەر لەو ناوە یانەیەکی تەندروستی و نشینگەیەک بۆ نیشتنی هەلیکۆپتەریش هەیە. کە باسی بەلەم و کەشتییە تایبەتییەکانمان کرد، دەبێ ئاماژە بە بەلەمەکەی Octopus ملیاردێر (بۆل ئالیسون) بدەین، کە درێژییەکەی ٤٠٠ پێیە، لەناو کەشتییەکە یاریگەی باسکەو ستودیوی مۆزیکای تێدایە، بەڵام ئەوەشیان ناگاتە کەشتییەک کە ناوی کۆشکی گەڕۆکە Sun Rising، خاوەنەکەی ملیاردێر لاری ئالیسونە، درێژییەکەی ٤٥٠ پێیە، بریتییە لە ٨٠ ژوورو ٥ نهۆمە، بێجگە لەوانەش حەوزێکی مەلەوانی و یانەیەکی تەندروستیشی تێدایە، شوێنی نیشتنەوەی دوو هەلیکۆپتەریش دەبێتەوە. لێکۆڵینەوەو توێژینەوەکان کۆکن لەسەرئەوەی دەوڵەمەندەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەستیان لە پارە سەرفکردن بڵاوە، نیوەیان ساڵانە ٦٥٠ دۆلار سەرف دەکەن، ئەوەش دەکاتە ئەو پارەی کۆمەڵگەی بریتانی سەرفی دەکەن. لەبەر ئەو پارە زۆر سەرف کردنەیە لە ریتشیستان بەها گرانە، لە ساڵی ٢٠٠٤ رێژەی هەڵاوسانی ملیۆنێرەکان گەیشتووتە ٦٪، بەڵام لە ناوچەکانی تری ناو ئەمریکا، رێژەکە کەمترە تەنها ٣٪ دەبێت، بەڵام ئەو دەوڵەمەندانەی سەرمایەیان تەنها ٣٠ ملیۆن دۆلارە رێژەکە لە لای ئەوان بەرزترە دەگاتە ١٢٪. جۆرج کلوتیار

یەکێکە لە ملیاردێرەکانی ریتشیستان، بەشانازییەوە بۆ ژنێکی دۆستی ئوتومبێلێکی مارسیدسی سووری جۆری SLK بە ٥٠ هەزار دۆلار کڕیبوو، بەمەزندەی ئەو دیارییە شیاوە، بەڵام هاوڕێیەکانی بە جۆرێکی تر لە دیارییەکەی گەیشتبوون، بۆیە دیارییەکەی بە دیارییەکی گرانتر گۆڕیبوو، ئەمجارە ئوتومبێلێکی بە ١١٠ هەزار بۆ دۆستەکەی کڕیبوو. دەوڵەمەندەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بێ بەرنامەو بە زۆری پارە سەرف دەکەن، وای لێهاتبوو پارە سەرفکردنیش ببووە کێشەو لەوەش ئاستەنگیان هاتووتە پێش، سەریان لێشێواوە. کڕینی دیاری نازدار بۆ خاتوونەکانیان، بۆ ژنە دۆستەکانیان لەبەرکردنی پاڵتۆی گرانبەهاو پارە سەرفکردنەکانیان چاوی زۆری کردیتەوە تا هەنگاو بنێن تا بگەنە ئەو پێگەیەو لەو کۆمەڵگایە بژین. تا لەناو خەڵکەکە وەک دەوڵەمەندێک دیاربن، لە یانەکانی ئوتومبێل بەکرێگرتن، لە بەنداوی بەلەمەکان، جوانترین و تازەترین مۆدیلی ئوتومبێل و بەلەم بەکرێ دەگرن، بۆ ئەو مەبەستەو بۆ خۆدەرهێنان سەدان هەزار دۆلاریان رۆژانەو هەفتانە بەخشیوە.

## چینێکی نوێ:

بۆ ئەوەی وەک دەوڵەمەندەکانی ریتشیستان دیاربێت، دەبوایە وەک سامانداڕەکانی ئەوێ هەڵسوکەوت بکەیت، کەلوپەلی نازدارو گران بکڕیت، لاسایی تەواوی ئەوان بکەیتەوە، هەرچەند تازەکان دەهاتنە پێش و پلەیەک سەردەکەوتن، کۆنەکان زۆرترو بەلێشاو کالای گرانیان دەکڕی، پێناسەکە بەو کالا گران و نازدارانەوە بوو، تا لەو کۆمەڵگایە جێ پێیان دیاربێت. دوو بەلەمی گران بە درێژی ٥٠٠ پێ پەیدا بوو، یەکێکیان ناوی Dubai (دبی) بوو، لەسەر پێشنیارو داوای شێخ محمد بن راشد آل مکتوم دروست کرابوو، رووبەرەکەی ٥٣٥ پێ دووجا دەبوو، بەلەمی دووەم ناوی (Eclipse) یە، بڕیارە بۆ ئیمپراتۆرێکی پترۆڵی رووسی دروست بکرێت، تا کەسی تر لاسایی ئەو بەلەمە نەکاتەوە نەخشەسازییەکەی بەنهێنی دەمێنێتەوە، رەنگە لە ساڵی ٢٠٠٩ بگاتە دەستیان و بکەوێتە کارگوزاری، بەڵام دیارە کەوا دەبێتە گەورەترین و نوێترین بەلەمی تایبەتی گەشتیاری لەناو دەوڵەمەندەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. ئەو دوو بەلەمە پێوانەی گەورەیی و نایابی بەلەمەکان دەشکێنن، بەتایبەتی پێوانەکەی بەلەمی عبدالعزیز Abdul AZIZ کە خاوەنەکەی ئەمیرێکی سعودییە،



رووبەرەکەی دەگاتە ٤٢٨ پێ دووجا.

نیگیل بورگیس کارمەندە لە بواری پێناوی فرۆشتنی بەلەمە گەورە گرانبەهاکان، وتوویەتی:

ئیمرۆ رووبەری گەورەی بەلەم باوە، چەند رووبەرەکەی گەورەتر بێت. پارەی باشتر دەکات، دەوڵەمەندەکانیش وەک مۆدیل داوایان لەسەر بەلەمی گەورە زۆرترە، پێوانەو ژمارەی گەورەیان لا گرنگە. لەو رۆژانە داوا لە سەر کڕینی بەلەمی رووبەر سەرووی ١٥٠ پێ زۆر بووە، ئەوەندە زۆر بووە رێژەکەی ٢٠٠٪ زۆرتر بووە، ئەگەر بە درێژی داواکان پێوانە بکەین، ئەوە درێژی ئەو بەلەمانەی داوا کراوە بۆیان دروست بکرێت، دەگاتە ١٥٠ میل، واتە درێژیەکەی لە دوورگەی مانهاتن زۆرترە. ئەوانەی بەلەمی نوێیان دەوێت، دەبێ چاوەڕوان بکەن، داوای زۆریان لە پێشە، ماوەیەکی زۆری دەوێت، رەنگە دوو ساڵ چاوەڕوانی بووێت، ئەو بەلەمانەی رووبەریان ١٤٠ پێیە دەگاتە ٢٠ ملیۆن دۆلاریش، بەڵام ئەوانەی رووبەریان دەگاتە ٢٥٠ پێ، بە ٧٥ ملیۆن دۆلار فرۆشراوە. لەبەرئەوەی داوای زۆری لەسەرەو بازاڕیان گەرمە، بۆیە وا نرخەکەی بەرز دەبێتەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە وەرگرتنیان بەپەلەن. کە بەلەمەکانیش زۆر دەبن، لەناو ئاویش کێشەیان دێتە پێش، هاتوچۆکان زۆر بووە، ئاپوورەش لە بوارەکانی ناو ئاوەکانی ئەمریکا پەیدا بووە. تا خاوەن بەلەمەکان لەسەر شۆستەکان شوێنی راگرتنیان بەرکەوێت، دەبێ زووتر خەمی ئەوە بخۆن، بەتایبەتی لە سەروبەندی جەژنەکانی سەری ساڵ، بۆ وەرگرتن و دۆزینەوەی شوێنێک بۆ راگرتنیان، کاتی چەند مانگێک زووتری دەوێت. رەواجی بەلەم و هاتوچۆکانی ناو ئاوەکانی هەرێمی لە ئەمریکا هەرگیز وا نەبووە، ئەو بەلەمانەش هەموو کەرەستەو پێویستییەکانی رۆژانەی تێدایە، خەمیان لە وردەکاری رۆژانە خواردووە، کۆمپیوتەرو پەیوەندییەکان و کەرەستەی رۆژانەیان تێدایە، خاوەنەکانیان وا دەزانن لە ناو ماڵی خۆیاندا دەژین، لە بیریان نامینێت کە لەناو پانتایی دەریادان.

## شەڕی بەلەمەکان:

کات و ڕۆژی ململانێ و کۆشش بۆ کڕینی گەورەترین بەلەمی باش دیار نییە، نازاندرێت کەی ئەو شەڕە سەری هەڵداوە، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە کەوا لیسلی ویکسز سەرۆکی تەنفیزی کۆمپانیای Limited Brands Inc چەند بەلەمێکی هەبووە، ئەو خاوەنی بەلەمی Victoria`s SeCret بووە، درێژترین بەلەمی لە ساڵی ١٩٩٧ بە ناوی Limitless کڕیوە، کە درێژییەکەی دەگەیشتە ٣١٥ پێ و ڕووبەرەکەشی سێ هەزار پێ دووجا دەبوو، بەڵام زۆری نەخایاندووە کە بۆل ئالینی شەریکی بیل گیتسی دامەزرێنەری کۆمپانیای مایکرۆ سۆفت بەلەمی Le Grand Bleu کڕیوە، کە درێژییەکەی ٣٤٥ پێ دەبوو، بەوەش نەوەستا لەگەڵ کۆمپانیایەکی ئەڵمانی بۆندێکی مۆرکردبوو بۆ دروستکردنی بەلەمێکی نوێی بەناوی Octopus، تا ئەو ڕۆژانە درێژترین و گەورەترین بەلەم بوو لە جیهان. ململانێی دووەم لە نێوان ملیاردێرەکان کڕینی موڵکی گران و گەورە بوو، دروستکردنی کۆشک و تەلاری نازدار بوو، لە کۆتایی سەدەی بیستەم، دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا لە ناوچەکانی لۆنگ ئایلاندو کنکتیکت و ڕۆد ئایلاند، کۆشکی گەورەیان دروست کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٥ ژمارەی ئەو خانووانەی لەسەر ڕووبەری زۆرتر لە ٥ هەزار پێ دووجا گەیشتە ٣٠ هەزار خانوو، ئەوەش پێنج جار لە ژمارەکەی ساڵی ١٩٩٥ زۆرتربوو، ئەوەش تەنها ڕێژەی ٢٪ ئەو خانووانەن کە ئێستا هەیە، بەڵام پێش دە ساڵ ڕێژەکە ٠,٥٪ دەبوو. لە ناوچەکانی گرینتش و پالم بیتش و ئایثیرت خانوو دروستکردن لەسەر ڕووبەری ١٠ هەزار پێ دووجا یان گەورەتر بوویتە دیاردەیەکی ئاسایی و مۆدیل. سەرمایەگوزارو ملیاردێر ئایرا رینیرت لە لونگ ئایلاند خانووێکی لەسەر ڕووبەری ٦٦٣٩٥ پێ دووجا دروست کردووە، دامەزرێنەری دەستەی (ویستی) بەنیازبوو لەسەر ڕووبەری ٧٢ هەزار پێ دووجا لە سان فرانسیسکۆ خانووێک دروست بکات، بەڵام دانیشتووانی ناوچەکە دەنگیان کردە یەک و ڕازی نەبوون ئەو بینایە لە ناوچەکەیان دروست بکرێت، بۆیە لەبەر گوشاری ناڕەزایی ئەوان ڕووبەرەکەی گچکە کردەوە بۆ ١٠ هەزار پێ دووجا . بەڕێوەبەری سندووقەکانی پاشەکەوت، ستیڤن کوەین خانووێکی گەورەی بە ١٤,٨ ملیۆن لە گرینتش کڕیوە، بۆ دانانی ماڵەکەشی ١٠ ملیۆن دۆلاری سەرف



کردووە. لەم دواییيانەدا بۆم ڕێکەوت لە مانهاتن سەردانی ماڵی ملیاردێرێک بکەم، لەناو ماڵەکەیاندا دۆڵابێکی جلوبەرگی ژنەکەیم بینی زۆر گەورە بوو، ڕووبەرەکەی لە ٤٠٠٠ پێ دووجا زۆرتر بوو، ئەوەندە پانوپۆر بوو، دەکرا غاردانی لەناودا بکرێت، وەک ماشینەکانی وشککردنەوەی جلوبەرگ لە کارگەکانی دروستکردن و بۆیەکردنی پۆشاک، ئامێری هەوا هەڵمژینی تێدابوو، بەو شێوەیە جلە دەگمەن و نایابەکانی لە فەوتان دەپاراست.

بە شێوەیەکی زۆر خەیاڵی نرخ و بەهای خانووە گەورەکان زیادی کردووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ لە بەشە خۆرهەڵاتەکەی شاری لۆس ئەنجلۆس زۆرتر لە دە خانوو بۆ فرۆشتن دانرابوو، کە نرخی هەر یەکێکیان لە سەرووی ٣٠ ملیۆن دۆلار بوو. هەمان ئەو خانووانە لە ساڵی ٢٠٠١ نەدەگەیشتە دوو ملیۆن دۆلار، لە ساڵی ٢٠٠٤ ملیاردێر ڕۆناڵد بیرلمان خانووێکی لەسەر کەناری پالم بیتش بە ٩٠ ملیۆن دۆلار فرۆشتووە، ئەوەش بەرزترین نرخە بۆ خانووی نیشتەجێی تایبەتی لە ئەمریکا ئەو پارەیەی کردبێت، لەگەڵ دابەزینی نرخیش خانووبەرە وەک خۆی بەرز ماوەتەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠٧ سێ خانووی گەورە بۆ فرۆشتن دانرابوو، هەر خانووێک داوای زۆرتر لە سەد ملیۆنیان کردبوو. ڕۆناڵد ترامب خانووێکی ڕووبەر ٦٨ هەزار پێ دووجای لە پالم بیتش بە ١٢٥ ملیۆن دۆلار فرۆشتووە، لە هەموویان بەهادارتر، باخچەکەی ئەمیر بندر بن سلطانە لە ستاروود، کە لە سەر ڕووبەری ٩٥ فەدانە، بۆ فرۆشتن دانراوەو داوای ١٣٥ ملیۆن دۆلاری لێ دەکات، خانووەکەی لە ناو باخچەیەکە ڕووبەرەکەی ٥٦ هەزار پێ دووجایە، لە کۆشکی سپی گەورەترە، ١٥ ژووری نووستنی تێدایەو مەسعەدیشی هەیە.

## فڕۆکە تایبەتییەکان:

ئاریک ڕۆپ خاوەن کۆمپانیای INTERNATIONAL JET INTERIORS ئەنتر ناشنال جت ئەنتیریورزی تایبەت بە دروستکردنی فڕۆکەی تایبەتی تاکە کەسێ کە بارەگاکەی لە نیوجرسییە، لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆندێکی کردبوو بۆ دروستکردنی فڕۆکەیەک، کە ڕۆژێکیان خاوەن فڕۆکەکە تەلەفۆنێکی بۆ کردبوو، داوایەکی

چاوەڕواننەکراوی هەبوو، داواکاربوو فڕۆکەکەی مارکەی CHALLENGER G04 توالێتێکی تایبەتی بۆ زیاد بکات، شوێنی دانیشتنەکەی لە پیستی تیمساح بێت، داواکەی سەرسورهێنەر بوو. لەسەر داوای خاوەن فڕۆکەکە بەناچاری ڕۆپ دوو تیمساحی بە ٨ هەزار دۆلار لە بازرگانێکی فلۆریدا کڕیبوو، بە پیستەکەی ژوورەوەی کابینەکەی پێ پۆشتە کردبوو، لە تایلاندەوە مافوورێکی چینراو لە خوری و حەریری بۆی راخستبوو، رەنگی مافوورەکە ١٤ رەنگ بوون، هەر یاردەی بە ٦٠٠ دۆلار بۆ کڕیبوو، دەسکی دەرگاکانی بە زێر بۆ رەنگکردبوو، هەموو دەسکەکانی بەستنەوەکان و دەسکەکانی ناو فڕۆکەکە بە زێڕ رەنگ کردبوو. بۆ جوانکردنی هەموو کورسییەکان جوانکاری زۆری بەکارهێنابوو، دەستکاری زۆری لەسەر داوای خۆی بۆی تێدا کردبوو.

یەکێکی تر بۆ جوانکاری فڕۆکەکەی ڕۆپی ناچار کردبوو، بەیەکەوە بچنە ئەندریا تا جۆری دارەکان ببینێت، ئەوەی ناو فڕۆکەکەی پێ دادەپۆشێت. بەیەکەوە ماوەی هەشت کاتژمێر لەناو دارەکان سووڕاونەتەوە تا جۆرە دارێک بە دڵی خۆی هەڵبژێرێت، سەفەرەکەیان بێجگە لە پارەی دارەکە دەگەیشتە ٣٠ هەزار دۆلار. هەردوو دامەزرێنەرەکەی گوگل، سیرجی برین و لاری بیگ لە زۆر کەسانی تر براگماتین لە هەڵبژاردنی شێوەو جوانکاریی فڕۆکە تایبەتییەکانیان، ئەوان ئوتومبێلەکانی تایبەتی و شیاو بە پاراستنی ژینگە لێدەخورن، فڕۆکەیەکی جۆری بۆینگ ٧٦٧ یان هەیە بۆ گواستنەوەی خۆیان و هاوڕێیەکانیان، تا فڕۆکەکە بەکەڵکی ئەوان بێت، مەبەستەکانیان بپێکێت، زۆر لە کورسییەکانی دانیشتنیان بۆ هەڵگرتبوون، لە جیاتی ٢٤٤ نەفەر بۆیان کەمکردنەوە، تەنها ٥٠ کەس بگرێت. کە پرسیاریان لێ کردبوون، بۆچی ئەو فڕۆکەیە بەو شێوەیە بێت، ئەوان لە وەڵامدا وتبوویان، ئەوەیان بۆ کارەکانمان باشە، نیازمان دەپێکێت، نرخەکەشی باشە، تەنها ١٥ ملیۆن دۆلاری ویستووە، بەڵام فڕۆکەی تایبەتی زۆرتری دەوێت، ئەوە هەرزانتر دەکەوێت، لە فڕۆکە تایبەتییەکەی GULFSTREAM باشترو هەرزانترە. براگماتی ئەو ملیاردێرە هەر ئەوەندە نییە، بایەخ بە ناوەوەی فڕۆکەیەکی تایبەت بدات، فڕۆکەکەی کردبووە ساڵەیەکی گەورەی نازدار، دوو سیسەمی گەورەیان دانابوو، هەموو



پێویستییەکانی خۆشگوزارییان تێدا دانابوو، هەموو مەسەلەکە لەلای گوگل ئەوەیە بتوانێ وەک برین وتوویەتی:

من دەمەوێ بەو فڕۆکەیە زۆرترین کارمەند بەخێراترین کات بۆ نموونە بگەیەێنمە ئەفریقیا. ئەوەش بەرنامەی گۆڕینی جیهانە بە چاوی گوگل.

لەبەر داوای زۆرو پێویستییەکانی ناو فڕۆکەکان نرخیان زۆر بەرز دەبوونەوە، لە ساڵی ٢٠٠٥ بە ١٣ ملیار دۆلار فڕۆکەی تایبەتی کڕاوە، ئەوەش پارەیەکی زۆرە لە چاو ساڵی ١٩٩٥ کە ٣،٣ ملیار دۆلار بە فڕۆکەی تایبەتی دراوە، فڕۆکەی جۆرەکانی GULFSTREAM وBOMBARDIER وDASSAULT لە ساڵی ٢٠٠٥ دا ٧٥٠ فڕۆکە فرۆشراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٩٥ بە نیوەی ئەو پارەیە فرۆشراوە.

## قۆناخێکی تازە:

هەرچەند داوا لەسەر کڕینی فڕۆکەی تایبەتی لەلایەن سامانداراکان زۆرتر بووە، نرخی بەرزتربووە، وەستان و چاوەڕوان بۆ تەواوبوونیان درێژتر بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ زۆرترین پارە بە فڕۆکەی جۆری GULFSTREAM 4 دراوە، بە ٢٧ ملیۆن دۆلار فرۆشراوە، بەڵام جۆری G 550 ئیمڕۆ نرخەکەی دەگاتە ٤٧ ملیۆن دۆلار، هەرزانترین فڕۆکەی جۆری G 150 دەگاتە ١٣ ملیۆن دۆلار، بۆ کڕینی هەموو جۆرەکانی دەبێ ماوەیەکی درێژ نۆرەی وەرگرتنی بگریت، ئەوانەی فڕۆکەی GULFSTREAM یان دەوێت، بەناچاری دوو ساڵ لە نۆرە دەوەستن، پاش ئەو چاوەڕوانییە دوورودرێژە دەتوانن فڕۆکەکەیان وەرگرن. ئەوانەی نۆرەیان گرتووە دەکرێ نۆرەکەیان بە ملیۆن دۆلار بفرۆشنەوە بەو کەسانەی بۆ وەرگرتن بەپەلەن، بۆ کڕینی فڕۆکەی بەکارهاتووی ئەو جۆرەش هەبوونی کەم بوو، هەر بەدەست ناکەوێت. لەو ڕۆژانەدا فڕۆکەی تایبەتی زۆر بەکاردەهێنرێت، بۆیە فڕگە تایبەتییەکان وەرگرتیان بە زەحمەت دەبینی، بۆیە زۆریان بەناچاری لە فڕگە دوورەکانی شارەکان دەنیشن، لە فڕگە ئاساییەکان شوێنیان بەرناکەوێت، بەتایبەتی لە شارێکی وەک ئاسبین، بۆیە لەو فڕگەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ بەناچاری لە یەک ڕۆژدا، شوێنی نیشتنەوەی ١٥٠ فڕۆکەیان کردووە.

فڕگەی تیتربۆر لە نیویۆرک لەبەر زۆری فڕۆکە تایبەتییەکان بەرگەی نیشتنەوەی

هەموویان ناگرێت، بۆیە زۆربەیان بەناچاری لە فرگەی شارەکانی ئاکسفۆردو کونکتیکت و موریستان، یان لە نیوجیرسی، بەتایبەتی لە کاتی پشوودانەکانی کۆتایی هەفتە دەنیشنەوە. لە ناوەندی شێستەکان تازە ئوتومبێلی پان و پۆری رۆلزرویس دەرچووبوو، دەوڵەمەندەکان زۆر حەزیان لە لێخوڕینی نەدەکرد، کەیفیان بەدرێژییەکەی نەدەهات، بۆیە کۆمپانیاکانی دروستکردنی ئوتومبێل، ئوتومبێلی تایبەتی کورتیان دروست کردبوو، بەڵام لەو رۆژانە دووبارە لەسەر داوای دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژانە ئوتومبێلی پانوپۆر دووبارە کڕیاری پەیدا دەبێتەوە. کە کۆمپانیای (بی، ئێم، دبلیو) لەگەڵ کۆمپانیای رۆلزرویس یەکیان گرتەوە، بەیەکەوە لە ساڵی ١٩٩٨ ئوتومبێلێکی گەورەیان دروست کرد، کێشەکەی ٢,٥ تۆن و درێژییەکەی ١٩,٥ پێ دەبوو، نرخەکەشی ٣٢٠ هەزار دۆلاری ئەمریکی بوو. فەرمانبەرێکی ئەو کۆمپانیایە بۆی گێڕامەوە، کەوا جاران کە دەوڵەمەندەکان بۆ بردنەوەی ئوتومبێلە نوێیەکانیان دەهاتن، شوفێری خۆیان دەهێنا، بەڵام ئەو دەوڵەمەندانەی ئەو رۆژانە خۆیان ئوتومبێلەکانیان دەردەهێنن، خۆیان حەز لە لێخورینییان دەکەن، پارەیەکی زۆریان بەو ئوتومبێلە نازدارانە داوە، بۆیەش حەز دەکەن، خۆیان بیانهاژۆن، پارەیەکی وەک ٣٢٠ هەزار دۆلار بەیەک ئوتومبێل بدرێت، لایان غەدربوو کەسێکی تر لەجیاتییان بۆیان لێبخوڕێت. کۆمپانیای مارسیدس دووبارە ئوتومبێلێکیان بەناوی Maybach دروست کردووە، ئەو مارکەیە لە بیستەکان و سییەکانی سەدەی رابردوو بەرهەم دەهێنران. ئێستا مارکەیەک بەناوی Maybach 62 بە ٣٥٨ هەزار دۆلار فرۆشراوە، ئەو جۆرە ئوتومبێلانە بە فەرمانبەرەکانی فرۆشیارەکان نەدەفرۆشران، راستەوخۆ لەلایەن بەڕێوەبەرەکانی پەیوەندییەکانی گشتییەوە دەفرۆشران. لە بەشی دووەمی کورسییەکانی ناو ئوتومبێلەکان سەلاجەیەک دانراوە، دەکرێ بۆ خۆشکردنی جێگەی پێیەکانی کورسییەکانی زۆر بکێشێنەوە، دەکرێ کورسییەکانی دانیشتنی گەرم و فێنک بکرێنەوە، بەئارەزوو و ویستی نەفەرەکان دەستکاری ئاووهەوای پێ دەکرێت، دەکرێ لەناو ئوتومبێلەکەوە مەساج و شێلان بۆ نەفەرەکانیش بکرێت، لە پشتەوەی ئامێری تایبەتی بۆ ئەو مەبەستەی تێدایە. کۆمپانیای بنتلی وا خەریکە مۆدیلەکانی سەدەی رابردوو بۆ



کۆمپانیای فۆلکسڤاگن بگێڕێتەوە، بەتایبەتی ئوتومبێلەکانی جۆری Continental کە نرخەکانیان دەگاتە ١٥٠ هەزار دۆلار. لەبەر ئەوەی رەواجیان باشەو زۆر دەفرۆشرێن، بۆیە قسەکەرێک بەناوی کۆمپانیاکە وتوویەتی:

ئێمە ریکلام بۆ بەرهەمەکانمان ناکەین، ئەوەی بەرهەمی ئێمەی دەوێت، ئەوە بارەگاو فرۆشگاکانمان دەناسێت.

## وێنەکان بە ژمارە:

لە ساڵی ١٩٨١ لە مۆزەخانەی سانت لویس خاوەنی کۆمپانیای سەفەرو گەشتیاری و کۆکردنەوەی گەنجینەی هونەری بەهاداری بارنی ئابسویرت وتوویەتی:

لەبەر زۆری داواو زۆری پێویستەکانی رۆژانەو کەمی بەرهەمەکان، وا بە زۆری نرخەکان بەرزدەبنەوە. ئابسویرت وا دەزانی ئەو دەوڵەمەندانە پرۆژەی نوێیان زۆرە، کۆشک و خانووی گەورە دەکڕن، گەنجینەی بەهادار زۆر هەڵدەگرن، بۆیەش ئەو شتە گرانانە وا هێدی هێدی کەم دەبێتەوە. دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژگارە لە وەرگرتن و پەیداکردنی گەنجینەی گران ململانێ دەکەن، بەتایبەتی تابلۆیە هونەرە دەگمەنەکان، تابلۆی (کۆرپەو باوکێک) ی بابلۆ بیکاسۆ لە ساڵی ٢٠٠٤ نرخەکەی گەیشتبووە ١٠٤ ملیۆن دۆلار، کڕینی ئەو تابلۆیانە بەردەوامەو بە پارەی خەیاڵی فرۆشراون. هەردوو کۆمپانیای سوپبی و کریستی ململانێی بەردەوامیان لە نێواندا هەیە، بۆ زۆرترین فرۆشتنی زۆرترین کاڵا بە دەوڵەمەندەکان، لە پایزی ساڵی ٢٠٠٦ دا دەوڵەمەندەکان بە ٧٢٦ ملیۆن دۆلاریان کاڵایان لێ کڕیون، ئەوەش لە چاو ساڵی ٢٠٠٠ دا دە جار زۆرترە.

دەوڵەمەندەکان لەو راهاتوون پارە بە گەنجینەی گەورەتر بدەن، یەکێک لە بازرگانەکانی نیویۆرک وتوویەتی:

سەیرن ئەو دەوڵەمەندانە وایان لێ هاتووە کاڵا بە گوێیەکان دەکڕن نەک بە چاوەکانیان، وا فێربوون. زۆریش لەو پارەدارانە تەنها ناوی مارکە دەکڕن، ناویان زۆر مەبەستە، شەیدای ئەوەن مێوانەکانیان بە دیوارەکانیانەوە تابلۆکانی بیکاسۆ ببینن، لەوە دەگەڕێن، زۆرتر ناویان مەبەستە. کڕین و هەڵگرتنی گەنجینەو

تابلۆکانیان بۆ مەبەستی سەرمایەگوزاریش مەبەستە، ئەو ناوە نوێیانەی بازاڕی ئیمڕۆ، وا بیردەکەنەوە، پارە لەو بوارەدا سەرف دەکەن، ئەوانە خاوەنی سندووقەکانی پاشەکەوتن لە بانکەکان، هەمووشیان بەتەمەن گەنجن، ئەوانە دەیانەوێ بگەنە لووتکە یناوداری و ناسین لە جیهانی نیویۆرکی ڕۆشنبیری.

کینیث گریفیث دەستەی دامەزراوی Citadel Investment تابلۆی, Fruit , Jug And (Bowl ' Curtain)پەردەو مەسینەو حەوزی مێوەکە) ی بۆل سیزانی لە ساڵی ١٩٩٩ بە ٦٠ ملیۆن دۆلار کڕیبوو. لەو ماوەی دواییدا ستیڤن کوەین بە ٧٠٠ ملیۆن دۆلار کۆمەڵەیەک گەنجینەو تابلۆی هونەری کڕیوە، لەوانە تابلۆیەکی جاکسۆن بولوک و ڤان کۆخی تێدابوو. دان لویب دەوڵەمەندێکی تەمەن ٤٣ ساڵانە تابلۆیەکی نیگارکێشێکی ئەلمانی کڕیبوو، پاش چەند مانگێک بە قازانجی یەک ملیۆن دۆلار تابلۆکەی فرۆشتبۆوە.

لە تابلۆو گەنجینە گرانەکان، دەوڵەمەندەکان عاشقی سەعاتی دەستیش بوون، بە پەرۆشەوە سۆراخی سەعاتی باشیان کردووە، ئامۆژگەی شکۆمەندی کە بارەگاکەی لە نیویۆرکە، بۆ زانینی ئەو مارکانەی ڕەواجی زۆرەو دەوڵەمەندەکان دەیکڕن ڕاپرسییەکی کردووە، تەنها ١٠٪ دەوڵەمەندەکانی جیهانیان وەرگرتووە، سەرمایەداری واشیان لەگەڵ بووە، کە تەنها ٥ ملیۆن دۆلار سامانی هەبووە، لە ڕاپرسییەکە دەرکەوتووە، دەوڵەمەندەکان دەنگیان بۆ ئەو مارکانە داوە، مارکەی ڕۆلکس پلەی دەیەمی وەرگرتووە، بەڵام مارکەی سەعاتی کارتێر پلەی سێزدەیەمین و بریگۆتیش پلەی پێنجەمی بەرکەوتووە. ئەو مارکەیەی لە سەعاتەکان کە زۆرترین دەوڵەمەندەکان دەیکڕن بەر مارکەی فرانک موللر کەوتووە. خاوەنی کۆمپانیاکە وتوویەتی:

ئێمە لەناو ئەمریکادا ساڵانە تەنها ٤٥٠٠ سەعاتی دەستی دەفرۆشین، نامانەوێت زۆرتر سەعاتی دەستی بفرۆشین، زۆرترمان لا دەفرۆشرێت، بەڵام ئەوە ناکەین، چونکە سەعاتەکانمان زۆرتر بڵاودەبنەوە، بەوەش ڕەواجی کەم دەبێت. بەو نرخەو بەو بازارە ئێمە دەستەیەکی زۆر دەگمەنی کڕیارمان دەبێت، یانەکەمان بەرتەسک و باش و شاناز دەبێت. هەرزانترین سەعاتی دەستی لە مارکەی فرانک موللر نرخەکەی



٤٨٠٠ دۆلارە، بەڵام گرانەکەی نرخی دەگاتە ٦٠٠ هەزار دۆلار، کۆمپانیای Aeternitas لە ساڵی ٢٠٠٦ دا سەعاتێکی دروست کردووە تایبەتمەندی زۆری تێدایە بۆ نموونە ڕەوشی (هەیڤ) مانگی بۆ هەزار ساڵی داهاتووی تێدا نیشان داوە، ئەو سەعاتە زۆر تازەو سەیرە نرخەکەی ٧٣٦ هەزار دۆلار بووە.

### بژارە باشەکە:

لە ساڵی ٢٠٠٤ بازاڕی ئەمریکا بە ١٣٦ ملیۆن دۆلار سەعاتی دەستیان لە سویسرا کڕیوە، بەڵام ئەو پارەیە لە ساڵی ٢٠٠٦ بۆ ١٧٠ ملیۆن دۆلار بەرز بوویتەوە، سەعاتی سویسرا بە ڕێژەی ١٧٪ بۆ ئەمریکا دەڕوات، مارکەکانی ڕۆلکس و کارتێرو بیگیت و باتک فیلیب لەناو چینە دەوڵەمەندەکان زۆرتر لەبەر چاوە، بەڵام مارکەی فرانک موللر لەناو دەوڵەمەندە نوێیەکان زۆرتر داوا دەکرێت و بژاری یەکەمیانە. لە جەرگەی مانهاتن لە سەعاتفرۆشێکی بە نەژاد تورکم پرسی، ئەو سەعاتانەی نرخیان دەگاتە ٦٠٠ هەزار دۆلار چی تێدایە، پێناسەکەی چییە، لە وەڵامدا سەعات و خشڵفرۆشەکە وڵامیدامەوە وتی:

کەس ئەو پرسیارەمان لێ ناکات، بەڵام من دەڵێم، ئەو سەعاتانەی پارەی وا زۆر دەکات و دەوڵەمەندەکان بەدوایدا دەگەڕێن، دەبێ نازدارو شکۆدارو وردەکارو معقدو جوان بێت، ئەو سەعاتانە بەیانییان لەگەڵ خاوەنەکەی پەیوەندییەکی تایبەتییان بەیەکەوە هەیە، هەر ئەوەندەم پێیە بۆ وەڵامەکەم.

بەڵام دواتر وتی:

ئەو سەعاتانە دەبێ شایستەبن، پێش ئەوەی مارکەی فانک موللر دەربچێت، کارگەکان و بازاڕی سەعات شەڕیان لەسەر ئەوە بوو بەرهەمەکانیان دەبوایە سەعاتی ناسک و تەنک بێت، بەڵام موللر سیمای سەعاتی نایابی گۆڕی، ئەو سەعاتە گەورەو پان و پۆرانە بوویتە مۆدیل، ئەوەیان بازاڕی باشە. کۆمپانیای فرانک موللر سەعاتێکی نوێی بە ناوی سەعاتە شێتەکە Crazy Hours Watch دروست کردووە، ئەو سەعاتە نوێیە بازاڕی شێواند، هەموو لایەکی شێواند، دانەیەک لەو سەعاتانە بە ٢٠ هەزار دۆلار بوو، بەڵام پرسیارەکە ئەوەبوو، بۆچی ئەو سەعاتە نوێیە، ناوی شێتیان

لێناوه، دیاره سیماو شێوەی نامۆو سەیری هەبووه، بۆیه ناوی شێتی بەرکەوتووه، ژمارەی ٨ له جیاتی ژماره ١٢ ئاسایییەکه دانراوه، هەروەها ژماره ٢ جێگەی ژمارەی ٦ گرتبۆوه، بەوەش هەموو لایەکی سەرسام کردبوو. گۆردن ماکگیشی شارەزا له دانانی بەرنامەی نوێ بۆ ژیانی سەردەم ، بەڵام له راستیشدا شەریکی کۆمپانیای Mint Lifestyle بوو، ئەو پسپۆره له خولقاندنی بەرنامەی سەرسوڕهێنەر بۆ ژیانی دەوڵەمەندەکان، ئەزموونی خەیاڵییان بۆ دەخولقێنێت، ساڵانه بۆ ئەو بەرنامانه ٢٠ هەزار دۆلار مووچه وەردەگرێت، وەک رێکخستنی بەرنامەی سەفەرێک بۆ تاوەری لەندەن، یان سەردانێک بۆ ئەفریقیاو سەردانی پێشەوای نیشتیمانی ئەفریقی نیلسۆن ماندیلا، یان بەرنامەیەک بۆ دیتنی هەڵدانی سارۆخی ناسا، بەشداری گەشتێکی ٣٠ ملیۆنێری کردووه له سکۆتلاند بۆ ماوەی ١٠ رۆژ، ئەو سەفەره ٢٨٠ هەزار دۆلاری ویستووه. ئەوانەی مەبەستیانه گەشتێک بۆ ناو گەردوون بکەن، بچنه ئاسمان ئەوه کۆمپانیای Mint Lifestyle بوار دەسازێنێ له مەڵبەندی گەردوونی له فلۆریدا، ئەوەش بۆ کەسانی ئاساییش مەیسەر نابێ، ئاسان نییه. بەڵام بۆ ئەوانەی زۆر شەیدای ئەو سەفەرەن، ئەوا کۆمپانیای Virgin Galactic بەرنامەی بەردەوامی هەیه، بۆ هەر کەسێک ٢٠٠ هەزار دۆلار وەردەگرن.

بۆ دیتنی بەرپرسی کۆمپانیای بی ئێم دبلیو، بۆ دیتن و هەڵبژاردنی ئوتومبێله تایبەتییەکان کۆمپانیای (مینت) ئەو سەردانه کارئاسانی بۆ دەکات، بەڵام هەموو شتەکان زۆر نهێنی دەبێت.

ماکفیشی دەڵێ:

پارەدارەکان دەستیان دەگاته هەموو خۆشییەکانی ژیان، دەگەنه هەموو شوێنێک، له هوتێلەکان، له هەواره نازدارەکان دادەبەزن، بەڵام هیچیان نەماوه، بەناچاری له شوێنی تر له چالاکی تر چاو دەگێڕن. دەوڵەمەندەکانی ریتشیستان لەناو فرۆکه تایبەتییەکان، له سەردانەکانیان، له ناو کۆشکەکانیان بێزار بوون، لەو ژیانه تێر بوون، بەدوای بەرنامەی تازه دەگەڕێن، کۆمپانیای مینت بۆ خێزانێکی دەوڵەمەند سەفەرێکی بۆ منداڵەکانی له گوندێکی هیند ساز کردبوو، ئەو ژنه خۆی و منداڵەکانی لەناو کۆشک و لەگەڵ خزمەت و ئەتەکێتی ئاسایی خۆیان دوور کەوتوونەتەوه، بۆیه



سەردانەکەی هیندیان بەو گۆڕانەو له ماوەی چەند رۆژێکدا، زۆریان لا سەرفراز بوو. ماکفیتشی وتوویەتی:

ئەو ژنه ویستوویەتی به منداڵەکانی بڵێت. ژیان وەسایه، هەر ئەوه نییه، ئەوەی ئێمه دەیبینین، هەموو جیهان وەک یەک نییه، رەوشی ژیان جۆرو شێوەی زۆره. دەوڵەمەندێکی ملیاردێریش بەو کۆمپانیایەی وتبوو، سەفەرێکمان بۆ گوندێکی کینیا بۆ ساز بکات، که سەفەرەکەی کردبوو ، له گەڕانەوەیدا وتبووی:

ئەو سەفەرەمان خۆشترین ساتەکانی ژیانم بوو، زۆر خۆشمان گوزەراند.

## شێوەیەکی تری پاره سەرفکردن:

ئەو کۆمەڵگایەی لەناو ئەو دەوڵەمەندانه هاتووته کایەوه بازاڕیان گەشاندەوه، ئەوانه پارەی زۆر سەرف دەکەن، خۆشگوزارییان پەیداکردووه، ئابووری ئەمریکایان هەژاندووه، ئەوەش بۆ چینێکی فراوانی کۆمەڵگاکه خێری داوەتەوه، کارمەندانی بازاڕو فرۆشیارەکان و هەموو لایەک بەشی خۆیان لەو دەستکەوته بەرکەوتووه.

ئابووریناس دان گرۆس بۆچوونێکی هەبووه، کەوا ١٪ له سامانداره ئەمریکییەکان بوار بۆ ژیاندنی ١٥٣ هەزار کارمەندی خزمەتگوزار لەناو نیویۆرک دەدۆزنەوه، بۆ نموونه ٢٥ کەس له ماڵی یەکێک له بەڕێوەبەرانی سندووقەکانی پاشەکەوت وەک (شوفێر و کرێکار و پێناوی مۆڵک و شارەزایانی خواردن) کار دەکەن و وەزیفەیان دەستکەوتووه، ئەوانەش ساڵانه زۆرتر له یەک ملیۆن دۆلار مووچەیان دەدرێتێ. تا باشتر لەو باندۆره حاڵی بم، کەوا چۆن سامانداره نوێیەکان خزمەتیان گەیاندوه، خەڵکی دەژێنن، نامەم بۆ سێ لەو بنەماڵانه نووسی، داواکار بووم مەسروفاتی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ بکەنه لیستێک بۆم رەوانه بکەن، له دێڕەکانی ئەو لیستانەدا که به دەستم گەیشتن، بۆم دەرکەوتووه کەوا ساڵانه ٨٠ هەزار دۆلاریان به مەساج و شێلاندن سەرف کردووه. لەبەرئەوەی سامانی ئەوانه زۆره و باندۆری ئەوان راستەوخۆ لەسەر ئابووری ئەمریکا بووه، بۆیەش وەک بەشێکی ئەو ئابوورییه دێته ژماردن. بۆیەش شارەزای ئابووری له سیتی گرووپ CITIGROUP ئاجای کابور ، پرسیار دەکات، ئەگەرچی نرخی پترۆڵ زۆر بەرزیش بووه، بەڵام ئابووری ئەمریکا هەر گەشاوەیه.

**براوەی مەزن:**

کابور بیردۆزێکی بە ناوی plutonomies ڕاگەیاند، کەوا دەوڵەمەندەکان کاریگەرییان لەسەر بەشێک لە بوارەکانی سامانی نەتەوەیی و سەرفکردن و سەرمایەو قازانج و گەشەی ئابووری لە وڵاتانی ئەمریکاو کەنەداو بریتانیا داناوە، دیارە ئەوەش لە وڵاتانی تازە گەشەدار کەمترە. کابور وا دەزانی کەوا ٢٠٪ دەوڵەمەندەکانی ئەمریکا بەشدارییان بە ڕێژەی ٧٠٪ کۆی سەرفکردن هەیە، هەر ئەو توێژەش لە جیاتی توێژەکانی ناوەندو خوارەوە کە باندۆریان کەمە، پشتیوانییان لە ئابووری وڵاتدا هەیە. کابور دەڵێ:

کە ئابووریPLUTONOMY دێتە کایەوە، دەوڵەمەندەکانی کە ژمارەیان کەمە، باندۆریان لەسەر داهات و ئیستەلاک زۆر دەبێت. هەروەها کابور وتوویەتی:

کە ئابووری باش ڕەخسا، دەوڵەمەندی موستەهلک دهێتە کایەوە، ئەگەرچی بە ژمارە کەمن، بەڵام باندۆریان زۆرە لەسەر داهات و ئیستهلاک. دیارە بەرزبوونەوەی نرخی پترۆڵ باندۆری لەسەر ئەو توێژە نەبووە، بۆیەش پارە زۆر سەرف دەکەن، کە لە دەوڵەمەندێکم پرسی:

تۆ کە بەردەوام سواری بەلەمەکەت دەبیت، زۆریش بەکاری دەهێنیت، بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی کاریگەری نییە لەسەر ئەو گەشتانەی لەناو دەریادا دەیکەیت؟ ئەو لە وڵامدا بەئاسانی وڵامەکەی لە دەستی نام و، وتی:

ئەگەر جاران فاتوورەکەم بۆ کڕینی سووتەمەنی بۆ بەلەکەم ٤٠ هەزار دۆلار بێت، ئەوا پاش بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنی فاتوورەکەم گەیشتووتە ٦٠ هەزار دۆلار ئەوەش باندۆری نابێت. ئەو پارەیەش لەچاو مەسروفی چاککردنەوەی بەلەمەکەم کە ساڵانە دەگاتە ٥ ملیۆن دۆلار، هیچ نییە، ئەو پارەیەی من بە سووتەمەنی دەدەم هیچ نییە، هەر پێوە دیار نابێت.

لە وردەکاری جیهانی ئابووریدا Plutonomy دەردەکەوێت، بۆ خزمەتی دەوڵەمەندەکان بوار زۆر دەکرێتەوە، مۆبلیاتی نازدارو هوتێلی زێدە بە خزمەت و هەواری زۆریان بۆ دەڕەخسێت. هەمووش گونجان و سازدانە لەگەڵ ئابوورییە



تازەکە. ئەو کۆمپانیایەی تا بتوانێت زۆرتر ئەو کەسانە بۆ لای خۆی ڕاکێش بکات، زۆرترو باشتر سوومەند دەبێت، بەردەوامیش خێرو سەرمایەی زۆرتری بۆ دەڕەخسێت. کابور ئامارێکی بۆ ئەو بازاڕانە داناوە، کە سوودیان لەو توێژە دەوڵەمەندەی ریتشیستان وەرگرتووە، وەک بانکمانی ناودار یولیوس بایرو بلگاری و ریشمونت و کارتیرو دنهیل و چەند مارکەی تریش، ئاراستەی بازاڕیان لە ساڵی ١٩٨٥ بە ڕێژەی ١٧,٨٪ بەرز کردیتەوە، ئەوەش ڕێژەیەکی زۆرە لە چاو کۆمپانیاو بازاڕەکانی تر. پێش چەند ساڵێک مەسروفاتی دەوڵەمەندەکان بۆ پێوانەی ئابووری حیسابی بۆ نەدەکرا، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو توێژە تازەیە لە دەوڵەمەندە نوێیەکان مەسروفاتەکانیان بوویتە پێگەیەکی بەهێزی ئابووری ئەو ڕۆژگارە. ئەو ڕستە کۆنە ئابوورییە زۆر لەگەڵ ئەو ڕۆژگارە دەگونجێت، کە وتراوە واز لە پۆلینکردنی چینەکان بهێنن، وەرنەوە ناو میللەت. ئەو قسەیە لەهەموو ڕۆژێک زیاتر بۆ ئەو ڕۆژە سازە. ئەوانە مامەڵەو بازاڕی لەگەڵ دەوڵەمەندەکان دەکەن، خۆشیان دەوڵەمەند دەبن.

**لایەنێکی تاریک:**

ئەگەرچی دەوڵەمەندەکان پارەی زۆر سەرف دەکەن، پارەی زۆریان دێتە دەست، هەر ئەو توێژەیەش پارەی ئەستووریش قەرزارن، زۆریان لە ملیۆنێرو ملیاردێرەکانیش چەندی پارەو سامانیان زۆرەو زۆریش سەرف دەکەن، لەوانە زۆریان لە سامانەکەی خۆیان زۆرتر سەرف دەکەن، ئەگەر وەک نموونە ڕێژەی ١٪ دەوڵەمەندە گەورەکان وەرگرین، دەردەکەوێت لە ساڵی ١٩٩٥ تا ٢٠٠٤ ئەوانە ٣٨٣ ملیار دۆلاریان بە قەرز وەرگرتووە، زۆریش ئەو قەرزانە لە شێوەی ڕەهنی موڵکە. لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ تا ٢٠٠٤ ڕێژەی قەرزەکان گەیشتووتە ٢٣٥٪، بەڵام سامانەکانیان تەنها نیوەی ئەو قەرزانە بووە، ٥٪ لە دەوڵەمەندە گەورەکان ڕێژەی ٢٠٪ ی قەرزەکان لەلای ئەوانەیە. بە سەرهەڵدانی ئەو شێوە تازەیەی پارە سەرفکردنە باندۆری لەسەر سامانیان گلاڵە کردووە، بەتایبەتی پاش دابەزینی نرخی بازاڕەکانی پارە. لە سەرەتای هەشتاکانەوە هەست بەوە کراوە کەوا دەوڵەمەندەکان زۆر لە پارەکانیان بەو مەسروفە زۆرەوە بەفیڕۆ داوە، هەر لەو ماوەیەشدا کە

سامانەکانیان بەرەو هەڵچوون چووە. لەبەر ئەو دەستبڵاوی زۆریان ناکرێ سامانێکی جێگیرو نەگۆڕیان هەست پێ بکرێت. وەک دیارە دەوڵەمەندە گەورەکانیش بە ماوەیەکی کورتیش تەنگژەی ئابوورییان دێتە پێش، بۆ نموونە ملیاردێر لاری ئالیسۆن کە ناوی بە پێی لیستی فۆربسی دەوڵەمەندەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکای ساڵی ٢٠٠٦ بووە، پێگەی ژمارە چواری هەبووە، سامانەکەی بە ١٩،٥ ملیار دۆلار مەزندە دەکرا، سەرچاوەکەشی لە سەهمەکانی کۆمپانیای ئوراکل OR-ACLE کۆمپیوتەر بوو. ڕاوێژکارە داراییەکەی فلیپ سایمۆن ئامۆژگاری کردبوو دەست بەپارەکەی وەبگرێت، مەسروفاتەکانی کەم بکاتەوە، چونکە قەرزەکانی وا خەریکە دەگاتە یەک ملیار دۆلار. بۆیەش ئەو باکی نەبووە، چونکە وای داناوە قەرزەکانی خۆی لە قەرەی بەهای سەهمەکان بدات، بۆیەش ئاسایی دەبێت هەموو دەمێک سەهمەکان بۆ قەرزەکانی بفرۆشێتەوە، ئالیسۆن ئامادەبووە ١٤٩ ملیۆن دۆلار لە بەلەمە تایبەتییەکەی سەرف بکات، ٢٥ ملیۆن دۆلاریش لە ڤیلایەکی کە لە ژاپۆن کڕیویەتی سەرف بکات، بۆ سەرفکردن ئازا بووە، هەر بۆ خۆشی ژیان و ڕابواردنییەکەی ٢٠ ملیۆن دۆلاری داوە. زۆر لە شارەزایانی ئابووری ئەو دیاردەیە بە لایەنێکی تاریک دەزانن، ئەوانە کە پارەی زۆر سەرف دەکەن، بەپێی هەبوونی خۆشیانەوە لەناو توێژەکانی ناوەندو خوارەوەش پارە سەرف دەکەن، بەڵام لەسەر ئەوانە کاریگەری خراپ دەداتەوە، زۆرتر لانەوازیان دەکات.

## نەخۆشی خۆشگوزەرانی:

پسپۆری ئابووری ڕۆبرت فرانک کتێبێکی بە ناوی LUXURY FEVER نەخۆشی خۆشگوزەرانی نووسیوە، لەو کتێبەدا وتوویەتی:

پارە سەرفکردن بەو شێوەیە لەلایەن پارەدارەکان، ڕەوشێکی تایبەتی لەلای توێژەکانی ناوەندو خوارەوەش دروست کردووە، ئەوان دەیانەوێت لاسایییان بکەنەوە، لەبەرئەوەی مووچەو ڕۆژانەکانیان بەشی ئەو گوزەرانە تازە ناکەن، بۆیە دەکەونە ناو قەرزو کەموکوڕییەکانی داراییان، یان ناچار دەبن، تا ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە زۆرترو درێژترو زەحمەتتر کاربکەن.



لە کتێبەکەدا ئەو زانایە ئاماژەی بەوە داوە، کەوا بەڕێوەبەرە تەنفیزییەکان کۆشش دەکەن خانوو لەسەر ڕووبەری زۆرتر لە ١٠٠ هەزار پێ دووجا دروست بکەن، ئۆتومبێلی نوێ بە ٢٠٠ هەزار دۆلار بکڕن، سەعاتی دەستی بە ٥٠ هەزار دۆلار بکڕن، زۆری تر... ئەگەرچی ئەوانە سامان و پارەکانیان زۆر بە خۆرایی و بە مەسرەفی زیادەوە سەرف دەکەن، لە بەرامبەر ئەوەش پارەش زۆر بۆ پرۆژەی چاکەو خێرخوازییش سەرف دەکەن، لەسەر ئاستی هەموو جیهان دەستیان هەبووە لە گەشەی چاودێری تەندروستی و زانیاری و هونەرو پەروەردەو نەهێشتنی برسیەتی.

فلیپ باربر جوولەکەیەکی ئیرلندییە لە ولایەتی تکساس دەژیت، هەر ٤٥ ساڵەکەی تەمەنیدا لە دژایەتیکردنی ئەو ڕەوشە کۆششی کردووە، خەونی بە گەشەی کۆمپانیاکانی تەکنەلۆژیا بینیووە. لە ناوەندی نۆهەدەکان سستەمی Cybercorp بۆ فرۆشتنی سەهمەکانی سەرمایەداران، بە ئەنتەرنێت، واتە لە ماڵەکەی خۆیانەوە بتوانن کارو مامەلە بە سەهمەکانیان بکەن، داڕشتووە. ئەو سستەمە نوێیە بواری سازاند بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی کۆمپانیاکانی پێناو و نێوانی دارایی وەک Merrill Lynch ، شێوەیەکی نوێی بۆ سەرمایەگوزاری هێنایە کایەوە، کە تێدا تاکی سەرمایەدار خۆی سامانەکەی بسووڕێنێت، بەدەستی خۆی قازانج و زیانەکە دیار دەکات، باربر بە ٤٥٠ ملیۆن دۆلار بیرۆکەکەی بۆ کۆمپانیای Schwab Corp Charles لە ساڵی ٢٠٠٠ جێبەجێ کردووە.

باربر دەڵێ:

بۆ منی کوڕیژگەیەکی جوولەکە، لە شاری دبلنەوە شتێک ئەستەم و دوور لە خەیاڵ بوو. باربر ئێستا سەرقاڵی پرۆژەیەکی نوێیە، لەناو نووسینگەکەیەوە لە ئۆستنەوە کاری بۆ دەکات، بڕیارە ئەوەش وەک پرۆژە کۆنەکەی شۆڕشێک بەرپا بکات، دەڵێ پرۆژەکەم بۆ پەرەپێدانی سەرمایەگوزاری بۆ کۆمپانیایە بێگانەکان، لە شێوەی Cyber Corp دەبێت، هەموو شێوەکانی پێناوی دارایی دەبەزێنێ، چالاکانەتر کاردەکات، بڕیارە باربر کار بکات بەرنامەیەک هاوشێوەی Dell ساز بکات، وەک پاکێتێکی سازکراو ڕاستەوخۆ بداتە کۆمپانیایەک و بەرهەمهێنەرێک بۆ جێبەجێ کردن. ئەوەی بەرهەمەکانی باربر لە کۆمپانیاکانی تر جیادەکاتەوە، ئەو بەرهەمەکانی بۆ فرۆشتن و

ریکلام و پرۆژەی گەشەپێدان ناکات، چاوی لە دەستکەوت نییە، بەرنامەکەی پارە بەخشینە ناوی لێناوە AGlimmer Of Hope، پرۆژەکە خێرییەو بەناوی خۆیەتی بۆ چاکە دایمەزراندووە، شێوەیەکی تازەیە لە کاری خێرخوازی و دەستگرتن. ئەو سوورە لەسەرئەوەی بۆ خێر پارە نەدات، بەخشینی ئەو مادی نییە، وەک کۆمەڵگەی پالم بیتش نییە بە پێدانی پارەو دامەزراوی خێرخوازی بچێتە پێشەوە، نایەوێت، بەو بەرنامەیە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی پێش بخات، نایەوێت خەڵات و دیاری پێشکەش بکات، ناوی بکەوێتە ناو دامەزراوە بیروکراتییەکانی وەک خاچی سووری نێونەتەوەیی، ئەو وا دەزانی ئەو رێکخراوانە پارەبەخشینە بە کارمەندو فەرمانبەرەکانی، ئەوەش خێر ناداتەوە.

## سەرمایەگوزاری کۆمەڵایەتی:

باربر ناوی لە خۆی ناوە، خاوەن پرۆژەی کۆمەڵایەتی، پارەی نەبەخشیوە، بەڵام بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی سەرمایەگوزاری کردووە، پارەکەی بەو شێوەیە لە پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان دادەنا، چاوەڕوانی بەرهەم و داهێنانی دەکرد، بەردەوام دەیوت، من پارە بە کەس نادەم، من لە کاری خێری بەشدار نابم، من سەرمایەگوزارێکی کۆمەڵایەتیم، لە قازانجی کۆمەڵایەتی دەگەڕێم. ئەو بەرنامەیەی بۆ لەناوبردنی برسیەتی لە ئەثیوبیا جێبەجێی کردووە. ئەوەی دەکرێ ناوبنرێت، ئاڵۆزترین و کوشندەترین کێشەی کۆمەڵایەتی بوو لە سەرانسەری جیهان. بەرنامەکەی تا ئیمرۆش سەرکەوتنی بێ وێنەی نواندووە . کۆمپانیای Glimmer کە لە ساڵی ٢٠٠١ دامەزراوە لە ئەثیوبیا ١٦ ملیۆن دۆلار بۆ تەرخان کراوە، ئەو بەرنامەیە توانیویەتی ١٦٥٧ بیری ئاوخواردنەوە لەو وڵاتە وشکە لێ بدات، ئەو بیرانە ئاویان بۆ ٨٨٦ هەزار کەس دابین کردووە، هەروەها ١٩٠ قوتابخانەی بۆ خوێندنی منداڵان دروست کردووە، لەو قوتابخانانەدا ١١٢ هەزار خوێندکاری تێدا دەخوێنن، لەو وڵاتەدا ٩٩ کلینکی تەندروستی کردیتەوە، کە خزمەتی ٧٦٦ هەزار کەسی نەخۆش دەکات، بۆ ئاژەڵداریش ٢٤ بنکەی بەیتەری (ڤیمینتری) کردیتەوە، ئەوانە خزمەت بە ١٦٢ هەزار جوتیاری ناوچەکە پێشکەش دەکات. باربر زۆر شانازی بە پرۆژەکانی وڵاتی ئەثیوبیا دەکات، ئەو وا دەزانی بەو بڕە پارەیە خزمەتگوزاری زۆر باشی پێشکەش کردووە، لە



زۆر لە بەرنامەکانی تر سوودی هەبووە، بەو پارە کەمە، کاری زۆر کراوە، بۆ نموونە بە رێژەی ٥,٧٤ دۆلار ئاوی بۆ یەک کەس دابین بکردووە، بە رێژەی ٤,٠١ دۆلاریش خزمەتی تەندروستی بۆ یەک کەس دابین کردووە، ئەوەش پێوانەیەکی سەرکەوتووە. ئەو وتوویەتی: ئەو کارە وەک سیحرو ئەفسانە نییە، من ئەو کارە لە پرۆژەکانم فێربووم. لە بازرگانییەوە ئەو بیرۆکانەم لا دروست بووە، ئەوەش بۆ هەموو کارە خەیرییەکان دەگونجێت، ئەوە هیوایەو هەموو لایەک دەتوانن پەیڕەوی بکەن، پارەکە راستەوخۆ دەگاتە کەس و کۆمەڵگایە پێویستەکان.

ئەگەرچی باربر ئارەزووی نەبوو کۆمەک و یارمەتی لە هیچ لایەن و کۆمپانیایەک وەرگرێت، بەڵام لەبەرئەوەی داهێنان و بەرنامەکەی بەرهەمی هەبوو، بۆیە مایکل دیل ٥٠٠ هەزار دۆلاری وەک هاوکاری بە بەرنامەکەی کۆمپانیای GLIMMER پێشکەش کردووە، دیف ویلاند دامەزرێنەری تاقیگەکانی سیلیکۆن بە سەدان هەزار دۆلاری پێشکەش کردبوو. لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ ریتشارد برانسۆن باربری داوەتی دوورگەیەکی کاریبی کردبوو، تا لەو دوورگەیە دیمانەیەک بۆ دەستەیەک لە سەرۆک کۆمپانیاکان، هەتا سیاسەتمدارانیش ساز بکات، لەو دیمانەیەدا لەسەر ئاستی جیهانی باس لە بەڕێوەبردن و سازدانی کێشە کۆمەڵایەتی و ژینگەیان بۆ بکات. باربر ژنەکەی و منداڵەکانی لە جیاتی ئەوەی لە سەر کەنارەکانی ئەوروپی ماوەی پشوودانەکانیان بەرێ بکەن، بەیەکەوە هاوینەکەی بەرەو وڵاتی ئەثیوبیا رۆیشتوون، سەفەری ئەو وڵاتەیان کردووە تا لە نزیکەوە ئاگاداری پێویستییەکانی کۆمەڵانی خەڵک بن، چەند هەفتەیەک لە نزیک ئەو خەڵکەوە بژین، تا بە وردی لە ژانەکانیان حاڵی بن، ساڵی پێشتریش لەگەڵ ماڵەوەیان سەفەری بۆ ئەثیوبیا کردبوو، وەک شاهان پێشوازی کرابوون، لە ئۆتومبێلە جێبەکەی کۆببوونەوە، بە تابلۆی سوپاسەوە، بە دێڕی شکۆو رێزەوە پێشوازی گەرمیان لێ کردبوو. باربر لەچاوی ئەثیوبییەکان وەک کەسێکی بەڕێز سەیر دەکرێت، بەڵام بەرپرسە گەورەکانی رێکخراوە خێرخوازییەکان بە چاوی نامۆو بە کابوس تەماشای دەکەن، لەوانە UNITEDو RED CROSS و CARE و چەند رێکخراوی تر. کۆمپانیای CYBER CORP گەورەترین دەزگای پێناوی داراییە، بۆی روون بوویتەوە کەوا GLIMMER سەلماندی بۆ بەخشینی کۆمەک و پرۆسەی خێرخوازی پێویست بە رێکخراو و

دەزگای تایبەت نییە، باربر وا دەزانی دەست لە شێوەو کاری ڕێکخراوە ناحکومییەکان بهێنن، چونکە زۆر لە سامانەکەیان بەو ڕۆتینە دەڕوات، با دەوڵەمەندەکانی ئیمڕۆ بگەنە ئەو ڕاستییەی بەرنامەکەی ئەو باشتر خێر دەداتەوە، زۆرترو بە بەرنامەتر خزمەتگوزاری پێشکەش دەکات. باربر وا دەزانێ ئەگەر ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەونە دەست کۆمپانیاکانەوە، ئەوە زوو ئیفلاس دەکات، لەو نزیکانەوە دەردەکەوێت کە چۆن باهۆزی گۆڕان هەڵدەکات، ئەوانەی پارە دەبەخشن تێدەگەن چۆن پارەکانیان لەو بوارەدا بە باشی تەرخان دەکەن، دیارە هەموو کەس ئەوە نازانن کەوا پارەی ئەو ڕێکخراوە خێرخوازانە چۆن سەرف دەکرێت، لە هەر دۆلارێک ١٩ سەنتی بۆ مەسروفاتی فەرمانبەرەکان دەڕوات، کە ئەوەیان زانی و تێگەیشتن، ئەوە بەناچاری بە بەرنامەکانیاندا دادەچنەوە، فێردەبن چۆن پارە بۆ پرۆژەی خێرخوازی و فریاگوزاری تەرخان بکەن، پارەکانیان بدەن بە کێ و چۆن.. بەڵام ڕێکخراوەکانیش بێدەنگ نین، بۆیە سەرۆکی ڕێکخراوی ( کێر) بەو شێوەیە وەڵامی باربری داوەتەوە:

من تێناگەم چۆن باربر گەیشتووتە ئەو دەرئەنجامە، چۆن ئەوەی بۆ ئاشکرا بووە، ڕاستە ئەو لە ئێمە باشتر لە کێشەکانی ناو وڵاتی ئەثیوبیا گەیشتووە، دەکرێ ئەو کێشەیەش لەسەر ئاستی هەموو کێشەکانی جیهان سەیر بکرێت، ناکرێ بە یەک سەفەر بۆ ئەثیوبیا لەهەموو کێشەکانیان حاڵی بێت.

## ململانێ بۆ یارمەتی:

باربر نموونەیەکی بەرچاوە لەو دەوڵەمەندانەی چاکە زۆر دەکەن، دەستی کۆمەکییان درێژە، بەرنامەی زۆرە بۆ گۆڕینی شێوازی کۆمەککردن و یارمەتیدانی زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی.

دەوڵەمەندەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٦ دا، ٢٦٠ ملیاریان وەک کۆمەک و خێرات بەخشیوە، ئەو ڕێژەیە لەچاو ساڵی ١٩٩٥ دووجار زۆرتر بووە، ئەو دەوڵەمەندانەی سامانیان لە سەرووی ملیۆنێکە، ٣٠ ملیار دۆلاریان بەخشیوە، ئەو کۆمەکەش لە ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی ٩ ملیاریان وەک کۆمەک و یارمەتی بە بەرنامەکانی خێرخوازی بەخشیوە، واتە ململانێ و زیادە هەیە لەو بوارەدا.



دیارە پارەبەخشین لەو ڕۆژانە وەک مۆدەی لێ هاتووە، بەردەوام لە ڕۆژنامەکان بانگەوازو هەواڵی پارە بەخشین دەبینرێت، بەردەوامیش لە زیادبوونە، لێرەو لەوێ دەبینین دەوڵەمەندێک چەند ملیونێکی بە مۆزەخانەیەک بەخشیوە، یەکێکیتر پارەی داوەتە قوتابخانەیەک، پارە دراوە بەو کولیژەی تێدا دەرچووە، یەکێکی تر پارەی داوە بۆ هۆڵێکی موزیکا، بۆ بەرنامەیەکی هونەری... لاپەڕەکانی ئابووری ڕۆژنامەکان تەژییە لە هەواڵی پارەبەخشین و کۆمەکدان، وای لێ هاتووە، فریاگوزاری و کارە خێرییەکان وەک ململانێی پیشەسازی لێ هاتووە، بۆ نموونە گۆڤاری بیزنس ویک ناوی پەنجا کەسە یەکەمەکانی کە زۆرترین پارەیان بەخشیوە بڵاو کردیتەوە. ئەو لیستەش وەک لیستی فوربیسی ساڵانەی لێ هاتووە کە ناوی ٤٠٠ کەسە زۆر پارەدەرەکانی بڵاوکردیتەوە. لە گۆشەی دیاری هەفتەدا ڕۆژنامەی ول ستریت جورنالدا وتارێک بڵاو کراوەتەوە، کە ستایشی ئەو دەوڵەمەندانە دەکات زۆرترین پارە دەبەخشن، بەتایبەتی دەوڵەمەندە نوێیەکان. ڕێکخراوەکانی تایبەت بە وەرگرتنی پارەی کۆمەکەکان لە ئەمریکا لە چاو ساڵی ١٩٩٠ دووجار زۆرتر بووە، ژمارەیان گەیشتووتە ٦٧ هەزار ڕێکخراوی تایبەت بە کۆکردنەوەو وەرگرتنی کۆمەک و یارمەتی. سەرمایەی هەموویان دەگاتە ٥٠٠ ملیۆن دۆلار. دەوڵەمەندەکانی ئەو ڕۆژانە پارەو سامانی زۆریش بۆ دەزگاکانی خێرخوازی دەدەن تا روویان شیرین بکەن، تا ناویان بە باشە بڵاو بکرێتەوە، لەو دەروازەوە دەچنە ناو کۆمەڵگەکە، بەشێک لەوانە پارەیان ئەوەندە زۆرە، ژمارەکە ئەوەندە قەبەیە، بەو پارەیە ڕەنگە مناڵەکانی سەریان لێ بشێوێت، پارەکە بە شێوەی ناشایستە سەرف بکەن، پارەکەش زۆرە کۆتایی ناهێت، بۆیە زۆریش بە بەرنامەی چاکەو فریاکەوتن سەرفی دەکەن. دەزگای بیل گیتس بە ٣١ ملیار دۆلار پارەی بە کارە خێرخوازییەکان بەخشیوە، ئەو لە مێژووی ئەو خێرخوازاییەدا ژمارەی یەکەمی بەرکەوتووە، ٥ جار زۆرتر لە دەزگای جۆن رۆکلفر پارەی بەخشیوە، پاش پارە بەخشینەکەی وارین بافیت کە ٣١ ملیار دۆلا ربوو، دەزگای بیل گیتس لە ساڵی ٢٠٠٦ ئەسولەی دارایی زۆر بەرزتربوو. دامەزرێنەری دەزگای SUNAMERICA ئەیلی برود ١,٤ ملیار دۆلاری بە دەزگاکانی پەروەردەیی و ئەدەبی و زانستی کردبوو. مایکل دیلیش پەیمانی داوە بڕی یەک ملیار دۆلار بە دەزگاکانی چاودێری تەندروستی مناڵان ببەخشێت، سەرچاوەیەک نزیک لە

بانکمان هیربرت ساندلر و ژنەکەی ماریون وتوویەتی، ئەو ژن و مێردە لەو پارەیەی لە ساڵی ٢٠٠٦ هاتووتە دەستیان، بڕی دوو ملیار دۆلاریان بەخشیوەتە دەزگاکانی خێرخوازی.

**بنەما جیاوازەکان:**

دیارە کەوا پارە بەخشینەکان زۆرە و لە زۆر سەرچاوەی سامانەوە، پارەی زۆر پێشکەش دەکرێت، بەڵام هەندێ لەو دەوڵەمەندانە دەخوازن بزانن، پارەکانیان لە کام پرۆژە و چۆن سەرف دەکرێتەوە، ئەوان نایانەوێت، شیکەکە ڕەوان بکەن و پارەکە لە حیسابەکانیان دەربچێت و تەواو، حەز دەکەن دەستیان لە بەرنامەی پارە سەرفکردنەکەش هەبێت، لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵایەتی دەزگاکانیش ئاگاداریان دەوێت، چونکە پارەکان زۆرن، بۆیە بە مافی ڕەوای خۆیانی دەزانن بەرهەمەکەی بزانن. ئەو ڕەفتار و بۆچوونە لەلایەن دەوڵەمەندەکان پەیدابوو، کە زانییان کۆمەڵە خێرخوازییەکان وەک جاران کارامە نەماون، لە ساڵی ٢٠٠٣ دا سیناتۆری پێشوو بیل بردالی و کۆمپانیای ماکنزی بۆ سەرمایەگوزاری، دراسەتێکیان سازکردبوو، تێدا دەرکەوتبوو کەوا ئەو کۆمەڵە ئەمریکییانە ١٠٠ ملیار دۆلاریان لە پارەکانیان بە کاری ئیداری و شێوازەکانی وەرگرتنی کۆمەکەکان و ڕۆتین پەخشان دەکەن. لە چەند توێژینەوەی تریش دەرکەوتووە، کەوا هەندێ لەو دەزگایانە وەک دەسەڵاتێکی تاکڕەو و لاچەپ کاردەکەن، زۆر بایەخ بە نووسینگەی نایاب و پلەدار دەدەن، کەمتر دەپرژێنە سەر دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی کەونی. دەوڵەمەندەکانی ئەو زەمانە چاویان لەوە نەماوە پرۆژەو بەرنامەی وا ئەنجام بدەن، تا هەتاهەتایێ بێت، دەیانەوێ کەمێک ئاوڕێک لە چاکەش بدەنەوە، مەبەستیان تەنها پارە کۆکردنەوەو پرۆژەی نوێ نییە، بەشدارییان لە کاری چاکەش دەوێت، ناو و ناوهێنانیشیان مەبەستە، لە ساڵی ٢٠٠٥ ئامارێک لەسەر ئەو دەوڵەمەندانە بڵاو کراوەتەوە، ئەوانەی سامانیان سەرووی ٣٠ ملیۆنە، لەوانە ڕێژەی ٦٥٪ یان مەبەستیانە تا لە ژیاندا ماون، پارەی زۆر بۆ پرۆژەو بەرنامەی چاکەو فریاگوزاری تەرخان بکەن، دەیانەوێ بەشێک لە سامانەکانیان بەو ئاراستەیە ببەن.



سەرۆکی تەنفیزی کۆمپانیای CITIGROUP INC ساندی ویل وتوویەتی:

کەس هیچی لە سامانەکەی نەبردیتە ناو گۆڕەکەی، بۆیە وا باشە بەشێک لە سامانەکەی بۆ کارو خێر سەرف بکەن، با خزمەتی ژیانی مرۆڤایەتی پێ بکات.

بۆیە لەو ١٥ ساڵەی دواییدا ٦٠٠ ملیۆن دۆلاری لە پارەکانی بەخشیوە. ئەوانەی لەو ڕۆژانە دەوڵەمەند بوون، پارەکەو بەرنامەی بەدەستهێنانی پارەکەیان، بە شێوەیەک بووە، جیاواز بووە لە دەوڵەمەندەکانی جاران، بۆیەش ئەوان زۆرتر پارە بۆ خێرو چاکە تەرخان دەکەن، ئەوانە بە کاری تەکنەلۆژیاو بازاڕی دراوی گەشەدار هەڵساون، بۆیەش چاویان فراوانە و دەستیان بڵاوە. لەبەرئەوەی پارەکانیان زۆرتر لە پرۆژەی منافەسەو گیانبازییەوە بەدەست کەوتووە، بۆیەش زۆر بڕوایان بە پرۆژەی گەورەی تەمەندار نییە، ئەوان زۆریش بڕوایان بە پەیداکردنی پارە هەیە، بڕوا دەکەن کەوا بەئاسانی ئەو دەروازە دەدۆزنەوە، ئەوانن بازاڕ دروست دەکەن، چۆنیان پەیداکردووە، بڕواشیان وایە بە هەمان شێوە دەتوانن پارە لە بازاڕدا کۆبکەنەوە. بیل دایتونی ڕاوێژکار لە بواری ئیدارە، ئەو کەسەیە زاراوەی پرۆژە، یان خاوەن پرۆژەی داهێناوە، وا دەزانێ، ئەوانە خاوەن بەرنامەو بنەمای جیاوازن لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕێکخراوەکانی خێرخوازی، لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی جیهانیدا، ئەوانە دەکرێ ناویان لێبنرێت شۆڕشگێڕەکانی بازاڕ لە مەیدانی گەشەی ئابووریدا. خاوەن پرۆژە کۆمەڵایەتییەکان و بەڵێندەرە کۆمەڵایەتییەکان لەناو دەوڵەمەندەکان ژمارەیان زۆرە، لەوانە گوردون مۆری ئەوەی لە دامەزراندنی کۆمپانیای INTEL بەشداربووە، بۆ بەرنامەکانی پاراستنی ژینگەو پەروەردە لەسەر ئاستی هەموو جیهان ٧ ملیار دۆلاری لە سامانەکەی بەخشیوە. جیف سکۆلیش بەرپرسی جارانی کۆمپانیای EBAY ڕۆڵی زۆری بینیوە لە کارە فریاگوزارییەکان.

**ڕۆبن هود:**

ملیاردێر ڕۆن بریلمان ملیۆنەها دۆلار پێشکەش بە بەرنامەکانی چارەسەری نەخۆشی کانسەر (شێرپەنجە) کردووە، بەتایبەتی بە پرۆژەکەی دکتۆر دینیس سلامان. ڕێکخراوی ڕۆبن هود لە نیویۆرک لە ساڵی ٢٠٠٦ دا ٤٨ ملیۆن دۆلاری بە

رێکخراوەکان بنبڕکردنی برسیەتی پێشکەش کردووە، پارەکەش لەلایەن خاوەن سندووقەکانی پاشەکەوتکردن دراوە. پارە بەخشینەکان لێرەو لەوێ شێوەی ناشایستەی بەخۆیەوە گرتووە، کە بەرنامەکان لەسەر ئاستی تاکە کەسییەوە بێت، بۆیە رۆث لیلی کە ژنە ملیۆنێرێکە سەد ملیۆن دۆلاری لە شێوەی سەهم بە رێکخراوێکی تایبەت بە قژ لە ساڵی ٢٠٠٣ لە شیکاغۆ بەخشیوە. پارە بەخشینەکەش شێوەی منافەسەو ململانێی وەرگرتووە. دەیانەوێت پارەکانیان بە بەرنامە و دیار بێت، ئەنجامی پارەکانیان دەوێتەوە، لێکۆڵینەوەیان لە ئەنجامەکان دەوێت. ماریو مارینو یەکێکە لە پێشەنگەکانی پیشەسازی کۆمپیوتەر، وا دەزانێ زۆر لە کارمەندەکانی رێکخراوەکانی خێرخوازی ناڕەوا دەست لە پارەکان دەدەن، پارەکان بە پارەی خۆیانی دەزانن، بە ئارەزووی خۆیان و بێ بەرنامە بەکاری دەهێنن، رەچاوی حەساسیەت و لێزانینی کەسانی تر ناکەن.

باربر دەڵێ دەوڵەمەندەکانی ناو ئەمریکا شێوازی پارە پەیداکردنیان شێواندووە، کە پارەش وەک کۆمەک بە رێکخراوەکان دەبەخشن، مەبەستیان سەرکەوتنی خۆیانە، مەبەستی تاکی خۆیان و سەرکەوتنیان مەبەستە، لە ئاهەنگەکانی پارەبەخشیندا خۆیان زۆرتر دەردەهێنن، ئەوانە پارە نادەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵایەتی لە جیهان، خەمی گرفتە ئاڵۆزەکانیان نییە.

کە باربر دەزگای GLIMMER بۆ کارە خێرخوازییەکان داناوە. چەندین بنەماو پرنسیپی لەگەڵ بەرنامەکەی داڕشتووە، ئەگەر ئەو بەرنامانە وەک خۆی و بە باشی پەیڕەو بکرێن، دەروازەیەکی باش بۆ گۆڕانی باشتر لەو بوارەدا دەکاتەوە. وا لە خوارەوە هەر پێنج بنەماکەی دەنووسینەوە:

یەکەم: وریایی لە دەستنیشانکردن

باربر لە سەرەتای دانانی بەرنامەکانی لە پرۆژەو کۆمپانیای GLIMMER بۆ هەر کۆمپانیایەکی بازرگانی، توێژینەوەی تێروتەسەلی بەرنامەکەی لە هەموو لایەنێک دەکرد، پرسی لە زۆر لایەنی دەکرد، راوێژی زۆری مەبەست بوو، ئەوانەی ئەزموونیان لەو بەرنامەیەدا هەبوایە سەردانی کردوون، بەڵام لایەنی سەرەکی و زۆر لێکۆڵینەوەی لەسەرکردوون، ئەثیوبییەکان خۆیان بوون، لەسەر زۆر پێویستییەکانی رۆژانەی



ئەثیوبیاییەکان وەک ئاوی خاوێنی خواردنەوە، بۆیە بیری لەوە کردەوە بیری ئاو خواردنەوەیان بۆ هەڵکەندنی بیر کردەوەو بیری لە دروستکردنی قوتابخانە کردەوە.

دووەم: کەمکردنەوەی پارەی پرۆژەکەو دوورکەوتنەوە لە پێناو و کەسی نێوان

باربر رادە لەدەر بیری لە کەم مەسرەفکردن کردیتەوە، کە بەرنامەی کۆمەک بەخشینی لەلا گلاڵە بوو، سەرەتا کتێبەکەی گراهام هانکۆکی بەناوی 'of The Lords Porerty' خوێندیتەوە، کتێبەکە بە جوانی و زانستییانە باسی گەندەڵی و ئیستغلال دەکات، لە کتێبەکەدا فێری ئەوەبوو، ئەگەر دەتەوێ کۆمەک و هاوکاری پێشکەش بکەیت، وا چاکە بە دەستی خۆت چاکەکە بکە، پارەکەت مەخەرە دەست رێکخراوەکان، پارەی خۆت بە دەستی خۆت ببەخشە، لە کتێبەکە فێربوو ئەگەر مەبەستتە یارمەتی بە ئەثوبیاییەکان پێشکەش بکەیت بە دەستی خۆت، بۆیان بکە. ئەو وا دەزانێ لەو پارەی بۆ هەژاران پێشکەش دەکرێت، تەنها ٥٠٪ دەگاتە دەستیان، بەشەکەی تری لە کارە بیرۆکراتییەکان و بەرنامەی رۆژانەو کارە لایەدەکانەوە بە فیڕۆ دەڕۆن، کە سەردانی ئەفریقیای کردووە، بە چاوی خۆی بینیوویەتی فەرمانبەرو کاربەدەستەکانی ئەو رێکخراوانە بە باشترین جێب دەسووڕێنەوە، منداڵەکانی خۆیان لە قوتابخانەی تایبەتی دەخوێنن، ئەو پارەیەش لە میزانیەی میللەتە برسییە لێقەوماوەکانەوە دەڕوات، بەشی ئەوانە بە فیڕۆ دەروات.

سێیەم: کارکردن بۆ یەک مەبەست

کە باربر یەک دۆلاریشی بۆ کۆمەک و یارمەتی تەرخان کردووە، بەرنامەی بۆ داناوە، لە مێشکیدا زانیویەتی ئەو پارەیە بە چی دەدات، چۆنی سەرف دەکات، کە پارەی داوەتە رێکخراوێک، بەرهەمەکەی ویستووە، پرسی کردووە، پارەکە بە کێندەرێ گەیشت، ئەگەر بەرنامەکەی نەپێکابێت، پارەی تری نەداوە، لە پارە بەخشین بەو رێکخراوە کشاوەتەوە، ئەو پارەی نەداوە ئەگەر مسۆگەر نەیزانیبێت، دەگاتە کێندەرێ، لە چی سەرف دەکرێت. کە سەیری لیستی چوار مانگەی رێکخراوەکەی کردووە، تێگەیشتووە، پارەکەی چۆن سەرف کراوە، خۆی لەسەر لیستی مەسرووفاتەکە راوەستاوە. لە وردبوونەوە لەسەر گەندەڵییەکە وەستاوە،

یەکسەر لارییەکی دۆزیوەتەوە.

چوارەم: با سوودمەندەکانیش بەشداریتان بکەن

زۆر لە پرۆژە خێرخوازەکانی ئەفریقیا لەبەر کەمتەرخەمی و بێکەسی مردار دەبنەوە، ئەوانەی پارەکان دەدەن، تاقەتی سۆراخ و بەدواداچوونەوەیان نییە، ئەوانی تریش ناتوانن پێشنیارو دەستپێشخەری بکەن. باربر بە بەشداری ئەثیوبییەکان لە پرۆژەکانی سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، بەو بەرنامەیە سەرکەوت، بۆ نموونە ئەو کەرپووج و خشتی بۆ کڕیون، ئەوانیش واتە دانیشتوانەکانیش بینایان کردووە، دەستی ئەوان و کەرەستەی ئەو، ئەو لوولەی ئاوی بۆ کڕیون، ئەوانیش کاری بەستانیان کردووە، خاکیان هەڵکۆڵیوەو بۆرییەکانیان لەبن ئەرزا شاردیتەوە.

پێنجەم: با کۆمەکەتان قورسایی و سەنگی هەبێت

باربر لە رۆژانی کاری بازرگانییەکانیدا فێری ئەوە ببوو چۆن سەنگ و هەیبەت بداتە سامانەکەی، ئەو بەرنامەشی لە کاری دەزگای GLIMMER سەرف کردبوو، ئەو توانی کار لەو رێکخراوانە بکات کە یارمەتییان لە حکومەتی ئەثیوبی وەرگرتووە، ئەویش بە پارەو یارمەتی زانیاری لەو رێکخراوانە وەرگرتووە، شارەزایی ئەوانی کڕیوە، تا بەرنامەکەی سەرکەوتوو بێت. باربر هاوشانی رێکخراوە نێونەتەوەییەکانیش کاری کردووە، ساڵی پار بیری لەوە کردیتەوە چۆن لەو وڵاتە گەشەی ئابووری بەرپا بکات، کۆششی کردووە کرێ زیاد بکات. ئەو بەرنامەیەی لەسەر جوتیارەکان پەیڕەو کردووە، ئەوانە داهاتی رۆژانەیان لە یەک دۆلاریش کەمترە، بۆری ئاوی بە قەرزی حەوت ساڵان و بە قازانجێکی کەم فرۆشتووتە جوتیارەکانی ئەو وڵاتە. ئەو بیرۆکەیەی لە گوندێکی لاچەپی دوور پەیڕەو کردووە، سەرەتا جوتیارەکان دەترسان، دوودڵ بوون، بەڵام توانی جوتیارەکان قایل بکات، بەوە سەرمایەکیان هاتووتە دەست، سالانە داهاتیان پەیدا کردووە، داهاتی ساڵانەیان لە ١١٠ دۆلار گەیشتە ١٢٠٠ دۆلار. کە بەرنامەکەی سەرکەوتوو بووە، یەکێتی ئەوروپی بەرنامەکەی لا باش بووە، ئەویش کۆمەکی جوتیارەکانی کرد، لەسەر بەرنامەکانی باربر کۆمەکی جۆبارو جۆگەی ئاویان بە جوتیارەکان بەخشی.



٩

## چوار چەتەکە:

بۆ ماوەی چل ساڵ کۆمارییەکان لە ولایەتی کۆلورادۆ دەسەڵاتی پەرلەمانیان لە دەست گرتبوو، ئەو حزبە لە ناوچەی خۆرئاوای ئەمریکاوە سەری هەڵداوە، کۆمپانیا گەورەکانی پترۆڵ و خاوەن کێڵگە کشتوکاڵییەکان و خاوەن کۆمپانیاکان پشتیان گرتووە، لەو ولایەتە شێوەی کۆمپانیایەکی وەرگرتووە، هەر لە ساڵانی شێستەکانەوە ئەو حزبە دەستی لەسەر ئەنجومەنی نوێنەران و پیرەکان داگرتبوو. کە حزبی دیموکراسی لەو ولایەتە کەمێک گەشەی کرد، لەو دەمانەی لە ساڵی ٢٠٠٤ جۆرج بۆش ئامادەیی بۆ دووبارە هەڵبژاردنەوەی کاری دەکرد، دەرکەوت تازە ئاسان نییە کۆمارییەکان لەو ولایەتە شکست بخوات، وا دەرکەوت تا ساڵی ٢٠٠٦ دیموکراسییەکان لە هەڵبژاردنا سەرنەکەوتن. پلاندارێژەری ستراتیژی کۆمارییەکان وتوویەتی:

من قەناعەتی تەواوم هەیە، تازە کۆمارییەکان لە کۆلورادو هەڵبژاردنەکان نادۆڕێنن، لەولاشەوە دیموکراسییەکان ئەوەیان پێوە دیارە کەوا سامان و داهاتی وایان نییە تا بتوانن زۆرینەی پەرلەمان ببەنەوە. لەناکاو لە پایزی ساڵی ٢٠٠٤ چوار چەتەکە پەیدابوون، ولایەتەکەیان بە نامەی ئەلیکترۆنی و تابلۆی تەلەڤزێونی و پەخشەکانی رادیۆیان تەژی کرد، بە هەموو شێوەیەک هێرشیان کردە سەر کاندیدەکانی حزبی کۆماری، بۆیە لە مانگی نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٥ دۆڕاندنەکەی کۆمارییەکان دەنگی دایەوە، بۆ یەکەم جارو لە ساڵی ١٩٦١وە دیموکراسییەکان دەسەڵاتی ئەو ولایەتەیان وەرگرت.

ئەگەرچی حزبی کۆمارییەکان بە حزبی دەوڵەمەندەکانیش ناسراوەو پارەی زۆریش بۆ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن کۆ دەکەنەوە، بەڵام حزبی دیموکراتەکانیش پارەی

زۆریان بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کۆکردەوە، لە چوار سەرچاوەو پارەیان بەدەست گەیشت، لەوانە هەڤاڵبەند بۆ کۆلورادۆی گەشەوەترو بۆ پێشەوە کۆلورادۆو یەکێتی لە پێناوی کۆلورادوی گەشەوەترو هەڤاڵبەندی بۆ بنەماڵەکانی کۆلورادۆ، ئەو چوار ڕێکخراوانە زووتر نەناسرابوون، بۆ کۆمەکی هەڵبژاردنەکان پەیدابوون و ناویان دەرکرد، بەڵام دوایی دەرکەوت هەر چوار ڕێکخراوەکە لە چوار کەسی دەوڵەمەندی کۆلورادۆوە دامەزراوە، خۆیان خەڵکی ئەو ولایەتە بوون، سێ لەوانە خۆیان کۆششیان کردووەو سامانەکەیان پێکهێناوە، سەرچاوەی کاریان پرۆژەی تەکنەلۆژی هاوچەرخ بووە. بەڵام کەسی چوارەمیان سامانەکەی وەک میرات بۆ ماوەتەوە، ئەو چوار کەسە تازە هاتبوونە ناو کاری سیاسی، کۆن نەبوون لە خەباتی سیاسی، بەیەکەوە کۆبوونەوە بۆ پشتیوانی هەڵمەتەکەی هەڵبژاردن، بەیەکەوە توانییان ڕێڕەوی هەڵبژاردنەکان بگۆڕن، بۆیەش کۆمارییەکان ناویان لەو چوار کەسە نابوو، چوار کەسە چەتەکە، تاوانباریان کردن، بەوەی هەڵبژاردنەکەیان بە پارە کڕیوە.

چەتەی یەکەم جارید پۆلیس بوو، کارمەندو سەرمایەدار لە بواری سیستەمی کۆمپیوتەری تەمەن ٣٢ ساڵ بوو، چەندین کۆمپانیای تایبەتی بە کۆمپیوتەری دامەزراندووەو فرۆشتوویەتی، سامانەکەی لە ٢٠٠ ملیۆن زۆرتر بوو.

دووەمیان تیم جیلە، ئەویش لە سیستەمی کۆمپیوتەر کاری کردووە، سامانەکەی بە ٤٠٠ ملیۆن دۆلار مەزندە کراوە.

ژنە ملیاردێر بات ستربکری کە سامانەکەی لە کۆمپانیای سترابکرەوە بۆ مابۆوە، کە تایبەت بوو بە کەرەستەی پزیشکی.

چوارەمەکەشیان رۆث بریدجیز بوو، ئەو بەرنامەیەکی دۆزینەوەی پترۆڵی بە کۆمپیوتەر دانابوو، سامانەکەی بە دەیان ملیۆن دۆلار مەزندە دەکرێت.

## ئایدلۆژیای جیاواز:

ئەو چوار کەسە لە چوار ژینگەی جیاوازەوە هاتبوون، ئایدلۆژیای جیاوازیشیان هەبوو، بەڵام لەسەر یەک بیرۆکە کۆک و هاوبیر بوون لەسەر یەک هزری گەورە، ئەویش ئەفراندنی ژینگەو ژیانێکی باشتر بۆ هاووڵاتیانی ولایەتی کۆلورادۆ، کۆک



بوون لەسەرئەوەی پارەی زۆر لە بواری پەروەردەو چاودێری کۆمەڵایەتی و دۆزینەوەی زۆرترین بواری کار کۆشش بکەن و بەرنامەیان هەبێت. بەڵام دەوڵەمەندەکانی دۆستی کۆمارییەکان بەردەوام داواکارن پۆست و کاری حکومی تەسک بکەنەوەو بواری دامەزراندن سنووردار بکەن، هەروەها داواکاربوون باجیش کەم بکرێتەوە، چوار کەسە چەتەکەش خەبات و داوایان بۆ کۆمەکی هەژاران بوو، کاری بەردەوامیان بۆ مەبەستە سەرەکەکانیان بوو. دیارە ئەو پارەدارانە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆشیان کۆششیان کردووە، بریدجیزو پۆلیس بۆ پۆستی سیاسی خەباتی هەبووە، ئەوانە بەرنامەیان وابوو دەستەیەکی نوێ لە سیاسەتمەداری پارەدار بێتە مەیدان، بەڵام ئەوان لە دەرەوەی سنووری ولایەتی کۆلورادۆ کاریان نەکردووە، لە دەرەوەی ئەو بازنە دەرنەچووبوون، ئەو چوار چەتەیە مەبەستیان بوو بزاڤێکی نوێ لە سیاسەتی دەوڵەمەندەکان لەسەر ئاستی نەتەوەیی بەرپا بکەن. لەناو دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژگارەدا نەوەیەکی چالاک هاتە مەیدان، کەوتنە کاری سیاسی، بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە، خۆیان کاندید کردووە، ئەوان وەک هێزێکی نوێی کارامە هاتوونەتە گۆڕەپانەکە، کە لە جیهانی پارەو سامان سەرکەوتوو بوون، بەرنامەیان بەرەو سەرکەوتنی سیاسیش بەردەوام بوو، چاویان لە دەسەڵاتیش بوو.

دەوڵەمەندەکانی ریتشیستان لە هەموو رەنگە سیاسییەکانەوە هاتنە مەیدان، بۆ نموونە جۆرج سوروس مەیلی چەپی هەبوو، لەوانە کەسانی راستڕەویان لەگەڵدا بوو، وەک تی. بۆن بیکنز، بەڵام دەوڵەمەندەکانی ناو حزبی دیموکراسی کاریگەرییان لەسەر رەوشەکە زۆرتر بوو، وەک کۆمارییەکانی ناو واشنتۆن نین، ئەوانە تەنگژەیان لەناودا هەیە، سامانە زۆرەکەی ناو ولایەتە لیبرالەکانی وەک نیویۆرک و سیاتل و ئوستن و دینفرو بۆستن و واشنتۆن، نەوەیەکی باش و سەرکەوتوویان لە ملیۆنێرو ملیاردێری هێناوەتە کایەوە، ئەوانەش رەوتی چەپیان پەسندە، بەشێک لەوانە لە شێستەکانی سەدەی رابردوو هەڵساون، وا دەزانن حکومەت دەستی هەبووە لە گەشەو پەرەپێدانی ئەو نەوە نوێیە لە دەوڵەمەندەکانی ئەو ولایەتانە، بۆیەش ئامادەن سامانەکەیان بۆ خزمەتی حکومەت بخەنە کار.

## کاندیدکراوەکان بە پارەکانیان هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانیان دەکەن:

ئەوانەی هەڵمەتەکانیان لە ڕۆژانەی هەڵبژاردنا بە پارەی خۆیان کردووە، لە هەشتاکان و نۆهەدەکانی سەدەی رابردوو، لەوانەی سامانیان سەرووی یەک ملیۆن دۆلار بوو، سێ کەس خۆیان کاندید کردبوو، بەڵام ئەو ژمارەیە بۆ دەوڵەمەندەکان لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیشتووتە ٢٤ کاندیدکراو. جۆن کورزین بەڕێوەبەری پێشووی دەزگای گولدمان ساکس ٦١ ملیۆن دۆلاری لە پارەی تایبەتی خۆی، مەسرەف کردووە و لە هەڵبژاردنەکەش کورسییەکی لە ئەنجومەنی پیران بەرکەوتووە، هەر بە پارەی خۆی هەڵمەتی هەڵبژاردنی کردووە، تا بوویتە حاکمی ولایەتی نیوجرسی. مایکل بلومبیرگ تا لە پۆستی شارڤانی نیویۆرک سەرکەوت ٧٤ ملیۆن دۆلایر لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان سەرف کردبوو، بۆ دووبارە مانەوەی لەو پۆستە دووبارە لەسەر ئەرکی خۆی و بە پارەی خۆی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی بەڕێوە بردووە، ئەمجارەش ٧٧ ملیۆن دۆلاری تری سەرف کردووە، دیارە بۆ هەر دەنگێک کە وەری گرتوون سەد دۆلاری داوە، دیارە لەبەر پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بووە زۆرتر بەلای دیموکراسییەکان بشکێنێتەوەو لە کۆمارییەکان نزیک نەکەوێتەوە. ژنە دیموکرات ماریا کانتویل بۆ سەرکەوتنی لە ئەنجومەنی پیران لە ولایەتی واشنتۆن نزیکەی ١٠ ملیۆن دۆلاری سەرف کردووە. لە ولایەتی ویسکانس هیرب کۆل ئەندامێکی حزبی دیموکراتی بۆ مانەوەی لە پۆستی ئەنجومەنی پیران، ٥ ملیۆن دۆلاری سەرف کردووە.

مامۆستای زانکۆ لە زانستە سیاسییەکان خاتوون جینر ستین، کتێبێکی بەناوی ئەو کاندیدکراوانەی بە پارەی خۆیان هەڵمەتی هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەبەن، داناوە، لەوێ نووسیویەتی:

کۆمەک و بەشدارییەکانی کاندیدکراوەکان لە ساڵی ١٩٩٠دا ٣٦,٦ ملیۆن دۆلار بووە، بەڵام ئەو پارەیە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا پارەکە گەیشتووتە ١٧٤,٧ ملیۆن دۆلار، دیارە مەسرووفاتی هەڵمەتەکان زۆرتر بووە، بۆیە پارەکەش زۆرتر بووە. لەبەر ئەو پارە سەرفکردنە لە نێوان دەوڵەمەندەکان پارەو سامان بە زەقی لە شەڕی ملیۆنێرەکان سەری هەڵداوە، واتە بە روونی پارەو دەوڵەمەندەکان هاتوونەتە ناو سیاسەت و هەڵمەتەکانی بردنەوەی پۆست و پایە سیاسییەکان و ئیدارییەکان.



دەوڵەمەندە نوێیەکان زۆرتر روویان لە حزبی دیموکراتییە، ڕێکخراوی ستین توێژینەوەیەکی لەسەر مەسرەفی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکان کردبوو، بۆیان بە روونی دەرکەوتووە، کەوا دیموکراتییەکان بە ڕێژەی سێ بەرامبەر بە یەک بۆ کۆمارییەکان زۆرتر لە ٤ ملیۆن دۆلار سەرف دەکەن، بەڵام ئەوانەی لە نێوان یەک تا چوار ملیۆن دۆلار سەرف دەکەن، ڕێژەی دوو بۆ کۆمارییەکان و یەک بۆ دیموکراتییەکانە، ئەوەش مانای ئەوەیە کۆمارییەکان لە چینی خوارەوەی ریتشیستانن، بەڵام دیموکراسییەکان لە چینی سەرەوەن لە ریتشیستان.

## ترس لە دوارۆژ:

ئەگەر لە دەنگدەرانیش وردبیتەوە، هەمان پێوەر کۆیان دەکاتەوە، لە توێژینەوەیەکی شارەزا لە بواری سامان، ڕۆس بریس دەرکەوتووە، کەوا لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٤ دا زۆربەی ئەو ملیۆنێرانەی کە سامانەکانیان لە ١٠ ملیۆن دۆلار کەمترە، لە هەڵبژاردنەکەی ساڵی ٢٠٠٤ دا دەنگیان بە سەرۆک بۆش داوە، بەڵام دەوڵەمەندە سوپەرەکان، ئەوانەی سامانەکەیان لە سەرووی دە ملیۆنە، پشتیوانی جۆن کیری بووینە، لەو توێژینەوەی برینس دەردەکەوێت دەوڵەمەندە سوپەرەکان، زۆرتر بیرو مەترسییان لە کێشەی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی گەردوون و مەترسییەکانی گۆڕانی کلیمات (ئاووهەوا) و سیستەمی پەروەردەو چاودێری کۆمەڵایەتی هەیە، وا دەزانن نەوەکانیان مەترسییان لەسەرە، ئەو تەنگژەو کێشانە لەدوارۆژا ژیانیان تاڵ دەکات.

دەوڵەمەندە نوێیەکان وا دەزانن حکومەت رۆڵی لە بواری چاودێری کۆمەڵایەتی و پەروەردە، لەبەر رۆشنایی کۆمەک و یارمەتییەکانی ئەوانەوە باش دەبێت، ئەو برە ملیۆنەی ئەوان وەک کۆمەک هاوکارن، کە لەو بوارانەدا پشتگیری حکومەت بکات. دەوڵەمەندەکانی ریتشیستان چاویان لەوەیە لەبەر سێبەری حکومەت زۆرتریان دەست بکەوێت، بەشێکیان کۆششیان زۆرە بۆ کەمکردنەوەی باج، زۆر لەو خێزانانە بەو نیگایەوە کاردەکەن، بۆیەش نووسەری کتێبی (سامان و دیموکراسی) کیڤن فیلیبس نووسیویەتی:

کەوا دەوڵەمەندەکانی ئەو رۆژگارە، سیاسەتمەدارەکانی ناو حکومەتیان گەندەڵ کردووە، لەبەر سێبەری ئەوان پارەی زۆریان دەست دەکەوێت، بەتایبەتی لە سەردەمە زێڕینەکەی ئابووری وڵاتدا.

چیرۆک و بەسەرهاتەکانی جارید پۆلیس و تیم گیل، رووێکی تری گەشی باندۆری سیاسەتە لەسەر سامان، خەڵکەکەی ولایەتی کۆلورادۆ لە کارە گەندەڵەکانی کۆمارییەکان زۆر بێزارن، ئەوان بەردەوام خەریکی هێرشی نارەوا بووینە لەسەر چەپە دیموکراسییەکان، خەمی سەرەکییان ئەو کارە لاوەکییانە بووە لەجیاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و رازیکردنی هاووڵاتییانی ولایەتەکەیان، بۆیە دەستڕۆیشتووەکان و دەوڵەمەندەکان خەمی گۆڕانیان خواردووە، بۆ گۆڕینی رەوشەکەش کەوتوونەتە کار.

لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ ئال بیتسی سەرۆکی خانەنشینی زانکۆی ولایەتی کۆلوردۆ، جارێکیان هاوشانی نائیبی گشتی ولایەتەکە کە بە نەژاد ئەفریقییە، بیرۆکەی بزاڤێکی سیاسی نوێیان بۆ گۆڕان دامەزراندبوو. لەگەڵ رووناکبیرانی دیاری ناو حزبی دیموکراسی و چەندین خاوەن کارە دیارەکان، لە کۆبوونەوەی نارەسمی لەسەر دامەزراندنی بزاڤەکە کردبوویان، لەسەر سیاسەتێکی پێشکەوتنخواز هەڤپیڤنیان کردووە، لەسەر دادو یەکسانی کۆمەڵایەتی قسەیان کردووە، بەرنامەیان بۆ باشکردنی بژێوی هەژارانی ولایەتی کۆلورادۆ کردووە، روث بریدجیر کەسی پێشەنگ بووە لە دامەزراندنی ئەو بزاڤە، کەسی پێشەنگی تریش بات سترایکر بوو، ئەو کەسەی کۆی سامانەکەی دەگاتە ١,٤ ملیار دۆلار، پارەکەشی لە شێوەی سەهمە لە کۆمپانیای بنەماڵەی (سترایکر گرۆث). لە سەرەتای ٢٠٠٤ تیم گیل هاتووتە ناو دەستەی بزاڤەکە، لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٦ دا دیموکراسییەکان توانییان لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی ولایەتی کولورادۆ ببەنەوەو ریتر پۆستی حاکمی ولایەتەکەی بردەوە.

بە پێی توێژینەوەیەک کە لە ساڵی ٢٠٠٥ دا کراوە، کەمتر لە نیوەی لەوانەی دەنگیان وەرگیراوە، وتوویانە بەڵێ:

سامان کامەرانی کردووم، بەو پارەیە دڵم خۆشە.



ڕێژەی ١٠٪ لە ملیۆنێرەکان و ڕێژەی ١٦٪ لە ژنە ملیۆنێرەکان، وا دەزانن، ئەو سامانە زۆرتر کێشەو سەرئێشەیان بۆ پەیدا دەکات، لەپەنا ئەو پارە زۆرەوە ئیسراحەتیان نەکردووە، پارەکانیان ناتوانن کێشەکانیان چارەسەر بکات. لەگەڵ گەشەپێدان و زۆری سامانی ئەمریکییەکان، کێشەو سەرئێشەی دەوڵەمەندەکانیش زۆر بووە، بەو سامانە زۆرانەی هاتوونەتە ناو کۆمەڵگاکە، کێشەو قەیرانی زۆریشیان لەگەڵ خۆیان هێناوە. راستە دەوڵەمەندەکانی کۆمەڵگەی ریتشیستانەکە یەکەی خۆشگوزەرانییان زۆر بووە، بەلەمی نازدارو خانووی بە باخچەی گەورەو فڕۆکەی تایبەتییان لەبەر دەستە، لەگەڵ سەرکەوتن بە پەیژەکانی بەدەستهێنان و بەرێوەبردنی کارەکانیان بەردەوام لەبەر کێشە و گرفتەکانیش دەناڵێنن. لەناو خێزانە دەوڵەمەندەکاندا شەڕو بژاری زۆر دێتە ئاراوە بۆ پارە سەرفکردن و سەرمایەگوزاری، لە هەموو لایەک ئەگەری ئەوە هەیە، وەک بنەماڵەو کۆمپانیای بیت موسر لەناکاو سامانەکەی هەرەس بهێنێت، خاوەنەکەی هیچی لەدەست نەمێنێت، بکەوێتە ناو قەرزو دابەزینی نرخی سەهمەکان، لەبەر ئەوەی کۆشک و تەلارو دەزگاکانیان زۆر مەزن و فرە لایەن بووە، بۆیە زۆرتر کارمەندو خزمەتکارو بەردەستی دەوێت، ئەوانەش هەموو پێکەوە، لەسەر خاوەنەکەی دەکاتە پارەیەکی زۆر، بەردەوام دەبێ قائیمەی پارە زۆرتر بدات، ئەگەر ئەو کەسە سەرمایەدارانە وا بزانن بە پارەو سەرفکردنی وەسلەکان، هەموو کێشەکان چارەسەر دەکرێن، یان گرێیەکان ئاسان دەکاتەوە، بەڵام ئەوەیان دوورە لە راستی، هەڵەن ئەگەر خۆیان بەو تێگەیشتنە ببەستنەوە، وا دیارە پارەکانیان و پرۆژەکانیان زۆرتر ژیان و رۆژانەیانی ئاڵۆزتر کردووە، راستە ئەگەر بڵێن، پێش ئەوەی ئەو هەموو سامانەیان بکەوێتە دەست، گوزەران و رەوشی رۆژانەیان ئارامترو کامەرانتر بوو. لەبەر ململانێی بەردەوام، ئەو دەوڵەمەندانە هەست بەنیگەرانی و نارەحەتی دەکەن، هەرچەندیان هەبێ، کار بۆ زۆرتر دەکەن، دیارە ئەوانە تا هەست بە ئارامی بکەن، وا دەزانن دەبێ سامانیان هەر زۆر بێت. نووسەری کتێبی فەزیلەی خۆشگوزەرانی THE VIRTUE OF PROS-PERITY دینیش دیسوزا وتوویەتی:

ئەو دەوڵەمەندانەی ئەو رۆژگارە تا بگەنە لووتکەی سامان و پارەداری، لەسەر هیچ

فرسەت و هەلێک پاز نادەن، ناوەستن، دیارە کەسیش هەرگیز نەگەیشتیتە ئاستی تێربوون لە کۆکردنەوەی زۆرترین سەرمایەو پارە. بۆ ئەو مەبەستەش بۆ کۆبوونەوەیان و کەمکردنەوەی نیگەرانی لەسەر سامان و بەرنامەکەیان، دەستە دەستە دادەمەزرێن، لەسەر خوانی ئێوارانیان باس لە خەمیان دەکەن، ئەوانەی حەقیانە ببنە ئەندام لەو دەستانە، ناکرێ سەرمایەکەیان لە دە ملیۆن دۆلار کەمتر بێت. یەکێک لەو کۆمەڵەو دەستانە دەستەی TIGER 21 پڵێنگی ژمارە ٢١ یان ناوە، ئەویش وەک هەموو یانەی دەوڵەمەندەکان، لەوانەی سامانیان لەیەک نزیکە، بۆ بەربەرەکانێ و سەرمایەگوزاری زۆرترو کاریگەری ئەو سامانە لەسەر تاکی کەس کۆشش دەکەن، بۆ ئەو مەبەستەش کۆدەبنەوە.

## مەترسییە گەورەکان:

لە یەک لە دیمانەکانی ئەو ١٢ پڵێنگانە، بە نۆرە باسی سامانەکەیان کردووە، رۆڵی پارەیان لەسەر ژیان شرۆڤە کردووە، دیارە ئەو پڵێنگانە زۆریان پیاو بووینە، مایکل سوتنیفلید یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ئەو دەستەیە، بازرگانی موڵک و عەقارات بووە لە نیویۆرک، لە قسەکانیدا وتبووی:

من لەگەڵ چەند هاورێییەک دەستمان بە پرۆژەی گچکە کردبوو، بەڵام دوایی لەسەر ستراتیژی کۆمپانیاکە کۆک نەبووین، بۆیەش دۆستایەتی و هاوکارییەکەمان هەرەسی هێنا، بەوەش سەرمایەگوزارییەکانمان رووخاو مەترسی زۆری کەوتە سەر.

ئەندامێکی تری ئەو دەستەیەش، کە بەرپرسی راگەیاندنی کۆمپانییەکی گەورە بوو، نارەحەتی لەوەدا بوو، کە خانووەکەی لە مانهاتن دەستکاری و گۆڕانی تێدا کردەوە بەناچاری لە ناویدا ماوەتەوە، ئەو ماوەیەش خۆی و خێزانەکەی زۆر نیگەران و بێتاقەت بووینە. قسەکەری سێیەمیشیان ناوی جۆرج بوو، ئەویان لە ناوەڕاستی خۆرئاوای ئەمریکاوە بوو، جاران پرۆژەی زۆری هەبووە، وتوویەتی:

ئەگەرچی من سالانە قازانجەکەم دەگاتە یەک ملیۆنیش، بەڵام لەبەر رەوشی نالەباری بازاڕی ناوخۆمان، من لە رەوشە ئابوورییەکەو سامانەکە بەترسم، نیگەرانم.



ئارثر، کە بەڕێوەبەری تەنفیزی یەکێک لە کۆمپانیاکانی خزمەتگوزاری داراییە، وتوویەتی:

من بەترس و دلەڕاوکێ و بە گومانم لەوەی بە ناوی خۆم مامەڵەو سەودا بکەم، بەتایبەتی کە نرخەکان زۆر دادەبەزن، ئەگەرچی من خۆم بەرپرسی یەکەمی کۆمپانیاکەشم، هێشتا ترسم هەیە لە فرۆشتنی سەهمەکان، بەردەوام ترسم لە دڵە، چونکە ئاساییە بەو مامەڵانە هەموو شتێکم لە دەست دەربچێت، هیچم نەمینێت، پۆستەکەم بدۆڕێنم.

هەموویان لە ئەندامانی ئەو دەستەیە نیگەرانن، کە بەیەکەوە دەبن، قسەکانیان زۆر ترسی تێدایە، یەکێکی تری دەستەی پڵێنگەکە، ناوی ئال بوو، ئەگەرچی تەمەنی نەدەگەیشتە ٥٧ ساڵ، باسی ئاڵۆزی و نالەباری تەندروستی خۆی کردووە، خەمی سەهمەکانیشی لە دڵ دەرناچێت، گوایە سەهمەکان هەرزانفرۆش کردووە، پێش چەند ساڵێک نیوەی سەهمەکانی فرۆشتووە، ئەگەر ئەو سەهمانەی لەو رۆژانە مابوایە، سەرمایەکەی زۆر زۆرتر دەبوو، ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٥ سەهمەکانی مابوایە، ئەوە سەد ملیۆن دۆلاری دەکەوتە دەست، ئەوەش خەمێکە.

لە ساڵی ١٩٩٨ مایکل سوننفیلد لە بواری عەقاراتدا، خانەنشین ببوو، دەوڵەمەند بوو، کێشەی پارەی نەبوو، قەرزار نەبوو، کۆمپانیاکەی بە دەیان ملیۆن دۆلار فرۆشتبوو، بە پارەیەکی باشی فرۆشتبوو، خۆشی چەند ملیۆنێکی تری هەبوو، لە چەندین کۆمپانیای تری لاوەکی بەش و پارەی هەبوو، بەڵام کە دەستی لە کار کێشایەوەو کۆمپانیاکەی نەما، زۆر نارەحەت بوو، دەستبەتاڵ ببوو، بۆیەش هەستی دەکرد دونیای لێ وێک هاتووتەوە، زۆر بەتام و بەسۆز باسی پارەو سامانی دەکرد، لەبەر ئەوەی بوژی ئاین بوو، بۆیە شەیدای تەئەمول و شۆڕبونەوەی ناخ و ئەندێشە دەبوو، لە ژاپۆن زۆر لە پەرستگاکان دەمایەوە، لەوێ رەوشی تاوانەوەی ناو پەرستگاکانی لا خۆش بوو، داوای لە ئەندازیارێکی دیکۆری ژاپۆنی شارەزا کردبوو، دیکۆری ماڵەکەی لە ناوەوە وەک پەرستگایەکی بوژی بسازێنێ، رێزی ئەو نەریتەی هەبوو.

بە فرۆشتنی کۆمپانیاکەی سوننفیلد هەستی بە رووخان و تەنهایی دەکرد،

هەستی دەکرد، هیچ شتێ بۆشاییەکانی بۆ پڕ ناکاتەوە، بێ ئەو دەزگایە ناحەوێتەوە، کەس و هیچ شوێنێکی تر شوێنی کۆمپانیاکەی ناگرێتەوە، بۆیە بەردەوام دەڵێ:

ئەو کۆمپانیا تەنها سەرچاوەی داهات و سەرمایەم نەبوو و بەس، ئەو کۆمپانیایە ئارەزووی سەرەکی و بووژانەوەی کاتەکانم بوو. من بەردەوام ئەو پرسیارەم لە خۆم کردووە، تۆ بێ ئەو کۆمپانیایە چۆن دەژیت؟ چۆن گوزەران دەکەیت؟ بۆیە وا باشە بیر لە دامەزراندنی کۆمپانیایەکی تر بکەمەوە؟

سوننفیلد تا دڵی خۆی بداتەوە، چاوی لەو کەسانەی وەک خۆی دەگێڕا، هاوڕێی وەک خۆی پەیدا دەکرد، زۆرن ئەوانەی وەک ئەو کۆمپانیاکانیان فرۆشتووە، ئێستاش بێ کار ماون، بە ناچاری بۆ کات بەسەربردن و ئارەزوویەک چاو دەگێڕن، لە سەرمایەگوزاری ترو سەرچاوەی تری ژیان و کات بەسەربردن دەگەڕێن، بۆ ئەو مەبەستە بۆ راوێژو یارمەتی سەردانی پارێزەرو بانکمانەکانی بنەماڵەکانیان دەکرد، ئەوانەی دەکرێ گرێی دڵیان بۆ بکەنەوە، ناچارن ئەو دەوڵەمەندانەی ئەو رۆژگارە بڕوا بە بانکە تایبەتییەکان و پێناوەکانی ئەو رۆژانە ناکەن، دیارە ئەوانە زۆرتر لە بەرژەوەندی خۆیان دەگەڕێن، شەیدای زۆرتر دەستکەوتن، نەک چارەسەر دۆزینەوەو رێنمایی بابەتی بۆ وەکیلەکان. دەوڵەمەندەکانی ئەو نەوەیە، زۆر لە کارەکانیان بە دەستی خۆیان ئەنجامی دەدەن، کەمتر راوێژ وەردەگرن، دواڕۆژی خۆیان و دەسەڵاتی کارەکانیان لەژێر کاریگەری خۆیانەوەیە، بەو شێوەیەش هەموو کارە خێرخوازییەکانیان بە خۆیان ئەنجام دەدەن.

## ناوداری زۆرتر:

سوننفیلد ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری تەنفیزییەکانی ناسراو بە لیژنەی تەنفیزی، ئەوانەی بۆ بەڕێوەبەری هزرەکانی دانوستانیان بەیەکەوە دەکرد، کە لەو دەستەیە خانەنشین بوو، داوای لە ژمارەیەک لە ئەندامەکان کرد، دەستەیەک بەناوی (پرۆسەی پاش کارە تەنفیزییەکان) دامەزرێنن، بەرنامەیان بۆ دانانی بەرنامەیەک بۆ گەشەو کاری ملیۆنێرەکان لە بواری سەرمایەگوزاری، سوننفیلد ناوی لە دەستەکە



TIGER 21 نابوو، ئەو دەستەیە کاریان بۆ راهێنانی دەستەی سەرمایەگوزاری بۆ دەرئەنجامەکانی سەدەی بیست و یەک دەکرد GROUP FOR THE INVESTMENT ENHANCED RESULTS.

ئێستا ژمارەی ئەندامانی ئەو دەستەیە دەگاتە ٨٠ ئەندام، دەستەکە بۆ چەند دەستەی گچکەتر دابەش بووە، ئەو دەستە گچکانەش ژمارەی ئەندامەکانی لە نێوان ١٠ تا ١٢ کەس دەبێت، مانگانە دیمانەی بەردەوامیان لە نێوانیاندا هەیە، هەر ئەندامێک ساڵانە ٢٥ هەزار دۆلار ئابوونە دەدات، ئەوەش وەک مەرجی بەشداربوون و ئەندامەتییە، دیارە ئەندامەکانیش سەرمایەی هەر یەکێکیان لە سەد ملیۆن دۆلار کەمتر نییە. لە دەستەی پلێنگەکاندا، هەرچەند ئەندامەکان ژمارەیان زۆرتر دەبێت، کێشەو ئاڵۆزی رۆژانەی ژیانیان زۆرتر دەبێت، ئەوانەش بەیەکەوە، باری دەستەکەو بەرنامەکان قورس دەکات، ناچارن لە کێشەکانی پەروەردەی مناڵە دەوڵەمەندەکانیان دێنە پێش، بەپێویستی دەزانن لە ساردی پەیوەندی و دۆستایەتی نێوانیان بکۆڵنەوە، هەروەها بەردەوام کێشەی ناوخۆی خێزانەکانیان دێتە پێشەوە، شەڕو ناکۆکییەکان لەسەر سامانەکانیان هەیە، بۆیە یەکێک لە ژنە ئەندامەکان کە ژمارەیان کەمە، وتوویەتی:

ئەوەی من بە دەستەی بەڕێوەبەرانی دەستەکەی رادەگەیێنم، یان ئەوەی بۆیان ئاشکرا دەکەم، بۆ مێردەکەم و مناڵەکانیشم ئاشکرای ناکەم، دڵی خۆم تەنها بۆ ئەوان دەکەمەوە، ئەندامەکان شارەزان، لە زۆر لایەنەکانی ژیان و رۆژانەو پێویستییەکان ئاگادارن، بۆ نموونە نرخی پێڵاوەکەی پێم دەزانن، هەست دەکەن، من لەگەڵ دایکم چۆن هەڵسوکەوت دەکەم.. من هەموو شتە تایبەتییەکانی خۆمیان بۆ دەدرکێنم.

ئەندامێکیان جارێکیان لە بەرنامەی کۆبوونەوەیەکدا دەرچووەو ناوەرۆکی باسەکەی گۆڕیوەو باسی کێشەی خۆی و کیژە هەرزەکارەکەی کردووە، بە دانیشتووانی ناو دیمانەکەی راگەیاندووە، کەوا کیژەکەی کەم دەردەکەوێت، من لەبەر کاری زۆرو سەرقاڵی بەردەوام لەسەر پرۆژەکانم، ئاگام لەو نەبووە، بۆیە کەم دیمانەمان بووە، ئێستاش هەست دەکەم، پێویستە کیژەکەم بێتەوە ناو بازنەی

خێزانەکەم، بۆیە یەکێکیان پێشنیاری بۆ کرد، بە زووترین کات لەگەڵی دانیشێت، داوەتی خوانێکی دەرەوەی بکات، بەیەکەوە قسان بکەن، ئەوەش با بەردەوام بێت، ئاسایی ئەگەر هەموو رۆژانی شەممە بێت، بەتایبەتی بەیانییەکەی. پیاوەکە پێشنیارو ئامۆژگاری ئەندامەکەی بە هەند وەرگرت، لە یەکەم خوانی بەیانی رۆژی شەممەدا کیژەکەی داوەت کردبوو، بەردەوام ئەو داوەتەی بۆ سازکردبوو، پاش ماوەیەک لە کۆبوونەوەیەکی تری دەستەی پڵینگدا، سوپاسی ئەندامەکەی کردبوو کە پێشنیارەکەیان بۆ کردبوو، هەموو لایەک چاک گوێیان لە پێشنیارەکە راگرت، بەڵێنیان دا، هەموو لایەکیان پەیڕەوی بکەن، بەوەش پەیوەندە ساردییەکەی ناو خێزانەکانیان گەرم دەبێتەوە.

لە دیمانەیەکی تر، یەکێک لە خاوەن کۆمپانیایە تەکنەلۆژیاکان کاری تەواو بووەو خانەنشین بووە، لەناو گەرمەی بازاڕو کارو بەرنامەدا، بێ کار بوو، کاتی زۆر بوو، بۆیەش هەستی بە دڵتەنگی و تەنیایی دەکرد، بە پەرۆشی لە کارو بەرنامەیەکی نوێ دەگەڕا، شەیدای دۆزینەوەی بوارێک بوو، دڵشادی بکات، هانای خۆی بۆ پڵینگەکانی دەستەکە بردبوو، یەکێکیان بۆی پێشنیاری کردبوو، وا باشە خۆت بە پەروەردەکردنی مناڵان سەرقاڵ بکەیت، رەنگە ئەوەیان کامەرانت بکات، ئەویش بیرەکەی بە سینگ فراوانییەوە قبوڵ کردبوو، پاش ئەوەی ماوەیەک کاری پەروەردەیی منالانی کرد، هەستی کرد دڵشادەو بەرنامەکەی بە باشی و بە سەرکەوتوویی بەڕێوە دەچێت.

بەسەرکەوتنی بەرنامەکانی دەستەی پڵینگ، لە چەندین ولایەتی ئەمریکا لق و بەشی نوێیان کردەوە، بیردۆزەکە گەیشتە ناو وڵاتانی ئەوروپاش.

بەرنامەی کۆمەک و یارمەتی دەوڵەمەندەکانی لە لایەن دەوڵەمەندەکان خۆیانەوە، ناوبانگی دەرکرد، لە بۆستن هەڤاڵبەندی سی سی سی CCC ALIANCE دامەزرا، ئەو هەڤاڵبەندە نوێیە کەس بە ئەندام وەرناگرن ئەگەر سامانەکەی نەگاتە ١٠٠ ملیۆن دۆلار، کارەکەیان سەری گرت، ژمارەی ئەندامەکانیان گەیشتە ٨٠ خێزان، کەوتنە کارو لەگەڵ ماڵباتانی ناو ئەوروپا پەیوەندییان بەست.



## هەستکردن بە گومان:

لە نیویۆرکیش دەستەیەک بەناوی METCIRCLE دامەزرا، ئەوانیش کەسیان وەرنەدەگرت، سامانەکەی لە سەد ملیۆن دۆلار کەمتر بوایە. ئیمڕۆ ژمارەی ئەندامەکانیان دەگاتە ١٠٠ ئەندامی دەوڵەمەندی خاوەن سەرووی سەد ملیۆن دۆلار. لە کالیفۆرنیاش دەستەیەک بەناوی ئێم ٣ دامەزرا، لە نیویۆرک ئامۆژگەی سەرمایەگوزارە تایبەتییەکان و لە شیکاگۆش نووسینگەی سەرفی خێزانیش هاتە دامەزراندن. لە نیویۆرک ژنان کەوتنە خۆ بەناوی FINANCIAL CIRCLE دەستەیەکیان تەنها بۆ ژنە دەوڵەمەندەکانی ناو وڵاتە یەکگرتووەکان دامەزراندبوو.

دامەزرێنەری هەڤاڵبەندی سی.سی. سی لیرد بندلتۆن و نەوەی بنەماڵەی بتکیرن، وتوویەتی:

زۆربوون و گەشەی ئەو دەستانە بۆ بنەماڵەی دەوڵەمەندەکان لەوە سەرچاوەی گرت و ژمارەیان زۆربوو، کە هەستمان بەوە کرد کەوا دەوڵەمەندە نوێیەکانی ئەو رۆژگارە، زۆر هەست بەنامۆیی و گومان دەکەن، زۆرتر لە شێوەی سەربەخۆ دەجووڵێنەوە.

ئەندامانی ئەو دەستە تایبەتە بە دەوڵەمەندەکان، بۆیان هەیە چاو لە سەفقەکان و زانیارییە داراییەکان بکەن، بۆیان هەیە دیمانە بە شارەزا ئابوورییەکان ساز بکەن، دەکرێ پێناوەکانی مامەڵەو پارەو بازرگانییەکان و بەڕێوەبەرەکانی سندووقەکانی پاشەکەوت ببینن، هەموویان بۆیان هەیە لە ئەزموونە بازرگانی و سەودا بازرگانییەکانی خۆیان بدوێن.

لە هەموو کۆبوونەوەکانی دەستەی پڵینگی ٢١ دا، هەر یەکێکیان لاپەڕەی دارایی و ناوەرۆکی پرۆژەکان و سامانەکەی ئاشکرا دەکات، هەر لەو دیمانەیەدا باس لە کێشە تایبەتییەکان دەکات، ژمارەی میزانییەو سەرمایەکان و ئیستمارەکان و ژمارەی ئەو پارانەی بە رێکخراوە خێرخوازییەکانی بەخشیوە، ئاشکرا دەکات، لەگەڵ کردنەوەی ناوەوەی کەسەکەو خەرجییەکانی لە سەرمێزی دیمانەکە ئاشکرا دەکرێت. کە کرڕگێڕ ئاخاوتنەکەی تەواو دەکرد، هەموویان بۆیان هەبوو، پرسیاری لێ بکەن، وەک، ئاواتی ژیانت چییە؟ بە چی قەناعەت دەهێنیت؟

**باریس هیلتۆن.. دێوەزمەکە:**

لە یەکێک لە دانیشتنەکان نۆرە گەیشتە سەر جۆرج، نۆرەی ئەو هات پرۆژەکانی باس بکات، بەرنامە ئابوورییەکانی پێناسە بکات، ئەویش وتی:

من جانتایەک پارەم هەیە، قیمەتەکەی ٥٠ ملیۆن دۆلارە، لە سەرمایەگوزارییەکانم ساڵانە ٣٠٠ هەزار دۆلارم دەست دەکەوێت، لە چەندین ئەنجومەنی ئیداریدا ئەندامم، لەوانەش ٨٠٠ هەزار دۆلارێک قازانج دەکەم، ئەوەشم دێتە دەست، لەنێوان ٧٠٠ هەزار تا ١,٣ ملیۆن دۆلاریش مەسرووفاتمە، نیوەی ئەو پارەیە بە باج و کۆمەک و یارمەتییەکانی رێکخراوە خێرخوازەکان، نیوەکەی تریش لە رەهنەکانی مۆڵکەکان و ریستوران و ئوتومبێل و گەشتە هاوینەکان و مەسرووفی رۆژانەمە.

هەروەها بۆ وەڵامی ئاواتی ژیانت چییە، وتبووی:

من هەست بە ئارامی دەکەم، پارەم هەیە، بەو پارەیەش خۆش رادەبوێرم، بە جوانی مناڵەکانم بەخێودەکەم، لەگەڵ ماڵەوەمان باش و خۆش دەژین، هیچ کێشەمان نییە.

جۆرج سەبارەت بە کارکردن و سەرمایەکەشی وا دەزانی، پارەکەی لە کۆمپانیایەک بخاتە کار خۆی بەڕێوەبەرەکەی بێت، ئەو لەو پێگەیەدا لەناو بازنەی بڕیارو بەرژەوەندییەکانی باشتر دەڕوات. جۆرج وا دەزانی سامانەکەی باندۆری لەسەر مناڵەکانی هەبووە، ترسی لە دوارۆژی ئەوانە، ئەگەرچی کوڕە گەورەکەی لە سەرمایەگوزارییەکانیدا پارەی باشی هاتووتە دەست. سەبارەت بە کوڕەکەی وتوویەتی:

راستە من لەو دڵنیام، بەڵام لە دوو مناڵەکەی ترم دڵنیانیم، رەنگە پارە ئەوان بگۆڕێت. بۆیە یەکێکیان وتبووی، ئەوەیان کارەساتی بەدواوەیە، ئەوەی تریان وتبووی، لەسەر پارەکە دەبێتە ناکۆکیمان. بەڵام جۆرج دەڵێ:

من دڵم بەوە خۆشە، رەنگە یەکێکیان باش بێت، ئەویان دووەمەکەیان رزگار دەکات، هیوام بەویان زۆرە.

ئەو دەوڵەمەندانە حەقیانە لە مناڵەکانیان ترسیان هەبێت، نموونەی زیندوو و ئاشکرای وەک باریس هیلتۆن روون و دیارە.



دەوڵەمەندەکانی ئەو زەمانە، بە بەرنامە کار بۆ ئەوە دەکەن، ئەوەی لە مناڵی بۆیان نەچوویتە سەر بۆ مناڵەکانیان، جگەرگۆشەکانیان دەستەبەری بکەن، ئەوان وەک مناڵی خۆیان بێبەش نەبن، هاوشانی ئەو بەرنامەیەش کۆشش دەکەن، نەوەکانیان، لە کاری بە بەرنامەو کۆششی جدی رابهێنن، بۆ گونجان و سازکردنی ئەو بوارەو کارو کۆشش، لەگەڵ رابواردن و خۆشییەکانی ژیان و پارە سەرفکردن، رۆژانەیان وەک لە ئۆردوگایەکی هاوینەبن، وا دەژین، واش کار دەکەن.

رایان ئاشتربرگ تەمەن ٢٣ ساڵ، خەڵکی کالیفۆرنیایە، رووبەڕوو لەگەڵ دەستگیرانەکەی لەسەر مێزێک روونیشتبوون. بە نەرمی قسەیان دەکرد، ئاخاوتنەکەیان بەو شێوەیە بوو.

دەستگیران:

من بەوە دڵشادم لە ماوەیەکی کەم من بۆ تۆ دەگوازرێمەوە، لەیەک هەواردا بەیەکەوە دەژین، بەڵام حەز دەکەم، بپرسم؟

رایان:

بێگومان، من لەبەر چاوی تۆ هاتووم، بپرسە.

دەستگیرانەکە:

لە ماڵەوە داوا دەکەن، مارەییەکەمان بنووسین.

رایان:

دیارە دەتەوێ رێکەوتنی دوای جیابوونەوە مسۆگەر بکەیت، بۆیە داوای تۆمار دەکەیت؟

دەستگیرانەکە:

بەڵێ، ماڵەوەمان داوای ئەوە دەکەن، دەیانەوێ دوارۆژی هاوسەرگیرییەکە بزانن.

رایان:

دیارە تۆ بڕوات بە من نییە.

دەستگیرانەکە:

تۆ باش دەزانی من بڕوام بە بەڵێنی تۆ هەیە، بەڵام مانای ئەوەش نییە ئەندامێکی بنەماڵەکەتانم، ئەوەش پەیوەندی بەوەی نێوانماندا نییە، چ روو دەدات ئەگەر من مردم و تۆ ویستت ژن بهێنیتەوە؟ وا بزانم لەوە تێدەگەیت کە ماڵەوەمان چەند مەبەستیان منە، چەند خەمی دوارۆژی منیان لەبەرە، ئەوە باش دەزانی.

رایان سەری بۆ باداوەو وتوویەتی:

من لەسەر ئەو بابەتە دانوستان ناکەم.

ئەو چەند دێڕەی سەرەوە، دانوستانێکی راستی نەبوو، دەمەتەقێیەک بوو دکتۆر لی هۆسنر سازی کردبوو، ئەو رۆڵی دەستگیرانەکەی دەگێڕاو رایانیش رۆڵی پیاوەکە، بەڵام پیاوێکی هەژار. ئەو دەمەتەقێی ناو توێژینەوەیەک بوو کە ژنە دکتۆر هۆسنر بەناونیشانی بەندەری کارامەییەکانی ژیانی دارایی FINANCIAL LIFE SKILLS RETREAT. سازی کردبوو.

## بەندەری کارامەیی:

بەندەری کارامەییەکان بۆ دەوڵەمەندەکان وەک خێوەتگەی هاوینەیی بوو، بەتایبەتی بۆ گەنجەکانیان. کیژو کوڕەکانی ملیاردێرەکان دوو رۆژ لە مانگی یولیوو دوو رۆژیش لە مانگی ئوکتۆبەر لێرە کۆدەبنەوە، لە زانکۆی کالیفۆرنیا ـ ئابرفین ئەو گەنجانە کۆد ەکردێنەوە، مامۆستایانی تایبەت لە بوارەکانی سامان و پارەو میرات دەرسیان دەدەن، فێریان دەکەن، کە سامانی باوک و دایکیان بۆ مایەوە، چۆن سەرفی بکەن، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو پارە زۆرەیان بکەن. باسی پاشەکەوتی پارەو سەرمایەو قازانج و بەڕێوەبەردنی قەرزەکانیان بۆ دەکەن.. هەموو وانەکانیان لەو چوارچیوەیەدایە. لەو دیمانانەدا ئەو کیژو کوڕانە فێردەکەن، لەگەڵ دۆست و یارەکانتان هەرگیز پەیمانی هاوسەری مۆر نەکەن، فێریان دەکەن چۆن پارە لە ماڵەوەیان بە قەرز وەرگرن، لە کاری رۆژانەی ژیانی ئاسایی کارامەیان دەکەن، لەو کۆرسانەدا رادەهێنرێن چۆن دەست بە پارەکانیان وەربگرن، چۆن لەگەڵ کەسانی تر



کاربکەن، چۆن لە کار وەرگرتن و پێشوازیدا قسەو ڕەفتار دەکەن، لە هەمووش گرنگتر فێریان دەکەن، چۆن ئاگاداری پارەو سامانەکەیان بن و بەفیڕۆیان نەدەن.

دیاردەیەکی مێژوویی تازەیە، بۆ ملیۆنێرەکان و هیواو دوارۆژ، کە لە خوارووی کالیفۆرنیا هەندێ لە نەوەکانی سەرمایەدارەکان و دەوڵەمەندەکان دەستیان ئیشی گرت و لەو کارو سەرمایەگوزارییانەدا سەرکەوتن، باوکەکان و بازاڕەکان بەو پێشهاتە زۆر کامەران بوون. بەڵام بەرنامەی بەندەری کارامەییەکان، کە کۆمپانیای IFF ADVISORS بەڕێوەی دەبات، بەردەوامە تا نەوەی دەوڵەمەندەکان لە کارو بازاڕ رابهێنێت. داوگ فریمان لە کۆمپانیاکە وتوویەتی:

وا خەریکە کوڕ و کیژەکانی ئەو دەوڵەمەندە نوێیانە میراتیان بکەوێتە دەست، زۆری نەماوە، بەڵام زۆر لە مناڵەکان ئامادە نەکراون، هێشتا زۆریان ماوە فێر بکرێن، ئەو سامانە زۆرە چۆن وەرگرن، چۆن بێنە ناو بازاڕو پاش نەمانی خانەوادەکانیان کۆمپانیاکانیان بەڕێوەبەرن، دیارە ئەوەش لێهاتوویی و لێزانینی زۆری دەوێت، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کێشەی گەورەیان بێتە رێ.

## مناڵی ئورستقراتییەکان:

بە پەیدابوونی ئەو توێژە زۆرە لە دەوڵەمەندەکان لە ئەمریکا، نەوەیەکی نوێش لە مناڵی ئەوان هاتنە ناو کۆمەڵەکە، دەکرێ بگوترێت ئیمڕۆ لە ئەمریکا ملیۆنێرەکان زۆرتر لە ٤ ملیۆن مناڵیان هەیە. بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە ئامۆژگەی بۆستن بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی Boston College Social Wel fare بڵاوی کردیتەوە، لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٥٢ نزیکەی ١٥ تریلیۆن دۆلاری ئەو دەوڵەمەندە نوێیانەی ریتشیستان دەکەوێتە دەست مناڵەکانیان، وەنەبێ ئەو ژمارەیەش هەموو ئابووریناسان لەسەری کۆک و هاوبیربن، بەڵام هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی لە دە ساڵی داهاتوو لێشاوێک لە دراو و سامانێکی زۆر دەکەوێتە دەست نەوەیەکی نوێ.

دەزگاو ئامۆژگەکانی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، زۆر کار لەسەر سامان و پارەی ئەو توێژە دەکەن، دەزگای پرێنس ئاسوشیتس PRINCE&ASSOCIATES لە ئەنجامی کارو تێڕوانینەکانی بۆی دەرکەوتووە، کەوا رێژەی ٧٥٪ پارەی ئەو

ملیونێرانە دەبێتە مولّكی نەوەكانیان، ئەو ڕێژەیەش لەناو ئەو بنەمالانەی سامانەكانیان ٢٥ ملیۆن دۆلارو زۆرترە، ئەگەری ئەوە هەیە بەرزتر بێت. ئەوەش دەرئەنجامێكمان بۆ ئاشكراو روون دەكاتەوە، كەوا دەوڵەمەندەكان بەنیازنین سامانەكانیان، لە پاش خۆیان بۆ ڕێكخراوە خێرخوازەكان جێ بهێڵن، بە نیازن بەسەر منالّەكانیان ببەخشنەوە. هەرچەند ئەوانە پارەیان زۆرتر دەبێت و كاتیان هەبێت، پارەكەو كاتەكانیان بۆ منالّەكانیان تەرخان دەكەن. لەوانە ڕێژەی ٤٠٪یان بوار خۆش دەكەن منالّەكانیان، بێ بەرنامەو بۆ حیسابكردنی بەسەرداچوونەوە پارە سەرف بكەن، بەكورتی فێریان دەكەن دەستبلاوبن، ئەو منالانەش بواری بازاڕی گەرم و بەجۆش خۆش دەكەن.

## پێشوازییەكی رەسمی:

ئەو بەندەرە بۆ ئەو منالانە، وا خەریكە یاریگەو مەڵبەندی پێنج ئەستێرەیی دروست دەكات. كە ئایلین بیری دایك و شارەزا لە پەروەردەكردنی دەوڵەمەندەكان، كیژە تەمەن چوار ساڵییەكەی، لە شاری سكۆتادل لە ولایەتی ئایریزونا بردە هوتێلی فۆر سیزون Four SEASO، بە شێوەیەكی شكۆداری رەسمی پێشوازییان لە منالّەكە كرد، چەندین دیارییان بەو منالّە بەخشی، لەو داینگەیەدا هەموو شتە جوانەكان بۆ منالّەكان دابین دەكەن، مەلەوانگەی تایبەت و ریستورانی تایبەتی تێدایە، هەموو كەلوپەلەكانی ئەو ریستورانانە بۆ جوانی و لەبەر زەوقی منالان لە زیو دروستكراویان بۆ دادەنێن، منالّیش تا كاتژمێری چواری ئێوارە دەمینێنەوە، وا هەست دەكەن لە مالّی خۆیانن بێزار نابن.

هوتێلی بریكرز BREAKERS لە دەڤەری پالم بیتش، كە جاران هەواری خانەنشینان بوو، ئیمڕۆ كراوەتە هەوارێك تایبەت بە منالان، بۆ كات بەسەربردنی خێزانەكان چەند بواریان بۆ سازكراوە، بۆ ئەو مەبەستە سالۆنی یاری هەمەجۆرو ریستورانی ئیتالی بۆ منالّەكان و ژووری تایبەتی كۆمپیوتەرو یاری منالانە زۆرە، بۆ چاودێری و پەروەردەكردنی منالّەكانیش ژمارەیەكی زۆریش كەسانی شارەزا لە بواری بەخێوكردنی منالان BABYSITTERS هاتوچۆیانەو كاردەكەن.



لەوبەری شەقامەكەش فرۆشگایەكی جلی منالان بەناوی ARISTOKIDS هەیە، بۆیەش ناوی ئەو فرۆشگایەش دەهێنین، چونكە نرخەكانی زۆر خەیالّین. یەكێك لە فرۆشیارەكانی ناو فرۆشگاكە پێڕاگەیاندین، كەوا شتەكان بە گرانی دەفرۆشین، بۆ نموونە پێلاو هەیە، پیستەكەی لە پیستی مامزە، لەبەرئەوەی لە مادەیەكی ناسك و بەقیمەت دروست كراوە، بۆیە نرخەكەشی بەرزە، نرخی یەك جووتی بە ٨٩٩ دۆلارە. ئەگەرچی پارەی سالانەی دانانی منالّ لە باخچەی ساوایان دەگاتە نزیكەی ٢٧ هەزار دۆلار، هێشتا باخچەكە جمەی دێ لە منالّی دەوڵەمەندەكانی دەڤەرەكە. لە هەندێ لە شارە گەورەكاندا پارەی دانانی منالان لە قوتابخانە ئەهلییەكان زۆر لەو پارەیە زۆرترە، دەگاتە سێ ئەوەندە ئەو پارەیە. لە بەرنامە تەلەڤزێونیەكاندا نیشان دەدرێت، كە چۆن منالّی دەوڵەمەندەكان باسی مۆدیلی ئوتومبێلەكانی مرسیدسی نوێ دەكەن، بۆ یادی لەدایكبوونی منالّێك ئاهەنگێك سازكراوە لەو ئاهەنگەدا ٢٠٠ هەزار دۆلار سەرف كراوە. لەو ماوەیەدا بەتایبەتی كیژی دەوڵەمەندەكان پێشبڕكێ دەكەن، تا لەو ئاهەنگە تایبەتییانەدا پارە زۆرتر سەرف بكەن، كۆشش دەكەن و پارە زۆرتر تەرخان دەكەن، تا بكارن نازناوی نازدارترین ئاهەنگی لەدایكبوون وەرگرن. ئەو رەوتەو ئەو شێوە پارە سەرفكردنە لە لایەن باریس هیلتۆن لە بەرنامەی تەلەڤزێونی THE SIMPLE LIFE ئاماژەی پێدراوە، هەروەها ئالی كیژی تۆمی هیلفیگر و هاوڕێیەكەی جامی گلیشریش باسیان لەوە كردووە.

لەو رەوشە تازەی منالّە دەوڵەمەندەكان، لەو خۆشی و رابواردنەش كێشەو سەرئێشەی زۆریان بۆ مالّەوەش دەخولقێنن، بۆیەش بەناچاری و لەبەر پێویستییەكانیش پیشەسازییەكی نوێ لەو كۆمەڵگایە سەری هەڵداوە، كاری بۆ كراوە، چۆن ئەو كێشە ئالّۆزی منالّەكان چارەسەر بكەن، چۆن باوكان سەریان سووك بێت، لەناو گێژاوی منالّە لاسارەكانیان سەرقالّ نەبن و خەریكی كاری لاوەكی نەبن. بۆ چارەسەركردنی ئەو لایەنەش چەندین كەسانی پسپۆر توێژینەوەو بەرنامەیان داڕشت، كار بۆ ئەوە كراوە، تا پارەكان بۆ مالّەوە نەبێتە ناخۆشی و نیگبەتی، چۆن منالّەكان شیرینییەكە تالّ نەكەن. ئەو منالانە ئەوەندە بە نازو بە خۆشی گەورە بوون دەست و پێ سپی بوون، هیچیان لەدەست دەرناچێت، نەك هەر

کاریان پێناکرێت و بەکەڵک بازاڕ ناهێن، ناتوانن کاری ڕۆژانەی ژیانی تایبەتی خۆیان بەڕێ بکەن، ناتوانن خۆیان بگونجێنن، ناتوانن ماڵەکانیان پاک و خاوێن ڕاگرن، ئەوانە بەردەوام یارمەتی و کۆمەکییان لە ماڵەوەیان وەرگرتووە، هەر کارمەندەکانی کۆمپانیاکانیان کار ئاسانییان بۆ کردوون، پشتیوانیان بوون.

خاتوو ئایلین بیری دامەزرێنەری دەزگای ویلثبریدج Partnew Wealth Bridge کە تایبەت بە هاوکاری و ڕێنمایی کاروباری دەوڵەمەندەکانە، وا دەزانێ:

باوکە دەوڵەمەندەکان، هەموو شتەکان بۆ منداڵەکانیان دەستەبەر دەکەن، پێویستییەکانیان بەباشی و بەچاکی بۆ ئامادە دەکەن، بەڵام ئەگەر لە دیوێکی ترەوە تەماشای ئەو هەڵسوکەوتە و ئەو نازە بکەین، ڕەوشتی منداڵەکانیان خراپ دەکەن.

سۆنیا لۆپر پرۆفیسۆری دەروونناسی و پەروەردە لە زانکۆی کۆلۆمبیا، لەو دیاردەیەدا لایەنی ترسناکتر دەبینێت، ئەو وا دەبینی، کەوا ئەو منداڵانە ڕەچاوی ئەوەیان لێ دەکرێت بەدڕەوشت بن، دەکرێ ئەوانە یاسابەزێن بن، ئەگەر منداڵە لاسارەکانی کۆڵانە میللییەکان و شارە گەورەکان کاری دزێوی و توندوتیژیش بکەن، یان دەست بدەنە چەکیش، ئەوە ئەو منداڵانە، لەو ژینگە تێرو خۆشەدا ئەگەری ئەوە هەیە پارە لە ماڵەوەو لە برادەرەکانی بدزێت. لۆپر وا دەزانێ لە هەر پێنج منداڵێکی ئەو خێزانانە، یەکیان هەست بە خەمۆکی و دڵتوندی دەکات، ئەو ڕێژەیەش لەگەڵ منداڵانی تری ناو کۆمەڵ زۆرە. لە توێژینەوەیەکی تردا دەرکەوتووە، منداڵانی ئەو دەوڵەمەندانە زۆرتر خولیای کحولن، ئەوان زۆرتر دەخۆنەوە.

دەوڵەمەندەکانی ئیمڕۆ لەگەڵ ئەوانەی دوێنێ لە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ منداڵەکانیان زۆر جیاوازن، گۆڕان لەو مەسەلە بە باشی هەستی پێدەکرێت، پێش هەشتاکان میرات وەرگرتن، تەنها لەناو خێزانە خوێن شینەکاندا هەبوو، ڕێزی پەروەردەکردنی زارۆک هەبوو، کەمیان باسی پارەیان دەکرد، کۆششیان دەکرد منداڵەکانیان زۆر لەبەرچاوان نەبن، بۆ ماڵەوەیان کێشەو ئاشووبەیان نەدەهێنایەوە، فێریان دەکردن پیشەی بەڕێزو کاری ماقووڵ فێربن. دیارە ئەو دەوڵەمەندانەش لە پێدانی زۆری و کەمی ئازادییەکان منداڵەکانیان جیاوازن، بۆ هەستکردن و لێپرسینەوەشیان هەستی بە جیاوازی دەکرێت، ئەوانی دوێنێ، بە کۆشش و هاوکاری قوتابخانە ناوخۆیییەکان



و کەنیسەکان و یانە کۆمەڵایەتییەکان و گەشتە هاوینەکانیان، باشتر ڕێنمایی دەکران، باشتر سوودیان لە شوێن و کات دەبینی، بۆ خولقاندنی منداڵان وەک هەڵبژاردەو هەڵکەوتن، زۆرجار ئەنجامەکەی باش نابێت.

نیلسۆن ئولدریتش ئەوەی دۆستایەتی و پەیوەندی بە بنەماڵەی ڕۆکیفللرەوە پتەوەو نووسەری کتێبی THE OLD MONEY سامانی کۆنە، وتوویەتی:

قوتابخانە ناوخۆیییەکانی پێش پەیدابوونی ئەو دەوڵەمەندانەی ئەو زەمانە، باندۆریان لەسەر میللەت زۆر کاریگەر بوو. دەوڵەمەندە کۆنەکان بێ منەت بوون پارەیان بە تێری لە پێش منداڵەکانیان دادەنا، پێویستی نەدەکرد، ڕێنماییان بکەن، منداڵەکان گوێیان لە پارێزەرەکان رادەگرت، ئامۆژگارییان لە کەسانی شارەزا وەردەگرت، پارەیان لە دەست بوو، پێویستییان بە هیچ لە ئامۆژگاری و دەست لە پشتدان و ڕێنمایی نەبوو.

## سەرمایەگوزاری زیرەکەکان:

دەوڵەمەندەکانی ئەو ڕۆژانە نایانەوێت، هەڵەکانی دوێنێی دەوڵەمەندەکان دووبارە بکەنەوە، نایانەوێ نەوەیەکی تەمبەڵ و نەخوێندەوار پەیدا بکەن، بۆ منداڵەکانیان قوتابخانەکانی ناوخۆییان بە قوتابخانەی ڕۆژانە گۆڕیووە. ئەوانە نەوەی چینێکی ناوەندی کۆمەڵن، بۆیەش درێغی ناکەن ئەدەبیاتی خۆیان و بەرنامەی کارەکانیان بۆ منداڵەکانیان بگێڕنەوەو فێری ڕێچکەکەیان بکەن، باوکان لەناو خۆشی و کامەرانی منداڵەکانیانەوە دەرسی کۆنی خۆیانیان بۆ دەڵێنەوە.

لە ڕاپرسییەکەدا کە لەناو دەوڵەمەندەکاندا کراوە، ڕێژەی ٨٦٪ لەوانە وا دەزانن، منداڵەکانیان زۆر گرنگە فێربن، قیمەتی پارە لە کارەکانیانەوە بگرن، لەوانە سێ بەشیان وایان لا باشە منداڵەکانیان لە پاش دەوامی ئاسایی خوێندنیان ئیشیش بکەن. دەیانەوێ منداڵەکانیان بەڕاستی لە مەیدانا خەباتگێڕبن، دەیانەوێ بە دەستی خۆیان سامان و پارە بۆ خۆیان کۆبکەنەوە، ئەگەر هەر پارەش کۆنەکەنەوە، سامانەکە نەفەوتێنن. چەندین کۆمپانیای ڕاهێنانی منداڵە دەوڵەمەندەکان لە چۆنیەتی سەرفکردنی پارەی ماڵەوەیان، چۆنیەتی کارکردن و بەردەوامی بە بەڕێوەبردنی

سامان و کۆمپانیاو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ پارێزەرو پێناوەکان، هاتە دامەزراندن، باوکان خەمیان لەو بەرنامە خواردو کۆشش زۆربوو، تا ئەو هیوایەی مناڵەکان پارەکانیان بەفیڕۆ نەدەن، بێتە دی، تا لەدەست بەڕێوەبەرانی بانکەکان و بازاڕ هەراسان نەکرێن، ئەوەش هەر باوکان بۆیان مەیسەر نەدەبوو، بۆیە چەندین ئامۆژگەو کۆمپانیا بۆ ئەو مەبەستە سازکران، یەکێک لەوانە لە واشنتۆن کۆمپانیای WEAL THBRIDGE PARTNERS دامەزرا، دی ، سی و ئی ، ئیف ئیف لە شارەکانی وەک نیویۆرک و دالاس و کالیفۆرنیاو شاری تریش لق و نووسینگەیان کردەوە. منداڵەکان لەو دەزگایە پەروەردەییانە دروست بوون و نماکردنی کەسایەتی و راهاتن لە کارامەیی سەرکردەو بڕوابوون و متمانە لەگەڵ خەڵکی تریان فێردەکردن، فێریان بکەن بە چ شێوەو بەرنامە دانوستان بکە، چۆن سەوداو تێکەولێکە بکەن. بەرپرسی کۆمپانیاکەی ئیف ئیف وتوویەتی:

ئێمە ناکرێ جێگای باوکی ئەو منالانە بگرینەوە، بەڵام دەکارین ئێمە فێریان بکەین، ئەوانە لە دوارۆژا لە بازارا، چۆن بەها ئەساسییەکان فێربن و بناسن، چۆن هەست بە لێپرسینەوەو رابەرایەتی بکەن، بڕوایان پێ بکرێت، مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، راستگۆییان فێر دەکەین، دیارە خێزانەکانیش بۆ ئەو رەوشتانە منالەکان رادەستی ئێمەو مامۆستا شارەزاکانمان دەکەن. لەو کۆرسانەو بەو بەرنامەیە چڕوپرە، ئەو ئامۆژگایانە ئەو منالانە، لە منالە دەوڵەمەندی ئاسایی دەگۆڕن بە ئەندامێکی سەرمایەگوزاری شیاو و سەرکەوتووی دوارۆژ لە کۆمەلەکەیاندا.





١٠

هەموو رۆژێک بەیانییان کاتژمێر حەوت و نیو، چەند ئوتومبێلی مارکە لاندرۆڤرو بی ئیم دبلیوو مرسیدس، لە پارکەکەی بەردەم زانکۆی کالیفۆرنیا ـ ئایرفین دەوەستن، لەو ئوتومبێلە نازدارانە چەندین گەنجی لە تەمەنی ٢٠ سالانەی لێوە دادەبەزی، روو لە سالۆنەکانی خوێندن دەکەن، هەموو لە کافتریادا یەکتریان ناسیوە. یەکێک لەوانە (کایل سیرکل)ە، ئەو کوڕە بە جینز دەبینرێت، گوتراوە کەوا ئەو کوڕە کوڕی پاشای فرمۆلەی نیویۆرکە، لە دوای ئەو، هەردوو خوشک (تینا) و (لیزا) ش لەو زانکۆیە دەبینران، خۆیان دەڵێن: باپیرمان سامانی زۆری بۆ جێ هێشتووین، پارەکەی لە بازرگانی عەقارات دەستکەوتووە.

لەدوای ئەو دوو خوشکە نۆرەی (تیم) دێت، ئەویش باوکی لە مینوسوتا کێڵگەیەکی هەیە، خوشک و برایەکیش کە باوکیان بازرگانی پەڕاو و کەرەستەی نووسینگەیە، لە دواوەی ریزەکان بە ماندوویی و نارەحەت دانیشتبوون، بە مەلوولی چاویان لە سەعاتەکەی دەستیان بوو. لەو شوێنەدا دەیان گەنجی منالە دەوڵەمەندەکان هەبوون، کۆی سەرمایەکانیان دەگاتە سێ ملیار دۆلار.

سەرەتا لەو خوێندکارانەم پرسی:

ئێوە هاتوونەتە ئەو کۆرسە، دەتانەوێ چیتان فێربکەن.

هەموو وەڵامیان دایەوە:

ئێمە لەسەر داوای ماڵەوەمان، باوکمان ئێمەی ناردووە.

ئەوە ١٩ ساڵە هۆسنر لەگەڵ منالە دەوڵەمەندەکان خەریکە، ماوەیەکی باشە گوێبیستی گرفت و کێشەی ماڵە دەوڵەمەندەکانە. هۆسنر پۆلەکەی کردبووە، چەند دەستەو بەش، داوای لە هەمووان هەبوو، وەلامی پرسیارەکانی بدەنەوە، پرسیبووی، سامان و پارە بۆ ئێوە چی دەگەێنێت؟

دیارە ئەو دەستەیەش وەڵامەکەیان ئەوە بووە:

کەوا سامان بۆ ئەوان گرنگە.

دەستەیەکی تر وتوویان:

گرنگە بەڵام هەموو شت و بابەتمان نییە.

یەکێکی تریان وتبووی:

وەک ژیان گرنگە پارە.

لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی ماڵەوەتان بە چ شێوەیەک پارە سەرف دەکەن؟ وەڵامەکانیان هەمەجۆرو جیاواز بوو. هەبوو وتبووی:

پارەکە لە پەروەردەو پشوودان و بەکارهێنانی دەسەڵات و پاداشت بەخشین و سەرمایەگوزاری و دیاری و کۆمەک سەرف دەکەن.

یەکێکیان وتبووی:

پارە بۆ کڕینی خۆشەویستی سەرف دەکەم.

هۆسنر پرسیاری سێیەمی لەو گەنجانە ئەوە بوو.

لە بیرتانە باوکتان چۆن پێناسەی پارەی کردبێت؟

وەڵامەکان بەو شێوەیە بوون.

هیچ شتێ بەخۆڕایی ناهێتە دەست..

ئەوەیان بۆ رازیبوون لە کەسەکان جێ دەهێڵێن..

پارە لەسەر دار ناڕوێت..

هەموو شت نرخی خۆی هەیە، هەتا زبڵێش قیمەتی هەیە...

مادە بێهۆشکەرەکان..

دیارە تەمبەڵی و کارنەکردن، بۆ نەبوونی هاندان دەگەڕێتەوە..

هۆسنر بەو پرسیارە کۆتایی بە دیمانەی گەنجەکان هێنابوو، ئەگەر لۆتۆ، (یانسیب)ت بۆ دەرچوو، پارەکە بە چی دەدەیت؟

یەکێکیان پرسیبووی، پارەکە چەندە، بۆمان دیار بکە؟

ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

گریمان پارەکەی لە یانسیب بۆت دەرچووە، ١٠ ملیۆن دۆلارە.



ئەویش دووبارە پرسیبووی، ئەو پارەیە پاش باجەکەیە، یان باجەکەی لێ وەردەگیرێت، چونکە پارەکە کە باجەکەی لێ وەرگیرا هیچی وا نامینێتەوە؟

یەکێکی تریان وتبووی:

ئەو پارەیە پێش و دوای وەرگرتنی باجەکەش ئەوەندە زۆر نییە، پارەکە کەمە؟ یەکێکیان وتبووی:

رەنگە من پارەکە بخەمە کارو سەرمایەگوزاری، بەڵام تینا وتبووی:

من بەو پارەیە سەردانی لاس فیگاسی پێدەکەم.

## کاردانەوەی خراپ:

هۆسنر لەسەر ئەو ملیۆنێرە گەنجانە، چەند ئەزموونی لەسەر کردبوون، دووەم تاقیکردنەوەشی، بریتی بوو لەوەی هەر یەکێکیان کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپ و سەد دۆلاری پێ دابوون، داوای لێ کردبوون بەو پارەیە بەشداری سەهم بکەن، کام بازاڕو کۆمپانیا هەڵدەبژێرن، ئەوەش بەرنامەیەکە کە لە شێوەی چالاکی بۆرسەکانە، کە لە ماوەی پێنج ساڵدا پەیڕەو کراون، یەکێکیان وتبووی:

من سەمەکانی 'TOYS R US' دەکڕم.

دووەمیان سەهمەکانی کۆمپانیای (تویوتا) ی لا باشتر بووە.

سێیەمیان وتبووی من سەهمی کۆمپانیای (ئایل) دەکڕم.

بەڵام (تیم) کوڕی جوتیارەکە، بە هێمنی و لەسەرخۆ بیری لەوە کردیتەوە، بازاڕی کام سەهم دەستنیشان بکات تا مامەڵەی لەگەڵ بکات، ئەو زۆر بیری لەوە کردەوە، کام بازاڕ لە هەموویان باشترە، بۆیە لە تاقیکردنەوەکەدا، هەر ئەو بازاڕەی هەڵبژارد کە تیمەکەی (تیم) تێدا سەرۆکایەتی دەکرد، وایدەزانی لە هەموویان باشترە بۆ سەرکەوتن و قازانج بەدەستهێنان.

کە تشارلز مارتین وتنەوەی دەرسەکەی تەواو کردبوو، کیژە خوێندکارێک پرسیبووی:

مامۆستا تۆش منداڵت هەیە؟

ئەویش لە وەڵامدا وتبووی:

من خۆم مناڵم نییە، بەڵام چەند مناڵانی مام و خاڵ و خزمەکانم لە نزیکم دەژین، لەوانە زۆر نزیکم، من و ژنەکەم بڕیارمان داوە، مناڵمان نەبێت، مناڵمان ناوێت، نامەوێ پارەکانمان بۆ کەس بمێنێتەوە، پارەکەمان دەدەینە ڕێکخراوە خێرخوازەکان، با ئەوان لە کاری چاکەو فریاگوزاری سەرفی بکەن، باشترە.

کیژە خوێندکارەکە بە سەرسامییەوە، نیگای تێ بڕیبوو. یەکێکیان بە چرپە وتبووی:

یەک کەسیش میراتگریان نابێت.

مارتین وەڵامی دابوونەوە:

جوانی سامان لەوەدایە، دەسەڵات و هێزت پێ ببەخشێت، بەڵام من وا دەزانم ئەو پارەو سامانەی ئەو ڕۆژانە باندۆری خراپی هەیە، ئازاریان دەدات، بەتایبەتی لەسەر مناڵان. ئەگەر من مناڵیشم هەبوایە پێم دەوتن، پارەو سامان ڕەوشتتان دەشێوێنێت، تێکتاندەدات، بەڕاستی وایە لە ڕووی گوزەرانییەوە بۆیان باش نییە، لە بەرژەوەندی ئەواندا نابێت.

مارتین لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کردبوو، لە دوورەوە بینیبووی، کەوا چۆن ئەو مناڵە دەوڵەمەندانە، کە تەمەنیان دەوروبەری بیست ساڵانە، چۆن بە ئۆتومبێلە گرانەکانیان دەڕۆنەوە ماڵەوە، سواری دوا مۆدیلی ئۆتومبێل دەبن، بۆیە وتی:

من بەو دیمەنە دڵتەنگ و نارەحەت دەبم. بەداخەوە بۆ ڕەوشی ئەو گەنجانە.

## وانە واقیعییەکان:

لە پایزی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ بینینی نمایشی نێونەتەوەیی (٤٦)ە مینی بەلەمە نازدارەکان، کە ساڵانە سازدەکرێت سەردانی شاری سانت لودردیلم کرد، لەوێ دوا نمایشی بەلەمی ملیاردێرەکان سازدەکرێت، ماوەی یەک هەفتە دوا جوانکاری و نایابی ئەو بەلەمانە دەبینرێت، ساڵانە ئەو نمایشانە بوویتە کارێکی ڕۆتین، من وەک پەیامنێری ڕۆژنامەی وول ستریت جورنال بەشداربووم. زووتریش ساڵی پار



چووبوومە ئەو نمایشە، لەوێ یەکێک لە خاوەن بەلەمە گرانبەهاکانم بینی، لە تەکساسەوە هاتبوو، لەوێ ئەو وتی:

ئەو دەوڵەمەندانەی ئێرە لە دەوڵەتەکەمان دەوڵەمەندترن.

دیارە مەبەستی ئەمریکا بوو، لەو ڕۆژەوە زاراوەی ڕیتشیستان پەیدابوو، ئەو ناوە لەو دەوڵەمەندانە نرا.

بەڵام لە نمایشەکەی ساڵی ٢٠٠٥ وانەیەکی تری زۆر گرنگتر فێربووم، دەرسەکە زۆر واقیعی بوو، لەو دەمانە بوو هەزارەها کەس بە باهۆزو لافاوەکەی WILMA ویلما سەرگەردان و ماڵوێران ببوون، زۆر دەربەدەرو بێ ماڵ و حاڵ ببوون، لەو دەمانەدا، نمایشی ئەو بەلەمانە دەکرا، بەلەمی وا نمایش دەکرا، نرخەکەی دەگەیشتە نزیکەی ٢٠ ملیۆن دۆلار، لەو دەمانەشدا خەڵکێکی زۆر لە بێ کارەبایی پەریشان بوون، من بەلەمی وام بینی هەموو پێویستییەکانی هەواگۆڕین و ساردو گەرمیان تێدابوو، ئاهەنگی کردنەوەش لە خیوەتگایەک سازکرا کە گۆڤاری YACHT MAGAZINE بە دیاری بۆ ئەو بۆنەیە پێشکەشی کردبوون، لە دەرەوەی خیوەتگاکەش ئۆتومبێلێکی جۆری ڕۆلز ڕۆیس ڕاوەستێنرابوو، نرخی ٣٤٥ هەزار دۆلار بوو، بەڵام ژمارەیەک لە خاوەن بەلەمە نازدارەکان بۆ پشتیوانی و هاوخەمییان بە زیانلێکەوتووانی باهۆزەکەو پچڕانی وزەی کارەبا لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتییانی خوارووی فلۆریدا، نەهاتبوون، لەو ئاهەنگەدا بەشدار نەببوون. سەرۆک شارڤانی ئەو شارەی ئاهەنگ و نمایشەکەی سازکردبوو، وتبووی:

کردنەوەی ئەو جۆرە نمایش و نیشاندانی خۆشگوزەرانی هاوولاتیانی، هاندەرە بۆ هەموو لایەک، بوار خۆش دەکات چاو لەو کەسانە بکەن بۆ کۆشش و سەرمایەگوزاری و گەشەی ئابووری وڵاتەکەیان.

## دووفاقی:

لەو وڵاتەدا دووفاقی زۆرە، خەڵکێکی زۆر لە سادەترین پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەیان کەموکوڕییان زۆرە، لە کارەبا و ئاو بێ بەشن، لەو لاشەوەو ملیاردێرەکان بە دەیان ملیۆن دۆلار بە بەلەم دەدەن، هەرچەند ژمارەی ملیاردێرەکان زۆر دەبن،

سەرمایەیان زۆرتر دەبێت، کەسانی تر هەژار دەبن، دیارە دەوڵەمەندەکان لەسەرشانی نەدارەکانەو لەسەر شانی زۆرینەکەیە پارەیان دەست دەکەوێت. ئەو پێنج ساڵە لەسەریەک ڕێژەی داهاتی تاکی ئەمریکی کەمتر دەبێتەوە، لە چاو ساڵی ٢٠٠٠ داهاتی تاکەکان بەڕێژەی سێ هەزار دۆلار کەم بوویتەوە، لەولاشەوە سامانی دەوڵەمەندەکان هەر زیاد دەبێت. لە هەموو لایەک لەناو کۆمەڵگەی ئەمریکیدا نایەکسانی و ناهاوسەنگی دەبینرێت، دەوڵەمەندەکان کە ڕێژەکان لەناو کۆمەڵدا تەنها ١٪ دەبێت، بەڵام ڕێژەی ٣٣٪ سامان و پارەی وڵاتەکە لە بن دەستی ئەواندایە، لەو ماوەیەدا زانراوە کەوا ڕێژەی ٩٠٪ سامانی وڵاتەکە لە بازاڕو دەسەڵات و بانکەکانی ئەواندایە، ئەو ڕێژەیە لە پاش ساڵانی دوای شەڕی دووەمی جیهانیدا بەرزترین ئاستە. وا هەست دەکرێت، لە زۆر لایەنی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و سیاسیدا خزمەتی کەمتر بووە، ئەوەش هەموو بەندە بە پارەو سامان، دیارە کەوا مانگانەی خوێندنی زانکۆکان لەبەر نەبوونی پشتیوانی حکومەت بەرەو کزی دەچێت، بۆیەش خوێندکارەکانی چینە هەژارەکان بۆیان ناکرێ بچنە بەر خوێندن. دەوڵەمەندەکان لەبەر سستی خزمەتەکانی بواری تەندروستی وا روو لە کلینکە تایبەتییەکان دەکەن، دیارە ئەوەش پارەی زۆری دەوێت، کە بۆ ئەوان ئاساییە. هەڵمەتەکانی بزاڤی سیاسی پارەی زۆری دەوێت، بۆیەش وا سەرمایەدارەکان خەم لەو مەسەلەیە دەخۆن، سەرەداوەکان کەوتووتە بن دەستی ئەوان، بۆیەش دەنگ و بڕیاری ئەوان لە لایەنە سیاسییەکانیش بە زەقی و بە ئاشکرا دیارە.

**بۆشایی سامان:**

سیستەمی ئابووری وڵاتەکەو پەیدابوونی توێژێکی زۆر دەوڵەمەند، هەژارەکانی ترساندووە، لە نێوان ئەو دوو توێژەدا جیاوازی زۆر دیارە، لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان هەست پێدەکرێت، پارەدارەکان چۆن دەژین، بۆیەش ئێرەیی و هەستکردن بە بوونی توێژێکی سەرووی ئەوانی تر زۆرە، بەشێکیش بە زانیاری شارەزایانی ئابووری پارە زۆر سەرف دەکەن، لە دەستمایەکەیان زۆرتر سەرف دەکەن، تا ناگوزووری و نالەبارییان پێوە دیار نەبێت، لەولاشەوە بۆ پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری زۆرترو گەیشتن بە رادەی پێشکەوتنەکان، لە بوارەکانی تەندروستی و



ڕێگاوبانەکان و ژینگە و پرۆسەکانی خوێندن، حکومەت باری گران بووە.

کە لە پێشانگەی بەلەمەکان دوورکەوتمەوە، باشم بۆ روون بۆوە کەوا نایەکسانی زۆر لە ناو ئەو کۆمەڵگایەدا هەیە، ئای کە جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو چینە، دەوڵەمەندەکان و هەژارەکان چەند فراوانە، دەپرسم دەبێ تا کەی ئەو ریتشیستانە بمینێت؟ دەبێ ئەو رەوشەو ئەو نایەکسانییە شەپۆلێکی نارەزایی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێ نەکەوێتەوە، وەک ئەوەی لە چەرخی زێڕین لە بیستەکانی سەدەی رابردوو رووی دا، یان ئەو بۆشاییەو ئەو جیاوازییە هەر دەمینێت، ئەو کەلەنە هەر گەورەو زەق دەبێت، وەک راستییەکی سەرمایەداری و تەکنەلۆژی هاوچەرخ.

یەکێک لە سیمایە نوێیەکانی ریتشیستان ئەوەیە، لە زۆر لایەنەوە هەمەڕەنگە، لەو سنوورەدا بۆ هەموو کەسێک، بۆ هەموو سەرمایەو لە هەموو شوێنێک دەکرێ، کار بکەیت و پارە کۆبکەیتەوە، سامان وەک رووبارێکی لێهاتووە، لە نێوان ئەو جیهاندا دەسووڕێتەوە، لە بەنداوی ئابووری دەکات، ئەوەش تازەیەو جاران نەبووەو رووی نەداوە. دەوڵەمەندەکانی ریتشیستان لە چەندین بواری کارو لەگەڵ گەشەی تەکنەلۆژیاو مامەڵەی وول ستریتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام لەولاشەوە، بە کاری ئاسایی سادەو بە پرۆژەی سادە دەستی پێکردووەو پارەی پەیدا کردووە، بۆ نموونە سیریل میللر، ئەو ژنەی لە کلیفلاندەوە هاتووەو ئێستاش لە پالم بیتش ناوێکی دیارو شایستەیە لە جیهانی پارەدا، سەرەتا لەگەڵ مێردەکەی ساڵۆنێکی ژنانەیان بەڕێوە بردووە، کە باری ئابوورییان باش بووەو سەرمایەیان هاتووتە دەست جۆرێکی تایبەتی شامپۆی بە ناوی MATRIX ESSENTIALS داناوە، هێڵی بەرهەمەکەیان بە ملیار دۆلار فرۆشتووتە BRISTOL - MYERS SQUIBB، ئێستاش لە خانووێکی رووبەر ٣٠ هەزار پێ دووجا دەژیت.

لە دینفر، جیمس لیبرینۆ هاوکار بووە لە دروستکردنی پەنیرێکی نوێ، پەنیری موزیریلا ئەوەی لە دروستکردنی پیتزا بەکارهاتووە، ئەو پەنیرە لە بازاڕە گەورەکانی پەنیری پیتزا بازاڕی گەرم بووە، لە پیتزای هت و دومینۆ و کۆگاکانی گەورە رەواجی زۆری هەبووە، بەو کارە سادەیە بوویتە ملیاردێرو سامانەکەی بە چەند ملیار مەزندە دەکرێت، لەو رۆژانەش ناوی چوویتە ناو لیستی فۆربس.

ئۆریلیو باریتوی کارمەند، کە خەڵکی کالیفۆرنیا بوو، بە دروستکردنی کوانووی سەگ لە شێوەی خانووی ئەسکیمۆکان، کە ناوی لێنابوو DOGLOO ناسرابوو، داهێنانەکەی فرۆشتبووە سەرمایەدارەکان و کۆمپانیا گەورەکان.

بۆل شیری کاری شیرنەمەنی دەکرد، شێوەیەکی نوێی بەناوی BOUBBLE BUB-BLE، داهێنابوو، داهێنانەکەی بە ٢٠٠ ملیۆن دۆلار فرۆشتبووە TOOSTIE ROLL INDUSTRIES. کریستۆفر گولدسباری خواردنی بارون، کە کۆمپانیاکەیCAMPBELL SOUP کە تایبەت بووە بە دروستکردن و بەرهەمهێنانی زەلاتەی PACE SALSA.، لە فرۆشتنەوەیدا زۆرتر لە یەک ملیاری پێ براوە.

## سەرمایەگوزاری وەستانی نییە:

لە ریتشیستان کەسانی وا هەیە، راوەستانیان نییە، بەردەوام بەرهەمیان هەیەو قازانجیان مسۆگەرە، لەوانە برادلی واین هیوزی داهێنەری کۆگای گشتی، داهێنەری پلیتی تەختەو پاشای پەتاتە جی. ئار. سیمبلۆث. لەو لیستەیەدا ناوەکان زۆرن، لەوانە گۆشتیاری تێدایە وەک بنەماڵەی تایسون لە ئەرکنساس کە خاوەنی چەند ملیارێکە، نانەوای تێدایە وەک بنەماڵەی شوبیل لە ئوهایو و دروستکەری موم وەک مایکل کثیریدج، ئەویش ملیونێرە.

مەرج نییە ئەو سەرمایەو دەستکەوتانە لە پارەی زۆرەوە بێت، رەنگە زۆر کەس ناوی تلی وورنریان بیستبێت، ئەو کەسە ملیاردێرەی خاوەن بیرۆکەی BEANIE BA-BIES، لە بیرۆکەی گچکەوە ئەو سامانەی کۆکردیتەوە. رەنگە کەم کەس ناوی ئاد بازینیتی بیستبێت، ئەویش یەکێکە لە ملیاردێرەکان کە لە باکوری خۆرهەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان ژیان بەسەردەبات. ئەو پیاوە یەکێکە لە گەورە دەوڵەمەندەکانی بە کارە راستەکانی ناودارە، پیاوێکی قسەخۆش و ردێنێکی سپی هێشتووتەوە، هەردوو چاوەکانی بەردەوام گەشن، لە گوندەکانی ولایەتی مینوسوتا دەژیت، بە چاویلکە بازنەییەکەی و پانتۆڵە خاکییەکەی و قەمیسە رەنگاورەنگەکەی لە مامۆستایەکی زانکۆ، یان لە کتێبفرۆشێک دەکات. تەمەنی ئەو پیاوە دەوڵەمەندە دەگاتە ٦٣ ساڵ، زۆربەی کاتەکانی لەناو کۆگاو فرۆشگاکانی مانهاتن بەسەردەبات. لەناو گەنجینە



کۆنە گرانەکان دەسووڕێتەوە. بازینیت زۆرتر لە سەد ملیۆن دۆلاری هەیە، کە پرسیاری ئەوەی لێ دەکرێت، ئەو پارەیەت بە چی کۆکردیتەوە، لە وەڵامدا دەڵێ:

دەزانم کەم کەس هەیە بڕوام پێ بکات، بە وشە دەڵێ، بە واریدات. وا دەڵێت، بەڵام دڵنیا نییە کەس هەبێت بڕوای پێ دەکات، یان نا..

بازینیت لە ئایدن بریری لە ولایەتی مینوسوتا کاری سیرامیکی وردی کردووە، بە سیرامیک گوندی گچکە گچکەی دروست کردووە، لەوەوە دەستی کاری گرتووە. ئەو بە نەژاد لە بنەماڵەیەکی ئەڵمانی بوو، ماڵەوەیان لە چینەکانی ئاسایی میللەت بووە، باوکی لە یەکەی ئاوی ولایەتەکە کاری کردووە، لە زانکۆی ولایەتەکە خوێندوویەتی، زۆر شەیدای هونەرو وێنەگرتن بووە، بەڵام بۆی نەکراوە خوێندنی زانکۆ تەواو بکات، خۆی وتوویەتی:

لەبەرئەوەی من زۆر حەزم لە بازرگانی بووە، بۆیە خوێندنەکەم پێ تەواو نەکرا، رووم لە کاری بازرگانی کردووە.

سەرەتای کارکردنی وەک کارمەندێک بووە لە پێشانگایەکی گوڵفرۆشی و دیاری. سەرەتا وەک گوڵبژێرێک کاری کردووە، پاشان گواستراوەتەوە بەشی دیاری، لەوێیەوە بۆ نیویۆرک و پاشان بۆ ئەوروپا بۆ کڕینی گەنجینەی گرانبەهای دێرین و سینەو خوانچەو وردە پەیکەر، کە بۆ دیکۆرو جوانکاری بەکار دەهێنرێت، سەفەری کردووە، وردەکاری و گەنجینەی زۆری کۆکردیتەوە، زۆر لە بازرگانەکان بە کەرەستەکانی سەرسام و ئەبلەق ببوون، بۆیە بازاڕی گەرم ببوو، وای لێ هاتبوو لە وردەواڵە فرۆشێکی تاکەوە گەیشتە کۆفرۆشێک، ژمارەیەک لە وردە گیاو گوڵی لە ئیتالیاوە هێنابوو بە فرۆشتنیان چاک هەڵساوەو قازانجی زۆری کردبوو.

## جیهانێکی تر:

بە وردەگیاو گوڵ بازنەی تایبەتی دەرازاندەوە، کالاّیەکە لەلایەن خەڵک کەوتە بەر دڵان، زۆری لێ دەفرۆشرا. لە ساڵی ١٩٧١ گۆزەکەرێک هاتووتە لای بازینیت، بیرۆکەی دیزاینێکی خانوویەکی ڤیکتۆری بۆ پێشنیار کردووە، بە دەستی وێنەیەکی رەنگاورەنگی بۆ کردووە، ئەویش بیرۆکەکەی لا باش بووە، بەڵام داوای لە

گۆزەکەرەکە کردبوو کەمێ دەستکاری بیرۆکەکە بکات، داوای کردووە چەند پەنجەرەیەکی لێ بکاتەوە، رووناکی بۆ دەستەبەر بکات، بەو شێوەیە لە خانووێکی ئاسایی بچێت، هەردوولا لەسەر بەرنامەکە رێکەوتن، نموونەکەیان دروست کرد، لە بازاڕی باخمان لە بۆنەکانی سەرە ساڵ، بۆ فرۆشتینان دانا، نرخەکەی لە نێوان ١٥٠ تا ٢٠٠ دۆلار بوو، بە زووترن کات کاڵاکە فرۆشران، زوو لە فرۆشگاکە تەواو دەبوون. بازینیت بیرۆکەکەی لا باش بوو، بەڵام سەیری گۆزەکەرەکەی کرد پیرەو تەندروستی باش نییەو توانای کارکردن و بەردەوامی نییە، بۆیە لە بەرنامەکە دوورکەوتەوە، رۆیشت، بەڵام دوور جانتاکانی پێچایەوەو بەرەو تایوان رۆیشت. لەو هەوارە تازەدا زۆر گەڕا، بەدوای کەسێک دەگەڕا وەک پیرەمێردە گۆزەکەرەکە، بەڵام دۆزینەوەی کارمەندێکی وەک ئەو ئاسان نەبوو. لە کارگەیەک کەوتە کار، لەگەڵ کرێکارەکان زۆر سەرقاڵ بوو، تا لە کارو بەرنامەکی راهات، زۆر ماندوو بوو، کرێکارەکان لە دەستی بێزار ببوون وایان لێ هاتبوو، بە دیتنی ئەو خۆیان دەشاردەوە، دەرەقەتی زەوق و ئارەزووەکانی کارەکانی ئەو نەدەهاتن، ئەو بەرهەم و هونەری ئەو دەیویست ئاسان نەبوو. لە ناوەندی هەشتاکان هەزارەها دانەی خانووە بچووکەکانی فرۆشت، کۆمپانیایەکی بەناوی DEPARTMENT 56 دامەزراند، خۆی تەنها ٢٠٪ بەشی کۆمپانیایەکەی هەبوو، بنەماڵەی باخمانیش بەشەکەی تریان هەبوو. بازینیت بیری لەوە کردەوە، لە جیاتی دروستکردنی خانووێک، با گوندێک دروست بکەین، ئەوەی یەک خانوو دەکڕێت، با ١٠ تا ٢٠ خانوو بەیەکەوە بکڕێت، ئەوان بەو شێوەیە بفرۆشن.

## گوندی بەفر:

یەکەم گوندی بە ناوی گوندە بەفرین دروست کردووە، هەموو یەکەکانی نیشتەجێ و خزمەتگوزاری و تەندروستی تێدا دانابوو، گوندی دووەمی لەسەر شێوەی گوندەکانی سەدەی نۆزدەهەمی بریتانیا دروست کرد، ناوی لە گوندەکە نا، گوندی دیکنز، بەسەرکەوتنی ئەو بەرنامەیە، زنجیرەی شارو زەنجیرەی قوتبی باکوری دروست کرد.



کۆمپانیاکە زۆر گەشەی کرد، لە چەندین وڵاتا نمایندە و پێناوی دامەزراند، هەموو عاشقانی بەرهەمەکانی بە کلۆفەوە روویان تێ کرد، داوای تایبەتییان هەبوو، لەسەر خواستی تایبەتیش بەرنامەو ئاکارو نموونەی دروست کرد، زۆربەی ئەوانەی داوای بەرهەمەکانی ئەویان دەکرد، دانیشتووی دەوروبەری فلۆریداو کالیفۆرنیا بوون، هەموویان بە شەوقەوە چاوەڕوانی بەرهەم و دیزاینی تازەو سەرنجڕاکێشیان دەکرد. ساڵانی یەکەمی کارکردنیدا تەنها ٢٥٠ هەزار دۆلار داهاتی بوو، بەڵام لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو داهاتەکەی گەیشتە ١٠٠ ملیۆن دۆلار، بازینیت خۆی کۆمپانیاکەی بەڕێوە دەبرد، ژمارەی کارمەندو فەرمانبەرەکانی گەیشتە ١٢٠ کارمەند.

لە سەرەتای نۆهەدەکان بازینیت ساڵانە ٧٥٠ هەزار دۆلاری دەست دەکەوت، ساڵانەش یەک ملیۆن دۆلاری تری لە کارە تایبەتییەکانی ناو کۆمپانیاکەش وەردەگرت، بەوەندەش نەدەوەستا هێشتا چاوی لە زۆرتربوو. رۆژانە ١٨ سەعات و هەفتانەش حەوت رۆژ کاری دەکرد، بۆیە ماندووبوونی پێوە دیار بوو، ژیانی هەموو لە ناو فرۆکەو بە سەفەرکردن بەسەربرد، وای لێهات لە دەست خەڵکی رای دەکرد، بێزا رببوو، بۆیە بازینیت و باخمان بڕیاریان دا کۆمپانیاکە بفرۆشنە تیودور فۆرستمان، ساڵانەی فرۆشتنی کۆمپانیاکە گەیشتبووە ١٧٢ ملیۆن دۆلار، لەسەر ئەو پارەیە بازاڕەکەی راوەستابوو. فۆرستمان کۆمپانیاکەی بە ٢٧٠ ملیۆن دۆلار کڕیبوو، بازینیت ٥٠ ملیۆن دۆلاری لە بەشەکەی خۆی بەرکەوتبوو، دووبارە بەشەکی وەک سەرمایەگوزاری لە کۆمپانیاکە خستۆتەوە کار. بازینیت وەک بەڕێوەبەری تەنفیزی کۆمپانیاکە کاری کردەوە، بەڵام خاوەنی کۆمپانیایە نوێیەکە DEPARTMENT 56 رازی نەبوو سەهمەکانی کۆمپانیاکە بخاتە نووسینی گشتییەوە، کەمتر لە ساڵێک کۆمپانیاکە بۆ نووسینی گشتی راگەیاندرا. کە بازینیت سەهمەکانی خۆی لەو بازاڕەدا فرۆشتن لە بەشەکەی خۆیدا ١٠٠ ملیۆن دۆلاری قازانج بەرکەوت، بەڵام چیتر تاقەتی کاری نەمابوو، داوای لە فۆرستمان کرد، ئەو دەست لە کاری بەڕێوەبەری تەنفیزی کۆمپانیاکە دەکێشێتەوە، بەڵام کۆمپانیاکە داوایەکی وای بۆ پێشنیارکرد، نەدەکرا بە پێشنیارەکە رازی نەبێت، فرۆکەیەکی تایبەتییان لە خزمەتی ئەو دانا، بەو فرۆکەیە دەیتوانی سەفەر بکات، ٥ ساڵ لەو کارە وەک سەرۆکی

کارگەکە مایەوە، بە لێهاتوویی ئەو فرۆشتنی کۆمپانیاکە ساڵانە گەیشتە ٢٤٠ ملیۆن دۆلار، لە ساڵی ١٩٩٧ بەیەکجاری خانەنشین بوو.

## ماڵە یان مۆزەخانەیە:

کۆشکەکەی بازینیت لەسەر خانووێکی رووبەری ١٠ هەزار پێ دووجا لە شووشەو کرۆم دروستکراو دەژیت، خانووەکەی زۆرتر لە مۆزەخانەیەکی هونەری هاوچەرخ دەچێت، نەک لە خانووێکی نیشتەجێیی. بازینیت بۆی گێڕامەوە، وەکیلی چاودێری خانووبەرە وتبووی، لەو کۆشکەدا ١٣ شاشەی پلازما هەیە، منیش بڕوام نەکرد، کەوتمە ژماردنی هەموو شاشە پلازماکان، دەرچوو، ١٣ شاشەی تێدایە، قسەی راست دەرچوو من ئەوەم نەدەزانی.

ژیانی ئەو دەوڵەمەندانەش ئاسان نییە، ماندووبوون و کۆششی زۆری ویستووە، بازینیت وەک هەموو دەوڵەمەندێکی تر، هەموو ژیانی خۆی بۆ پێگەیاندن و دانانی کۆمپانیایەک کردووە، ئەو شێتی ئەوەبوو زوو زوو کۆمپانیای نوێ ساز بکات، کە تەواویشی کرد، بایەخی پێ نادات. بۆ نموونە، کۆشکە هاوینەکەی، چەند ساڵ خەریکی دروستکردنی ئەو کۆشکە هاوینە بوو، چەند ملیۆن دۆلاری تێدا سەرف کرد، خۆی سەرپەرشتی وردو درشتی کۆشکەکەی کردبوو.

لەو کۆشکە گەورەیەدا خۆی و ژنە دۆستە بەلژیکییەکەی و دوو پشیلەکەی تێدا دەژیت، چەند کەسێک بۆ خزمەت و چاودێریش تێدا دەژیت، ئەو چاک دەزانیت، ئەو خانووە بۆ ئەوان زۆر گەورەو زیادە، ئەوان تەنها چەند ژوورێکی تێدا بەکاردەهێنن، لەو دواییانەدا نیازی فرۆشتنی بوو، داوای ٢٨,٥ ملیۆن دۆلاری لێدەکرد.

بازینیت بەرنامەی وایە لە خانووێکی گچکە بژیت، هیوادارە ئەوەندەی لە ژیانیدا ماوە لە باخچەیەک لە مونتاناکی بژیت، لەوێ رۆژەکانی بەرێ بکات، لە وێندەرێیەوە چاودێری پرۆژە خێرخوازییەکانی بکات، لە مینیسوتا بەرنامە مرۆڤایەتییەکانی جێبەجێ بکات، یارمەتی منالان بدات، بۆ خوێندنیش درێغی خوێندکارانی پێویست نەکات، بۆ باشی ژینگەش کار بکات. بازینیت دەڵێ:

تێگەیشتم وا هەست بە خاوبوونەوە دەکەم، یەک کایە ماوە من بژێنێت، ئەویش سواربوونی فرۆکەیە، من بێ فڕین ناژیم.



ئەو کە لە کۆمپانیای DEPARTMENT 56 دەستی لە کار کێشاوەتەوە، بەشێکی کۆمپانیای فڕۆکەی تایبەتی GULFSTREAM کڕیبوو، کە بۆ سەفەرەکانی ئەوروپاو ئەفریقیاو باخچەکەی مونتانای بە بەردەوامی سواری دەبوو، کە زانی ئەو مەسروفەی دەیکات زۆرە، گوناحە، بۆیە بڕیاری دابوو فڕۆکە تایبەتییەکەی بفرۆشێت. بەو شێوەیە بە فڕۆکەی گشتی سەفەری کردووە، کە زانیویەتی چاوەڕوان و سەفەرکردن و کرێی زۆری گەشتەکان بەو فڕۆکانە ماندووی دەکات، دووبارە لەگەڵ یەکێکی تر بە نیوەیی فڕۆکەیەکی تایبەتی کڕیوەتەوە. کەم کەس لە دەوڵەمەندەکان وەک بازینیت بوون، ئەو هەرگیز بڕوای نەدەکرد، ئەو هەموو پارەیەی دەبێت، نەیدەزانی وا دەوڵەمەند دەبێت، ئەوانە هەموویان ئەوەی ویستوویانە کردوویانە، کاتیان بۆ تام وەرگرتن لە سەرکەوتن و داهاتەکانیان نییە، لەولاشەوە ئەوانە زۆریان ماوە بۆ نووچدان و خانەنشینی، بەردەوام چالاک و کاران، حەز بە وەستان و خاوبوونەوە ناکەن، ئەو جیهانە سەیرە بەو هەموو ملیارە دۆلارەشەوە هێشتا تێر نابن، رازی نین.

سەدەی زێڕینی بیستەکان و سەردەمی گەشەی ئابوورییەکە رۆڵی نەرێی لەسەر زۆرینەکەی کۆمەڵ هەبوو، لەو رۆژانەشدا دیارە کەوا نەوەی سێیەمیش بێئومێدی و رەشبینییان پێوەیە، چونکە چینەکانی ناوەندو ئەوانی خوارەوەش کەمترین دەستکەوت هەست پێدەکەن، لەو ساڵانەشدا دیموکراسییەکان کە لەو دواییدا وا خەریکن بەهێزەوە بێنەوە مەیدان، بیر لەوە بکەنەوە، کەمترین بەرزکردنەوەی مووچە بکەن، لە بازرگانییە کەونییەکان بگرنەوە، حکومەتیش پارەی زۆرترو بایەخی باشتر بە بواری پەروەردە بدەن.

## رۆبن هود:

لەبەر زۆری رێژەی باجی سەریان هەندێ لە دەوڵەمەندەکان و پارێزگارەکان، وا دەزانن سیاسەتی لە شێوەی ROBIN HOOD رۆبن هۆد، ئابووری وڵاتی داسەپاندووە، لەبەر ئەوەو کەمی هاوکاری و یارمەتی سەرمایەگوزارەکان، وەک خۆیان دەڵێن، باندۆریان لەسەر سستی لاوازی ئابووری هەیە، بۆیەش ئەکادیمییەکان و شارەزایانی سیاسەتی لەو بوارەدا وا دەزانن، پێویستە سیستەمی باج بگۆڕدرێت،

چونکه بەو دەکرێ ئابوورییەکە ببووژێتەوە. ئەدوارد وولفی شارەزای ئابووری و سامان لە زانکۆی نیویۆرک، پێشنیاری سیستەمێکی نوێ بۆ وەرگرتنی باج لەسەر سامان دەکات، بەو سیستەمەش ڕێژەی باجەکە بە ئاستی سامانەکە دەگۆڕێت.

بە دەرچوونی دیموکراسییەکان لە هەڵبژاردنەکەی کۆنگریس لە ساڵی ٢٠٠٦، ئەگەرچی ئەو ڕەوشە هەڵچوون و ناڕەزایی چینەکانی ناوەڕاستی لێ ڕەچاو دەکرێت، بەڵام یاخیبوون لەسەر بارە ئابوورییەکە ڕوو نادات، زۆربەی ئەمریکییەکان بۆچوونی باشیان لەسەر دەوڵەمەندەکان هەیە، دیارە زۆریان بیر لەوە دەکەنەوە، ڕاست بکەن، یان بەهەڵەچووبن، ڕۆژێ دادێ ئەوانیش بگەنە ڕیزی ئەو دەوڵەمەندە نوێیانە، لە ڕاپرسییەکدا دەرکەوتووە، کەوا ئەگەری ئەوە هەیە چینە ناوەندەکان ببووژێنەوە، نەک کۆشش بکرێت دەوڵەمەندەکان بخورێن.

## شەپۆلی سێیەم:

ستان گرینبیرگ پسپۆر لە بواری ڕاپرسیدا وتوویەتی:

دەنگدەرەکان، یان بڵێین ئەوانەی بەشداری ڕاپرسییەکەیان کردووە، دەنگیان بۆ ئەوە داوە، ئاستی بژێوی چینەکانی ناوەندی ناو کۆمەڵ ببووژێتەوە، نەک دەوڵەمەندەکان بە بیانووی سزا، یان تۆڵەکردنەوە ڕەوشەکانیان سست بکرێت.

وشککردنی ڕیتشیستان نابێت، سەرچاوەکانی ئەو سەرمایە وەک ڕووبار ڕووی تێ دەکەن، لە هەموو لایەک پارەی بۆ دێت، دەستەکانی دروستیان کردووە هێشتا ماون، لە هەموو جیهان پارەی دەگاتێ، گەشەی بازاڕی دراو و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا هێشتا بەهێزن، بۆیە ئەو مەملەکەتە ناڕووخێت، شارەزایان و پسپۆرانی ئابووری وا دەزانن، پێشبینی دەکەن، لەو چەند ساڵانەی دواییدا ساڵانە بە ڕێژەی ٦٪ ملیاردێرە ژن و پیاوەکان زیاد بکەن. هەر چەندە دەوڵەمەندەکان زۆرتر دەبن بۆشایی و جیاوازیی نێوان چینی دەوڵەمەندەکان و نەدارەکان زۆر گەورەتر دەبێت، ئەوەش وەنەبێ جیاوازییەکە تەنها لە نێوان ڕیتشیستان و ئەمریکا دەردەکەوێت، بەڵکو لە نێوان دەوڵەمەندە گەورەکان و دەوڵەمەندە گچکەکانیش زۆر دەبێت.

لە بڕگەیەکی تر وتمان، هۆکاری سەرەکی سەرهەڵدانی ئەو هەموو دەوڵەمەندە،



هەڵقوڵانی پارەو سەرفکردنە زۆرەکەیە، کە هەموو جیهانی گرتووتەوە، هەروەها بوونی سەرمایەگوزاری نوێی زۆریش باندۆریان هەبووە، لەسەر ئەو گەشە زۆرەی بواری بازاڕو سەرمایەکان. بەو پێشهاتە خاوەن پرۆژە گچکەکان و کارمەندانی بازاڕو خاوەن سەهمەکان، ئەو جیهانە ڕیتشیستانەیان لە ئەمریکا دامەزراند، دیارە لەو ڕۆژانەشدا گواستنەوەو گەیشتنی پارەش زۆر ئاسان بووە، بۆیە ئەوەش هۆکارێکی هاندەر بووە. بەدرێژایی ساڵانی نۆهەدەکان جوولە و خێرایی دراو بە شێوەیەکی ئەساسی، لەناو ئەمریکا دەستی پێکردووە، هاوکات لەگەڵ گەشەی ئابووری و داهێنانی زۆری تەکنەلۆژیاو بازاڕی زۆر فراوانی دراو و سیستەمە بزێوەکەی دارایی و کەشە شەفافەکەی کاری بازرگانی، بازاڕەکانی ئەمریکای کردە ژینگەیەکی گونجاو بۆ سەرمایەگوزارییەکانی ناوخۆو دەرەوە. ئەو ڕووبارە دراوەی ناو ئەمریکا لەو ڕۆژانە بەرەو وڵاتانی دەرەوە ڕێ دەکات، بەرەو هیندو چین و وڵاتانی باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاو ئەوروپای خۆرهەڵات و ئەمریکای لاتینی ڕێ دەکات. دەرئەنجام ڕیتشیستان ئاستێکی نێونەتەوەیی وەرگرتووە، ئەمریکاش وەک ماشینێکی زەبەلاحی سامان دەمینێتەوە، کۆمپانیایە ئەمریکییەکان و سەرمایەگوزارەکانیشیان، سوودی زۆریان لە گەشەی ئابووری جیهان وەرگرتووە، پێشبینی دەکرێ لەناو سەرمایەدارەکانی جیهانیش ملیۆنێری زۆرتر لە ئەمریکاش پەیدا بێت، لەو ٥ تا ١٠ ساڵی داهاتوو دەردەکەوێت.

## ئاهەنگێکی گەڕۆک:

ستیڤن مارتیروس بەڕێوەبەری هەڤاڵبەندی سی سی سی، کە مەڵبەندەکەی لە شاری بۆستنە، ئەو ڕیتشیستانەی بە ئاهەنگێکی گەڕۆک پێناسە کردووە، ئەو وا دەزانی ئەو سامانەی لەو دەڤەرە، لە ئەنجامی جوولە و چالاکی خێرای پارە لە بازاڕەکان هاتووتە کایەوە، ئەو دە ساڵەی ڕابردوو ئەمریکا نەواو هێلانەی ئەو سامانە زۆرە بووە، ئەو ڕەوشەش تا ماوەیەکی تر بەو جۆرە دەمینێتەوە، بەڵام سەرمایە شوێنی نەگۆڕەو دەجوولێتەوە، لە نێوان شارەکانی هۆنگ کۆنگ و لەندەن و سنگافورەو دوبەی، دێت و دەچێت. لە گۆڕانکارییەکاندا، بە دوو ئاراستە کاریگەری لەسەر ڕیتشیستان دەکەن، لەلایەک سیماو شەرعیەتی نێونەتەوەیی پێ دەبەخشێت،

له لایەکی تریشەوە، دەرزی نێوان دەوڵەمەندەکان فراوانترو گەورەتر دەکات، واتە دوو توێژی دەوڵەمەند دەخولقێنێت، زۆر دەوڵەمەندو دەوڵەمەند.

لەو رەوشە نوێیەی سامان و پارەش، لە جیهانی دەوڵەمەندەکان کەلتوورێکی نوێ پەیدا دەبێت، کەلتووری سامان و پارە، ئەوەش نە لە ناو ئەمریکایە، نە لە ریتشیستان دەبێت، ئەو جیهانە نوێیە، لە هوتێلە ئەستێرە بەرزەکانەوە دەبێت، ئەوانەی لەو هوتێلانە دادەبەزن، کەلتوورو کەشێکی نوێ دروست دەکەن، ئەوانە لە هوتێلی (فۆرسیزون و ریتز)، ئەوانە ئوتومبێلی مارکە (بنتلی و رۆلز رۆیس) لێ دەخورن. خواردنیان تایبەتییە، سوشی دەخۆن، جلوبەرگەکانی مارکەی وەک گوتشی و فیوتون و فرانک موللر لەبەردەکەن، زۆربەی کاتەکانیان لە هەوارە گەشتوگوزارەکان بەسەردەبەن، زۆربەی ژیانیان لە سانت باریس و مۆناکۆ و مالدیف دەگوزەرێنن. ئەو دەوڵەمەندانە بەو کەلتوورەوە، کەم بە وڵات و زێدی خۆیان وەدەنووسێن، وەک کەسێکی نێونەتەوەیی خەڵکی ریتشیستان دەبن، پارەکانیان لەسەر هەموو جیهان دەکەوێتە کار، لە هەموو بازارێک پارەو بەرنامەیان دەبینرێت، ئەوان وەک کەسێکی ریتشیستانی رەفتارو بازاڕی دەکەن، نەک وەک کەسێکی ئەمریکی یان هیندی یان روسی رەفتار ناکەن، ئەوان وەک کەسێکی ریتشیستانی دەبن.

بۆ نموونە بنەماڵەی سانتۆ دومینگۆ لە کۆلۆمبیا، کە لە ئەمریکای لاتینی دەستیان بەسەر پیشەسازی دروستکردنی بیرە داگرتووە، ماوەیەکی زۆرە سامانەکە لە ناوچەکانی وڵاتانی کۆلۆمبیاو پیرۆ و ئەکوادۆر خستووتە کارو سەرمایەگوزاری. کۆمپانیاکە لە ساڵی ٢٠٠٥ لەگەڵ کۆمپانیای مەزنی ساب میللر SAB MILLER بە سەرمایەی ٧,٨ ملیار دۆلار لە شێوەی سەهم یەکیان گرتەوە. ئەوەش بۆ ئەو بنەماڵەیە بەرنامەیەکی باش بوو، بۆ کرانەوەی سانتۆ کە ماوەیەکی زۆربوو چاوەڕوان بوو. تا ئیمرۆش ئەو بنەماڵەیە بەرهەمهێنانی بیرە لە کۆلۆمبیا کاری سەرەکییەتی، کۆمپانیایەکی گەورەی لەو وڵاتە هەر ماوەو بەرهەمی بەردەوامە، بێجگە لە ئەورووپاو ئاسیا، لەگەڵ ئەمریکای باکوریش مامەڵە دەکات، بەشێک لە پارەکەیان لە سندووقەکانی پاشەکەوتی ئەمریکی و بەشێکیان لە کڕینی سەهم لە ئەورووپاو لە



سندووقەکانی ئاسیاش تەرخان کردووە. دوو کەس لەو بنەماڵەیە لە ئەمریکا دەژین و رەگەزنامەی ئەمریکییان هەیە، ئەندامانی تری ئەو بنەماڵەیە لە ئەورووپاش دەژین. بوب هامشوی بەرپرسی سەرمایەگوزاری ئەو بنەماڵەیە لە ئەمریکا، وتوویەتی:

بنەماڵەی سانتوس وەک هەموو سەرمایەگوزارێکی تر، وادەزانێ، کە پارەو کارەکانیان دەبێ ئاستێکی نێونەتەوەیی وەرگرێت، بۆیەش لەگەڵ کۆمپانیای ئێس ئای بی نێونەتەوەیی یەکیان گرتەوە، بۆیەش دەبێ لە داهاتوو بەو ئاراستەیە بڕۆن و بەو شێوەیە کارەکانیان بەرەو هەموو وڵاتانی جیهان پەل بهاوێژن، ئەوەش بە باشی رەچاو بکەن.

سامان و سەرمایەو تەکنەلۆژیاش وەک گڵۆبالیزمی لە ژیانی ئەمریکییەکان لێ هاتووە، ئەوەش وای کردووە، ژیانی دەوڵەمەندەکانی ریتشیستانی زەحمەت و ئاڵۆز کردووە، بۆیە هەر دەوڵەمەندەکان زۆرتر لەو رەوشە نوێیەدا قازانج دەکەن، بۆ نموونە ملیاردێر لە ئەمریکاوە زۆر ئاساییە، پارەی زۆرەو پەیوەندی ئاسانە، گەیشتن زۆر خێرایە، بۆیە بەئاسانی دەتوانێت هوتێلێک بکڕێت، یان لە سندووقەکانی پاشەکەوتن لە هۆنگ کۆنگ سەرمایەگوزاری بکات، ئەوەش بۆ سەرمایەگوزارەکانی تری ئاسایی ئاسان نییە، هەر لە چوارچێوەکەی خۆیدا بسوورێتەوە، ئەگەر کەمێکیش پارەو کاریشی لە دەرەوە هەبێت.

کە بۆشاییەکەی نێوان دوو توێژەکەی ریتشیستان گەورەتر دەبێت، هەست دەکرێت، بەشێکیان خاوەن بەلەمی نازدارن، بەڵام توێژەکەی تریش هەست بەلاوازی و بێدەسەڵاتی دەکەن. ئەوەی دڵخۆشکەرە ئەو دەستەیەی پارەو سامانە زۆرەکەیان لەبن دەستە، بەشدار و هاوکارن لە چارەسەرکردنی بەشێک لە کێشەکانی ناو کۆمەڵ و درێغی ناکەن لە یارمەتی و رامکردنی چەندین دەستەو کۆمەڵەی خێرخوازی، دیارە هێزەکەیان بەتەوژمەو دەکاری رۆڵیان هەبێت.

لە ماوەی چەرخی زێڕین و هەنگاوە مەزنە ئابوورییەکەی بیستەکانی سەدەی رابردوو، دەوڵەمەندی پێشکەوتووخوازی وەک رۆزفلت کۆششی کردبوو، بۆ کەمکردنەوەی بۆشایی کە لە سامان و سەرمایە پەیدای کردبوو، ئەوەش لەسەر کەسانی ئەو نەوەیەش، نەوەی سێیەمیش دەبینرێت، وەک جارید بۆلیس و مایکل

بلومبیرگ، کە پارەی زۆریان بۆ چاککردنی سیستەمی پەروەردەو تەندروستی تەرخانکردبوو، هەر ئەو دوو کەسە سامانداره ڕۆڵیان زۆر بوو لە یارمەتیدانی چینەکانی ناوەندو خوارەوە. وەک چۆن سامانەکە بوویتە کایەکی نێونەتەوەیی، بەم جۆرەش کارە خێرخوازەکانیش ئەو سیمایەی وەرگرتووە، دەوڵەمەندەکان تەنها لە کارە خێرخوازەکانی چاککردنەوەی قوتابخانەکانی ناو نیویۆرک و کارگوزاری نیشتەجێی لە نیواورلیانز قەتیس نەماون، بەڵکو هەژارەکانی ئەفریقیاو کەمبۆدیاو برازیلیش نان دەدەن. ئەگەری ئەوەش هەیە زۆر لە دەوڵەمەندەکان وەک فیلیپ باربر کۆشش و یارمەتی بە ئەثیوبییەکان داوە، لاسایی بکەنەوەو نموونەیان لەو بوارەدا زۆر بێت. لەو بارەشەوە باربر وتوویەتی: هیوامان زۆرە سامانەکەم زۆرتر بێت، هۆشمان کراوەتر بێت، دڵمان زۆرتر بەرەو جیهانیبوون بچێت.

دەکرێ دەوڵەمەندەکانی ئەو ڕۆژگارە، خەونەکەی ئەندرۆ کارنیگی بهێننە دی، هەر چەندە بەلەمە نازدارەکانیان گەورەترو گرانتر دەبێت، کە ئوتومبێلەکانی ڕۆلزرۆیس بە ٣٥٠ هەزار دۆلار دەکڕن، کە بە فڕۆکەی تایبەتی بۆ خۆشی سەفەر دەکەن، لەو هەموو نازو نیعمەتەدا دەبێ بیر لەوە بکەنەوە، ئەو سامانە دیاری و هیبە نییە، ئەو پارەیە تەنها بۆ خۆیان نییە، بەڵکو سامانەکەیان بەرپرسیەتی و لێپرسینەوەشی تێدایە، دەکرێ ئەو دەوڵەمەندانە بە پرۆژە خێرخوازەکانیان، پرۆژەی وەک باربر جێبەجێ بکەن، با پاش تێپەڕبوونی سەد ساڵ بەسەر خەونەکەی ئەو، کە وتوویەتی:

با هەژارو دەوڵەمەندەکان ئاشتەوایی بکەن.

باربریش وتوویەتی:

دەبێ دەوڵەتی بەخشندەیی دامەزرێت، دەبێ ئەو بەرنامەیەی پارەی زۆری دەوڵەمەندەکان بۆ خۆشی و گەشەی هەموو مرۆڤایەتی بێت، دیارە ئێمەش هەر ئەوەندەمان لەدەست دێ، هیوای ئەو ڕەوشەو هاتنەدی ئەو دەوڵەتە چاکسازو بەخشندەیە بخوازین.

.........................................................

ئەو کتێبە بە زنجیرە لە ڕۆژنامەی (القبس) ی کوێتی لە ٢١- ١٠ -٢٠٠٧ تا ١١ -١١- ٢٠٠٧ بڵاوکراوەتەوە.





ئوتومبێلێکی ڕیتشیستان



بەڕێوەبەری ئامۆژگەی ستارکی



سەعاتە نامۆیە گرانەکە



کۆشکە نازدارەکانی ملیاردێرەکان



پارس هیلتۆن



شوێنی حەوانەی ملیاردێرەکان




شاری بەفر



کۆشکی ئەمیرێکی عەرەب






کافتریای دەوڵەمەندەکان



ریتشیستان و دەسەڵات




ئارامگەیەکی ملیاردێرەکان

**بابەتی دووەم**

# سەردەمی گۆڕانەکان

نووسینی: ئالان گرینسپان


ئامادەکردن و وەرگێڕانی بۆ عەرەبی:
محەمەد حوسێن و محەمەد ئەمین

ئالان گرینسپان بۆ ماوەی ١٨ ساڵ سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی فیدرالی ئەمریکی بووە، ئەو سەرۆکە بەوە ناسراو بوو، کەوا لەو ماوەیەدا لە بەر چاوی کامیراو لە دیمانەی ژوورنالیستان خۆی دوور راگرتووە، بۆیە دەکرێ ناوی بە (ابو الهول) ی بێدەنگ ناوببرێت، دەکرێ بە پارێزەری گەنجینەی ئەمریکی ناوببرێت، کە زانرا ئەو وا خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیەتی، هەموو لایەک بە کڵۆفەوە چاوەڕوانی بڵاوکردنەوەی بوون.

کتێبەکەی ئەو وەک بیرەوەری سیاسییەکان نییە، چیرۆک و گێڕانەوەی تێدا بێت، لە هەموو بەشەکانی وەک رووناکبیرێکی گەورەو پسپۆڕێک لە ئابووری بابەتەکانی نووسیوەتەوە. وەنەبێ گرینسپان تەنها لەسەر ئابووری ئەمریکا قسەی کردبێت، باسی هەموو ئەو لایانەیانی کردووە کە پاش سەرهەڵدانی گلۆبالیزم هاتوونەتە کایەوە. لەو ماوەیەی سەرۆکی بانکەکە بووە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی حکومەت بەردەوام لەسەر ئینزباتی دارایی کێشمەکێشی بووە، یان لەسەر پابەندنەبوونی حکومەت بە سەرفکردنی گشتی دەمەقاڵێ بووە، بەتایبەتی کە پارە بۆ بەرژەوەندی سیاسی سەرف کراوە، لەگەڵ هەموو ئیدارەکان کێشەی هەبووە.

کتێبەکەی سەردەمی گۆڕانەکان، بە وردی بۆ خوێنەری شەیدای کاروباری ئابووری دواوە، بەتایبەتی لە دیاردەکانی گلۆبالیزم و پشتیوانی لە لیبرالیەتی ئابووری و بازاڕی ئازاد دواوە. لە بەشێکی کتێبەکەی باسی نەمانی دیاردەی ئابووری ناوەندی دەوڵەتی کردووە، بۆ نەمانی ئابووری سۆڤیەتی پێشووش بەشێکی تەرخان کردووە.






بەرگی کتێبەکە بە ئینگلیزی

# سەردەمی گۆڕانەکان

به گەشتی ژماره ١٢٨ به فرۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی سویسری له ئێوارەی ١١ی سپتمبەری ساڵی ٢٠٠١ له کۆبوونەوەیەکی رۆتینی کەسایەتییه دیارەکانی بانکەکان دەگەڕامەوه ماڵەوه له واشنتۆن، بوب ئاگینو، کۆنه ئەفسەرو سەرۆکی ئەمنی تایبەتیم که لەو گەشتانەی دەرەوەی وڵات هاوشانم دەبوو، کەسێکی لەبەردڵان بوو، کەسێکی کەمدوو بوو، که لەناو فرۆکەکه رووبەڕووم هات، هەستم کرد رووی خۆش نەبوو، لێم نزیک کەوتەوەو وتی:

گەورەم کاپتنەکه دەیەوێ قسەت لەگەڵدا بکات، ئەگەر زەحمەت نەبی، بۆ پێشەوەی فرۆکەکه و لای کاپتنەکه بفەرموون. منیش بەنەرمی بۆ پێشەوەی فرۆکەکه چووم، له پیلۆتەکه (فرۆکەوانەکه) نزیک بوومەوەو که زانی منم، هاته ئاخاوتن و وتی:

دوو فرۆکه خۆیان به باڵەخانەی سەنتەری بازرگانی جیهانی له نیویۆرک کێشاوه. که پیلۆتەکه هەستی کرد من هەواڵەکەم زۆر لا سەیرەو وەک ئەوەی بڕوا نەکەم، بۆیه وتی، من بەڕاستیمه گاڵته ناکەم!

هەستم کرد پیلۆتەکه به هەواڵەکه تێکچووە، رەنگی گۆڕابوو، نیگەران ببوو، هەستی دەکرد زوڵمێکی زۆر له وڵاتەکەی کراوه، بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و وتی:

لەو رۆژەدا چەند فرۆکەیەک له ئەمریکا رفێندراون، دوویان خۆیان به باڵەخانەی سەنتەری بازرگانی جیهانی کێشاوه، یەکێکی تریان خۆی کێشاوه به باڵەخانەی پنتاگۆن، فرۆکەیەکی تریش دیار نەماوە!

ئەو هەر ئەوەندەی دەزانی، هیچ زانیاری تری لەلا نەبوو، بەڵام فرۆکەکه بەناچاری ئێمەی بەرەو زیورخ دەگەڕاندەوه، پیلۆتەکه به سەرنشینەکانیشی وتبوو، ئێمه بەرەو زیورخ دەگەڕێینەوه، بەڵام هۆکاری گەڕانەوەکەی پێ رانەگەیاندبوون. منیش پرسیم



بۆچی ئێمه بگەڕێینەوه، ناکرێ له فرگەیەکی کەنەدا بنیشینەوه، بەڵام ئەو له وەڵامدا وتی:

من وا فەرمانم بۆ هاتووه، ناکرێ سەرپێچی فەرمانەکه بکەم، دەبێ بگەڕێمەوه زیورخ.

کە هەواڵەکەم وەرگرت گەڕامەوه شوێنەکەم، دانیشتم و کاپتنەکه به سەرنشینەکانی راگەیاند، کەوا تاوەری چاودێری پێی راگەیاندووم بگەڕێمەوه زیورخ. برادەرەکانی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی و بانکی ناوەندی، ئەوانەی له کۆبوونەوەکەی کۆتایی هەفتەبەشدار بوون، بەرەو ئەمریکا فڕیبوون، لەناکاو تەلەفۆنەکەشم وەستا، بۆیه هیچ ئامرازێکم له دەست نەما تا بزانم، رووداوەکان چۆن بووەو چی دەقەومێت، تا ئەو سێ سەعات و نیوەش دەڕوا، لەناو فرۆکەکه خۆم به فایلەکان و کارەکانم سەرقاڵ کرد، بەردەوامیش چاوێکم له پەنچەرەکەوە له دەرەوە بوو، لەگەڵ تەماشاکردنی فایلەکان و کارەکانی ناو جانتاکەم بیرم لەوە دەکردەوە، دەبێ چ پیلانێک له ئارادا بێت، دەبێ شتەکه گەورەو مەزن بێت؟ لەو دەمانەدا ترسی ئەوەم لێ نیشت، دەبێ ژنەکەم له کێ بێت، لەبەرئەوەی له تۆری (ئێن بی سی)ی تەلەفزیۆنی کاری دەکرد، لەبەرئەوەی ژنەکەم پەیامنێر بوو، بەڵام له نیویۆرک نەبوو، بەڵام ئەگەری ئەوە هەبوو سەردانی بنتاگۆن بکات، بەرنامەی لەو جۆرەی هەبوو، یان رەنگه له نووسینگەکەی سەنتەر بووبێت، ترسی ئەوەشم هەر هەبوو ژنەکەم بۆ کاری ریپۆرتاژێک، بۆ دیمانەیەک لەگەڵ ژەنراڵێک له پنتاگۆن بووبێت.

لەو دەمانه بیرم له هاوڕێیەکانی ناو بانکی ئیحتیاتی فیدراڵیم دەکردەوە، خانەوادەکانیان، هەموانم بەبیر دەهاتەوه، دەبێ فەرمانبەرەکان رووبەڕووی ئەو کارەساته چی بکەن، ئەو تەنگژەیه گەورەیه، هەرگیز کارەسات و زوڵمی وا له ئەمریکا نەکراوه، پاش (بیرل هاربور) دەستدرێژی وا نەکراوەته سەر وڵاتەکەم، ئەوەیان وڵاتەکەم دووچاری ئاژاوەو کارەسات دەکات، ئەوەش راستەوخۆ باندۆری لەسەر ئابووری وڵاتەکەم دەبێت.

به رووداوەکه ئەگەری ئەوە هەبوو له سیستەمی ئابووری وڵاتدا تەنگژەیەک بێته ئاراوه، لەوەش خراپتر، ئەگەرچی دووریشه سیستەمی ئابووری وڵات برووخێنێت،

بانکی ئیحتیاتی ناوەندی سەرپەرشتی سستەمی کلیلی ئەلکترۆنی دەکات، ئەو سستەمەش رۆژانە مامەڵە بە زۆرتر لە ٤ تریلیۆن دۆلار دەکات، بە هەموو شێوەکانی دراو و سەنەدەکان مامەڵە دەکات، ئەوەش نەک تەنها لە ئەمریکا، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان سەوداو ئاڵۆگۆڕی ئابووری هەیە.

کە سستەمی مامەڵەی نوێ لە بانکەکاندا نەما، سستەمی ئابووری ئەمریکی ئیفلیج دەبێت، بۆیە ناچاریت بە دەستی کاری رۆژانەی بانکەکان بکەیت، دیارە ئەو سستەمەش لێهاتوویی و زانایی تێدا نییە، بۆیە زۆر لە کۆمپانیاکان دووچاری سستەمی کومپیالەو قەرز دەبوونەوە، ئەوەش چالاکی ئابووری وڵاتەکە دەباتە ناو زەڵکاو. لە سەردەمی شەڕی ساردا بانکی ئیحتیاتی ناوەندی بۆ خۆپاراستن لە هێرشێکی لەناکاوی ناوەکی سستەمی پاراستن و هەڵگرتنی رەچاو کردبوو، بۆ ئەو مەبەستەش ژمارەی ئامێرەکانی پەیوەندی و کۆمپیوتەرمان کەم کردبۆوە، کە سستەمی ئابووری کاریان پێ دەکرد. بە هەموو شێوەیەک کارمان بۆ ئەوە دەکرد دابینکردن و زەمانەتەکان بپارێزین، بۆ نموونە بەیانەکانی بانکێکی فیدرالی لە بانکێکی تری فیدرالی بەئاسانی دەدۆزرێتەوەو هەموو زانیارییەکان دەستبەر دەبێت، با ئەو بانکەش سەدان میلیش لەو بانکەوە دووربێت، هەرچەند دوورتریش بێت، ئەوەیان کێشە نییە، ئەگەر هەر بانکێک دووچاری هێرشێکی چەکی ناوەکی هات، ئەوە بانکەکان بەئاسانی هاوکاری بانکە هێرشکراوەکە دەکەن، دیارە رۆجەر فیرگسونی جێگری سەرۆکی بانکەکەمان لەو دەمانەدا هانای بۆ دەبات، ئەو سستەمە بۆ ئەو رۆژانەیە، من دڵنیام هاورێیەکانم پەنا بۆ ئەو بەرنامەیە دەبەن، بەوەش سستەمی دۆلاری جیهانی رادەگرێت.

من ئەو دەمانە بیرم لەو بابەتە دەکردەوە، بەڵام من بیری ئەوەم نەدەکردەوە کەوا رفێنەرەکانی فرۆکەکان بیریان لەو مەسەلەیە کردبێتەوە، ئەگەری زۆریش هەیە هەموو دەمێ نەیارانی سەرمایەداری ئەمریکی پەنا بۆ ئەو جۆرە کردەوانە ببەن، وەک کارێکی رەمزیش بێ ئەوە بکەن. بۆ نموونە پێش هەشت ساڵ پارکی راگرتنی ئوتومبێلی سەنتەری بازرگانی جیهانییان تەقاندەوە، بۆیە من لەوەیان دەترسام گومانی ئەو هێرشانەم هەر هەبوو، دەمزانی ئەگەر هەر دەستدرێژییەک بکرێت، ئەوە



دەکەن، پەلاماری سەنتەرەکە دەدەن. لە رەوشی ئابوورییەکی زۆر گەشەداری وەک ئابووری ئەمریکی هاموشۆو گۆڕینەوەو خزمەتگوزاری بەردەوام هەیە، کارەکانی زۆر وردو کارامەیە، هەموو خێزانێکمان بۆ بژێوی ژیانی دەستی لە بازرگانیدا هەیە.

بوونی مەترسی کاری تیرۆریستی لەسەر بانکەکان، وا لە هاووڵاتیان دەکات لە چالاکییە بازرگانییەکان دوور بکەونەوە، لە بازارِ دوور بکەونەوە، سەرمایەگوزارەکان بەناچاری نەبێ دەرناکەون، هاووڵاتیان لە کونی ژووری ماڵەکانیان خۆیان حەپس دەکەن، ئەوانە بازاڕی ئابووری وەک تۆپەڵە بەفر لێدەکات، رەوشە دەروونییەکان و ترسی بەردەوام لە کاری ئیرهابی باری ئابووری سست دەکات. بەو زەبرەی بەرمان کەوت، مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت بە کۆمەڵ و بە زۆری لە بازارِ دووربکەوینەوە، رەوشی ئابووری خاو دەکات و نەهامەتی و کوێرەوەری پێوەوە دەبێت. پێش ئەوەی لە فڕۆکەکە دابەزام بیرم لەوە دەکردەوە، سەرتاسەری جیهان دووچاری گۆڕانێکی مەزن دەبێت، نازاندرێت، گۆڕانەکە چۆنەو ئاراستەکەی بەرەو کێندەرێیە، دیارە ئەو رەوشە لێبووردییەی کە ئەمریکییەکان پاش شەڕی سارد پەیڕەوییان کردبوو، تەواو بوو، سەردەمی لێبووردەیی تەواو بوو، لەو ساتەوە شتەکان تەواو بوو.

بە کاتی ناوخۆیی و لە کاتژمێری هەشت و نیوی ئێوارە فڕۆکەکەمان لە زیورخ نیشتەوە، کە لە فرۆکەکە دابەزیم بەرپرسانی بانکی سویسری پێشوازییان کردم، زوو منیان بردە ساڵۆنەکەی بەرێکردنی فڕۆکەخانەکە، لە ژوورێکی تایبەتییان دانام، وتیان ئەگەر دەخوازی دیمەنی رووخانی باڵەخانەی سەنتەری بازرگانی جیهانی، ئاگرەکەی ناو پنتاگۆنت نیشان بدەین، بەڵام من داواکەم قبوول نەکرد، نەمویست ئەو دیمەنانە ببینم. هەموو تەمەنی خۆم لەو بالەخانەیە بەسەربردبوو، کاری دوورودرێژم لەو سەنتەرە کردبوو، هەموو برادەرەکانم لەوێ کارمەند بوون، ناسیاری زۆرم لەو سەنتەرە بوو، مەزندەی ئەوەم کرد، ئەگەر قوربانییەکان زۆربن، ئەوە زۆریان هاوڕێ و ناسیاری منن، من زۆریان دەناسم، من ناخوزام ئەو دیمەنە بە چاوەکانم ببینم، دەمویست بە تەلەفۆن قسە بکەم. کە دابەزیم و تەلەفۆنەکەی دەستیم کرایەوە، پەیوەندیم بە هاوسەرەکەمەوە کرد، گوێم لە دەنگی بوو، کە قسەم لەگەڵ ژنەکەم کرد، چەند دەقەیەک مابوو بۆ کاتژمێری نۆی شەو، بەو ئاخاوتنە ئیسراحەتم کرد، ئەویش

لە سەلامەتی من دڵنیا بوو، ئەو وتی، هەر چەندی پێت دەکرێت، زوو بچۆرە لای تەلەڤزێونێک، لەوەوە لە رەوشەکە حاڵی دەبیت، ئینجا دەزانی چی قەوماوە، زوو برۆ.. بەڵام من پرسیم.. چی رووی داوە.. زوو حاڵیم بکە لەلای ئێوە چی رووی داوە. لەگەڵ من قسەی دەکرد، دیاربوو دەرهێنەرەکەی رووداوە تایبەتییەکان بە چرپە بە گوێیەکەی تری راگەیاند، دەیوت:

ئەندیرا.. تۆ برۆ پەیوەندییەکە ئامادەیە، تۆ ئامادەی؟

هاوسەرەکەم لەگەڵ داوای لێبوردنەوە منی جێهێشت، پەیوەندییەکەمان تەواو بوو، بەڵام تەلەفۆنەکەی دانەخست و هەر ئەوەندەی وت.. گوێ راگرە! ئەو بۆ کامیراکان قسەی دەکرد. بە تەلەفۆن گوێم لێبوو، وەک چۆن هەموو هاووڵاتییەکی ئەمریکی هەواڵەکەی دەبیست، منیش لە تەلەفۆنەکەوە دەمبیست کەوا فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی یونایتد لە گەشتی ژمارە ٩٣ لە ولایەتی بنسل ئانیا کەوتووتە خوارەوە.

**پەیوەندیکردنم بە بانکەوە:**

توانیم پەیوەندی بە رۆجر فیرگسۆن لە بانکی ناوەندی بگرم، هەنگاوەکانی سەلامەتی تەنگژەکانمان بەسەرکردەوە، لەوە دڵنیابووم بتوانین کۆنترۆڵی رەوشەکە بکەین، کە زانیم هەموو گەشتە ئاسمانییەکان بۆ ئەمریکا وەستاوە، پەیوەندیم بە ئاندی کاردی سەرۆکی دەستەی فەرمانبەرانی کۆشکی سپی کرد، داوام کرد مشووری ئەوەم بۆ بخوات زوو بگەمەوە واشنتۆن. لەگەڵ پاسەوانەکانم بۆ پشوودان و چاوەڕوانی رێنماییەکان گەڕامەوە هوتێل.

بەیانی زوو سۆراخی فڕۆکەیەکم کرد، پەرۆش بووم زوو بگەڕێمەوە، فڕۆکەیەکی بنزین هەڵگری سوپای ئەمریکیم دەستکەوت، هەر ئەو فڕۆکەیەش هەبوو، بەناچاری خۆم لەناو ئەو فڕۆکەیە دۆزییەوە. بێدەنگ و خامۆش لەناو کابینەکەی پێشەوەی دانیشتم، کاپتنەکە لەگەڵم کەوتە ئاخاوتن و بە سەرسامییەوە وتی:

بروا ناکرێ چۆن ئەوە رووی داوە، گوێ راگرە.

سەماعەکەم بە گوێیەکانم وەنا، بەڵام من هیچم نەبیست، گوێم لە هیچ نەبوو، فڕۆکەوانەکە وتی، زۆرجار ئەوەیان رووی داوە، لە ناوچەکانی باکوری ئوقیانووسی



ئەتڵەسی ئەوە رووی داوە، ناوچەکە شەپۆلی پەیوەندی زۆرە، بۆیە بیستن زەحمەت دەبێ، بەڵام ئەوەیان سەیرە، هیچ دەنگێ نییە. کە گەیشتینە ناوچەی دژە فڕینی ئەمریکی، دوو فڕۆکەی ئێف ١٦ ی جەنگی بەرەو روومان هاتن، کەوتنە تەنیشتمان، هاوشانی یەکتری فڕین. کە نزیک بووینەوە بوار درایە فڕۆکەکەمان بەسەر ناوچەی هێرشەکە بفڕین، تاوەرەکانی سەنتەری بازرگانییەکە لە بەشی خوارووی مانهاتن بوو، گەیشتینە سەر کەلاوەی تاوەرەکان، هێشتا دووکەڵیان لێ هەڵدەستا، دەیان ساڵ بوو نووسینگەکەی من لەو ناوچەیەوە نزیک بوو، دوو کۆڵان لە منەوە دوور بوو، من لە کۆتایی شێستەکانەوەو تا سەرەتای حەفتاکانەوە رۆژانە ئەو دوو بورجەم لێوە دیاربووە، ئێمەڕۆش وا من لە بەرزی ٣٥ هەزار پێ لە ئاسمانەوە لە شوێنەکەیان کەلاوەکەیان دەبینم، ئەو دوو باڵەخانەیە کراوە بە دوو گەورەترین کەلاوە لەناو شاری نیویۆرک. ئێوارەکەی راستەوخۆ بە هاوشانی ئۆتومبێلێکی پۆلیس، بەربەستەکانی پێش خۆمان بڕی و چوومەوە بانک دەستم بەکارەکانم کردەوە. کاروبارە ئەلکترۆنییەکانم بە باشی دەڕۆیشت، لەبەر وەستانی فڕینی فڕۆکە مەدەنییەکان، پرۆسەکانی چاودێری گواستنەوەو گەیاندنی کەلوپەلە تەقلیدییەکان دواکەوت، ئەوەش کێشەیەکی هونەری زۆری بۆ خوڵقاندین، بەڵام فەرمانبەرانی بانکی ئیحتیاتی ناوەندی بە دەستبەرکردنی دابینی یەدەگی کاتی بۆ بانکە بازرگانییەکان چارەسەریان کرد.

لەو رۆژانە بە بەردەوامی چاودێری هێڵ و ئامارەکانم دەکرد، هەموو ئاماژەکان دیاربوو کەوا رەوشی ئابووری لاوازو سست بوو. دابەزین و سستی ئابووری پێش حەوت مانگ لە رووداوەکەی ١١ی سپتمبەر هەستی پێدەکرا، کۆشش هەبوو رەوشەکە لە ئاکامی هەرەسی کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت لە ساڵی ٢٠٠٠ پەیدا ببوو، باش بکرێت. کە رێژەی قازانجمان کەم کردەوە، رەوشەکە بەرەو باشتر رۆیشت، بازاڕەکانمان هێور بوونەوە. لە کۆتایی مانگی ئۆگستی کە نوێنەری کۆنگرێس گاری کوندیت، لێدوانێکی لەسەر دیارنەمانی ژنە گەنجەکەی بڵاو کردەوە، ئەو هەواڵە گەرمی بازاڕو بۆرسەی سارد کردەوە، لەوەش بوار ساز بوو رێژەی قازانج کەم بکەینەوە. سستەمی ئیحتیاتی فیدراڵی لە ١٢ بانک پێکهاتووە، ئەو لقانە لە

سەرتاسەری وڵات پێگەیەکی ستراتیژی دیاریان هەیە، ئەوانە قەرز بە بانکەکان لە ناوچەکانیان دەدەن، بەرنامەی کاریان ڕێکدەخەن، ئەو بانکانە وەک پەنجەرەیەک دەڕواننە سەر ئابووری ئەمریکا، کارمەندان و بەرپرسەکانی ئەو بانکانە بەردەوام زانیاری بەو بانکانەو سەرمایەدارانی ناوچەکەیان دەدەن، زانیارییەکانی لە داواو فرۆشیارەکان وەردەگرن دەکرێتە ڕاپۆرتی مانگانە، ئەو زانیارییانە مانگێک لە پێش بڵاوبوونەوەیان بە ڕەسمی بڵاو دەکرێنەوە.

## ئەمریکییەکان کەمتر پارە سەرف دەکەن:

بەپێ ئەو زانیاری و ئامارانەی بەدەستمان دەگەیشت، بۆمان روون بۆوە، کەوا ئەمریکییەکان دەستیان بە پارە سەرفکردن گرتبوو، کەمتر پارەیان لە بواری زیادە سەرف دەکەن، بێجگە لە خواردنە پێویستییەکانی وەک خواردنی ئاسایی و ئاوی کانزایی و کەرەستەکانی خۆپاراستن، پارەیان بە شتی لاوەکی نەدەدا، زۆرتر خۆیان و سامانەکانیان تەئمین دەکرد، روویان لە سەفەرکردن و خۆشگوزەرانی مانەوەی لە هوتێلەکان و گەشتوگوزار وەرگێڕا، کەمترین خەریکی کۆنگرەو دیمانە بوون. هەر لەو ڕۆژانەدا هێنانی سەوزەو مێوەی تازەی کەنارەکانی خۆرئاوا بۆ کەنارەکانی خۆرهەڵات لەبەر گرفتەکانی بارکردن و کێشەکانی فڕینی ئاسمانی کەم بوونەوە. زۆرمان لا سەیر بوو، کە زۆر لایەنی ئابووری گۆڕانی زۆر خێرای بەسەردا هات. بۆ نموونە لەبەر کەمبوونەوەی پەڕینەوە لە رووباری نێوان هەردوو شاری ویندسوررو ئونتاریو، کارگەکانی دیترۆیت کەرەستەی کەمتر دەگەیشتێ، بۆیە بەناچاری کۆمپانیای فۆرد بۆ بەرهەمهێنانی ئوتومبێل بۆ ماوەیەک لە بەرهەم وەستا، پێنج کارگەی بە شێوەیەکی کاتی ڕاگرت.

لەو چەند ساڵەدا کارگەکان کاریان بە قەد پێویست بەرهەم دەهێنا، وەک جاران بەرهەمیان بۆ هەڵگرتن دروست نەدەکرد، بۆ هێنانی کەرەستەش بەگوێرەی پێویست داوایان دەکردو بارەکەشیان بە فڕۆکە بۆ هاتووە، بە کەمبوونەوەی بواری فڕین و گەیاندنی ئاسمانی و زۆرتر پشکنینی سەر سنوورەکان، کەماسی لە کارگەکان پەیداکرد، بۆیەش زۆر لە کارگەکان کاتی کاریان کەم کردەوە، زۆریشیان



هەڵوەشاندەوە. لەو ساڵانەدا بەرهەمی پیشەسازی بە بەرنامەی تەواوکردن و وەرگرتنی بەرهەم بووە، واتە بازاڕ چەندی ویستووە، ئەوەندەش لە کارگەکان دروست کراوە، لە کۆگای کارگەکان بەرهەم هەڵنەگیراوە، بەرهەمەکان بە پەلە بە فڕۆکە و هێڵی ئاسمانی لە کارگەوە گەیشتوونەتە بازاڕ، کە چەند هێڵێکی فڕینی ئاسمان داخران و سنوورەکان توند بوون هەست کرا کەماسی و تەنگاوی و ئاژاوە پەیدابوو و زۆر لە نۆبەتەکانی کار لە کارگەکان وەستێندرا. لەو پێشهاتە نوێیەدا حکومەتی ئەمریکی بە زووترین کات لە ڕۆژی هەینی ١٤ ی سپتەمبەر بڕیاری دا، بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان و ئاساییکردنەوەی ڕەوشە ئابوورییەکە ٤٠ ملیار دۆلاری تەرخان کرد، دەسەڵاتیش بە سەرۆک درا، بەڕووی وڵاتانی نەیارو ڕێکخراوەو کەسایەتی نەیار بوەستێت و دەستی توندیان لێ بوەشێنێت، لەو ماوەیەشدا سەرۆک بەسۆزترین و بەهێزترین وتاری لە ماوەی پۆستەکەی پێشکەش کرد، ڕێژەی ڕازیبوون لە سەرۆک گەیشتە ئاستێکی بەرز گەیشتە ٨٦٪ ، سەرۆک دیمانەی لەگەڵ گەورە بەرپرسانی حزبەکان سازکرد، هەموولایەک بەرنامەڕێژییان بۆ پاراستنی وڵات کرد، کۆششیان کرد دەوڵەت بەهێزتر بکرێت، پارەی باشیش بۆ باشکردنی هێڵەکانی ئاسمانی و فڕۆکەوانی و بواەرکانی گەشتوگوزار تەرخان کرا، کار بۆ ئەوەش کرا پارە دابین بکرێت بۆ کەمکردنەوەی باج لەسەر کۆمپانیاکانی سەرمایەگوزاری و پارەدارەکان. زوو بیر لەوە کرایەوە پاڵپشتی هێڵەکانی ئاسمانی بکرێت، چونکە سستی ئەو کەرتەو وەستانی کاریگەری زۆر خراپی دەبێت، بەپەلە کۆنگرێس ١٥ ملیار دۆلاری وەک یارمەتی بۆ ئەو کەرتە دانا، من زۆر لە دانوستان و دەمەتەقێیەکان بەشدار نەدەبووم، من دەمویست بگەمە ئەو بڕیارەو وەڵامێکی دروستم بۆ پێشکەشکردنی بەرنامەی بەپەلەو کارا دەست بکەوێت. ئاشکرایە لە کاتی هاتنە پێشەوەی تەنگژەو کارەساتی لەو جۆرە نوێنەرانی کۆنگرێس کۆشش دەکەن، پرۆژەی نوێ و چارەسەرساز ئامادە بکەن، سەرۆکەکان هەست دەکەن بۆ چارەسەری گوشاری زۆریان لەسەرە، لەو ڕەوشەدا خەڵکی وا هەیە هەست بە دووربینی ناکات، تەنها پێشەوەی خۆیان دەبینن، بۆیەش لە بێ ئەزموونی دووچاری بەرنامەی نادروست دەبن، وەک پرۆسەی کەمکردنەوەی بەنزین لە سەردەمی

سەرۆکایەتی سەرۆک نیکسۆن، کە ڕێکخراوی ئۆپک لە ساڵی ١٩٧٣ بۆ یەکەم جار ئەستەنگیان دانابوو.

لە ماوەی ١٤ ساڵ کە سەرۆکایەتی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی کردبوو، چەندجار بینیبووم کە ئابووری وڵات لەرووی تەنگژەکان هەڵساوەتەوەو بەسەلامەتی دەربازی بوو، پێنج هەفتەب وو من بەرپرسی ئەو بانکەم وەرگرتبوو، کە ڕۆژێکیان بازاڕی دراو هەرەسی هێنا، بەڵام توانیمان ئەو تەنگژەیەش چارەسەر بدەین، هەروەها لە هەشتاکاندا توانیمان گەشە بە بواری خانووبەرە بکەین، کێشەی بانکەکانی پاشەکەوت و سولفەدانیشمان چارەسەر کرد، کە بازاڕەکانی ئاسیاش دووچاری شکان هات، کە سستی لە نۆهەدەکان بازاڕی گرتەوە، هەموو ئەوانەمان بە سەرکەوتوویی تێپەڕاند. ئێمە گەشەدارترین بازاڕی دراومان لە مێژوودا بینی، کە کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت شکا، توانیمان بەسەر ئەو کێشەیە زاڵ بین، کە بەسەر هەموو ئەو کێشانە سەرکەوتین، توانیمان ئابووری ئەمریکا بەرەو گەشانەوەی زۆرو چالاکی ببەین.

تا ستراتیژییەکی باش لە دوای قەیرانەکەی پاش ڕووداوەکەی ١١ ی سپتەمبەر دادڕێژین، دەبوایە وریایانە چاودێری ڕەوشەکە بکەین، دەبوایە لە کاریگەری ڕووداوەکە حاڵی بین، لە دیمانەیەک بە بەشداری سەرکردایەتی کۆنگرێس لەوانە سەرۆک کۆنگرێس دینس هاستریت و بەرپرسی کەمینەی کۆنگرێس دیک گینهارت و بەرپرسی زۆرینەی ئەنجومەنی پیران ترینت لوت و بەرپرسی کەمینە تۆم داشیل و وەزیری خەزینەی پێشوو لە ئیدارەی کلینتۆن ڕۆب ڕۆبین و ڕاوێژکاری ئابووری کۆشکی سپی لاری لیندسن لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩ ی سپتەمبەر ئەو شێوە ڕامانەمان پێیان ڕاگەیاندن. ئەندامەکان نیازیان بوو، باندۆری ڕووداوەکە لە سەر ئابووری وڵات لە من و لە لیندس و ڕۆبینەوە بزانن، دیمانەکە زۆر جدیانە بوو، لەو دیمانەدا وتاری ئیستعرازی تێدا نەبوو، لەبەرخۆمەوە دەمووت، دەبێ کاروباری وڵات بەو شێوەیە دانوستانی لەسەر بکرێت.



## گورزێکی کوشندە:

ئەو زەبرەی تیرۆریستان لە ئەمریکایان وەشاند، بە بۆچوونی لیندسن بروای هاووڵاتییانی بە ئەمریکا هەژاندووە، گومان لە سستی لەو پەیوەندییە پەیدابوو، بۆیە تا هاووڵاتییان دڵنیا بکەینەوە، تا بڕوابوونەکە پتەو بکەینەوە، من وامدەزانی باجی سەر هاووڵاتییان کەم بکەینەوە، لەو کۆبوونەوەیەدا کەسانی تر پێشنیاری ئەوەیان کرد بە زووترین کات نزیکەی ١٠٠ ملیار دۆلار بۆ پشتیوانی ئابووری پێشکەش بکرێت، کە من ئەو ژمارەیەم بۆ کۆمەکی ئابووری بیست بێزاریم نیشان نەدا، چونکە ئەو پارەیە تەنها ڕێژەی ١٪ بەرهەمی وڵاتە لە ساڵێکدا، بەڵام من وتم، ڕەنگە نەکرێ پارەکە وەک ژمارەیەکی ڕێکی دیاریکراو، کەم یان زۆر دیاربکرێت. بەڵێ کەرتی فرۆکەوانی و توریستی سست و لاوازی پێوە بەدیارکەوت، لە ڕۆژنامەکان بە زۆری ئاماژە بە کەمبوونی ژمارەی کرێکاران دەدرا، ئەوەی زۆر دڵخۆشکەر بوو لە ڕۆژی ١٧ ی سپتەمبەردا بازاڕی دراوی دارایی دەروازەکانی کردەوە، هەر لە دوو کۆڵان سەرووی دوو تاوەرە رووخاوەکەی سەنتەری بازرگانی جیهانی دەستیان بەکار کردەوە. ئەوەش ئاماژەیەکی جوان و بەهێزبوو، کەوا شتەکان وەک خۆی دەگەڕێتەوە، بۆ بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی وێنەیەکی پرشنگدار بوو.

پاش ئەو هەنگاوە، سستەمی مووچەو ڕۆژانەکان گەیشتەوە ئاستی ئاسایی جارانی، ئەگەرچی نرخەکان دابەزین، بەڵام بازاڕی دراو جوولەی تێ نەکەوت، دوایی لەنگەری گرت، ئەوەش هیما بوون کەوا زۆربەی کۆمپانیاکان کێشەو قەیرانیان نییە، مەترسی کوشندەیان ڕوو بەڕوو نەبوویتەوە، کە کۆبوونەوەکە دویماهی هات، بە بەشداربووانم وت:

تا لەو قەیرانە دەربازمان بێت، دەبێ ئاراستەی سەرەکیمان کارکردن بێت، بە کارکردنی بەردەوام دەکرێ ڕەوشەکە ئاسایی بێتەوە، دەبێ چاو لە بژارو بەدیل بگێڕین، تا دوو هەفتەی تر کۆ دەبینەوە، ئاراستەی جوولانمان بەو شێوەیە بێت، لەو ماوەیەشدا زۆر بابەتمان بۆ ڕوونتر دەبێتەوە. بۆ بەیانی لە کۆبوونەوەیەک لە پێش لیژنەی بانکەکانی ئەنجومەنی پیران هەمان نامەم بۆ خوێندنەوە، لەوێ داوام کرد، ئارام بن، کەس ناتوانی باندۆری ڕووداوەکەی ١١ ی سپتەمبەر بەئاسانی و بەخێرایی

بەرجەستە بکات، چەند هەفتەیەکی دەوێت، کە کاردانەوەکە رەوییەوە، دەکرێ ئەنجامەکەی روون بێتەوە، لەوێشەوە باندۆری لەسەر ئابووری دەدەرکەوێت. من بەدڵنیاییەوە بە ئامادەبووانم وت:

دەبێ ئابووری ئەمەریکی لەو سالانەی دواییدا چالاکانە بەرووی هەرەس و گۆڕانەکان بوەستێت. بە هەڵگرتنی کۆت و پەیوەندییەکان لەسەر بازاڕەکانی دراو و ئاسانی و نەرمی رۆژانەی بازاڕی کار بەدی بکرێت، لە گەشەی بەرچاو و گەورەی بوارەکانی تەکنەلۆژیا و پەیوەندییەکان سوود وەربگیرێت، بواری ئاسان کردووە بۆ هەڵمژینی لەرزین و هەژانەکانی بازاڕو ئابووری بسازێت، بەوانە رەوشەکە دەگەڕێنێتەوە دۆخی جارانی پێش هێرشەکەی ۱۱ ی سپتمبەر.

منیش وەک زۆربەی هاوکارانم ، ئەوانەی لە دەزگاکانی حکومەت کاریان دەکرد، لەوە ترسمان هەبوو، وڵاتەکەمان هێرشی تری بکرێتە سەر، ئەگەرنا ئەو بیرو بەرنامەی بۆ رۆژگارەکە پێشنیارم کردبوو، بە باش و بە سەرکەوتووم دەزانین. بەڵام ئەوەمان بە روونی و راشکاوانە دەرنەدەبڕی، ئەگەرچی بە کۆی دەنگ لە ئەنجومەنی پیران، واتە ۹۸ دەنگ بەرامبەر بە هیچ دەنگی ئەرێ بۆ بەکارهێنانی هێز دژ بە تیرۆریستان درابوو، بۆ پرۆژەی سەلامەتی ئاسایشی فڕۆکەوانیش بە کۆی دەنگ ۱۰۰ دەنگ بەرامبەر بە هیچ دەنگی بۆ درابوو. من لە بابەتی چەکی کۆکوژی، یان دزین و دزەی چەکە ناوەکانی سۆڤیەتی لە کۆگاکانیان دەترسام، دەمزانی لەو وڵاتەدا ئارامی و یاسا بەرقەرار نییە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو چەکە کوشندەیە بگاتە دەستی نەیاران، لە پیسکردن و ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوەش لە عەمبارەکانەوە دەترسام، من رادەی رەشبینییەکەم زۆر نەبوو، ئەگەر ئەوەم باش پێوە دیاربوایە، ئەوە باندۆری لەسەر بازاڕ دەکردو رەوشی ئابووری بازاڕی دەشێواند، لە ئەنجامدا دڵەڕاوکێ و ترس لە وڵاتدا بڵاو دەبۆوە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم، من لەو رەوشەدا نیگەرانیم نەگەیاند، من هۆکار نەبووم بازاڕ بشێوێنم، بۆیەش هەموو لایەک شاهیدی ئەوەم بۆ دەدەن، هەموو دەڵێن کەوا من لەسەر حەق بووم.



**زۆربوونی بێکاری:**

لە کۆتایی مانگی سپتمبەری ساڵی ۲۰۰۱ بە چەندین هیماو ژمارەی باوەڕپێکراو بۆمان روون کرایەوە، کەوا داوای کۆمەکی یارمەتی و پێویستییەکانی رۆژانە بەرەو زۆربوونە، ئەوانەش ئاماژەی باری لاری ئابووریان پێوەبوو، هەفتانە بە هۆی ئەو داوایانەی ئاراستەی وەزارەتی کار دەکران، دەزانرا کەوا، ژمارەی داوای کۆمەک بەرەو زۆربوونە، هەفتەی سێیەمی ئەو مانگە ژمارەی داواکان گەیشتە ٤٥٠ هەزار داوای یارمەتی، ئەوەش بەرێژەی ١٣٪ لە کۆتایی مانگی ئوگستی زۆرترە. بەو ژمارەیە بۆمان دەردەکەوێت کە ناواخنی راپۆرتە هەواڵەکان چەند ئاماژە بە ناگوزەرانی ئەو کەسانە دەدات کە کاریان لەدەست داوە. کارمەندانی بواری هوتێل و رێستورانتەکان و کەمپی توریستان زۆریان کاریان نەما ، بۆیە دووچاری تەنگژەی ئابووری هاتبوون، بۆیان نەدەکرا خۆیان و ماڵەوەیان بژێنن. من زۆر بڕوام بەوە هەبووە کەوا باری لاری ئابووری بەئاسانی و بەخێرایی راست نابێتەوە، بەڕاستی زەبرەکە کوشندە بوو، لەبەرئەوەی ئابووری وڵاتەکەمان سیمای نەرمی و ناسکی پێوەبوو، بۆیە لەگەڵ ئەو رەوشەدا بە زەحمەتی ئاوێتە دەبوو.

**سەرفکردن و کەمکردنی باجەکان:**

ئێمە لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی وەک چاودێرانی تر، بە وردی لە پێشنیارو دیدەکان لەسەر سەرفکردن و کەمکردنی باجەکان، لە ژمارەکانی پەیوەست بەو فایلە ورد دەبووینەوە، لە وردەکاری پێویستییەکان و داواکان رامانمان نیشان داوە، ئەوەش خۆی لە سەد ملیار دۆلارە پێشنیارکراوەکەی لاری ليندس دەدۆزییەوە، کە زوو پێشنیار کرابوو. بۆ جارێکی تر لەسەر رەوشی ئابووری وڵات لە هۆڵی هاستریت لە ۳ ی ئوکتۆبەر کۆبووینەوە، دیارە کەوا داوای کۆمەکی کۆمەڵایەتی خەڵکانی بێکار زۆرتر بوو، ژمارەی داواکان گەیشتبووە ٥١٧ هەزار کەس. من هەر لەسەر بۆچوونەکەی خۆم بوو کەوا ئەگەری دەستدرێژی تر هەیە، بەڵام رامانی ئەوەم نەبوو لەسەر ئەو کاولکارییەی ئەنجامی دەدات چەند دەبێت، یان پێشوەخت چی بکەین تا ئابوورییەکەمان لەو دەستدرێژییە بپارێزین. من زوو بە ئامادەبووانی کۆبوونەوەکەم وت:

پێویستە هەنگاومان هەبێت بۆ پاراستنی پێویست، لەوانە کۆمەک و هەنگاوەکان تا سەد ملیار دۆلار بێت، ئەوەش بۆ بووژاندنەوەی ئابوورییەکەمان سوودی دەبێت، یان دەتوانرێت رێژەی قازانج بەرز بکاتەوە، دیارە نوێنەرەکان بەو پێشنیارە خۆشحاڵ بوون.

## گلەیی لە میدیاکان:

ئەو شەوە کە گەڕامەوە ماڵ هەستم کرد، دڵم خۆشە وام هەست دەکرد شتێکم ئەنجام داوە، ئەگەرچی ئەو سەد ملیار دۆلارەش زووتر لەلایەن لیندسییەوە پێشنیار کرابوو، بەڵام کە هەواڵەکەم لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە بیست، زۆر سەرسام بووم، لە هەواڵەکاندا بە روونی ئاماژەیان بەوە دابوو، کەوا من داڕێژەری بەرنامەی کۆبوونەوەکە بووم و ئاراستەکەی لە لایەن منەوە دانراوە. راستە ئیدارەو کۆنگرێس گوێیان لە پێشنیارەکانی من راگرتووە، بەڵام ئەوەی لە دەزگاکانی میدیاوە باس کرا، منی دڵتەنگ و تووڕە کردبوو، من بەوە دڵم خۆش نەبوو، کەوا من بڕیاری سیاسی ترسناک و گرنگم دەرکردبێت، من تا ئیمڕۆش حەزم نەکردووە ناوم بێت، ئاژانسەکان ناوم بهێنن باسم بکەن، حەزدەکەم لە پشتەوەی پەردەوە بم، راستە زۆرجار من پێشنیارو بەرنامەی دروستم هەبووە، بەڵام ئەمجارە دەرکەوت، پێشبینیم بۆ ئەگەری هێرش و پەلاماری تر دروست دەرنەچوو، من وامدەزانی پاش پەلامارەکەی ١١ ی سپتمبەر، هێرشی کوشندەترو کاریگەرتر دەکرێتە سەر ئەمریکا، واش دەرنەچوو. ئەوەی لە مارسی ساڵی ٢٠٠٢ وەک کۆمەکیش کە پێشکەش کرا، بۆم دەرکەوت، چەند مانگێکیش دواکەوتووە، بەرنامەکەش وەک ئاماژەی زۆرتر خۆشگوزەرانیش دەرنەکەوت، بەڵکو تەنها چەند بەرنامەیەکی ناوەختی کۆمەک و یارمەتی بوون و بەس.

لەگەڵ نزمبوونێکی کەم لە رەوشی ئابووری، ئاراستەکەی پاش مانگێک، لە نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠١ هاتەوە سەر کاروانی ئاسایی خۆی، گەشەی ئابووری سەری هەڵدایەوە، داوای یارمەتی وەرگرتن کەمتر بۆوە، رێژەکەی وەک رۆژانی پێش هێرشەکەی ١١ ی سپتمبەری لێ هاتەوە، دیارە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی رۆڵی



کاریگەری زۆری هەبووە، ئەوەش خۆی لە کارکردنی زۆرتر لە بواری کەمکردنەوەی رێژەی قازانج و پرۆسەکانی قەرزدان و سەرفکردن دەدۆزییەوە. من دەمزانی ئەو رووداوە مەزن بوو، کارەساتەکە باندۆری زۆری لەسەر ئابووری دەگەیاند، بۆیە پێشنیارەکانم بە گومان بوون، بەڵام پێشنیارەکانی خۆم لەپێش لیژنەی بانکەکان بە گەشبینییەوە راگەیاند، زۆریشی نەخایاند، هەر چەند هەفتەیەک بوو، کە خێزان و کۆمپانیاکان هەناسەیان هاتەوە بەر، ئەمریکا ئابوورییەکەی گەشایەوە، دەکرێ پرسیاریش بکرێت، ئەو گۆڕان و چالاکییە چۆن هاتە پێشەوە؟ ئەوەیان بە چی دەستەبەر کران، ئەوەش پرسیارەو من لە خۆم دەکرد.

## گەڕان بەدوای وەڵامەکە:

ئابووریناسان هەر لە سەردەمی (ئادم سمیث) ەوە کۆشش دەکەن وەڵامی ئەو پرسیارە بدۆزنەوە، دیارە ئەو رۆژانە هەمووومان سەرقاڵی ئەوەین کە لە سەردەمی گلۆبالیزم لە پێگەی ئابووری وڵاتەکەمان بگەین. ئادم سمیث لە سەدەی هەژدەم لە هیچەوە لەناو گەشەی ئابوورییەکانی بازاڕدا، ئابووری دۆزییەوە، من ئادم سمیث نیم، بە فزوولییەوە لەو دەگەم، کەوا چینی کرێکاران لەو رۆژگارە باندۆریان زۆرە.

من ناڵێم وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەزانم، بەڵام لەبەرئەوەی وەزیفەکەم بەرزترین پلەیە لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ، لەوە راهاتووم باشترین بژارم لە هزرەکان لە چەند بابەتێکدا هەبێت، من و هاوڕێیەکانی هاوکارم لە بانکەکەدا، رۆژانە باشترین ئەدەبیاتی ئەکادیمی لەسەر کێشەو قەیرانەکانمان دەست دەکەوت. بە هاوکاری کارمەندەکانم توانیم مامەڵە لەگەڵ خەرمانەیەکی گەورە لە بەرهەمە ئەکادیمسیەکان بکەم، توانای ئەوەم هەبوو ماوە ماوە یەکێک لە شارەزایانی بواری ئابووری بانگ بکەم، تا لە دوا بەرهەمەکانی ئەکادیمی هاوچەرخ، ئەوانەی لە ئاسۆی مێژوویاندا بایەخدارن، ئاشنام بکەن.

## جیهان دەگۆڕێت:

ئەو جیهانەی خۆمان، وەک چۆنمان ناسیوە، بە چەندین هۆکارو هێزی نوێ وا هێدی هێدی دەگۆڕێت، دیارە کەوا کەرەستەی رۆژانەمان دەگۆڕێت، بە پەیدابوونی

مۆبایل و کۆمپیوتەری دەستی، بە ناردنی نامەی ئەلکترۆنی، بە زۆربوونی تۆڕەکانی ئەنتەرنێت، بە پەیدابوونی ئامێرەکانی بلاک بیری، هەموو لایەکیان گۆڕی.

دۆزینەوەکانی بواری سلیکۆن لە پاش شەڕی دووەمی جیهان، بواری سازاند بۆ دروستکردنی ئامێری کۆمپیوتەر، کە ریشۆڵەکانی بینین بە ئەکسی لێزەرەوە گرێدرا، کە مانگە دەستکردەکان لە بواری گەیاندن شۆڕشێکیان بەرپاکرد، ژیانی هەموو مرۆڤایەتی شاهیدی گۆڕانێکی مەزنیان لە ژیان نیشان دا، گۆڕانەکان لە ئەمریکاوە تا وڵاتی چینی گرتەوە، ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٨ وایاندەزانی تەنها بە خەیاڵی زانستی، ئەو بابەتە نوێیەکان دەگاتە دەستیان، وا ئیمڕۆ بوویتە واقیع، دەستیان گەیشتە هەموو بوارێکی بەسوود بۆ کاری رۆژانەو خۆشگوزەرانییان. تەکنەلۆژیای نوێ بواری سازاند بۆ سەرمایەگوزاری بەرهەمدار، ئەوەش پرۆسەکانی جیهانگیریی و گەشەپێدانی زیندووتر کرد. لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی کۆت و سستەمەکانی باجی گومرگ کەم کرانەوە، ئەوەش لە ئاکامی ئەو ئەنجامە بوو کە رەوش و سستەمەکانی پێش شەڕەکە، ئابووری وڵاتەکانی مردار کردبوو، بە کەمکردنەوەی باجەکان چالاکی ئابووری بە شێوەیەکی بەرچاو گەشەی کرد. بە ئابووری ئازاد، دەروازەی سەرچاوەی کۆمەک بۆ بازنەکانی پیشەسازی نوێ سەری هەڵدا، بەتایبەتی کە تەکنەلۆژیای تەنکەی سیلیکۆن گەشەی کرد، ئەوەش بواری سازاند هەتا لە سەردەمی شەڕی ساردیش سەرمایەداری جیهانی گەشە بکات، بەوەش لە چارەگی سەدەکەمان بازاڕی ئازاد سەری هەڵدا، بەوەش کۆنترۆڵی هەڵاوسانەکەی کردو بەهای قازانجی لە سەرانسەری جیهان گەیاندە رێژەی ١٪.

کە لە ساڵی ١٩٨٩ دیوارەکەی بەرلین رووخا، ئابوورییەکی شاراوەی سست و رووخاو لە پشت دیوارە ئاسنینەکە ئاشکرابوو، ئەوەی شارەزایانی ئابووری خۆرئاواکان ئاگادار نەبوون، بۆیان روون بۆوە کەوا پلانە مەرکەزییەکان چارەنووسیان هەرەس و شکانە، تارمایی و وەهمی هەندێ لە وڵاتە دیموکراسییەکانی خۆرئاواش رەوینەوە. بەو پێشهاتە نوێیەش سیاسەتی ئابووری سەرمایەداری لە هەموو جیهان تەشەنەی کرد، چیتر باوی پلان و نەخشەی مەرکەزی نەما، بەرهەڵستیش تەنها لە کۆریای باکورو کوبا مایەوە، ئەوانی تر لە



پێش ئەجندەکانی ئابووری جیهانیدا رووخان و تێکشێندران. ئەو سیاسەتە ئابوورییەی لەلایەن یەکێتی سۆڤیەتی جاران پەیڕەو دەکرا، دەکرێ بوترێت هەمان سیاسەت لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی بەناوی جیهانی سێیەم ناویان دەهات، پەیڕەو کرابوو، ئەو وڵاتانە لە شەڕە ساردەکە بێلایەنییان دەگەیاند، بەڵام ئەوانیش لە بەرنامەی ئابوورییاندا پلانی مەرکەزییان هەبووە، یان لەسەر پلانەکان کۆت و پێوەندیان هەبووە، بەڵام چینی شیوعی زوو هەر لە ساڵی ١٩٧٨ ەوە لە بازاڕی سەرمایەداری نزیکی راگەیاندبوو، هەنگاویان بەرەو ناوچەی بازرگانی ئازاد هەڵهێنا، لە ناوچەکانی رووباری بیرل کاریان لەو ئاراستەیە کرد، ئەو وڵاتەی سەرژمێرییەکەی دەگەیشتە زۆرتر لە ٥٠٠ ملیۆن بە نەرمی بەرەو ئەو بازاڕە رۆیشت.

کە لە ساڵی ١٩٩١ حکومەتی چینی بەرنامەو پرۆژەی خستەکار بۆ پاراستنی سامان و سەرمایەگوزاری بێگانە، ئەوەش هەنگاوێکی هاندەر بوو، سامان و پرۆژەی زۆر روو لەو وڵاتە بکەن، لە ساڵی ١٩٨٠ ەوە سەرمایەگوزاری لە ٥٧ ملیۆن دۆلارەوە گەیشتە ٤ ملیار دۆلار لە وڵاتەکەیان، ساڵانەش بە رێژەی ٢٢١٪ زۆرتر بوو، تا ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە ٧٠ ملیار دۆلار. بوونی ئەو پارەو هەرزانی کاری دەستی و زۆری کارمەندان بۆ هەموو وڵاتانی جیهان هۆکار بوون روو لەو بازاڕە بکەن. ئەو وڵاتانەی لە ئاسیا بەناوی پڵینگە گچکەکان ناویان دەهات، وەک کۆریای باشوورو هۆنگ کۆنگ و سنگافورەو تایوان، زوو هاتبوونە مەیدانی بازاڕەکەو سوودیان لە تەکنەلۆژیای وڵاتانی پێشکەوتوو وەرگرتبوو، ئاستی پیشەسازییان گەشەی کردبوو، بۆیە بە زۆری هەناردەکانیان بۆ وڵاتانی خۆرئاوا، بژێوی هاووڵاتییانیان باشتر کردبوو.

دەکرێ چیرۆکی نیو سەدەی رابردوو بەو زاراوەیە پێناسە بکەین، پاش نسکۆیە ئابوورییەکەی ساڵانی سییەکانی ئابووری بازاڕی سەرمایەداری بە زەبرەوە هاتەوە مەیدان. کە حکومەت بە زۆری پشتیوانی لەو سەرمایە کرد، ئەوجارە سەرمایەدارەکان و بازاڕی سەرمایەداری بوونە هێزێکی زۆردار، ئەوەش لە ساڵانی حەفتاکانەوە چالاکی نواندو ئێستاش بە ئاستی جیاوازو شێوەی هەمەجۆر دەسەڵاتیان لەسەر هەموو جیهاندا هەیە. یاساکانی بازرگانی و بەتایبەتی یاسای

پاراستنی سەرمایەگوزاری و مولّکایەتی، بواریان دا سەرمایەگوزاری و کاری بازرگانی لەسەر ئاستی هەموو جیهان گەشە بکات، ئەوەش دەزگای تایبەتی کارامەی بازاڕی خولقاند، لەژێرەوەش چالاکی هاوبەشی هەموو مرۆڤایەتی بەیەکەوە گرێدا، ئەوەش لە پایەی نموونەی دەولی خۆی دەنوێنێت، کە ئادم سمیث ناوی نابوو، دەستە شاراوەکە. ئەوەش دەسەلاّتی حکومەتی لەسەر بژێوی هاوولاّتیان سووکتر دەکرد، هێزەکانی بازاڕ چەندین پێگەی گرنگیان لە دەست حکومەت دەرهێنا، بەوەش چەندین سستەم و پەیوەندییەکانی ژیانی بازرگانییان گۆڕی.

دەیان ساڵە من لەو پۆستەدا کارم کردووە. ڕۆژانە چاودێری ڕەوشە ئابوورییەکە دەکەم، پێش ئەوەی پۆستەی سەرۆکایەتی ئەو بانکە وەرگرم، دەیان جاریش سەردانی بانکی ئیحتیاتیم کردبوو، تێگەیشتبووم من زۆرم ماوە فێری ببم، هەر پێم لەو دامەزراوە دانا، هەستم بەوەکرد زۆرم ماوە فێربم. یەکەم کەس دینیس باکلی پێشوازی کردم، ئەو ئەفسەری ئاسایش بوو، لەو ماوەیەی لەو بانکەدا کارم کردووە، ئەو هاویارم بووە. بە گەورەم ناوی هێنام، منیش بەتوندی وەلاّمم دایەوە، پێم وت:

سەخیف مەبە، هەموولایەک بەناوی یەکەمی خۆم بانگم دەکەن، من ناوم (ئالان) ە، ناوهێنان بەو نازناوە لە ناو ئەو بانکەدا رووی نەداوە، نەبوویتە عادەت.

دوایی زانیم فەرمانبەرانی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ، بۆ فێرکردنی من فێرگەیەکیان لە بانکەکە کردیتەوە، بە چڕی وانەیان پێ دەوتمەوە، چونکە بۆ ماوەی دە ڕۆژ فەرمانبەرە گەورەکانی بانکەکە، بۆ ناسینی کارەکانم، بۆ پێناسەی کارنامەکەم دیمانەیان دەکردم، جوان کارە نوێیەکەیان پێناساندم، پرنسیپەکانی کارەکە، سستەمەکانی ئیحتیاتیان فێرکردم، بەکورتی لە بانکەکەدا دەستەیەکی پسپۆر لە بوارەکانی ئابووری ناوخۆیی و دەرەوە کاریان دەکرد، لەو بانکەدا نەخشەی ئامارەکانی هەموو شوێنێکیان هەبوو.

لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵدا زۆرتر لە دوو هەزار فەرمانبەر کاریان دەکرد، میزانیەکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلار بوو، من بەوە بەختیار بووم من بەرپرسی میزانیەکە نەبووم، بەرپرسی میزانیەکە ئەندامێکی ئەنجومەنی ئیدارە بوو. فەرمانبەرێکی گەورەش لێپرسراوی بەڕێوەبردن بوو، من حەزم لەو کارانە بوو، کە پەیوەست بێت



بەبایەخی رای گشتی و کۆنگرێس، ئەوەش ئاراستەی سەرۆکی بانکەکە دەکرا، مەسەلەی زۆر پەیوەند بە ئابووری، ئەوەش بەڕووی من دەبوونەوە، بەوەشیان دڵشادبووم. ئەگەرچی لە پۆستەکەو ناوەکەی دیاربوو، بەلاّم دەرکەوت سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی دەسەلاّتی تاکە کەسی رەهای نەبوو، لە بەندەکانی یاسای بانکەکەدا هاتووە کەوا من تەنها دەسەلاّتم بەسەر ئەجندەی دیمانەکانی ئەنجومەنی ئەحکامەکانی بانکەکە هەبوو، کە بڕیارەکانی تێدا بە زۆرینەی دەنگ وەردەگرێت، لەو دەنگدانەشدا سەرۆک وەک هەر حەوت ئەندامە ئاساییەکە تەنها یەک دەنگی هەیە، من یەکسەر نەبوومە سەرۆکی لیژنەی فیدرالی بازاڕە کراوەکان، ئەوانەی دەستەی بەهێزی کاریگەرن لە ڕێژەی بەهاکانی فیدراڵی، کە راستەوخۆ باندۆری مەزنیان لەسەر سیاسەتی دراودا هەیە.

لیژنەکە لە حەوت حاکمەکەو هەر دوازدە سەرۆکی بانکی هەرێمەکان پێکهاتووە، لەوانە هەر جارێک پێنجیان مافی دەنگدانیان هەیە، لیژنەکەش دوا بڕیاری بە دەنگی زۆرینە دەردەکات. سەرۆکی ئەنجومەنی حکومی فیدراڵی دەبێتە سەرۆکی لیژنەکە، بەلاّم سالاّنە لەلایەن ئەندامەکان بە هەڵبژاردن ئەو سەرۆکە دادەنرێت، ئەندامانیش ئازادن لە هەڵبژاردنی هەر ئەندامێک بۆ سەرۆکایەتی لیژنەکە. وامدەزانی منیش وەک سەرۆکەکانی پێشوو، کارەکانم بەڕێوە دەچێت، بەلاّم هەموو دەمێک ئەوەم لەبیربوو، کەوا هەر شەش ئەندامەکە دەتوانن دەسەلاّتەکەم کەم بکەنەوە، لێم یاخی بن، هەر ئەوەندەم لە دەست بمێنێت ئەجندەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەکە دابڕێژم.

## سەردەمی سەرۆک ریگن:

لە سەردەمی سەرۆکایەتی (ڕۆنالد ریگن) دا گەشەی ئابووری گەیشتە سالّی چوارەمیش، لەناو ئەو ڕەوشەدا هیمای نائارامیش هەستی پێدەکرا. لە سەرەتای ئەو ساڵەدا پێلی (داو جۆنز) بەرز بۆوە، ئاستی بەرزبوونەوەکەی گەیشتبووە دوو هەزار خاڵ، ئەوەش بەرزترین پلەیە، هاوشانی ئەو بەرزبوونەوەیە بەهای سەهمەکان بەڕێژەی ٤٠٪ بەرز بوونەوە، لە وول ستریت چالاکییەکانی دراو جوولەی زۆری بەخۆیەوە بینیبوو، هەمان چالاکیش لە بوارەکانی بازرگانی عەقارات دەرکەوتبوو.

لەو رەوشەدا هێماکان بۆنی هاندان و گەشەی ئابوورییان پێوە نەبوو، سستی لە میزانیەی هەستی پێدەکرا، رێژەی قەرزی گشتی گەیشتە سێ ئەوەندەی هەبووە، لە سەرەتای دەسەڵاتی ریگندا قەرزەکان لە ٧٠٠ ملیار دۆلارەوە لە ساڵی ١٩٨٨ گەیشتە ٢ تریلیۆن دۆلار، رادەی سەرفی دۆلار بەرەو لاوازی و کەمی دەچوو، هەموو لایەک لەوە دەترسان ئابووری ئەمریکا مەزنیەییەکەی لەدەست بدات، دەزگاکانی راگەیاندن ئاماژەیان بە مەزنی و مەترسی ژاپۆن دەدا، بۆیەش نرخی پێویستییەکان بەرز دەبوونەوە، ئەگەر لە ساڵی ١٩٨٦ بە رێژەی ٩,١٪ بەرزبوونەوە، ئەوا لە سەردەمی وەرگرتنی پۆستەکەم لە بانکی ئیحتیاتی گەیشتە دوو ئەوەندە، رێژەی هەڵاوسان گەیشتە ٦,٣٪، ئاراستەکەی لە سەرەوەتریش بوو، هەموومان لەوە دەترسایین، ئەو سەرکەوتنە مەزنەی لە سەردەمی بۆل فۆلکر دەستمان خستبوو لە کیسمان بچێت. زۆر لەو تەنگژانەی هاتبوونە پێش ئابوورییەکەمان چارەسەرکردنی لە ئەستۆی دەسەڵاتی ئێمە، وەک بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی نەبوو. ئەگەرچی پەیوەندی و دۆستایەتیم لەگەڵ زۆربەی ئەندامەکان باش بوو، بەڵام بوونی ئەو پەیوەندییە بەس نەبوو، تا بەیەکەوە کاربکەین، کارکردن لەگەڵ ئەندامەکان ئاسان نەبوو، بەتایبەتی بۆ وەرگرتنی بڕیاری ترسناک و چارەنووسسازی وەک بەرزو نزمکردنەوەی بەهای قازانج، بەکورتی دەبوایە من گوێ بۆ هەموو بۆچوونەکان شل بکەم.

هێدی هێدی رەوشە ئاڵۆزەکەی ئابوورییەکەمان دەردەکەوت، گەشەی ئابووریمان لاواز ببوو، دۆلاریش مامەڵەی سست دەبوو، ئەوەش رەوشی وول ستریتی خستبووە بارێکی ناڕێک و شێواو، زۆر لە سەرمایەگوزارەکان و دەزگایە ئابوورییەکان، بیریان بۆ ئەوە دەچوو سەوداکردن بەو ملیار دۆلارانە بەرەو هیچ بشکێتەوە. لە سەرەتای ئۆکتۆبەردا ترسەکە مەزن بوو، سامناکی باڵی کێشابوو، لە هەفتەی یەکەمدا بازاڕی سەهمەکان بە رێژەی ٦٪ دابەزی، لە هەفتەی دووەم ئەو دابەزینە گەیشتە رێژەی ١٢٪، کە لە رۆژی ١٦ ی ئۆکتۆبەر ئاماژەی داو جۆنز ١٦ خاڵی دۆڕاند، گەورەترین و کوشندەترین داکەوتن و زیانی ئابووری رووی دا. لە کۆتایی مانگی سپتمبەردا سامانێکی زۆری دراوی کاغەز لە بازاڕەکانی دراو بوونە هەڵم، پارەکەش بە نیو ملیۆن تریلیۆن مەزندە دەکرا، ئەوەش بێجگە لە زیانی بازاڕەکانی دراوی دەستی و جۆری تریش. من ئەوەم باش دەزانی رەوشی شکانی ئابووری و هەرەسەکانی دراو



زۆر مەزن نین، کارەساتی زۆر کوشندەتر لە بازاڕەکانی ئەمریکا رووی داوە، نسکۆیەکە ناگاتە ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠ رووی دا، یان لە کۆتایی بیستەکانی سەدەی رابردوو کە نسکۆ ئابوورییەکە رووی داو لە ٨٠٪ بەهای بازاڕی تێدا رووخاند. هەموو لایەک چاوەڕوانی رۆژی دووشەممە بوون، تا بزانن رەوشی بازاڕ چۆن دەبێت.

## نهێنییەکانی رۆژە رەشەکە:

بڕیاربوو رۆژی دووشەممە سەفەری دالاس بکەم، بەرنامەم هەبوو لە پێش ئامادەبووانی یەکێتی بانکمانە ئەمریکییەکان وتارێک پێشکەش بکەم، ئەوەش بۆ من یەکەم جار بوو وەک سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی وتارێک بۆ ئامادەبووان پێشکەش بکەم. بەیانییەکەی لەگەڵ ئەندامانی ئەنجومەنەکەمان دانوستانم کرد، بڕیارمان دا من ئەو سەفەرە بکەم، با وا تێنەگەن رەوشی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی لە تەپین و رووخانە، بەیانییەکەی بازاڕەکانمان جوولەیەکی تێ کەوتبوو، کە من بەڕێ کەوتم رەوشەکە تاریک و ئاڵۆز بوو، بەهای بازاڕ بە ٢٠٠ خاڵ دابەزی، لە ناو فڕۆکەکەش تەلەفۆن نەبوو، بۆیە هەر کە لە دالاس دابەزیم، لە فڕۆکەخانە زوو لەو کارمەندانی لە بانکی ئیحتیاتی دالاس هاتبوونە پێشوازییم لە رەوشی بازاڕی سەهمەکان پرسیارم کرد، ئەوانیش وتیان:

بازاڕ ٥٠٨ خاڵ دابەزیووە، کە دەکاتە ٢٢,٥ ٪ ئەو دابەزینە لە مێژووی ئەمریکا لە یەک رۆژدا زۆر بوو، ئەوەیان لە ساڵی ١٩٢٩ کە بە رۆژە رەشەکە ناسرابوو رووی نەداوە، لەو رۆژەش زۆرتر بوو. یەکسەر چوومە هوتێل، تا درەنگانی شەو بەدیار تەلەفۆنەوە مامەوە، جێگری سەرۆکی ئیحتیاتی فیدراڵی مانیلی جۆنسۆن لە نووسینگەکەی من لیژنەی قەیرانەکانی راگەیاندبوو، زۆر بەیەکەوە لەسەر ئەو رەوشە نوێیە قسەمان کرد، باسی هەڵوێستی چارەسەری و بەرەنگارییمانکرد.

بەرنامەو ئەرکی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی لە پەیدابوونی رەوشی ترس و دڵەڕاوکێ لە بازاڕدا ئەوەیە، هەر شڵەژانێک یان ئاژاوەیەک لە مامەڵەکانی کۆمپانیاکان و بانکەکان روو بدات، بەتایبەتی ئەگەر بانکەکان نەیانتوانی پارە بۆ یەکتری دەستەبەر بکەن، دەستی بەسەردا بگیرێت و چارەسەری بدۆزێتەوە. بیرمان لەوە کردەوە، چۆن پارە رەوانەی بازاڕ بکەین، کە دەزگا گەورەکان کەماسییان تێ کەوتبوو. ئەوانەی بە

تەمەن لە ئێمە گچکەتر بوون سەریان لەو رەوشە دەرنەدەچوو، لە مەترسییەکان نەدەگەیشتن، بیرمان لەوە کردەوە بانکی ئیحتیاتی بەیانێک دەربکات، یەکێکیان وتی، پێویست ناکات، دیارە ئێوە مەسەلەکەتان بە هەند وەرگرتووە، ئەوەندەی ناوێت، با چەند رۆژێکی تر چاوەڕوان بین، پەلە مەکەن.. با بزانین چی روو دەدات.

منیش وەڵامم دایەوەو وتم:

من باش دەزانم ناکرێ چاوەڕوان بین، ئێمە کەوتووینەتە ژێر زەبرێکی کوشندە، جارێ هەست بە ئازارەکەی ناکەین، باندۆرەکە پاش ٢٤ سەعات یان ٤٨ سەعات دەردەکەوێت، کۆبوونەوەکەمان تەواوکرد، بۆ بەیانییەکەی بۆمان دەرکەوت بڕیاری زۆر ترسناک دەرچووبوو. جیری کوریگان چرپاندییە گوێیەکانم و وتی:

دیارە کارەکە هەموو بە تۆ سپێردرابوو.

تێنەگەیشتم ئەوەیان بۆ پشتیوانیم بوو، یان هوشیاری دەکردمەوە، بەهەرحاڵ من سوپاسم کرد.

من هەستم بە ترس نەدەکرد، بەڵام لە کێشەکەو قورسایییەکەی تێدەگەیشتم، دەمزانی چیمان رووبەڕوو بوویتەوە، بەڵام کە پاش نیوەی شەو تەلەفۆنەکەم داخست، بەنیازی خەوتن بووم، بەڵام باشم دەزانی خەو ناچێتە چاوانم. بیرم لەوە دەکردەوە کەوا وەزعەکە ترسناکە، بۆ من ئەو کارو ئەو قەیرانە تاقیکردنەوەیەکی گەورەیە، دەبێ توانای خۆم دەرخەم! پێنج سەعاتی تەواو خەوم لێکەوت.

بەیانی زوو لە کۆشکی سپییەوە تەلەفۆنێکم بۆ هات، هاوارد بیکر گەورە فەرمانبەرانی ئیدارەی سەرۆک ریگن لەسەر خەتەکە لەگەڵم بوو، لەبەرئەوەی زۆر لەمێژبوو ئەوم ناس دەکرد، بۆیە زۆر بەئاسایی قسەم لەگەڵ کرد. من پێم وت:

چی بکەم باشە، چیم لە دەست دێ؟

ئەویش وەڵامی دایەوەو وتی:

تۆ لە کوێیت؟

منیش وتم:

من لە دالاسم.. بۆ لەلای ئێوە چ رووی داوە، چ مەترسی هەیە؟



کۆشکی سپی بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی وول ستریت، هەموو جارێ وەزیری خەزانەی رادەسپارد، جیمس بیکر لە ئەوروپا بوو، کە ئاگادار کرایەوە ئەو کێشەیە لە ئابووری رووی داوە ویستی بگەڕێتەوە، دیارە کەوا هاوارد نەیدەویست خۆی بەتەنها دەست لە گرفتە ئابوورییەکە وەربدات. منیش وتارەکەم لە کۆڕەکە پێشکەش نەکرد، یەکسەر گەڕامەوە واشنتۆن، دەبوایە بگەڕێمەوە، دابەزینی ٥٠٩ خاڵ لە بازاڕدا، پێشهاتێکی ئاسایی نەبوو، دەبوایە بانکی ئیحتیاتی کارێکی جدی بکات، بیکر فڕۆکەیەکی سەربازی بۆ تەرخان کردم تا بە زووترین کات بگەڕێمەوە واشنتۆن، لە دالاس گەڕامەوە. لە گەشتی نێوان بۆستن و واشنتۆن دەبوایە پەیوەندی بە بانک بکەم، گەیشتمە بنکەی ئەندرۆزی ئاسمانی، لەوێ مانلی جۆنسۆن پێیڕاگەیاندم کەوا بۆرسەی نیویۆرک پاش کاتژمێرێکی تر دادەخرێت، لەبەر نەبوونی کڕیاری پێویست، کۆمپانیا گەورەکان دەروازەکانیان بەڕوو داخرابوو، کە زانیم بۆرسەکە داخراوە، زوو وتم ئەوەیان کارەساتێکی بەدواوەیە، سەرمایەگوزارەکان دەڕەوێنێتەوە، چونکە بەکرانەوەی بۆرسەکە هیوایەک بە سەرمایەگوزاران دەدات، بەوەی ئەوانەی لەسەر کاغەز دۆڕاندوویانە، هیوایان لا پەیدا دەبێت دەستیان بکەوێتەوە، بەڵام بە داخستنی بۆرسەکە ترووسکایییەک لە هیوا بەدی ناکەن. کە بازاڕەکان دەرگایان داخست، لەو رەوشەدا کرانەوەی ئاسان نەبوو، بە کرانەوەشی نرخەکان دیار نابێت، کەسیش پارەکەی خۆی ناکاتە قوربانی و یەکەم نرخی بۆرسەکە دابنێت، بۆیە جێگیربوونی بازاڕو بووژانەوەی کاتی زۆری دەوێت، مانەوەش بەو شێوەیە ئەگەری ئەوە هەبوو سستەمی دارایی وڵات بە گشتی سست بکات و ئابووری بشێوێنێت، چونکە لاری رەوشی ئابووری کارەساتێکی گەورەیە، بەڵام وەزعەکە زۆری نەخایاندو بووژانەوەیەک سەری هەڵدا، بۆیە بۆرسەکەی نیویۆرک لە بڕیاری داخستنەکەی پاشگەز بۆوە. کۆششمان زۆر کرد تا رووبەڕووی قەیرانەکە ببینەوە، پێنج کارەساتمان دەهاتە پێش، کە هەموویان پەیوەست بوون بە سستەمی پارەدان، دەکرا ئێمە لە بەرە سیاسییەکەش کارو کۆشش بکەین، بۆیە من لەگەڵ وەزیرانی خەزانەو دەرەوە کۆبوومەوە. کاردانەوەکەی سەرۆک ریگن زۆر هاندەربوو، پشتیوانییەکی باشی کردین. بەردەوام چاودێری وردی پرۆسە بازرگانییەکانمان دەکرد، ئاگاداری

بازاڕەکانی ژاپۆن و ئەوروپا بووین، هەموو لایەک ئاماژەیان بە چاکبوونەوە دەکرد، تا لە قەیرانەکە دەرچووین ماوەی یەک هەفتەی ویست، هێدی هێدی بەها لە بازاڕەکان گەرمتر بوون، لە سەرەتای مانگی نۆڤمبەردا ئەندامانی لیژنەی تەنگژەکان گەڕانەوە سەر کاری ئاسایی خۆیان.

هەموو لایەک ترسیان لە ڕەوشەکە هەبوو، بەڵام ئابووری بە پتەویی مایەوە، لە چارەگی یەکەمی ساڵی ١٩٨٨ بە ڕێژەی ٢٪ بەرزبوونەوەیەک هاتە ئاراوە، ئەو بەرزبوونەوەیە گەشەی کرد لە چارەگی دووەمی هەمان ساڵدا ڕێژەکە گەیشتە ٥٪، ئاماژەی داو جۆنز لە دوو هەزار خاڵ وەستا، وەک سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ لێهاتەوە، ڕاستە زۆر لە کۆمپانیا گچکەکان زیانیان بەرکەوت، بەڵام هاووڵاتیان زیانیان بەرنەکەوت.

پەیوەندی نێوان بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی و کۆشکی سپی هەرگیز هەڤاڵبەندییەکی لەناکاو نەبووە، چونکە کە یاسای فیدراڵی لە ساڵی ١٩٣٥ لە لایەن کۆنگرێسەوە داڕێژڕاوە، کۆک بوون لەسەرئەوەی ئەو بانکەو یاساکە پشتیوانی سیاسی هەبێت. هەموو حاکمەکان لەلایەن خودی سەرۆکەوە دادەمەزرێندرێن، ماوەی کارکردنیان ١٤ ساڵە، ئەوەش درێژترین ماوەی دیاریکراوی کارکردنەو مانەوەیە لە وەزیفەدا، بەڵام ماوەی کارکردنی قازییەکانی دادگای باڵا دیار نەکراوەو هەتا مردنە، ئەگەر خۆیان دەست لەکار نەکێشنەوە. ولایەتی سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ چوار ساڵەو دەکرێ نوێ بکرێتەوە، بەڵام سەرۆک بێ ڕەزامەندی زۆرینەی ئەندامەکان کاری زۆری لەدەست دەرناچێت، دەبێ ئەو بانکە ساڵانە دووجار ڕاپۆرتی خۆی پێشکەشی کۆنگرێس بکات، ئەو بانکەش پارە وەرناگرێت، دەبێ مەسروفاتی خۆی لە داهاتی سەنەداتی خەزینەو ئوسولەکانی خۆیانەوە دابین بکات. کاری سەرەکی ئەو بانکە ئەوەیە کارە سەرەکییەکانی خۆی لە سازاندنی چالاکترین پلەکانی گەشەو دامەزراندنەوە ڕاپەڕێنێت. بە تێڕوانینی بانکەکەو زۆرینەی شارەزایانی ئابووری وا دەزانن جێگیربوونی بەهاکان یەکێکە لەو چالاکییانە، ئەوەش بە پراکتیک ئەوە دەگەێنێت بانکەکە هەموو بەرنامەی ئەوەیە فشارەکانی دروستبوونی هەڵاوسان هەڵمژێت.





## ناکۆکییەکان لە سیاسەتی ئابووری و دراوی لەگەڵ بۆشی باوک:

کە جۆرج بۆشی باوک لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی دەرچوو، هیوام زۆربوو پەیوەندییەکانی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ و کۆشکی سپی باش و شایستە بکەم، هەموو لایەک ئەوەیان دەزانی هەر کەسێ لە دوای ڕۆناڵد ریگن ببێتە سەرۆکی وڵات، دووچاری ڕەوشێکی ئابووری داتەپیو دەبێت، قەرزی گشتیمان زۆربوو، میزانیەمان کەماسی هەبوو، لەو ڕەوشە ئابوورییە ئاڵۆزەدا ئەو لە هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکاندا وەعدی دابوو باجی نوێ لەسەر هاووڵاتیان زۆرتر ناکات. لەبەر سەرهەڵدانی کێشەی زۆرمان لەسەر سیاسەتە ئابوورییی و دراوی لەگەڵ سەرۆک جۆرج بۆش، نەکرا پەیوەندی دروست لەگەڵ کۆشکی سپی بنیات بنێین. لە سەردەمی سەرۆکایەتی ڕۆناڵد ریگنیش سەرۆکی بانکی پێشوو بۆل فۆلکر هەمان کێشەی هەبوو.

لە سەردەمی سەرۆک بۆشدا ڕووداوی گرنگی وەک ڕووخانی دیواری بەرلین و کۆتایی هاتنی شەڕی سارد ڕووی دا، هەر لە سەردەمی ئەودا ئەمریکا لە شەڕی گەردەلوولی بیابان بە سەر عیراق سەرکەوت، دانوستانی (نافتا) ی بازرگانی لە ئەمریکای باکوری دەستی پێکرد، بەڵام لەبەرئەوەی سەرۆک بۆش ئابووری بە لاوەکی تەماشا دەکرد، بۆیە نێوانمان خۆش نەبوو.

سەرۆک کێشەی مەزنی زۆری هاتە پێش، سستی بازرگانی زۆرتر گەشەی کرد، کارگەکان بەرەو دەرەوە دەڕۆیشتن، لەگەڵ فشاری زۆر سەرۆک ناچاربوو بۆ چارەسەرکردنی سستی میزانیەی فیدراڵی لە یولیوی ساڵی ١٩٩٠ بە چارەیەکی مامناوەندی قبوول کرد، بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی میزانیە وازی لە بیرۆکەی دانەنانی باجی نوێ هێنا. چەند ڕۆژێک دوای ئەو هەنگاوە سوپای عیراقی کوێتی داگیرکرد، شەڕی ڕزگارکردنی کوێت ناوبانگی و شکۆی بۆ سەرۆک بۆش پەیداکرد، بەڵام کە نرخی پترۆڵ دابەزی ڕەوشی ئابووری سستی و شکانێکی زۆری بەخۆیەوە بینی، نیگەرانی لە بازاڕ پەیداکرد، کە ڕەوشەکەش بەرەو ئاساییبوونەوەش دەچوو، بە سستی و نائاسایی بوو، ئەوەش لە ساڵی ١٩٩١ بوو.

هۆکاری سەرەکی شکانی سەرۆک بۆش لە هەڵبژاردندا بە ڕووی سەرۆک کلینتۆن

لە ساڵی ١٩٩٢، ئەو رەوشە ئاڵۆزەی ئابووری بوو، کە رووداوەکان لە دەست کەس نەبوو، کەسیش دەسەڵاتی بەسەریاندا نەدەشکا، بەڵام راستی رەوشی ئابوورییەکە بەرەو هەڵسانەوە دەچوو، بە رێژەیەکی کەم و بە کزی سەردەکەوت، بە رێژەی ١,٤ ٪ ئابووری بەرەو سەرەوە هەڵکشابوو. دوو هۆکاری سەرەکی ئاڵۆزییە ئابوورییەکەی کوشندەترو گرانترکرد، یەکەمیان، هەرەسی کۆمپانیاکانی پاشەکەوتکردن و سولفەدان، دووەمیان کۆنگرێس ویستی چارەسەری رەوشەکە بکات، بەڵام کە دەستیان تێوەردا، زۆر خراپتریان کرد.

بانکە بازرگانییەکانیش کێشەیان زۆر بوو، گرفتی ئەوان لە پاشکەوتکردن و سولفەدان ترسناکتر بوو، چونکە ئەوان بەشداربووەکانیان زۆرەو باندۆری زۆریان راستەوخۆ لەسەر ئابووری هەبوو. ئەوەی لە کۆتایی هەشتاکان بە سەر ئابووری وڵاتەکەمان هات، لە نسکۆ مەزنەکەی ساڵی ١٩٢٩ کوشندەتر بوو، سەدان بانکی گچکەو ناوەندی هەڵوەشانەوە، بانکە گەورەکانی وەک سیتی بانک و تشیس مانهاتن دووچاری کێشەو کارەساتی گەورە هاتن. بازاڕی عەقارات و بانکەکان وا شکان خەڵکەکەیان تووشی شۆک و گومان و شڵەژان کرد، کۆمپانیاکان لە سەرچاوەی تر بۆ پشتیوانی مادی دەستیان درێژکرد، وەک بازاڕی قەرزەکانی دروستکەر کە لە وول ستریت پەیدابوون، بەڵام کۆمپانیا گچکەکان و بازرگانە مامناوەندەکانی سەرتاسەری ئەمریکا بە دوای سەرچاوەی کۆمەک و یارمەتی وێڵ بوون، هیچیان دەست نەدەکەوت. بانکی ئیحتیاتی دەسەڵاتی هیچی نەبوو، چارەسەری پێ نەدەکرا، ئێمە زۆر پێش ئەو نسکۆو سستییە رێژەکانی قازانجمان کەم کردبۆوە، بەڵام رەوشە ئابوورییەکە دەستەوەستان بوو.

من و سەرۆک لە سەردەمی سەرۆک فۆردەوە یەکترمان دەناسی، بۆ دراسەتکردنی رەوشەکە شەش حەوت هەفتە جارێک دیمانەم دەکرد، ئەو لە سەردەمی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانا پەیوەندی پێوە دەکردم، لە کۆشکی سپی دیمانەمان دەبوو، ئەو دەمانە ئەو جێگری سەرۆک بوو، بەڵام کە بە سەرۆک هەڵبژێردرا بایەخی بە سیاسەتی دەرەوە لە ئابووری زۆرتر دەدا. ئەگەرچی باوکی لە وول ستریت کاری کردبوو، خۆشی لە زانکۆ ئابووری خوێندبوو، بەڵام بە شێوەیەکی راستەوخۆ



پەیوەندی بە بازارٍ نەبوو، نەیدەزانی رێژەی قازانجەکان بە هۆکارەکانی بازارٍ دادەنرێت، بۆشی باوک کاروبارە ئابوورییەکانی رادەستی یاریدەرەکانی کردبوو، هەریەک لە نیک برادلی و دیک دارمان و مایک بۆسکین ئەو کارانەیان رادەپەڕاند. وەزیری خەزینەش نیک برادلی ئەویش حەزی بە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ نەدەکرد، ئەو هاوڕێی سەرۆک بوو لە زۆر کاروباردا بەیەکەوە بوون، لە زۆر مەسەلەدا هاوشانی بوو، هەردووکیان دەوڵەمەند بوون لە زانکۆی ییل خوێندنیان تەواو کردبوو، ئەندامی کۆمەڵەی کەللەسەرو ئێسکەکان SKULL and Bones بوون. ئەو کۆمەڵە نهێنییە لە دەرچووانی زانکۆی ییل دامەزرابوو، ئامانجیان وەرگرتنی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووری وڵاتیان هەبوو، نیک ماوەی سی ساڵ لە وول ستریت کاری کردبوو، پلە بە پلە تا گەیشتبووە سەرۆکی ئیدارە.

***

لە ١٠ ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٨٩ سەفیری ئەمریکا لە یەکێتی سۆڤیەت، منی بە دەستەیەک ئابووریناسان و گەورە کارمەندانی بانکەکانی سۆڤیەت لە ماڵی رەسمی سەفیردا ناساند، من بۆ پێناسەو شرۆڤەی پرۆسەی زامنکردنی سەرمایەداری رۆیشتبووم. کە من لەو سەفەرە بووم هەرگیز ئەوەم بە بیردا نەدەهات، لە ماوەی یەک مانگی تردا دیوارەکەی بەرلین دەڕووخێت، یان لە ماوەی دوو ساڵی تردا یەکێتی سۆڤیەت نامینێت، یان من ببمە شاهێد حالی هەرەسی بلۆکی خۆرهەڵات، لەسەر کەلاوەی سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی، بازاڕی بەربەرەکانی و ململانێ دەهێتە ئاراوە، چونکە بە رووخانەکە گەندەڵی زۆر لەماوەی ئەو دەیان ساڵانەداو لەناو کەلاوەکان دەرکەتبوو.

لەناکاو بوومەوە خوێندکارو وانەی زۆر نائاساییم دەخوێند، کەوتمە بەدواداچوونی ڕەگەکانی بازاڕی سەرمایەداری، من شارەزاییەکی تەواوم لەو بارەدا هەبوو، بەڵام تێگەیشتنم لە بناخەو یاساکانی دەزگاکان و بنەماو پێگەکان، کە بە شکاوەیی خۆڕاگریی ماون زانینێکی رووت بوون.

ئەو شۆڕشەی ئەو رۆژانە گەرم بوون، هێشتا من لەدایک نەببووم کە لە ئابووری وڵاتانی ئەوروپای خۆرئاوا قەومابوو، روسیا کۆششەکەی دژوار بوو تا لە

شوێنەوارەکانی سەردەمی کۆنی ئابوورییەکەی رزگار بکات، دەیویست ئەوەی پەیوەندی بە سۆڤیەتی کۆن هەبوو رەش بکاتەوە، لەو دەمانەدا من خۆم وەک نوژدارێک دەهاتە پێش چاو، کە چارەسەری نەخۆشێک بکات، نیوەی مێشکی فەوتاوە، من چۆن چاودێری ئەو بازارە بکەم، چۆن کار دەکرێت، ئەگەر یاسایەک نەبێت، خاوەنداریەتی مولْک بپارێزێت، یان لە رەوشێکدا برِواو برِواپێکردن نەبێت، ئەوەش بۆ من ئەزموونێکی زۆر نوێ بوو. ئەو هەموو رەوشە نوێیەم لە پێشدابوو، من لە ماڵی سەفیردا، سەرووی سەد کەس چاوەڕوانم بوون، ئەو دەمانە لە خۆم پرسی، دەبێ ئەوانە چییان لە هزردا بێت، دەبێ چۆن بیر بکەنەوە؟ چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەوانە بەردەوام بم، ئەوانە هەموویان دەرچووی قوتابخانەی سۆڤیەتین، ئەوانە بێگومان بە دەرسی مارکسییەت تەواو جۆش دراون.

دیارە ئامادەبووانی کۆڕەکە هیچ زانیارییان لەسەر دەزگاکانی سەرمایەداری نەبوو، لە ململانێی بازاڕدا شارەزاییان نەبوو، من کە لەگەڵ کەسانی خۆرئاوایی دیمانەم بووەو قسەم بۆ کردوون، دەزانم ئەوان بایەخ بە چی دەدەن، ئاستی زانیارییان چەندە، چە دەخوێننەوە.. بۆیەش ئاسان بوو کە بەو ئاراستەیە قسەکانم کردووە، بەڵام لەو دیمانەی ماڵی سەفیرەکەمان ناچاربووم هەرچی هەیە مەزندەی بکەم. ئەو بابەتانەی سازم کردبوون هەموویان وشک و بابەتی گشتی بوون، ناوەرۆکی بابەتەکەم لەسەر رۆڵی بانک بوو لەسەر ئابووری بازاڕ، باسم لە چۆنیەتی دانوستان دەکرد لە قازانجی پارە گۆڕینەوەدا، ئاماژەم بە مەترسییەکانی سەر بانکەکانم دا، لایەنی باش و خراپی رێنماییەکان و پەیوەندییەکانم باس کرد، لەسەر ئەرکی سەرەکی بانکی مەرکەزی قسەم بۆ کردن. لەبەرئەوەی قسەکانم راستەوخۆ بۆ ئامادەبووان دەکرایە رووسی، بۆیە من ماوە ماوە دەوەستام.

ئامادەبووانی کۆڕەکەم زۆر وریایانە گوێیان بۆ کۆڕەکەم رادەگرت، هەندێکیان چەند بەشی قسەکانی منیان تۆمار دەکرد، کە من لە کۆڕەکەم تەواو بووم چەند کەسێکیان دەستیان بۆ قسەکردن بەرز کردەوە، ماتلۆکی سەفیر بواری پرسیارو وەڵامی کردەوە. لەو نیو سەعاتەی گفتوگۆمان کرد، بۆم روون بۆوە، ئامادەبووانی کۆڕەکە زۆر باش لە مەبەستەکەم گەیشتبوون، لە پرسیارەکانیان بۆم دەرکەوت،



ئەوان زۆر زیرەکانە لە سەرمایەداری حاڵی ببوون، بەوەش زۆر سەرسام و شۆک بووم.

لیونین ئاباکین جێگری سەرۆک وەزیران بۆ کاروباری ریفۆرم، داوەتی کردم،

وامزانی ئەو دیمانەیە تەنها بە رواڵەت دەبێ، برِوام نەدەکرد دیمانەی ئەو هەفتەیە بەسوود دەبێت، بەڵام ئەنجامەکەی وا دەرنەچوو. ئەو کەسێکی ئەکادیمی بوو، تەمەنی لە کۆتاییەکانی پەنجا ساڵان بوو، لە بەرنامەکەی گورباتشوف نزیک بوو، لە ئەنجومەنی وەزیران لە بازنەی ئەودا بوو.

## بروسترویکا بەرەو هەرەسهێنان:

ئابالکین بەنەرمی و رەوشت بەرزییەکەی ناوبانگی زۆر باشی پەیدا کردبوو، لە دەموچاوە درێژەکەیدا دیاربوو زۆر بیر دەکاتەوە، خەمی زۆری لە دڵە، حەقی بوو خەمگین و ترساو بێت، چونکە وەرزەکە بەرەو زستان دەچوو، نیشانەی کەمی وزەی کارەباو خواردەمەنی بەئاشکرا هەستی پێ دەکرا. گورباتشۆف بەئاشکرا لە بڵاوبوونەوەی گەندەڵییەکان دەدوا، مەترسی لە ئاژاوە هەبوو، سەرۆک وەزیران بەناچاری داوای لە پەرلەمان کردبوو دەسەڵاتی پێ ببەخشن، خۆپیشاندانەکان راگرێت، بەرنامەکانی گورباتشۆف و بریسترویکاو کۆششی ریفۆرمە ئابوورییەکان پاش چوار ساڵ، رووبەڕووی هەرەس و رووخان دەهاتەوە، ئابالکین دەیزانی سەرۆکەکەی لە ئالیاتی بازاڕ هیچ سەری دەرناچێت، بۆیە دووچاری بەرپرسیاریەتی مەزن دەبێتەوە.

دەستەیەک لە پسپۆرانی نەخشەسازی لە دەوڵەتی سۆڤیەت پێشنیاریان کردبوو بەرنامەیەک بۆ بنبڕکردنی هەڵاوسان دامەزرێت، ئەو پێشنیارەش لەلایەن ئابالکین پەسند کرابوو، داواکار بوو کار بە پرۆسەیەک بکرێت، پەیوەندی مووچەو نرخی کاڵاکان هاوشان بن، بەوەش مامەڵەی بازاڕ زیان لە داهاتی هاووڵاتیان نەدات.

بەدرێژی باسی کۆششەکانی بەستنەوەی قازانجەکانی زەمانەتی کۆمەڵایەتیم بە نرخەکان لە ئەمریکا بۆ کرد، بۆچوونەکەی خۆشم پێ وت کە زۆر من برِوام پێیەتی، کەوا ئەوەیان بۆ بۆندارکردنی رەوشەکەیە، چونکە بە تێپەڕبوونی رۆژگار کاردانەوەی

گرفتی زۆر مەترسیداری دەبێت. بەڵام ئابالکین بایەخی بە روونکردنەوەو تێبینییەکەم نەدا، بۆیە بەو شێوەیە وەڵامی دامەوە:

گۆڕینی نەخشەسازی مەرکەزی بیروکراتی بۆ بازاڕی ئازاد، کە ناوی بە بەرزترین شێوەی دیموکراسی بۆ رێکخستنی چالاکییەکانی ئابووری هێنا، چەند ساڵی دوورو درێژی دەوێت.

سەرۆکەکانی پێشتری بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی سەردانی وڵاتانی شاراوەی پشت پەردە پۆلاینەکانیان کردبوو، ئارثر بیرنزو ولیام میلر بۆ ئارامکردنەوەی تەنگژەکان، کە ناونرابوو سەردەمی هەمئاهەنگی، لە هەفتاکانی سەدەی رابردوو سەردانی مۆسکۆیان کردبوو، بەڵام من دڵنیام بابەتی لەو شێوەیان لە دیمانەکانیاندا باس نەکردووە.

## سەرەتا لە پۆڵۆنیاوە:

لەو ساڵانە دانوستان و دیمانەمان لەگەڵ ئەو وڵاتانەی بلۆکی سوسیالیستی نەبوو، بوونی جیاوازی ئایدۆلۆژی و سیاسی هۆکاری سەرەکی ئەو بەربەستە بوون، ئەو وڵاتانە بەرنامەو ئابوورییەکان لەسەر بناغەی نەخشەسازی مەرکەزی داڕشتبوو،

بەتایبەتی یەکێتی سۆڤیەت. لە ساڵانی هەشتاکاندا لە ئەڵمانیای خۆرهەڵات و هەندێ وڵاتانی تری تازەپێگەیشتوو گۆڕانی زۆر سەرسوڕهێنەر هاتنە پێشەوە، هەمان گۆڕانیش لەناو یەکێتی سۆڤیەتیش رووی دا. لە بەهاری هەمان ساڵدا لە پۆلۆنیا هەڵبژاردنی ئازاد کرا، ئەوەش پێشهاتێکی گەورە بوو، لە هەموو جیهان هەژانێکی پەیدا کرد، لەو پرۆسەیەدا یەکێتی هاوکاری سەرکەوتنێکی بێ وێنەیان لەسەر حزبی شیوعی بەدەست هێنا، چاوەڕوان دەکرا یەکێتی سۆڤیەت بۆ پشتیوانی حزبی شیوعی و گەڕانەوەی رەوشەکە بۆ ئاستی جاران سوپای سوور رەوانەی پۆلۆنیا بکات، بەڵام کاردانەوەکە بەپێچەوانە کەوتەوە، گۆرباتشۆف رایگەیاند کەوا یەکێتی سۆڤیەت هەڵبژاردنەکە بە سەرکەوتوو و ئاسایی دەزانی، بۆیە دەست لە کاروباریان وەرنادات، چونکە ئەو ئەنجامە لە ئاکامی پرۆسەیەکی دیموکراسییەوە بووە. پاش سەرکەوتنەکەی پۆلۆنیا، وڵاتی ئەڵمانیای خۆرهەڵات هەژانێکی سیاسی و



چالاکییەکی بەخۆیەوە بینی، سیمای هەڵوەشانی لێوە دەردەکەوت، لەو رەوشە نوێیەو لاوازی حکومەتەدا دەیان هەزار هاووڵاتی سوودیان لەو پێشهاتە تازەیە وەرگرت و وڵاتیان جێهێشت، بەنایاسایی بەرەو ئەوروپای خۆرئاوا کۆچیان کرد. چەند رۆژێک بوو من لە مۆسکۆ بووم، حزبی شیوعی هەنگاری رایگەیاند کەوا دەستبەرداری مارکسییەت دەبێت، پەیڕەوی سیاسەتی سۆسیال دیموکرات دەکات.

## سۆڤیەت لە تەنگژەدا بوو:

دابەزینی نرخی پترۆڵ لەو چەند ساڵەی رابردوو سەرچاوەی گەشەپێدانی سست کردبوو، بۆیە لە سەردەمی بریجنیفدا بە هیچ شێوەیەک نەدەکرا رێ لە گەندەڵییەکان و سستی ئابوورییەکە بگیرێت، لەگەرمەی رۆژانەی شەڕە ساردەکە، لە سەردەمی سەرۆک ریگن بایەخی زۆر بە چاکسازیی دراوە، جا بۆ ئەوەی لە یەکێتی سۆڤیەتیش ئەو پارسەنگییە راگرن، هاوشانی ئەوان چاکسازی بکەن، باری ئابوورییان گران ببوو، لەو رەوشەدا یەکێتی سۆڤیەت دەستی لە زۆر لە وڵاتە هاوپەیمانەکانی بەردابوو، تا ئاستەکە گەیشتە ئەو رادەیەی حکومەت بۆی نەدەکرا خواردەمەنی ئاسایی بۆ هاووڵاتییەکانی خۆشی دابین بکات، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلەنە ترسناکە، بەناچاری ساڵانە ملیۆنەها تۆن گەنمی لە وڵاتانی خۆرئاوا کڕیوە. لەبەر بەرزبوونەوەی ئاستی بەرزی هەڵاوسانەکە، من بە چاوانی خۆم هاووڵاتیانی سۆڤیەتم بینی، لەبەردەم زێڕینگرەکان دەوەستان و بە رۆبلە بێ بەهاکانیان خشڵیان دەکڕی، کاڵاکانیان لە پارەکانیان لا باشتر بوو.

لەو دەمانەدا دەبوایە گۆرباتشۆف بەپەلە کارێ بکات، دەبوایە بە بەرنامەیەک هاووڵاتیان و سستەمەکە لەو رەوشەدا رزگار بکات، بە بۆچوونەکەی سکرتێری گشتی حزبی شیوعی سۆڤیەتی تێگەیشتم ئەو کەسە زۆر زیرەک و بەتواناو کراوەیە، بەڵام دوودڵ بوو، زیرەکی و کرانەوەکەی کێشەیەکی تایبەتی بوو، بۆیە نەیدەتوانی خۆی لە ناکۆکی و درۆیەکان بێدەنگ بێت، رۆژانە هەستی بەو دیاردانە دەکرد. ئەگەرچی ئەو لە سەردەمی ستالین و خرۆشۆف پەروەردە ببوو، بەڵام سستییە ئابوورییەکان و رەوشە داتەپیوەکەی باش و روون دەبینی، بۆیە هەستێکی لا گڵاڵە

بوو، کەوا هەموو قەناعەتە کۆنەکان بهەژێنێت. من توانیم گرێی ئەوە بکەمەوە، کەوا بۆچی سەرۆک یوری ئەندرویوف لە پاش خۆی پێشەوایەکی توندڕەوی وەک گورباتشۆفی لە دوای خۆیدا دانا، ئەویش بە ئەنقەست یەکێتی سۆڤیەتی هەڵنەوەشاندەوە، ئەوەشی بە بەرنامە نەکرد، ئەو وەک سەرکردەکانی پێش خۆی لە پێشهاتەکەی ئەلمانیای خۆرهەڵات و پۆلۆنیا سوپای سووری نەنارد، کە ئەو دوو وڵاتە بەرەو پرۆسەی دیموکراسی هەنگاویان هاویشت. گۆرباتشۆف کاری بۆ ئەوە کرد وڵاتەکەی رۆڵێکی سەرەکی لە بازرگانی جیهانی بگێڕێت، بێگومان چاکی دەزانی ئەوەشیان هەنگاوی دروستە بەرەو سەرمایەداری. سەرۆک گورباتشۆف داواکاربوو وڵاتەکەی رۆڵی سەرەکی و کاریگەر لە بواری بازرگانی جیهانی بگێڕێت، بێگومان لەو بۆچوونەیدا چاکی دەزانی ئەوەیان بەرەو ئاراستەی سەرمایەداری دەبات، لە بازاڕی سەهمەکان و سستەمی ئابووری خۆرئاواش شارەزاییشی نەبووە.

سەردانەکەی من هاوشانی کۆششەکانی تری واشنتۆن بوو، تا سستەمی سۆڤیەتی بەرەو سستەمی خۆرئاوا بڕوات. ئێمە دەمانویست لایەنە ریفۆرمخوازەکانی ناو سستەمی سۆڤیەت هان بدەین بەرەو سیاسەتی کرانەوە هەنگاو بنێن، یان پەیڕەوی بەرنامەکەی گورباتشۆف بن، کە لە گلاسنوست خۆی دەنواند. ئەوەندەی دەزگای هەواڵگری سۆڤیەتی (کی جی دی) بواری دابوایە، بەشداری لە کۆڕەکانمان گەرم دەبوو، بۆ نموونە ئەو کۆڕانەی سەفارەتی ئەمریکی ئێواران لە مۆسکۆ سازی دەکردن، کەسانی زۆر لە مێژوونووسان و ئابووریناسان و زانایان بەشداری ئەو کۆڕانە دەبوون کە هاوپیشەکانیان لە جیهانی خۆرئاوا، بۆیان سازیان دەکرد، ناوەرۆکی بابەتەکان بازاڕی رەش و کێشەکانی ژینگە لە کۆمارەکانی باشوورو مێژووی سەردەمی ستالین بوون، کە جاران باسکردن و ناوهێنانی ئەو بابەتانە مەترسی و کێشەی بۆ هەموو لایەک پەیدا دەکرد.

بەشێک لە بەرنامەی سەفەرەکەم سەردان و دیمانەی گەورە بەرپرسان بوو، دیمانەکان بە شێوەیەک لە شێوەکان سەرسامیان دەکردم. من بەدرێژایی تەمەنم ئابووری بازاڕی ئازادم خوێندووە، کە رووێکی تری ئەو بازاڕو ئەو ئابوورییەم هەست پێکرد، وام لێهات قووڵترو زۆرتر لە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری وردببمەوە، لە



جیاوازییەکانی لە سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی تێبگەم. لە رێگای فڕۆکەخانە بووم بۆ مۆسکۆ، بیرم لە جیاوازییەکانی ئەو دوو سستەمە دەکردەوە، لەناو پەنجەرەی ترێنەوە تراکتۆرێکی هەڵمکاری پێچکە گەورە ئاسنینم لێوە دیاربوو، ساڵی دروستکردنەکەی بۆ بیستەکانی سەدەی رابردوو دەگەڕایەوە. پرسیم بۆ تا ئیمڕۆش ئەو ئامێرە کۆنانە کار پێدەکەن؟

ئەو پرسیارەم لە پیاوە ئاسایشەکەی یاوەرم کرد، کە لەناو ئوتومبێلەکە لە تەنیشتم دانیشتبوو، لە وەڵامدا وتی:

نازانم دیارە هەر کار دەکات.

ئەو تراکتۆرە کۆنەی لەناو کێڵگەدا بینیم، ئوتومبێلە کۆنەکانی شەقامەکانی هاڤانای بەبیرهێنامەوە، کە مێژووەکەیان بۆ ساڵی ١٩٥٧ دەگەڕێتەوە، لەوەوە دیارە کە جیاوازی نێوان ئەو دوو ئابوورییە چەندە، ئابووری و کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی نەخشەسازی مەرکەزی و کۆمەڵگای سەرمایەداری دیارە چەند جیاوازن، بۆیە بیر لە رووخانی دروستکەر دەکرێتەوە، پشتیوانی بۆ سازاندنی ئامێرو کەرەستەی نوێ و کارامە دەکرێتەوە.

## هیوای گومبوو:

سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی بۆ خوشگوزەرانی هاووڵاتیان و پێگەیاندنی سەرمایەکان، کێشەی زۆری دەهاتە پێشەوە، بڕوا نەدەکرا ئەو پرۆسەیە بەئاسانی و بێ گرفت سەربگرێت. بەرهەمهێنان و دروستکردن و دابەشکردنی کاڵاکان لەبەر رۆشنایی ئەو سستەمە بوو، هەمووی مەرکەزییە، دەزگاکانی نەخشەسازی رێنمایی تایبەت بە هەموو لایەنەکان دەردەکرد، ئەوان چەندی و چۆنی کەرەستەکانیان بۆ کارگەکان رەوانە دەکرد، لەو دەزگایانەوە فەرمانی وەرگرتنی بەرهەمەکان دەدرا، ئەوان بەشە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ تەرخان دەکرد، لەبەر رێنمایی ئەو دەزگایانە بەرهەمەکانیش وەردەگیرا، کرێ و رۆژانەکانیش سنووردارە، ئەوەی لەو قۆناخانەدا دیار نەبوو، ئەو کەسانەیە کە کاڵاکانیان بەکاردەهێنا، بەناچاری لایەنە خراپەکانیشیان قبووڵ دەکرد، وەک چۆن دەزگاکانی نەخشەسازی بەرنامەی

بەرهەمیان بۆی دارِشتبوو. ئەو سستەمە لە بەرهەمهێنان و دروستکردندا کاڵای ناشایستە و ناپێویستیان بەرهەم دەهێنا، بازارِ تەژی بوو لە کاڵای ناشایستەو نەویستراو لەلایەن خەڵکەوە، بۆیەش پێویستەکان پشتگوێ دەخران و زیادەش لە بازارِدا کەڵەکە دەکران. تا خەڵکەکەش بەشی خۆیان لە پێویستییەکان دەستەبەر بکەن، ناچاربوون رۆژانە و بەردەوام بۆ وەرگرتنی پێویستییەکانیان ماوەی زۆر لە پێش فرۆشگاکان نۆرە بگرن و بە کۆپۆن شتەکانیان بە زەحمەتی وەرگرن.

## بۆشی (باوک) تاوانباری کردم کە لە دەرنەچوونەوەی من دەستم هەبووە:

پەیوەندی من و وەزیری خەزانە (نیک برادلی) زۆر باش بوو، لە ساڵی ١٩٩١ بەیەکەوە سەردانی مۆسکۆمان کرد، منی بۆ یاری گۆلفیش داوەت دەکرد، هاتوچۆی خێزانیشمان هەبوو، بەڵام کە لەگەڵ سەرۆک بۆش بۆچوونمان لەسەر سیاسەتی دراو جیاوازی تێ کەوت، پشتیوانی سەرۆکی کرد، من لەگەڵ ئەوە نەبووم بازارِ تەژی پارەو دراو بکات، دژی ئەو سیاسەتە بووم. لە دانوستانەکاندا وەزیرەکە هاوسۆزو پشتیوانم نەبوو، بۆیەش ناکۆکییەکانمان لەسەر زۆر لایەنی تری ئابووری و دراوی ئاڵۆزی و لەیەکنەگەیشتنی کەوتێ.

لە پایزی هەمان ساڵدا سستی ئابووری وڵاتی گرتەوە، لەو دەمانەدا کێشەکانمان قووڵترو بەرینتر بوون، رەوشەکە بۆنی رەشبینی و نائومێدی تێ کەوت، لە وتاری حاڵەتی یەکێتی ساڵی ١٩٩١ سەرۆکیش رەنگی دایەوە. سەرۆک لە وتارەکەیدا داوای کردبوو بانکەکان قەرز پێشکەش بکەن، ئەگەرچی بانکی فیدراڵ لە ماوەی ساڵێکدا چەندجاری تر نرخی قازانجی کەم کردبۆوە، هێشتا سەرۆک داواکار بوو بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ رێژەکە کەمتر بکاتەوە.

وەزیری خەزانە کارێکی چاوەڕواننەکراوی ئەنجام دا، هەشت ئابووریناس و پسپۆری ئەو بوارەی بۆ کۆبوونەوە بە سەرۆک بانگهێشت کردبوو، لەو کۆبوونەوەیەدا پرسی ئەوەیان کردبوو، ئایا دەکرێ لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ داوا بکرێت، بەهای قازانج کەم بکرێتەوە، هەمووش بەیەک دەنگ رەزامەندییان لەسەر پێشنیارەکە نیشان دابوو، بەڵکو وتبوویان ئەوەیان لەو قۆناخەدا پێویستیشە، پاش تەواوبوونی



کۆبوونەوەکەو وەرگرتنی بۆچوونە ئەو هەشت پسپۆرە لەو مەسەلەیە چارەنووسسازەدا، وەزیر نامەیەکی بۆ من نووسیبوو، کەوا من ئێستا تەنهام لە بۆچوونەکەمدا، زۆرینە لەگەڵ کەمکردنەوەی بەهای قازانجن، ئەوەش مانای ئەوەبوو کەوا بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ لە دەست کەسێکی شارەزاو لێزان نییە، پێویستی بە لێپرسراوێکی لێهاتوو و برِیاردەر هەیە.

دیارە ورِێنەکەی ئیدارەی سەرۆک بۆش لە پەلاماردانەکە ترسناکتربوو، ماوەی ولایەتەکەی من بەرەو تەواوبوون دەچوو، لێرەولەوێ وەزیری خەزانە لێم نزیک دەکەوتەوە، بەرِوونی ئەوەی بە گوێم دەچرپاند، کەوا کەمێ نەرمی بنوێنم، لە برِیارەکان لەگەڵ سەرۆک، بەو شێوەیە لاسار نەبم، بەوەش دەکرێ ولایەتەکەم بۆ سەرۆکی بانکەکەم بۆ نوێ دەکەنەوە، داواکاربوو من سیاسەتە دراوییەکەم نەرمی بنوێنم، پاشان نیکی وەزیری وتبووی، گوایە من بەڵێنم پێی دابوو، کە بە بۆچوونەکانم دابچمەوە. دیارە ئەگەر مەبەستیشم بوایە نەدەکرا من بەڵێن بدەم، بەڵێنیشم نەداو سەرۆک بۆش سەرۆکایەتی بانکی بۆ نوێ کردمەوە، رەنگە سەرۆک بیری لەوە کردبۆوە، رەنگە لەو رۆژانەدا گۆرِینی من کاردانەوەی نێگەتیڤی دەبوو. لەسەر جیاوازییەکانی بۆچوونمان لەسەر سیاسەتی دراو، دۆستایەتیمان لەگەڵ وەزیرا لە سنووری رەسمی دەرنەدەچوو، لەو بوارەدا هاوکاریمان مابوو، بۆ خوانی هەفتانەی بەیانییان بەیەکەوە کۆنەدەبووینەوە، گەرموگورِی خێزانیشمان ساردی تێ کەوت. لەگەڵ هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەکانا ئاماژە ئابوورییەکان گەشانەوەیان پێوە دەرکەوت، بە هاتنی مانگی یولیو توانیم باشی و کرانەوەی رەوشی ئابووری رابگەیێنم، لە ئامارێکدا راگەیاندرا کەوا بەرهەمی ناوخۆمان ساڵانە بە رادەی ٤٪ بەرز بوویتەوە. لەو ساڵەدا چەند جارێک سەرۆکم بینی، بە زۆر خۆشحاڵییەوە پێشوازی دەکردم و دیمانەکەمان گەرم بوو، بەڵام نەمتوانی رازی بکەم واز لە بەرنامەی دابەزینی بەهای نرخەکان پێ بکەم، چونکە ئەو سیاسەتە ئەگەری بەرزبوونەوەی رێژەی هەڵاوسانی لێ دەکەوتەوە. ئەوەی ئاشکراو زانراو بوو بووژانەوەی کەرتی ئابووری بواری سەرکەوتن لە هەڵبژاردنەکان خۆش ناکات، یان کاریگەری زۆری نابێت، چونکە کورتهێنانی بودجەی وڵات، لە هەمووی زۆرتر زیانی

بە سەرۆک بۆشی (باوک) ی گەیاندبوو، ڕێژەی کورتهێنانەکە لە کۆتایی ساڵی ولایەتی ئەودا گەیشتبووە ٢٩٠ ملیار دۆلار. کاندیدی سەربەخۆی سەرۆکایەتی (ڕۆس بیرۆ) توانی لەو ڕوانگەیە کاریگەری لە کەسایەتی سەرۆک بکات، لە هەڵمەتەکەیدا ئاماژەی بە زۆر لایەنی ئابووری دەدا، لەوەش توانی لەناو ڕیزەکانی حزبی کۆماریدا ناکۆکی بنێتەوەو ئەوەش هۆکاری شکانی سەرۆک بۆش بوون. پاش چەند ساڵێک سەرۆک بۆش وتبووی گوایە من ڕۆڵم هەبووە لە سەرنەکەوتنی ئەو لە هەڵبژاردنەکاندا. بەو قەناعەتی ئەو من زۆر نارەحەت بووم، لە دیمانەیەکی تەلەڤزێوندا سەبارەت بە من سەرۆک بۆش وتبووی:

من لەو پۆستەم دانا، بەڵام نائومێدی کردم.

دڵنیام لەوەی کە (برادلی) و (دارمان) پێیان سەلماندبوو کەوا ئیحتیاتی فیدراڵی هەموو کۆششەکانی ئەویان ڕووخاندووە. من هەمان هەست و ڕقم بەرامبەر ئەو نەبوو، بەڵام ئەو بەئاشکرا دژایەتی منی ڕاگەیاندبوو. سەرنەکەوتنەکەی سەرۆک بۆشم بە سەرنەکەوتنەکەی تشرشل لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی دەشوبهاند. من وا دەزانم سەرۆک بۆشی (باوک) لە ماوەی سەرۆکایەتیدا کاری زۆری جێبەجێ کردبوو، بەسەر زۆر کێشەی مەزن زاڵ ببوو، وەک ڕووبەڕووبوونەوەکانی بە ڕووی یەکێتی سۆڤیەتی جاران، کێشەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. من وا دەزانم ئەگەر سەرۆکێک شیاوی بردنەوەی هەڵبژاردنەکان بوایە ئەوە سەرۆک بۆشی (باوک) بوو، بۆش و تشرشل شیاوی دووبارە هەڵبژاردنەوە بوون لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا.

## نەخشەسازی مەرکەزی و بارە گرانەکە:

دەوڵەتی سۆڤیەت لەسەر ئەساسی نەخشەسازی مەرکەزی دارێژرابوو، بواری ململانێ و بازاڕی ئازادی نەدابوو، چونکە بازاڕی ئازاد چاکەو خێری بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەکرد، بۆیەش من نیازم بوو کەسی دەستە ڕاستی سەرۆکی لیژنەی نەخشەسازی دەوڵەت (ستیبان سیتریان) ببینم. یەکێتی سۆڤیەت لەهەموو بوارەکان کاریان بە سستەمێکی بیروکراتی دەکرد، هەموو شتێکی دەوڵەتیان بە وشەی



(گوسبلان) دەبەستایەوە، ئەوەشیان وشەیەک بوو تایبەت بە شێوەو بەرنامەی پەیداکردنی خواردەمەنی و دەرچووی کارگەکان، (گوستروود) یش ڕۆژانەی کارو بەرنامەکانی کارکردنی دیار دەکرد. کە لیژنەی نەخشەسازی لە لووتکەی دەسەڵاتدا بوو، نرخ و جۆرو چەندو چۆنی کاڵای کارگەکان لە بازنەی ١١ ناوچەی کاتی دیارکراودا دادەنا.

ئیمپراتۆریەتی لیژنە فراوانەکەش کارگە سەربازییەکانیشی دەگرتەوە، ئەوانیش باشترین و کارامەترین کرێکارو کەرەستەیان لە سەرانسەری یەکێتی سۆڤیەت بەردەکەوت، هەموو شتە باشەکان بۆ ئەو لیژنە سەربازییە بووە. توێژەرە خۆرئاواییەکان مەزندەیان کردووە کەوا ٦٠ تا ٨٠ ٪ بەرهەمەکانی دەوڵەت لە بن دەست و دەسەڵاتی ئەو لیژنەیەدا بووە، سەرپەرشتی ڕاستەوخۆش لەلایەن سیتریان و سەرۆکەکەی (یوری ماسلیوکوف) بووە. من وامدەزانی ئەو لیژنە زۆرزانە ڕەنگە بکارن، بگۆڕدرێن و خۆیان لەگەڵ ڕەوشە ئابوورییەکان بگونجێنن، دەکرێ دان بەوە بنێن تا بەرنامەکانیان بگۆڕن، زیرەکی و لێهاتوویی کەسانی وەک سیتریان ئەوەیان لێ بوەشێتەوە، بەڵام بارەکەش ئەوەندە ئاسان نەبوو، چونکە لە بازاڕەکانی سەرمایەداریدا گۆڕینی نرخ و ئاماژەکان بازاڕەکان دەسووڕێنن، هەر ئەوەشە دەکرێ بزاندرێت کارگەکان بەرهەمیان چەندو چۆن بێت؟ لە نەخشەو بەرنامەی ئابووری سۆڤیەتیدا میکانیزمێک نەبوو نرخی بازاڕ دیار بکات، بۆیەش ئەو بازاڕە زانیاری و کاردانەوەکانی دیار نەبوو، لە هەمووش گرنگتر ئەوەبوو شارەزایانی نەخشەسازی پێوەری داراییان بۆ پاشەکەوت نەبوو، نەدەکرا سەرمایەگوزارییەکان بە بەرهەمە واقیعەکەیان ببەستنەوە، کە خودی داخوازی هاووڵاتیان و ئارەزوویان دابین دەکات.

## هەردوو بەشەکەی ئەلمانیا:

ئەو کاتانەی وڵاتانی ناو بازنەی یەکێتی سۆڤیەت لەبەر چەندین کێشە دەیانناڵاند، ئەلمانییە خۆرهەڵاتییەکان دەیانتوانی کۆمەک و یارمەتی لە ئەلمانە خۆرئاواییەکان وەرگرن، چارەنووسەکە لایەک لە لایەکی تر خراپتر بوو، ریفۆرمخوازی گەورەی پۆلۆنی لیزیک بالسیروتس سوودی لە ئەزموونی ئابووریناسی مەزنی وەک (لودفیگ

ئایرهارد) وەردەگرت، ئایرهارد له پاش ئەوەی هاوپەیمانان ئەڵمانیای خۆرئاوایان له ساڵی ١٩٤٨ داگیرکردبوو، پۆستی ئابووری ئەڵمانیای خۆرئاوای شکست و رووخاوی وەرگرتبوو، یەکسەر پەیوەندەکانی بەردەم نرخ و بەرهەمەکانی لابردبوو. دەڵێن گوایە ئایرهارد کارەکانی له دەرەوەی دەسەڵاتەکانیش تێپەڕاندبوو، هەفتەیەک بوو بڕیارەکانی دەرکردبوو، له کۆتایی هەفتەدا هەواڵەکەی راگەیاندبوو، هەتا دەسەڵاتداران به بڕیارەکەیان زانیبوو، نرخەکان جێگیر ببوون، بۆیە هیچیان پێ نەکرابوو، پاشان دەرکەوت پلانەکەشی سەرکەوتنی باشی بەدەست هێناوە، ئەو فرۆشگایانەی ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی کالای زۆریان کردبوو، لەو ماوە کورتەدا هەموویان کالایان بەدەست گەیشتبوو، لێشاوی کەلوپەلەکان بازاڕیان تەژی کردبوو، له کۆتایی ئەو گۆڕان و بڕیارە ئازادیانە کە چالاکی بازاڕە رەشەکە دروست بوو، سەرەتا نرخەکان بەرز بوون، کە کەرەستەو کالا زۆرتر گەیشتبوون، هێدی هێدی نرخەکان دابەزیبوون.

## ڕۆیشتن لەسەر هەنگاوەکانی ئایرهارد:

بالستروتسی ئابووریناس له خۆرئاوا خوێندنی تەواوکردبوو، له شارەکانی ناوەڕاستی پۆلۆنیا مامۆستای زانکۆ بوو، ئەویش هەنگاوەکانی ئایرهارد له ئابووری پەیڕەوکرد، بەرنامەکەیان ناونابوو شۆڕشی بازاڕ، بەڵام هەندێکیان ناویان له بەرنامەکەی نابوو، چارەسەرکردن به شۆککردن و سەرسامکردن. کە بزاڤی هاوکاری له پۆلۆنیا هەڵبژاردنەکەی ساڵی ١٩٨٩ یان بردەوە، ئابووری وڵات له سەر لێواری رووخانا بوو. له بازاڕەکاندا خواردەمەنی دەست نەدەکەوت، رێژەی هەڵاوسان زۆر بەرز بوو، پارەکەیان هیچ نرخی نەمابوو، هاووڵاتیان دەستبەتاڵ و هیچیان نەمابوو، حکومەت خەزینەکانی بەتاڵ، نەک هەر پارەیان نەبوو، قەرزەکانیشی پێ نەدەدرایەوە.

بالسیروتس پێشنیاری کردبوو حکومەت رۆژی ١ ی ینایری ساڵی ١٩٩٠ بکاتە رۆژی لادانی نرخ لەسەر کالاکانی بازاڕو هیچ پەیوەندییەک لەسەر نرخ و بازاڕ نەمێنێت. من یەکەم جار له کۆبوونەوەیەکی دەولی تایبەت به کاروباری بانک له بازل



له سویسرا لەگەڵ ئەو دیمانەمان ببوو، چەند هەفتەیەک پێش ئەو گۆڕانکارییانە بوو، زۆرم لا سەیر بوو، ئەو دەمانە باسی ئەو مەسەلەی لەگەڵ کردم، ئەو بەرنامەیەی له مێشکدا بوو، له سەرکەوتنی ئەو بەرنامەیە به گومان بوو، دەترسا بۆیە به منی وت:

ریفۆرم به هەنگاوی هێدی و لەسەرخۆ ناکرێت.

ئەو باش دەیزانی له کۆمەڵگایەک بۆ ماوەی چل ساڵ، حکومەت له بازاڕو کڕین و فرۆشتندا خاوەن بڕیار بووە، بەئاسانی ئابووری ئەو وڵاتە له قۆناخی نەخشەسازی مەرکەزی ناگۆڕێت بۆ ململانێی ئابووری بازاڕی ئازاد، ئەوەش بڕیارێکی ئازایانەی دەوێت تا هاووڵاتیان بگەنە ئەو بڕیارەو خۆیان بڕیار بەدەستی خۆیان بدەن، به قسەی ئەو، وایدەزانی دەبێ خەڵکەکە رازی بکەین بۆ ئەوەی گۆڕانەکە بکرێت.

وەک چۆن چاوەڕوان دەکرا ئەو هەنگاوە تازەیە له بازاڕەکانی پۆلۆنیا ئاژاوەو گرفتی زۆری نایەوە، سەرەتا نرخەکان زۆر بەرزبوونەوە، هەمان بەرزبوونەوەی نرخیش له ئەڵمانیا له سەردەمی ئایرهارد رووی دابوو، له دوو هەفتەی یەکەم بەهای (زلوتی) پۆلۆنی نیوەی نرخی دابەزی، بەڵام کالاو کەرەستەی نوێ له بازاڕەکان پەیدابوون، لەگەڵ رۆژەکانا هێدی هێدی نرخەکان دابەزین، بالسیروتس فەرمانبەرانی تایبەتی راسپاردبوو بەوردی چاودێری بازاڕەکان بکەن، پاشان بیرەوەرییەکانی ئەو رۆژەی بۆ من گێڕایەوەو وتی:

ئەو رۆژەی وتیان نرخی هێلکە له بازاڕەکان دابەزین، من بەو هەواڵە زۆر دڵشاد بووم.

ئەوەش هەنگاوی یەکەم بوون بەرەو بازاڕی ئازاد، بەرەو سەرکەوتن له بەرنامەی ئابووری ئازاد.

به سەرکەوتنی بەرنامە ئابوورییەکەی پۆلۆنیا، کۆماری شیکۆسلۆفاکیا کۆششی کرد ریفۆرم له بەرنامە ئابوورییەکەی بکات، وەزیری ئابووری (ڤاسلاف کلاوس) ویستی دەزگا ئابوورییەکانی سەر به دەوڵەت بەرەو کەرتی تایبەتی ببات، لەبەرئەوەی ئەو سەرمایە پێویست و ئامادەیە لەلای هاووڵاتیان نەبوو، تا به فرۆشتنی ئاشکرا دەزگاکانیان بفرۆشێتە دەستەیەکی سەرمایەگوزار، بۆیە پێشنیارکرا مولکیەتەکەیان

لەسەر شێوەی پسوولەی تایبەت بدرێتە ژمارەیەک لە هاووڵاتیان، بەمەرجێ بەشەکان هاوسەنگ بن و دەکرێ دەستاودەستیان پێ بکرێت و بفرۆشرێنەوە، یان لە دەزگاکانی حکومەت ئاڵوگۆڕیشیان پێ بکرێت. بەو شێوەیە کلاوس نەک لە بواری مافەکانی موڵکیەتی گۆڕانی پەیداکرد، بوارسازی خوڵقاند بۆ پەیدابوونی بازاڕی سەهم لە وڵاتەکە.

بەیەکەوە لە رۆژانەی کۆنگرەی بانکی ئیحتیاتی مەرکزی لە ولایەتی وایومینگ لە ئۆگستی ساڵی ١٩٩٠ لە هوتێلی جاکسۆن هۆل لەسەر خوانی نانخواردندا دیمانەمان بوو. لەوێ ئەو وتی:

تا ئێمە لەو کاروانە ئابوورییە دوا نەکەوین، دەبێ زۆر خێرا بجووڵێینەوە، ناکرێ لەسەرخۆ کاربکەین، چونکە ریفۆرمی لەسەرخۆ بوار بۆ کەسانی هەلپەرست و مشەخۆرو چاوچنۆک خۆش دەکات، رەوشەکە بۆ قازانجی خۆیان قۆرخ بکەن و تا لەو سستەمە سوسیالیستە کە گۆڕانێکی نادروست نەسازێت، دەبێ بەکار بێن.

## زەمانەتی کۆمەڵایەتی:

پرسیارم لە ئامادەبووانی کۆڕەکە کرد، ئێوە لەناو رەوشی ریفۆرمی باری کارو هاووڵاتیاندا بیرتان لەوە کردیتەوە، زەمانەتی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی بێکارو بێ رۆژانە دابین بکەن؟

لەناو ئامادەبوواندا کلاوس وەڵامی دامەوەو وتی:

لە وڵاتی ئێوە دەتوانن بۆ ئەو خۆشگوزەرانییە پارەو سەرمایە دابین بکەن، بەڵام بۆ ئێمە کاری دەوێت، دەبێ سەرکەوتن بەدەست بهێنین، ئەوەش دابڕان و پچڕانی بە رابردووی دەوێت، بۆ پەیداکردنی سەرمایەش دەبێ لە بازاڕدا ململانێ پەیدابێت، منیش کار لەو روانگەوە دەکەم بۆ ئەو مەبەستەش کۆشش دەکەم.

لەگەڵ کلاوس بووینە هاورێ، بەو پەیوەندیی و بەو زانیارییە لە بەرنامەکانی ئەو تێگەیشتم، بازاڕی ئازاد چەند بایەخدارە، ئەوەیان زیاد لە پێویست منی هەژاند.

وڵاتانی ئەوروپای خۆرهەڵاتی بەرەو ریفۆرمی ئابووری هەنگاویان دەنا، کۆشش لەو مەیدانە بەردەوام بوو، بەڵام لە رووسیا هەستم کرد رەوشە ئابوورییەکەیان بەرەو



ئاڵۆزی دەڕوات، وڵاتانی خۆرئاوا نەیاندەتوانی بازنەیەک بۆ رەوشەکە بکێشن و بزانن چی روودەدات، هەفتەیەک بوو بوریس یلتسین بە سەرۆکی رووسیا هەڵبژێردرابوو، لە یونیوی ساڵی ١٩٩١ هاتە ئەمریکا، سەردانی نیویۆرکی کرد، سەری لە سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی دا.

یلتسین سەرەتای کارکردنی لە کارگەیەکی دروستکردنی کەرەستەی دروستکردن بە بەڕێوەبەر دامەزراوە، لە ساڵانی هەشتاکان پۆستی شارەڤانی مۆسکۆشی بینیوە، کە وازی لە حزبی شیوعی هێناوە، بەرنامەی ریفۆرمی زۆری داڕشتووە، بۆ گۆڕینی لە ڕەگ و ریشەوە کاری کردووە. سەرکەوتنی یلتسین بە ٦٠٪ دەنگەکان نسکۆیەکی مەزنی شیوعییەکان بوو، ئەگەرچی ئەو لە بن دەستی گۆرباتشۆفەوە بوو، بەڵام کەسایەتی ئەو و چالاکییە بەرچاوەکانی سەرنجی هەموو لایەکی بۆ خۆی راکێشا. ئەویش وەک خروشۆف زوو هاتووتە مەیدان، زوو هەستی بە ناکۆکییەکانی ناو کۆمەڵگاکەی کردووە، لە ساڵی ١٩٨٩ یەکەم سەردانی بۆ ئەمریکا بووە، هەموو لایەک سەردانەکەی ئەویان لەبیرە، دەزگاکانی میدیا بایەخی زۆریان بەو سەردانەی ئەو داوە، زۆریان لەسەر نووسی، بەتایبەتی ئاکارە نامۆییەکانی لە کاتی مەستبوونەکانیدا.

## پەیوەندی بە ریفۆرمخوازە رووسەکان:

سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ لە نیویۆرک گیرالد کوریگان، رۆڵی هەبووە لە هاندانی وول ستریت تا پەیوەندی بە ریفۆرمخوازانی رووس بکەن، ئەوەش مەبەست و کارنامەی سەرۆک بۆش (باوک) بوو، کاری بۆ ئەو مەبەستە کردووە، کە یلتسین هاوشانی وەفدێکی باڵا گەیشتبووە نیویۆرک، کوریگان بۆ خوانی ئێوارەیەک داوەتی کردبوو، پێش ئەوەی کەسی تر ببینێت، ماوەیەک بەیەکەوە قسەیان کردبوو. ئەو شەوە من یلتسینم بینی، ئەگەرچی زۆر سەرخۆش بوو، بەڵام زیرەکی و وریایی لێوە دیاربوو، لەسەر سەکۆکە بە حەماسەوە بیست دەقەو لەبەرو بێ کاغەز لەسەر قۆناخەکانی ریفۆرم قسەی کردبوو، بێ ئەوەی یارمەتی لە هاورێیەکانی وەرگرێت، وەڵامی هەموو پرسیاری ئامادەبووانی دایەوە. بۆ کەس روون و ئاشکرا نەبوو ئەگەر

سستەمی شیوعییەت لە یەکێتی سۆڤیەت بە دەستی گورباتشۆف یان هەر کەسێکی تر بڕووخێت، ڕەوشی وڵات چی بەسەردێت، وڵات لەناو کاری توندوتیژی و بەرەڵایی چەند دەمینێتەوە، کە گورباتشۆف پەیمانی وارشۆی لە مانگی یونیو هەڵوەشاندەوە، لە بەیانێکدا داوای کردبوو، یەکێتی سۆڤیەت لەسەر بنچینەی کۆنفدرالی دادەمەزرێنتەوە، وڵاتانی ناو یەکێتییەکە ئازادن لە مانەوەیان یان جیابوونەوەیان، ئەوانەو بەرنامە ریفۆرمەکانی تری، ڕووبەڕووی دژایەتی و ناکۆکی دژوار هاتەوە. لە مانگی ئۆگستدا توندڕەوە ستالینییەکان دوو جار پلانی کودەتایان داڕشت، بەڵام بزاڤە نمایشکارەکانی یلتسین وەک چوونە سەر پشتی دەبابەکان و چوونە بەردەم پەرلەمان، نووسینگەی گورباتشۆفی رزگارکرد.

وڵاتانی خۆرئاوا بیریان لە یارمەتیدانی ڕەوشەکەی یەکێتی سۆڤیەت کردەوە، لە ئەمریکا وەفدێکمان بە سەرۆکایەتی وەزیری خەزینە نیک بریدی بۆ ئەو مەبەستە بەرێ کردبوو، منیش لەو وەفدە بەشداربووم، لە سپتمبەردا گورباتشۆفمان بینی، لەگەڵ ڕاوێژکارە ئابووریناسەکانی دیمانەمان بوو، کارمان بۆ ئەوە دەکرد، یەکێتی سۆڤیەت بگاتە ناو سندووقی دراوی نێونەتەوەیی، لەو سەفەرەشدا بە دروستی لەسەر ڕەوشەکە ڕاوەستاین. جیهانی خۆرئاواو بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ لە دیدێکی ئابووری ڕووتەوە تەماشای یەکێتی سۆڤیەتیمان دەکرد، دیارە ئەویش لەو پێگەوە دووربوو. چونکە ئابوورییەکەی مەزنی نەبوو، ئاماریشیان نەبوو تا بکرێتە چاوگێک پشتی پێ ببەستین، بەڵام بە مەزندەی شارەزایان بەرهەمی لۆکالیان بە قەد بریتانیا دەبوو، یان یەک لە شەشی ئابووری هەموو ئەوروپا مەزندە دەکرا. دیوارێکی ئاسن ئابووری یەکێتی سۆڤیەتی بەڕووی ئابووری جیهان داخستبوو، بۆیەش ڕێژەکەی نەدیارو لاوازی هەبوو، ترسی ئەوەش هەبوو ئەگەر ئەو سستەمی دەوڵەتەکە بڕووخێت، قەرزەکانی ئەوروپاییەکان دەکەونە مەترسییەوە. بە وردی پێوەر بۆ ڕەوشی ئابووری ئەو وڵاتە دەکرا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاوڕ لە زەخیرە ناوەکییەکانی نەدەدرایەوە. هەموومان لە ڕووخانی مەترسیمان هەبوو، چونکە یەکێتی سۆڤیەت ڕۆڵی زۆری دەبێت لەسەر ئاسایشی هەموو جیهان، بۆیە ئەو دیمەنەی ئێمە بینیمان هەموومانی دەترساند.



بە ڕوونی ئەگەری ڕووخانی حکومەت هەستی پێ دەکرا، دامەزراوەکانی نەخشەسازی مەرکەزی بەرەو هەرەسهێنان دەڕۆیشت، خۆشگوزاری هاووڵاتیان کەوتبووە مەترسی، وەزیری ئەو کاتی دەرەوەی یەکێتی سۆڤیەت شیڤارنادزە پێیڕاگەیاندین کەوا ڕەوشی کۆمارەکانی ناو کۆنە یەکێتی سۆڤیەتی سەرسنووری ڕووسیا ئاڵۆزەو مەترسییان زۆرە، ٢٥ ملیۆن هاووڵاتی بە ڕەگەز ڕووسی کۆمارەکان باری ژیانیان لە مەترسیدایە، مەترسی زۆرە کە ناکۆکی و ئاڵۆزییەکان توندبێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی چەکی ناوکیان هەیە، وەک ئوکرانیاو ڕووسیا، کە هەڵگیراوی زۆری ئەو چەکانەی سەردەمی یەکێتی سۆڤیەتیان ماوە، لە هەموو دیمانەکاندا هەمان نامەمان دەبیست. کە سەرۆک گۆرباتشۆفمان بینی تێگەیشتم کابرایەکی ئازایە، کۆشش دەکات تا وڵاتەکەی بکاتە هێزێکی ئابووری مەزنی جیهانی، ئەو دەمانە من لە دەفتەری ڕۆژانەکەم نووسیبووم:

یەکێتی سۆڤیەت لە شێوەیەکی تراجیدی گریکی بەرەو ڕووخان و هەرەس دەبینم.

گریگۆری یافلنسکی گەورە ئابووریناس لە ئەنجومەنی وەزیرانی گورباتشۆف، لە مانگی ئوکتۆبەرا سەرۆکایەتی وەفدێکی ئابووری کردو لە کۆبوونەوەی ساڵانەی بانکی دەولی و سندووقی دراوی نێونەتەوەیی لە تایلاند بەشداربوو، ئەوەش پێشهاتێکی نوێ بووە، کە بەرپرسێکی سۆڤیەتی لە کۆبوونەوەیەکی ئابووری جیهانی بەشداربێت، لەو کۆبوونەوەش لەگەڵ گەورە بەرپرسانی جیهانی سەرمایەداری ئامادەیی بڕیاری ئابووری سەرمایەداری بێت. یەکێتی سۆڤیەت زووتر ویستبووی لە سندووقی دراوی نێونەتەوەیی و بانکی نێونەتەوەیی سیمایەکی ڕەسمی وەرگرێت، بەڵام داواکەی بۆ قەرز وەرگرتن ڕەتکرابۆوە، یافلنسکی و تیمەکە هاوڕێیەکەی هاتبوون تا گلەیی لەو دوو دەزگایە ئابوورییە بکەن، کە وڵاتانی تر دوای ئەوان داوایان پێشکەش کردووەو بوونەتە ئەندام، کەچی داواکەی ئەوان وەرنەگیراوە، وڵاتەکەیان نابێتە ئەندامێکی تەواو و کامیلی ئەو دوو دەزگایە. لەو دیمانەدا وەفدەکەی یەکێتی سۆڤیەت داوای قەرزیان نەکردبوو، ئەوان سووربوون لەسەر ئەوەی وڵاتەکەیان لە قۆناخی گواستنەوەیان بۆ ئابووری بازاڕی ئازاد خۆیان بێ یارمەتی لایەنی تر، هەنگاوەکان ببڕن.

دانوستانەکانەکمان دوو ڕۆژی خایاند، بەڵام نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێک، ئێمە ئەوەمان باش دەزانی یەکێتی سۆڤیەت وەک دەوڵەت بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت، ئەوەشمان دەزانی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت مەترسی دەبێت لەسەر ئاشتی نێونەتەوەیی، بۆچوونی زۆرو مەترسیدارمان لە دواڕۆژی چەکە ناوەکییەکانیان لا دروست ببوو، ڕەوشی ناوخۆو دەرەوەیان شێواو بوو، باری سیاسییان ئاڵۆز بوو، ئەوەی سندووقی دراو لە دەستی دەهات، باسکردنی پارە بوو، هیچی تری لە دەست نەدەهات، ئەوەشیان گرفتێک نەبوو. لەو ڕەوشەدا ئێمە هەر ئەوەندەمان لە دەست هات، بۆ پێداچوونەوەو شرۆڤەی ڕەوشەکە لیژنەیەکی پسپۆر سازبکەین، ئەوان بە وردی لە مەسەلەکەو پێشهاتەکە بکۆڵنەوە، هەموو شتەکەش بەو گۆڕان و ریفۆرمەوە بەندبوو کە ریفۆرمخوازە سۆڤیەتییەکان لە وڵاتا دەیکەن، ئەوان و ریفۆرمخوازەکانی ئەوروپای خۆرهەڵات کێشەو ئەستەنگی گەورەیان لەبەردەم بوو، سەرکردەکانی پۆلۆنی و شیکەکان توانییان پشت بە ئیرادەی هاووڵاتییەکان ببەستن. ئەو دوو وڵاتە ئەوەی لەو ماوەیەدا ئەنجامیان دابوو، توانیبوویان خۆیان لە دەستی مۆسکۆ دەربازبکەن، زۆر لە سۆڤیەتییەکانیش لەلایەن خۆیانەوە، زۆر شکۆیان بە رابردوو و قوربانییەکانیان بۆ یەکێتی سۆڤیەت دەهات، لەو نیگایەوە سەیری مەسەلەکەیان دەکرد، خۆیان وەک هێزێکی مەزنی جیهان دەبینی، چونکە لەو پێناوەدا کارو کۆششی زۆریان کردبوو، بوونی ئەو ئاڵۆزی و گۆڕانەشیان وەک خەمێکی گەورە دەبینی، هەستیان دەکرد لەو ڕەوشەدا هیمایەکی نەتەوەیی گەورەیان لە دەست داوە.

## رووخانی دیوارەکەی بەرلین چی شاراوەی دەرخست؟

بە رووخانی دیوارەکەی بەرلین، بارە ئاڵۆزەکەی ئابوورییەکەیان بەدیارکەوت، ئەوانەی گومانیان لە مەزندەکانی نالەباری ئابووری ئەلمانیای خۆرهەڵاتیش دەکرد، تووشی شۆک هاتن، کە بەباشی لە بەرهەم و داهاتەکەی ئەلمانیای خۆرهەڵات تێگەیشتن، زانرا ڕێژەی بەرهەم و داهاتەکەی ئەلمانیای خۆرئاوا سێ جار لە بەشە خۆرهەڵاتییەکە زۆرتر بووە، هەروەها ڕێژەی ئاستی بژێوی هاووڵاتیانیش هەمان پێوانەی بەرکەوتووە، بەرهەمی کارگەکانی ئەلمانیای خۆرهەڵات زۆر خراپ بووە، خزمەتگوزارییەکان بە ناڕێکی و کەمتەرخەمییەوە بووە، بۆیە نۆژەنکردن و



چاکسازییەکان سەدان ملیار دۆلاری دەویست. بەپێی مەزندەکان ٤٠٪ کارگەکانی ئەلمانیای خۆرهەڵات کەڵکی کارو بەرهەمیان نەمابوو، بۆ داخستن و پێچانەوە باش بوون، ئەوانەی بەکاربوون چاکسازی و نوێکردنەوەی زۆری ویستووە، تا بتوانن لە مەیدانی ململانێ کاربکەنەوە. ملیۆنەها کرێکار ماوەیەکی زۆر بوو بێ کار مابوونەوە، بۆ بەکارخستنەوەیان دەزگای مەشق و ڕاهێنانی زۆری دەویست، ئەگەرنا هەموو ڕوو لە کۆچ دەکەن، بەرەو وڵاتانی خۆرئاوا بۆ کاردۆزینەوە باردەکەن.

## ناسینی ئابووری سۆڤیەت ماندووی کردم:

پێش ئەوەی پۆستی سەرۆک بانکی ئیحتیاتی مەرکەزی وەرگرم، لە سەردەمی سەرۆکایەتی سەرۆک ریگان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٥ لە ئەنجومەنی ڕاوێژکاری هەواڵگری دەرەوە کارم دەکرد، لەو دەمانەدا بیرم لەوە دەکردەوە من وەک پسپۆرێکی ئابووریناس لە نەخشەسازی مەرکەزی کاربکەم، چۆن دەگوزەرێت، بەردەوام بیرم لەوە دەکردەوە، کە لەو ئەنجومەنەدابووم وەک شارەزایەکی ئەمریکی، ڕەوش و دەسەڵاتی سۆڤیەت هەڵسەنگێنم، ئایا سۆڤیەتییەکان دەکارن بەرگەی فشارەکانی ئەمریکا بگرن، چەکسازییەکانیان چۆنەو چەند بەرگرییان پێدەکرێت، سەرۆک لە شەڕە ئەستێرەکان ترسی هەبوو، بەڵام بەوە گەشبین بوون کەوا ئابووری سۆڤیەت لاوازەو بەرگەی ئابوورییەکەی ئێمە ناگرن. سۆڤیەتییەکان ئەگەر کۆشش بکەن لە ڕووی چەکسازییەوە بگەنە ئاستی ئێمە، بێگومان کار لە ئابوورییەکەیان دەکات، بەرەو هەرەسی دەبات، بۆیە ناچارن دانوستانمان لەگەڵ بکەن، هەر کام بوار پەیڕەو بکەن، مەزندەکانمان ئەوەبوو شەڕە ساردەکە نامینێت.

ئەو ئەرکەی بە من سپاردرابوو ئاسان نەبوو، ماندووشی دەکردم، بەڵام نەدەکرا قبووڵی نەکەم. ئەرک و فەرمانەکەی بە من سپێردرابوو، لەبەر گرنگی نەدەکرا قبووڵی نەکەم، دۆزینەوەی هاوکێشەکانی سستەمی بەرهەم و دابەشکردنەکان لە نەخشەسازییە مەرکزی لەبەرئەوەی لە سستەمەکەی خۆمان زۆر جیاوازبوو، بۆیە ئاسان نەبوو، کاری لەسەر بکەم. یەک هەفتە بیرم نەکردووە، تێگەیشتم کارەکە زەحمەتە، ناکرێ لە پرۆژەیەک کاربکەیت، هیچ ئامارو خشتەی باوەڕپێکراوت لە بن دەستیدا نەبێت، بەیانەکانی لیژنەی نەخشەسازییان ناکرێ پشتی پێ ببەسترێت،

بەرپرسە باڵاکان و ئاساییەکانیان قەبارەی بەرهەمی کارگەکانیان بەزۆری و بەگەورەیی باس دەکرد، کرێ و رۆژانەی کاریان زۆرتر رادەگەیاند، بۆیە زەحمەت بوو لیژنەی نەخشەسازییەکەمان کار بکات.

راپۆرتێکم بۆ ئەنجومەنی راوێژکاری هەواڵگری دەرەوەو بۆ سەرۆک ریگان نووسی، بۆم روون کردنەوە ناکرێ پێشبینی بکرێت، یان بۆچوونێکی دروست لەسەر هەرەسی ئابووری سۆڤیەت گەڵاڵە بکرێت، ئەگەر سۆڤیەت زۆرتر بایەخ بە شەڕی ئەستێرەکان بدات، نەک ئێمە ئەوەمان بۆ ساخ ناکرێتەوە، بەڵکو سۆڤیەتییەکانیش ناتوانن رامانیان لەسەر ئەو مەسەلەیە بە دروستی رابگەێنن. لە دوارۆژا دەرکەوت کەوا سۆڤیەتییەکان نەیانتوانی شەڕەکە جۆش بدەن، کە گورباتشۆفیش دەسەڵاتی گرتە دەست، رووی لەو مەسەلەیە وەرگێراو ریفۆرمی ئابووری راگەیاند.

ئەو دەمانەی لە لیژنەی نەخشەسازی دەوڵەت کارم کرد، هیچ راپۆرتێکم بۆ بەرپرسان بەرز نەکردەوە، زۆر دڵشاد بووم کە بەرپرسیاریەتی فەرمانی (سیتاریان)م نەکرد، ئێستا کە سەرۆکایەتی بانکی ئیحتیاتی مەرکەزی دەکەم بە تەحەدای دەزانم، بەڵام رەوشەکە لەناو لیژنەی نەخشەسازی بە کارێکی نائاساییم دەزانی. ئەو دیمانەی لەگەڵ سەرۆکی بانکی مەرکەزی سۆڤیەتی (یکتۆر گیراشینکۆ) کردم بۆ من هیچ کێشەو گرفتی تێدانەبوو، ئەو بەرەسمی منی وەک هاوکار سەیر دەکرد، جیاوازییەکەمان ئەوەبوو ئەو لە وڵاتدا کاری دەکرد سستەمە ئابوورییەکە لە ژێر چاودێری نەخشەسازیی بوو، تێدا دەوڵەت بڕیار دەدات کام لایەن هاوکاری بکرێت، هەر دەوڵەتیشە بڕیار دەدات کام لایەن هاوکاری و کۆمەک نەکرێت، واتە رۆڵی بانکەکان کەمەو دەسەڵاتیان وەک بانکەکانی وڵاتانی خۆرئاوا نییە.

گیراشینکۆ کەسێکی رووخۆش بوو، راشکاوانە قسەی دەکرد، داوای کرد با بە ناوی یەکەمی خۆمانەوە یەکتری ناو بهێنین، واتە ئەو ناوی یکتۆر بێت، منیش ئالان، بە ئینگلیزییەکی زۆر باش قسەی دەکرد، دە ساڵ لە لەندەن سەرۆکی بانکێکی سۆڤیەتی بووە، شارەزاییەکی باشی لە کارنامەی بانکە خۆرئاواییەکان هەبوو، ئەویش وەک زۆربەی هاووڵاتیانی سۆڤیەتی وایدەزانی کەوا یەکێتی سۆڤیەت زۆر لە پاش ئەمریکاوە نییە، بۆ دیمانەی من و بەرپرسانی تری بانکەکانی خۆرئاوا



ئارەزوومەند بوو، کاری بۆ ئەوە دەکرد بانکەکەیان لەگەڵ بانکەکانی دەرەوە هاوشان بێت، لەوان دوور نەبێت، زۆر بەڕێز گفتوگۆی لەگەڵ دەکردم.

## دیوارەکەی بەرلین رووخا

چوار هەفتە پاش ئەو دیمانەمان، لە ٩ ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٨٩ دا، دیوارەکەی بەرلین رووخا، ئەو دەمە من بە کارێکی رەسمی بانکەکەمان لە تکساس بووم، منیش وەک خەڵکێکی زۆر لەبەر گرنگی رووداوەکە چاوەکانم بە تەلەڤزێونەوە بەند کردبوو، رووداوەکە گرنگ و مەزن بوو، لە دوای ئەو رووداوەو رووخانی دیوارەکە بۆم ئاشکرابوو کە ئابووری ئەو وڵاتە چەند وێران بوو، بۆمان روون بۆوە کەوا ئێمە یەک سەدەیە مشتومڕمان لەسەر ئەوەیە کە دەسەڵاتی زۆرو کاریگەری دەوڵەت چەند باندۆرو چاکەی بۆ کۆمەڵگا هەیە. لە پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپی بەرەو سستەمی سۆسیالیستی هەنگاویان نا، لەناو ئەمریکاش تەرازووەکە بۆ لای ئەوە دەشکایەوە کەوا دەوڵەت و حکومەت دەسەڵاتی ناوەندی هەبێت، پێشەسازی سەربازی ئەمریکی هەمووی لە بن چاودێرو دەسەڵاتی نەخشەسازی مەرکەزی بوو.

لە کاتی شەڕە ساردەکە رەوشی ئابووری بەو قۆناخەدا گوزەری دەکرد، ململانێیەکە تەنها لە نێوان دوو ئایدۆلۆژیا نەبوو و بەس، لەو قۆناخەدا دوو بیردۆزی ئابووری بۆ رێکخستنی کایە ئابوورییەکان شەڕیان بوو، واتە شەڕ لە نێوان بازاڕی ئازادو بەرنامەی بازاڕو ئابووری لەبەر رۆشنایی نەخشەسازی مەرکەزیدا، لەو چل ساڵەدا وامان دەزانی هەردوولا هاوکێشەن، هەردوو بەرنامەو بلۆک لەیەک ئاستدان.

ئەگەرچی هەموو لایەکمان ئەوەمان باش دەزانی کەوا یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتە هاوپەیمانەکانی، لە رووی ئابوورییەوە لە کاروانەکە دواکەوتوون، بەڵام ئاگادارانی سستەمی بازاڕو ئابوورییەکەی خۆرئاواش ئەوەیان باش دەزانی، کەوا زەحمەت نییە بگەنە ئاستی ئابووری خۆرئاوا، چونکە رەوشەکەی ئەوانیش لاری و سستییان پێوە دیاربوو، بۆ نموونە ئەگەر ئەڵمانیای خۆرهەڵات و خۆرئاوا وەرگرین، هەردوو وڵات سیمایە کەلتوورییەکان و زمانیان یەکە، مێژوو و سستەمەکان یەکە، کە ماوەی چل

ساڵ لە پشت هێڵێکەوە ململانێیان کردووە، ئاڵۆگۆڕی بازرگانی کەمیان لە نێواندا هەبووە، بەڵام زۆر شتیان لەیەکەوە نزیک بوو، ئەوەی لە یەکیان دووریان دەخاتەوە، سستەمە ئابوورییەکەو سیاسییەکەیە، واتە سەرمایەداری بازاڕ بەرامبەری سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی.

ئەو ماوەیەی لە ئەنجومەنی راوێژکاری هەواڵگری کارم کردبوو، بۆم روون ببۆوە کەوا، شارەزایان ئاماژەیان بەوە دابوو کەوا داهات و دەستکەوتی تاکی ناو ئەلمانی خۆرهەلات، رێژەکەی ٧٥٪ ە، بەڵام لە بەشە خۆرئاواکەش دەگەیشتە ٨٥٪، جیاوازییەکە زۆر نەبوو، ئەگەرچی ئەلمانی خۆرهەڵات پشتیوانی یەکێتی سۆڤیەتیش بوو، کۆمەکی زۆر وڵاتانی تری کردووەو هاوبەشی ئابوورییان بووە، لە بەشە خۆرئاواکەش نموونەی بالاترین سستەمی دیموکراسی بووە، هەردوو بەشەکەی ئەلمانیا وڵاتەکە کەلاوەکەی پاش کۆتایی شەڕەکە نۆژەن کردیتەوە، کۆششی زۆری کردووە برینەکان سارێژ بکاتەوە.

بەڵام هەرچەند نیگات دەکردو لە رەوشی هەردوو وڵاتا رادەمایت، هەستت دەکرد جیاوازییان زۆرە، بینایە بەرزەکانی ناو بەشە خۆرهەڵاتەکە دارمان و ماندووبوونیان پێوە دیاربوو، لەولاشەوە دیاربوو کەوا ئاستی بەرهەم و گوزەرانی خەڵکەکە چەند جیاوازە، بۆیە ناکرێ ئەوەیان قبووڵ بکرێت، کە هەردوو بەشەکە ژیان و رەوشی ئابوورییان لەیەک نزیک بووە. بوونی جیاوازییەکان بەئاسانی دیاربوو، ئەگەر ژمارەی ئۆتومبێلە بەرهەمهێنەرەکان تەماشا بکرێت، دیارە کەوا ئەو مارسیدسانەی لە ساڵی ١٩٥٠ دروست کراوە، هەمان ئەو ئۆتومبێلانەن کە لە ساڵی ١٩٨٨ دروست کراون، لەولاشەوە دەبینین ئۆتومبێلی مارکە (ترابانت) کە شێوەکەی لە سندووقێک دەچوو، بەرهەم هاتووە، بەڵام دووکەڵی زۆر بۆ پیسبوونی ژینگە بەرهەم دەهێنێت، سی ساڵە هەمان بەرهەم هەمان کڤالیتێتە، بۆیە بۆشایی نێوان هەردوو بەرهەم و ئاستی ئابووری زۆر گەورەیە، بۆیەش جیاوازی زۆرترو گەورەتر لە دیدی ئابووریناسان هەست پێدەکرێت.



## هەواڵی ناخۆش بەردەوامە:

ساڵێک و نیو پاش هێرشە تیرۆریستییەکەی ١١ ی سپتمبەری ساڵی ٢٠٠١ ئێمە هەر لە بۆشایی و لە رامان دەژیاین، ئابوورییەکەمان گەشەی کردبوو، بەڵام گەشەسەندنەکە سست و لەسەرخۆو ناجێگیر بوو، کۆمپانیاو سەرمایەگوزارەکان هەستیان بە بوونی گەمارۆیەک دەکرد. ئاڵوگۆڕە بازرگانییەکان لە مانگە سەرەتاکانی پاش هێرشەکە لەبەر راونانی ئەندامەکانی تۆڕی القاعدەی تیرۆریستی و مەترسییەکانی بوونی هێرش و پەلاماردان بە مادەی ئەنثراکس و بەکتریایە ترسناکەکان و کولفەو فشارەکانی دابینکردنی ئارامی ناوخۆ و شەڕەکەی ئەفغانستان سارد ببوون. لە دوای یەک مانگ لە هێرشەکە، کۆمپانیای ئایبزون لە دیسمبەری ساڵی ٢٠٠١ ئیفلاسی خۆی راگەیاند، ئەوەش رەوشێکی خەمۆکی و شاراوەو مەترسی دروست کرد. لەو ماوەیەدا چەندین دۆسیەی ساختەو گەندەڵی دارایی هەڵدرانەوە، لەناو لاپەڕە پرشنگدارەکانی ئابووریدا چاوچنۆکی پشکنینەرو لادانی یاسایی زۆریش سەری هەڵداوە. لەناو ئەو هەواڵە شەرمەزارییانەشدا، کێشەی پشتیوانی لە کاندیدەکانی هەڵبژاردنەکانا ئاشکرا دەبوون، لەو دەمانەدا هەواڵەکانی کەسە دوورکۆژەکانی قەناسە بەدەستەکەش هەبوون، تەقینەوەکانی تیاترۆخانەکانی بالی لە ئەندۆنیسیا لە ئارادا بوون. لەناو لێشاوێک لە گەندەڵی و سەرپێچی ژمێریاری لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٢ دا کۆمپانیای پەیوەندی مەزنی وورلک کۆم هەرەسی هێنا، ئەو کۆمپانیایە سەرمایەکەی دەگەیشتە ١٠٧ ملیار دۆلار، بۆیە رووخان و دۆڕانی ئەو کۆمپانیایە بە گەورەترین ئیفلاس لە مێژوو ناوزەد دەکرێت. لە گەرمەی ئەو هەواڵانەدا لە وەرزی هاویندا ڤایرۆسی ئەنفلونزای باڵندەش بڵاو بۆوە، ئەوەش ماوەیەک کارەکانی گەشتوگوزارو بازرگانی بۆ چەند هەفتەیەک راگرت، لەو ماوەیەدا ئیدارە هێرشەکانی بۆ سەر سەدام توندتر کردبوو، لە مارس و ئەپریلی ساڵی ٢٠٠٣ هەواڵ و بابەتی هێرش بۆ سەر عیراق و رووخانی رژێمەکەی سەدام حوسێن رووبەرێکی فراوانی لە لاپەڕەی پێشەوەی رۆژنامەکان داگیر کردبوو.

پاش هێرشەکەی ١١ی سپتمبەر سێبەری غەدرەکە لەسەر هەموو شتێکی ناو ئەمریکا هەستی پێدەکرا، بەتایبەتی کە بیر لەوە دەکرایەوە هەموو دەمێک ئەگەری

هێرش و پەلاماری تر لەسەر ئەمریکا لە ئارادایە، سیاسییەکان رامانیان وابوو، بۆیەش لە زۆر شوێندا خاڵی پشکنین هەبوو، کامیرای چاودێری زۆر دانرابوو، پاسەوانی چەکدار لە زۆر خاڵ و دەزگا بەئاشکرا دەبینرا، بۆ من ئاسان نەبوو لە دوو شەقامدا بۆ چوونە سەر کار گوزەر بکەم، منیان بە ئوتومبێلی تایبەتی لە پارکەکانەوە دەگەیاندە سەر کار، ئەوانەی بە کارێک و بۆ پێویستییەکانیان دەهاتە لامان، پاش ئەوەی سەگە تایبەتییەکان ئوتومبێلەکانیان بۆن دەکرد، ئینجا بۆیان هەبوو ئوتومبێلەکانیان لەبەردەم بانکەکەمان راگرن، بەردەوام بەدوای بوونی تەقینەوە دەگەڕان. پرسیاری ئەوە زۆر دەکرا، بۆ دەبێ هێرشی تر بکرێتە سەر ئەمریکا، بۆ ئەو وڵاتە چاوەڕوانی پەلاماری تر بکات؟ ئەگەر ئوسامە بن لادن هەڕەشەکانی خۆی بۆ پەلاماردانی ئابووری ئەمریکا بگەیێنێتە سەر، ئەوا هێرشی تر زۆر دەکرێت، وڵاتەکەمان دەروازەی کراوەیی زۆرە، سنوورەکانمان تەژی کون و کەڵەبنە، دیارە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە، هەموو چەک و قونبلەکان بدۆزینەوە، لەوەیان کەموکوڕیمان زۆرە، لەوەیان لاوازین، ئەو پرسیارەم زۆر لە دەسەڵاتدارە مەزنەکانی ناو حکومەت دەکرد، بەداخەوە کەسیان وەڵامی دروستی ئەو پرسیارەیان لا نەبوو. ئەگەر هێرشی تیرۆریستی تر رووی دابووایە، هەموو دەزگاکانی ئیدارە دەکەوتنەخۆ، بۆ پاراستنی دەزگاکان، شوورەی ئاسایش و پاراستن بەرزتر دەکرایەوە، بڕیاری زۆریش لەو روانگەوە دەردەچوو، لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ دابینکردنی زۆرترین ئارامی و خۆپاراستن لە کردەوەی تیرۆریستی، بەرنامەی ئاسایشی نوێی ناوخۆ راگەیاندرا، لەبەر رۆشنایی ئەو بەرنامەیەدا، زۆر لە ئازادییەکانی تاکە کەسی تەسک کرانەوە، لە زۆر شوێندا پشکنینی ناسنامە پەیدابوون، ئازادییەکانی سەفەر کەم کرانەوە، لەهەموو ئەو هەنگاوانەدا سەرکردایەتی هەردوو حزب بەشدارو هاوسۆز بوون. کە هیچ هێرش و پەلاماری تر رووی نەدا، سیاسییەکان لە هەنگاو و بەرنامەکەیان پاشگەز بوونەوە، رەوشەکەیان وەک رۆژانی پێش ١١ ی سێپتەمبەر لێکردەوە، ئازادییەکان رووە ئاساییەکانی جارانی وەرگرتەوە، بۆچوونەکان و ئاساییکردنەوەکەش لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاواز بوو، ئەوەی جێگای سەرنج و رامان بوو ئەگەر هێرشەکان یەک لە دوای یەک روویان دابوایە، رەوشی ئاسایشی



ئەو وڵاتە چی بەسەردەهات، دەکرا بەو کەلتوورەوە ئەمریکییەکان خۆیان راگرن، بەرگەیان دەگرت؟ ئابووری وڵاتەکە بە هەمان ئاست و سەربەخۆیی دەمایەوە، ئەگەرچی من کەمێ گومانیشم هەبوو، بەڵام من دڵنیابووم دەتوانین قۆناخەکە ئازایانە ببڕین.

## کەمکردنەوەی نرخی قازانج:

ستراتیژی بانکەکەمان رامانی وابوو رێژەی قازانجە ماوە کورتەکان راگرێت، لەو رەوشەدا ویستی ئەو بەرنامەیە وەک خۆی بهێڵێتەوە. لە سەرەتای ساڵی ٢٠٠١ حەوت جار رێژەی قازانجەکانمان داگرتبوو، کە کۆمپانیاکانی ئەنتەرنێت شکستیان بەرکەوت، کە گرژبوونەوە لە بازاڕی سەهمەکان رووی دا، بەو پرۆسانە رێژەکانی قازانج تەواو ببوون، پاش هێرشە تیرۆریستەکەی ١١ ی سێپتەمبەر بۆ دانەوەی قەرزەکانی بانکە ئیحتیاتەکان چوار جار قازانجەکانی فیدراڵمان کەم کردەوە. بە رووداوی چەند گەندەڵییەک لە کۆمپانیاکان لە ساڵی ٢٠٠٢ جارێکی تر ئەوەمان کردەوە، لە مانگی ئوکتۆبەردا رێژەی قازانج لەو ساڵەدا لە رێژەی ١,٢٥ ٪ راوەستا، ئەوەش رێژەیەکی زۆر کەم بوو، لە ماوەی دە ساڵدا بەو رێژەیە دانەبەزیبوو، ئەو رێژەیە لە راستیدا لە سەردەمی سەرۆک ئایزنهاوریش دانەبەزیبوو.

کۆششمان بەردەوام بوو بۆ رووبەڕووبوونەوەی گرفتەکانی بەردەم بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ، پێشبینیمان بۆ کێشەو قەیرانی تریش دەکرد، وەک دابەزینی ئاستەکانی نرخ و گرژبوونەوە، ئەوەشە ئەگەری ئەوەی لێوە دەکرێت، ئابووری ئەمریکا دووچاری قەیران و تەنگژە بکات، وەک ئەوەی پێش ١٣ ساڵ ئابووری وڵاتی ژاپۆن رووبەڕووی هاتەوە، من ئەوەم بە سەرچاوەیەکی زۆر ناخۆش دەبینی. لە رەوشی ئابووری نوێیدا هەڵاوسان سەرچاوەی ئیزعاجی درێژخایانە، بەڵام گرژبوونەوەش بە نەخۆشی دەناسرێت، بەڵام ئەوەیان نەخۆشییەکی دەگمەنە، گرژبوونەوەکە وەک خاڵێکی بایەخدار لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ سەیر دەکرا، ئەگەرچی رەوشی ئابووری لە ساڵی ٢٠٠٢ بە رێژەی ١,٦ لە بەرهەمی ناوخۆ زیادی کردبوو، بەڵام هێشتا مەترسییەکان مابوو، حیسابی زۆری بۆ دەکرا، چونکە دیاربوو قازانجی کۆمپانیا

گەورەکانیش کەم و سنووردرابوون، بەناچاری کرێکاری زۆریان لە کارگەکانیان بەرێ کردبوو، کە نرخەکان بەرز بوونەوە نەکرا کۆنترۆڵ بکرێت، ئەگەر رێژەی بێکاری لە کۆتایی ساڵی ۲۰۰۰ گەیشتبووە ٤٪، ئەوا لەو ساڵەدا رێژەکە بەرەو ٦٪ بەرز بووەتەوە.

## سەرەتای بووژانەوەکە:

لە کۆبوونەوەی لیژنەی بازاڕی ئازادی فیدرال، کە لە کۆتایی مانگی یونیودا بەسترا، تێدا سیاسەتی دارایی دەستنیشان دەکرێت، دەنگمان بۆ کەمکردنەوەی رێژەیەکی تری پێویست لە قازانج دا، کە رێژەکە بگاتە ۱٪، لەو کۆبوونەوەیەشدا مەسەلەی گرژبوونەوەی جێگەی باس و ئاماژەی گرنگمان بوو، ئەگەرچی هەموو لایەکمان بڕیاری رێژەی کەمکردنەوەشمان دابوو، بەڵام ئەوەشمان باش دەزانی باری ئابووریمان چیتر رێژەی کەمکردنەوەی هەڵنەدەگرت. بەرێژەیەکی بەرچاو بازاڕەکانی دراو بووژانەوە، بەپێی پێشبینی و دەرئەنجامەکان دەرکەوتبوو کەوا لە نیوەی دووەمی ساڵی ۲۰۰۲ بەرهەمی ناوخۆ بەرزی بەخۆیەوە بینیبوو، بەڵام ئێمە هاوشانی بواری مەوازنەی مەترسییەکان دڕۆیشتین، ترسمان لە ئەگەری روودانی گرژبوونەوە نەمابوو، بڕیاری هۆکارەکانی لێکدانەکانمان باش پارسەنگ کردبوو، بەوەش زۆر کامەران بووم، ئەگەرچی لە دروستی کارنامەکە دڵنیابووم، بۆیەش دەڵێم لە دوارۆژا راستی بڕیارەکە دەردەکەوێت.

## بووژانەوەی کەرتی نیشتەجێیی:

کەرتی نیشتەجێیی لە پاش هێرشەکەی ۱۱ سپتمبەریش وەک کەرتەکانی ترو بوارە ئابوورییەکان بووژانەوەی بەکارهێنانی بەخۆیەوە دەبینی، لە هەموو ناوچەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان لەبەر کەمکردنەوەی نرخی قازانج بۆ قەرزەکانی خانووبەرە، کەرتی عەقارات زۆرتر بووژایەوە، ئەوەش هۆکاربوو نرخی عەقارات لە ساڵانی ۲۰۰۰ و ۲۰۰۱ و ۲۰۰۲ بە رێژەی ٥,٧٪ زیاد بکات، ئەو رێژەیەش دووجار لە ساڵانی زووتر زۆرتر بوو. ئەو پرۆسەیە تەنها لە کڕین و فرۆشتن قەتیس نەمابوو، باڵەخانەی نیشتەجێی نوێ زۆر پەیدابوون، گۆڕینەوەی خانووەبەرە بە شێوەیەکی زۆر هاتە ناو



بازاڕەکە، ئەوەی لەو بوارە و لە ماوەیەدا سەری هەڵدا لە مێژوودا بێ وێنە بوو، لە مێژووی نوێی ئەمریکا رووی نەدابوو، بە زیادکردنی نرخەکان و گەرمی بازاڕەکان روحی مەعنەوی هاووڵاتیانی بەرز کردەوە. ئەوەی هەرگیز بیری لە خانوو فرۆشتن نەکردبۆوە لەو بازاڕە گەرمەدا جۆشی گۆڕین و نوێکردنەوەی لا دروست بوو، کە نرخەکان بەرزتر دەبوونەوە هەست و جۆشی هاووڵاتیانی خۆشتر دەکرد.

پارە زۆر بوو، بازاڕ گەرم بوو، هەموولایەک شەیدای کڕین و نوێکرنەوە بوون. کە رێژەی ٣,٥ ٪ لە نرخی خانووبەرە زیادی کرد، ئەوەش هیماو ئاماژەیە بۆ خۆشگوزەرانی هاووڵاتیان، بۆیە هاووڵاتیان زۆرتر روویان لە کڕین و هێنانەوەی زۆرترین کەرەستەی پێویستی ناوماڵ و ئوتومبێلی تازە مۆدیل کردەوە، کەرتی گەشتوگوزاری نمایەکی زۆری تێ کەوت، پارەی زۆریش لە بوارەکانی چاککردنەوەو ماڵ گۆڕین و گەورەکردنی خانووبەرەو خۆشگوزەرانی سەرف کرا، دەزگاکانی نیشتەجێیی ئاسانکاری زۆریان بۆ قەرزدان و دابینکردنی پارە بۆ هاووڵاتیان تەرخان کرد، ئەوانەش هەموو بەیەکەوە ئاماژەیەک بوون بۆ بووژانەوەو پشوودان و گەشەی کۆمەڵایەتی. رۆژگارو سەردەمە تاریکەکانی پاش هێرشەکەی ۱۱ ی سپتمبەر کۆتایی هات، ئەوەش گۆڕانێکی ناڕێکی لە داهات کردبوو، دەرکەوت رۆژانەی کاری تاکی کارمەند لە بواری تەشریفی زۆرترە لە رۆژانەی کارمەند لە بواری بەرهەمهێنان، ئەوەش کاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر بەرهەمهێنان بووە.

لە ئاستی بووژانەوە ئابوورییەکە هەست بە گەشبینی دەکرا، بەڵام من لە بەرنامەو چالاکییە ئابوورییەکانی حکومەت رەشبین بووم، کورتهێنانی میزانیەکەمان دەگەیشتە ۱۵۸ ملیار دۆلار، کەواتە قەبارەی دابەزینەکەی میزانیە دەگەیشتە نزیکەی چارەگە تریلیۆن دۆلار، لە ئیحتیاتییەکەشمان لە ساڵی ۲۰۰۱ گەیشتە ۱۲۷ ملیار، ئەوەش نیشانەی نیگەرانی و ئیزعاجییان پێوەبوو، کۆنگرێس و ئیدارەش دەیانویست واز لە ئینزیباتی دارایی بهێنن. لە ماوەی چوار ساڵدا قەبارەی فائیزەکان ئەوەندە بەرز بوون، بۆیە لە گردی (کابیتۆل) بەرپرسەکان بیریان لەوە نەدەکردەوە دەست بە پارە سەرفکردنەوە بگرن، لە نۆهەدەکانی سەدەی رابردوو ناتوانم ژمارەی ئەو نامەو پەیامانەتان بۆ بژمێرم کە لە گردی کابیتۆلەوە بۆی رەوانە

دەكران، كەوا زۆرترین بودجە بۆ مەسروفات دابنێم، یان كە پێشنیاری كەمكردنەوەی باجەكانیان كردووە، منیش ئەو پێشنیارانەم لە شێوەی كەمكردنەوەی كولفەی پرۆژەكان دەخستە روو. لە كۆتاییدا من چیتر نەمتوانی لە ئاسایی و باشی رەوشی سەرفكردنەكە بێدەنگ بم و بیانۆی بۆ بدۆزمەوە. لە ساڵی دوایی مانەوەی سەرۆك كلینتۆن كۆنگرێس رێژەی بەرزی سەرفكردنەكەی پشتگوێ خست، ئەوەی كە لە ئەنجامی سەرفكردنی زۆرترین پارە لە ماوەی دە ساڵەكە كرابوو، كە بە تریلیۆن دۆلار مەزندە دەكرا. لەبەر نەبوونی هیچ رێكەوتنێك ئیحتیاتی قیاسییەكە گەیشتە ٢٣٧ ملیار دۆلار، رەچاوی زۆرتریش دەكرا، رەوشەكە وەك خۆی مایەوە، كە سەرۆك جۆرج بۆشیش هەڵبژێردرا بیر لە مەسەلەی كەمكردنەوەی باجەكان كرایەوە، دەبوایە ئەو بیرۆكەیە رێژەی كەمكردنەوەشی لەگەڵ بوایە، تا روودانی هێرشەكەی ١١ ی سپیتمبەریش سەرفكردنەكان بێ لێپێچینەوەو ئینزباتی مایەوە.

## دەوڵەمەندەكانی مۆسكۆ، چەشەی ریفۆرمیان لاواز كرد:

گورباتشۆف ماوەیەكی باش لە حكوم نەمایەوە، تا چاودێری وردی ریفۆرمەكانی بازاڕ بكات. لە دیسەمبەری ساڵی ١٩٩١ دەستی لە كار كێشایەوە، بە رەسمی هەڵوەشانەوەی یەكێتی سۆڤیەت راگەیاندرا. سستەمی سیاسییەكەی وڵات بە كۆنفدرالییەكی ئابووری رازاوە لە كۆنە كۆمارە سۆڤیەتییەكان گۆڕا، ئەو رووداوە بەو مانشێتە لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز لە ٢٦ ی دیسەمبەر (كۆتایی یەكێتی سۆڤیەت و گۆرباتشۆفی دوا پێشەوای سۆڤیەتیش دەستی لە پۆستەكەی كێشایەوە) بلاوكرایەوە. وڵاتە یەكگرتووەكان بەرەسمی كۆمارە سەربەخۆیەكانی ناساند، منیش بەداخەوە تەماشای رووداوەكەم دەكرد، كەوا ( ئاینی راند) لە ژیاندا نەمابوو، تا ئەو رووداوە بە چاوانی خۆی ببینی. رۆناڵد ریگان یەكەم كەس بوو، دەیان ساڵ بوو، دەیوت رۆژێ دێ ئەو وڵاتە هەرەس دەهێنێت، چارەنووسی ئەو یەكێتییە هەرەس و رووخانە.

بوریس یلتسین ئایگور گیداری دەستنیشان كردبوو بۆ ریفۆرمە ئابوورییەكان لەو وڵاتەدا، ئەو و چەند ئابووریناسێكی گەنجی تر لە هەشتاكاندا خەونیان دەبینی،



رۆژێ لە رۆژان ئابووری وڵاتەكەیان بەرەو ئابووری بازاڕ ببەن، رامانیان وابوو ئەوەش بە قۆناخێكی گواستنەوەو رێكخراویی بێت، بەڵام لەناو ئەو ئاژاوەدا ئەوەیان پێ مەیسەر نابێت، بواری ئەو رێكخستنە نەماوە، هەر چەند حكومەت دەست لە بازاڕ وەربدات، برسیەتی لەناو خەڵكا زۆرتر تەشەنە دەكات، بۆیە لە ینایری ساڵی ١٩٩٢ گیداری جێگری سەرۆك وەزیران بە وەكالەت، بەرنامە سەركەوتووەكەی پۆلۆنیای پەیڕەو كرد، واتە یەكسەر پەیوەندو رێنماییەكانی نرخیان لەسەر بازاڕ بەیەكجاری لابرد.

كە رووسەكان لەوە تێگەیشتن حكومەت نیازیەتی چارەسەری ئاڵۆزییە ئابوورییەكە بە هەژان و راچڵەكین چارەسەر بكات، رووسەكان لە پۆلۆنیاییەكان زۆرتر شێواندنیان پێوە دیاربوو، ئاشووب لە وڵاتەكە پەیدابوو، چونكە وڵاتەكەی ئەوان گەورەترەو سستەمەكەیان رەقترو دەوڵەتیش لەمێژبوو خۆیان راستەوخۆ نرخیان داناوەو بازاڕیان بەو نرخانە سنووردار كردووە، بۆیە ئەو پێشهاتە باندۆری زۆری دەبێت، لەو رۆژانەدا رێژەی هەڵاوسان بەرێژەیەكی زۆر بەرز بۆوە، كە خەڵكی مووچەو رۆژانەی كاریان وەردەگرت، سەیریان دەكرد، پارەكەیان هیچ نرخی نەماوە، لە ماوەی چوار مانگدا رۆبلی رووسی سێ بەشی نرخەكەی دابەزی، لە كۆگاكان كەلوپەلە پێویستەكان دیار نەمان و بازاڕی رەش بە گەرمی پەیدابوو. لە مانگی ئۆكتۆبەر یلتسین و تیمە ئابوورییەكەی بەناچاری دووبارە چەندین سستەمی ریفۆرمی گەورەیان راگەیاند، بۆ ١٤٤ ملیۆن هاووڵاتی كۆپۆنیان بلاوكردەوە، بودجەی دەزگاو دامەزراوەكانی دەوڵەتیان لە پرۆسەیەكی گشتگیردا دەستكاری كرد. لەو هەنگاوە چاكسازییەی سەرۆك یلتسین گۆڕانێكی بەرچاو هەستی پێ نەكرا، ئەوەی كۆپۆنەكان لە ئەوروپای خۆرهەڵات رۆڵی بینی لە رووسیادا ئەو رۆڵەی نەبوو، ملیۆنەها هاووڵاتی لە كۆمپانیاكان سەهم و بەشیان بەركەوت، یان شوقەكانیان بەناوكرا، كۆپۆنەكان كەوتنە بن دەستی چەند ملێونێك و داگیریان كرد بەو شێوەیە هەموو دەزگاكان كەوتە بن دەستی دەستەیەك لە كەسانی مشەخۆرو ئینتهازی، پاشان ناو لەو توێژە نرا چینی ( ئالوگارشی). بە دروستبوونی ئەو چینە دەستەیەكی نوێی دەوڵەمەند پەیدابوون و وڵات كەوتە ناو ئاژاوەو كێشەی زۆر مەزن.

ئەو رووداوانە وەک خەیاڵ لە پێش چاوانمدا هاتوچۆیان بوو. ئێمەی شارەزایانی بواری ئابووری زۆرمان دەزانی لە قۆناخەکانی گۆڕینی سستەمەکانی بازاڕی ئازاد بۆ سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی، چۆن لە خۆرهەڵاتدا ئەزموونی شیوعییەت گەشەی دەکرد، چۆن لە خۆرئاواش هەنگاو هەبوو بەرەو ئیشتراکیەت، ئەو ڕێبازە ئابوورییە لە سەدەی بیستەم زۆر باو بووە، بەڵام ئەوەی لەو ساڵانەدا لەسەر ئاستی ئابووری وڵاتان هاتنە پێشەوە تازە بوون و بەپێچەوانەش لە هزرو بیرکردنەوە دوور بوون. لە پاش رووخانی دیوارەکەی ناو بەرلین هەست دەکرا زۆر لە پسپۆرانی ئابووری هەنگاو دەنێن بۆ بنیاتنانی سستەمی نوێ لە سەر کەلاوەی سستەمەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات، کار بۆ دانانی سستەم و دەزگای نوێ دەکەن، تا بەرەو بازاڕی ئازاد بەڕێ بکەون، وا لەو رۆژانە سۆڤیەتییەکان لە جیاتی ئێمە کار دەکەن، هەندێ لە وانەکانی ئەو ئەزموونە جێگەی سەرسامی بوون.

رووخانی سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی مانای ئەوە نەبوو، بەئاسانی سستەمی سەرمایەداری بێتە کایەوە، ئەوەش بەپێچەوانەی زۆر لە رامانی وەنەوشەیی سیاسەتمەدارانی هەڵگری هزری راستڕەو بوو، دیارە کەوا بازاڕەکان سستەم و بنەمای کۆنیان هەیە، لەبەر رۆشنایی ئەوان گەشە دەکەن.

یاساکان و ڕێنماییەکان و رەوشتە باوەکان و پیشەکان و کارکردنە بازرگانییەکان رۆڵیان لە بازاڕ زۆر بووە، کە لە سستەمی نەخشەسازی مەرکەزی ئابووری ئەو بنەمایانە پێویست و مەرج نەبووینە.

کە سستەمی ئابووری یەکێتی سۆڤیەت بە شەو و رۆژێک گۆڕا، ئەو سستەمە یەکسەر بە سستەمی بازاڕی ئازاد ناگۆڕێت، بەپێچەوانە بەرەو بازاڕی رەش دەگۆڕێت، ئەو بازاڕە رەشەش ناکرێ نرخی تێدا کۆنترۆڵ بکرێت، بە رووی ململانێ دادەکرێتەوە، لە رواڵەتدا ئەوانە لە بازاڕە ئابوورییەکان بوونیان هەیە، بەڵام لە راستیدا بەشێک لەوانە لەو سستەمەدا هەیە، چونکە بە یاساکان پشت ئەستوور نییە، مافی موڵکایەتی و کارلێکردن لە موڵکییەتەکان بە دەسەڵاتە تەنفیزییەکانی دەوڵەت نەبەستراوەتەوە، لەو سستەمەش دیاردەو پێویستییەکانی یاسای بۆندو ئیفلاسی تێدا نییە، ناکرێ کێشەکانی رۆژی ئەو بازاڕەش بخرێتە بەر دادگا،





ناکۆکییەکان بە دادگاش یەکلا ناکرێنەوە. بەردی بناخەی بازاڕی ئازادیش مافەکانی موڵکایەتی کە لە بازاڕی رەشدا بوونی نییە.

لە سەرانسەری رووسیا هەتا ناوەندی نۆهەدەکانیش، رەوشەکەی بازاڕ ئەو سیمایەی پێوەبوو، ئەوانە لەبەر سێبەری مارکسیەت گەورە ببوون، وایان زانیوە موڵکیەتی تایبەت جۆرێکە لە دزین، هەڵکشان بەرەو ئابووری ئازاد واتە هەژانی هەموو چەمکەکان، ئەوانەی راست بوون بە هەڵەیان زانیوە. کە چینە دەوڵەمەندە نوێیەکەش پەیدابوو، گۆڕانەکان پشتیوانییەکانی میللەتی لەدەست دا. لە سەرەتای دەرچوونی یاسای پاراستنی موڵکایەتی تایبەت گومانی گەندەڵی لێ دەکرا، هێزێکیان بۆ بەدواداچوونەوەو پاراستنی ئەو ئەرکە دامەزراند، بەڵام ئەندامانی ئەو دەستەیە کەوتنە ناکۆکی ساخکردنەوەی کێشەکانی ناوخۆیان، بۆیە هێزەکە بووە سەرچاوەی ئاژاوەو بەرەڵاییەکان. حکومەتەکەی یلتسین نەیدەزانی بە چە شێوەیەک کار بە یاسای ئابووری بازاڕ بکات، بەرنامەکەیان شێواو دیاربوو، بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٩٨ ئەکادیمەکی ناوداری رووسی بە رۆژنامەی پۆستی راگەیاندبوو:

حکومەت وایدەزانی ساماندارەکان دەبێ خۆیان سامان و بەرژەوەندییەکانیان بپارێزن، ئەوە ئەرکی خۆیانە. دەسەڵاتدارانی چەسپاندنی یاساش بۆ مەرامی تایبەتی خۆیان، بەرنامەکەیان بەو ئاراستەیەوە دەبرد، کە دەبێ سەرمایەداری سامانە تایبەتییەکەی بپارێزێت. من وا دەزانم ئەو ئاراستەیەش مانای نەزانینی ناواخنی مافەکانی موڵکداریەتییە لە سستەمی یاسادا. لە فەرهەنگی زۆربەی خەڵکەکە بەتایبەتی لای بێگانەکان لە رووسیای نوێ بێ باوەڕ بوون و دڵنیایی نەبوون، چونکە لە خۆرئاوا هەموو کەسێک دەتوانی بە یاساو دادگا زوڵم و ناحەقییەکانی سەری وەرگرێتەوە. ژمارەیەکی زۆر کەم لە بۆندەکان بۆ بەردەم دادگا بەرز دەکرایەوە، ئەگەر رووبەڕووی دادگاکانی ئێمەش بوونایەوە، لەبەر ئاڵۆزی کێشەکان خۆیان دووچاری ئیفلیج دەبوون.

لە کۆمەڵگە ئازادەکانا زۆربەی مامەڵەکان بە رەزامەندی کراون، ئەوەش دڵنیایی و بڕوا پەیدا دەکات. من لەو بازاڕانەدا سەودای بە ملیۆنەها دۆلارم بینیوە، هەر بە رەزامەندی زارەکی بووە، سەرەتا پێویستی بە بۆند مۆرکردنیش نەبووە، چونکە لە

بنمادا بڕواو دڵنیایی لە بازاڕەکانا هەبووە، لە دواییدا هەنگاوە ڕەسمییەکان کراون، ئەگەر نرخیش لە بازارِ گۆڕینی بەسەردا هاتبێت، ئەوە مامەڵەکە ئاسایی ڕۆیشتووە، چونکە لە بنەڕەتدا دڵنیایی هەبووە.

هەرەسی یەکێتی سۆڤیەت ئەزموونێکی مەزنی لەناوبرد، دیالۆگ و دانوستان لەسەر بەڕێوەچوونی بازاڕی ئازادو نەخشەسازی بازاڕی ئیشتراکییەکان، کە ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبوو کۆتایی هات. ڕاستە سستەمە ئیشتراکییەکە نەماوە بەڵام ژمارەیەکی کەمیش ماون پشتیوانی لەو بازاڕە دەکەن، بەڵام زۆرینەی خەڵکەکە لەگەڵ ئەو بازاڕەن کە ناوی بە بازاڕی سەرمایەداری ڕۆیشتووە.

## چارەسەرکردنی توندڕەوییەکانی یاسادانان:

لە پاش هێرشەکەی ١١ی سپتمبەر چەند یاسایەک بۆ بەهێزکردنی کەرتی بەرگری و ئاسایشی ناوخۆ دەرچوو، ئەوەش چەشەی ئەندامانی کۆنگرێسی خۆش کردبوو کە بەو بیانۆیە، بەرنامەی فریاکەوتنی نیشتیمانی داوای پارەی زۆرتر بۆ ناوچەکانیان بکەن. لەو پرۆژانەی لە مانگی دیسمبەری ساڵی ٢٠٠١ بە کۆی دەنگ ڕەزامەندی وەرگیرابوو، بۆ سەرفکردنی ٦٠ ملیار دۆلار بۆ پرۆژەی یاسای گواستنەوە. بۆ پەرەپێدانی پێویستییەکانی پاراستنی فڕۆکەکان پارەیەکی زۆر دابین کرا، باجیان خستە سەر نرخی پلیتەکان، تا بدرێتە ئەو مەسرەفە زۆرەی لە پاراستنی سەلامەتی فڕۆکەوانی سەرف دەکرێت، دیارە بەشێک لەو پارانە بە هەنگاوی ناڕێک وەرگیرا، بۆ دابین کردنی سەلامەتیش لە دەزگاکانی نوێنەران بڕی ٤٠٠ ملیۆن دۆلار تەرخان کرابوو.

یاسایەکی تایبەتی لە مانگی مایۆ بۆ کۆمەکی جوتیاران دەرچوو، بەپێی ئەو بڕیارە ٢٥٠ ملیار دۆلار بۆ ماوەی ٦ ساڵ تەرخان بکرێت، من بە باشم دەزانی میزانیەکەمان بەرگەی ئەوەی نەدەگرت، بۆیە بە دەرچوونی بڕیارەکەی کۆنگرێس تووڕەبووم، زووترین دانوستان زۆر بۆ کەمکردنەوەی کەرتی چاندن کرابوو، داوا کرابوو کۆمەکی چاندن نەکرێت و دەروازەی ئەو کەرتە بەڕووی فشارەکانی بازارِ نەکرێتەوە.



بۆ ڕێگرتن لە توندڕەویی یاسادانان، چارەسەرییەک هەبوو، ئەویش مافی ڕەتکردنەوەو ڤیتۆ بوو، ئەو مافەش سەرۆک هەیبوو. لە چەندین کۆبوونەوەی نارەسمی پشت پەردەوە لەگەڵ گەورە دەسەڵاتدارەکانی بواری ئابووری، بە ڕاشکاوەیی وتم، دەبێ سەرۆک بۆش پرۆژەی ئەو یاسایە نوێیانە پەسند نەکات و بەرنامەکان هەڵوەشێنێتەوە، با نامەیەک بۆ کۆنگرێس بنووسێت، تێدا بۆیان ڕوون بکاتەوە، ناکرێ پارە بەو شێوەیە پەخشان بکرێت، یەکێک لە بەرپرسەکانی ناو کۆشکی سپی وەڵامی دامەوە، کەوا سەرۆک بۆش نایەوێت لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران دینس هاستریت بکەوێتە ململانێ، بەڵام بەرپرسەکە وتیشی، سەرۆک دەتوانێ ئەوەش بکات و سەرۆک ئەنجومەنیش تووڕە نەکات.

## سیماکانی سەرۆکایەتی بۆش:

یەکێک لە ڕەوشت و سیماکانی کاری سەرۆک بۆش ئەوەبوو، ئەو مافی ڤیتۆی بەکارنەدەهێنا، لە ماوەی شەش ساڵیدا لە کۆشکی سپی پرۆژەی یاسایەکی ڕەت نەکردەوە، ئەوەش لە مێژووی نوێدا هەرگیز ڕووی نەدابوو، چونکە سەرۆکەکانی وەک جۆنسۆن و نیکسۆن و جۆرج بۆشی (باوک) و کلینتۆن، دەیەها پرۆژەی یاسایان بە ڤیتۆ ڕەت کردیتەوە. سەرۆک جیرالد فۆرد لە ماوەی سێ ساڵدا مافی ڤیتۆی بەڕووی زۆرتر لە ٦٠ یاسا بەکارهێناوە، توانی بەڕووی زۆرینەی یاسادانەرە دیموکراتەکان لە هەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەران، بوەستێت و دەسەڵات و ڕێنماییەکانی بە هزری خۆی بەرەو چاکترو بایەخدار ببات. من وادەزانم کە سەرۆک بۆش بەڕووی کەس ناوەستێت و هەڵوێستی هاوکاری و دوورەپەرێز وەستان بەڕووی کەسانی تری هەیە، هەڵەیەکی گەورە دەکات، وڵاتی بەرەو لاری چاودێری و هاوکێشەیی بردووە، بوونی ئەوانەش بۆ ئینزباتی دارایی زۆر پێویست و هەستیارە.

لە سەردەمی جۆرج بۆشی (باوک) و بە ڕەزامەندی هەردوو حزبی ناو کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئینزباتی ناوخۆیی کۆنگرێس، یاسای جێبەجێکردنی بەندەکانی بودجەی گشتی پەسند کرابوو، ئەو یاسایە ڕۆڵی دیارو کاریگەری هەبوو لە کۆنترۆڵکردنی هەر کورتهێنانێکی فیدراڵ، ئەوەش لە هەفتاکان بواری ڕەخساند

بۆ گەشەو بووژانەوە، بەڵام کە کۆنگرێس لە ٣٠ سپتمبەری ساڵی ٢٠٠٢ کۆتایی بە یاسای ئینزباتی تایبەت بە بودجە هێنا، لەو رۆژەوە یاسای قەڵاچۆکردنی کورتهێنانەکەی سەر بودجەی ئەمریکا هەڵگیرا.

کۆنگرێس لە میانەی ئینزباتییە ناوخۆییەکانیدا بڕیارەکانی سەبارەت بە سەرفکردن و کەمکردنەوەی باجەکانی رەت کردەوە، چاوپۆشین لەو بڕگانەش راستەوخۆ کار لە سەر چەسپاندنی غەرامە دەکات، وەک کەمکردنەوەی پارەکانی بوارە کۆمەڵایەتی و بەرگرییەکان، ئاشکرایە کەوا سیاسەتمەداران لەو کەمکردنەوانەدا خۆیان دوور رادەگرن. ئەوەی شیاوی باسە یاسای جێبەجێکردنی بڕگەکانی بودجە پێشبینی فائیزەیان لەو ساڵانە نەدەکرد (ئەوەی جێگەی رامان بوو مەبەست لەو پرۆسەیەش لە ساڵی ٢٠٠٢ بۆ هاوسەنگی میزانیە بوو). لە کۆتایی نۆهەدەکانیش کۆشش هەبوو بۆ زۆرتر پارە سەرفکردن، کۆنگرێسیش بوونی چەند کەلەنێکی کردە بیانۆ بۆ دەستکاری لە چەند رێنمایی و بنەماکان بکات.

لە ناوەندی مانگی سپتمبەردا، بەوەی لە دەستم هات پەیامێکم بە کۆنگرێس راگەیاند، تێدا داواکاربووم خۆیان لە هێڵی یەکەمی بەرگری راگرن، بۆیە وتبووم: بڕگەو ئەحکامەکانی بودجە بەرەو رووخان و کۆتایی دەچێت، ئەگەر ئەو رەوشە کۆنترۆڵ نەکەن و لەو چارەسەرییەدا سەرنەکەون، ئەوا هەڵەیەکی گەورەیە، دەبێ رێنماییەکان و رووبەڕووبوونەوەکان روون و بنیاتنەربن، بەپێچەوانە مەبەستی سیاسییەکان لەو کورتهێنانەی بودجەوە بەرەو پێگەی ترو دەستکەوتی تر کۆشش دەکەن، ئێمە ئەگەر بڕگەکانی میزانیە و رێنماییەکان نەپارێزین و لە بەرپرسیاریەتییە داراییەکان بەرپرس نەبین، ئەوە بەئاسانی رەنجی چەند ساڵەمان بە فیڕۆ دەبەین. زووتر من پەیامەکەم بڵاو کردبۆوە، دیارە بەشێک لە ئەندامان ئارەزوویان نەبوو گوێبیستی ناوەرۆکی پەیامەکەم بن، بۆیە لە چل ئەندامی لیژنەکە نیوەیان ئامادە نەبوون، بەگشتی و بەگەرمی پێشوازی نەکرام. لە پرسیاری ئەندامە ئامادەبووەکان سەرسام بووم کە زانیم ژمارەیەکی کەمیان لەگەڵ ئەوە بوون بۆ سەرفکردنەکان رێنمایی بەردەوام هەبێت.

کە کۆمارییەکان لە هەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٢ دا سەرکەوتنێکی



گەورەیان بەدەست هێنا، رەوشەکە زۆر ئاڵۆزتر بوو سەرۆکی ئەنجومەنی راوێژکارانی ئابووری لە وتارەکەیدا لە مانگی دیسمبەردا هیچ گرنگی بەوە نەدا، ئەگەر میزانیە هاوسەنگ بێت، یان نا..

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٢ و سەرەتای ینایر بۆ هاندانی بەرپرسانی ئابووری لە کۆشکی سپی بۆ ئاراستەکردنی عاقلانەتر لە بۆچوونە ئابوورییەکان هەنگاوێکی نوێم پەیڕەوکرد. من بانگهێشتی ئەوە ناکەم کەوا داواو رەخنەکانم باندۆری زۆری هەبووبێت، بەڵام کۆشکی سپی وشەی کورتهێنانی لا گرنگ نەبوو، بە وشەیەکی توندڕەوی دەزانی، بەڵام لە گەڵ رۆژگارا زمانەکەیان گۆڕابوو، لە وتارەکەی سەرۆک بۆش کە لە ساڵی ٢٠٠٤ پلانی میزانیەی ساڵی ٢٠٠٤ پێشکەش کردبوو، لەو دەربڕینەدا، ئەو وشەیە هەستی پێدەکرا.

میزانیەکەمان لە ساڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٤ بە ٣٠٠ ملیار دۆلار کورتهێنانی هەبوو، لە ساڵی ٢٠٠٥ کورتهێنانەکە ٢٠٠ ملیار دۆلاری تری هاتە سەر، کە پەسندیش کرا، من زۆر هەستم بە نیگەرانی و رەشبینی کرد، دیارە پارەیەکی زۆر بۆ ئاسایشی ناو وڵات سەرف کرابوو، بەرگرییش بەشی زۆری لە پارە بەرکەوتبوو، لە میزانیەکەش حیسابی ئەو شەڕی سەر عیراقیش نەکرابوو، ئەگەر شەڕەکەش رووی دا، ئەوە دەبێ پارەیەکی زۆرتری یەدەگ بخرێتە سەر میزانیەکە، ئەگەر نا کورتهێنانەکە بەرەو سەرووتر و زۆرتر دەبات.

لە خاڵە گرنگەکانی میزانیەکەش، کەمکردنی جارێکی تری رێژەی باجەکان بوو، پێش چەند هەفتەیەک سەرۆک بۆش پێشنیاری کردبوو، یەکێک لە بڕگەکانی نەهێشتنی بەرەبەرەی لێکدانی باجەکان لەسەر قازانجەکان بوو، من چەند ساڵ بوو داواکار بووم ئەو باجە لەسەر قازانجی سەهمی کۆمپانیاکان بەیەکجاری هەڵگیرێت، ئەوەش هاندەر دەبێت بۆ سەرمایەگوزاری سەرمایەکان. پلانەکەی سەرۆک بۆش هاندەر بوو باجەکان بەخێرایی و بەبەردەوامی کەم بکرێتەوە، بەکورتی هەموو باجەکان دەکرێ ٦٧٠ ملیار دۆلار یان تریلیۆن دۆلار لە ماوەی ١٠ ساڵ کۆبکاتەوە، ئەگەر وەرگرتنەکە بە شێوەیەکی دائیمی بێت، ئەوەش خولی یەکەمی کەمکردنەوەکانی باجەکان بوون لە سەردەمی سەرۆکایەتی سەرۆک بۆشدا.

دیالۆگمان لەسەر کێشەکانی کەمکردنەوەی باجەکان ئەنجام دا، لایەنێ هەبوون دەیانوت، کەمکردنی باجەکان هۆکار دەبێت لەسەر گەشەی ئابووری، بەڵام شرۆڤەکەی بانکی ئیحتیاتی مەرکەزی رەنگە نیگەرانی و تەماوییەک لەسەر رووداوەکان پەیدابکات، بەتایبەتی لەسەر چارەنووسی شەڕەکە، دیارە پێویستمان بە زۆرترین هاندەر نەماوە.

شەڕەکە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامەکانی گرتبوو، لە ٥ ی فبرایر کۆلن پاول وتەیەکی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان پێشکەش کردبوو، لە وتارەکەیدا عیراقی بە شاردنەوەی چەکی کۆمەڵکوژی تاوانبار کردبوو، دە رۆژ پاش پێشهاتەکە لە چەندین شاری جیهان خۆپیشاندانیان دژ بە شەڕەکە ساز کردبوو، تا دوارۆژی رەوشەکەی عیراق یەکلا نەبێتەوە، ناکرێ تێبگەین ئایا کەمکردنەوەی باجەکان هەنگاوێکی بەسوودە، من لیژنەی بانکەکانی ئەنجومەنی پیرانم لە ١١ ی فبرایر بە نامەیەک هوشیار کردەوە، تێدا نووسیبووم:

من هاوسۆزم لەگەڵ ئەو دەستەیەی کە بە ژمارە کەمن، لەگەڵ ئەوەدا نیم هاندان سیاسەتێکی ویستراو بێت، بەتایبەتی لەو قۆناخەدا. تێمگەیاندن کەوا مەسەلەکە لە بابەتی کەمکردنەی رێژەی باجەکان گرنگترە، من وای دەبینم دەبێ کێشەی کورتهێنانەکە چارەسەر بکەین، کورتهێنانەکە گەیشتووتە رادەیەک مەترسی زۆری پەیدا کردووە، دەبێ سنوورێک بۆ ئەو پارە سەرفکردنە دابنرێت. رووبەڕووبوونەوەی بەئاشکرای من بەرامبەر بە ئیدارە، سەدایەکی دروست کردبوو، بۆ بەیانی پەیامەکەم لە رۆژنامەی فایننشال تایمز بەو مانشێتە دابەزیبوو:

نەخێر سەرۆک، گرینسپان بەتوندی لە بوونی و زۆری کورتهێنانەکە ئاگادارتان دەکاتەوە.

بەڵام لە چەند رۆژنامەیەکی ئەمریکی نووسرابوو کەوا من دیالۆگەکەم بەرەو ئاراستەیەکی راست نەبردووە. کۆششم بۆ ئەوە دەکرد، ئاراستەی خەڵکەکە بەرەو ئەوە ببەم کەوا پێویستە ئینزیباتی داراییمان هەبێت، ئەوەش تەنها بۆ باجەکان نییە، بەڵکو مەسەلەکە لەوە گرنگترە، هەموو لایەنێکی سەرفکردن دەگرێتەوە. لە مانشێتێکی سەرەکیدا، رۆژنامەی (ئو ئەس تودەی) نووسیبووی:



گرینسپان لە کاتێکی ناگونجاو داوا دەکات، کەمکردنەوەی باجەکان راگرن. هیچ لە سەرۆکەکانی ناو کۆنگرێس لەگەڵ دانانی بەربەست بۆ میزانیە نەبوون. گرفتی کەمکردنەوەی باجەکان کەوتە ناو ستوونی رۆژنامەکان، هەر لەو هەفتەیەدا ٤٥٠ ئابووریناس، لەوانە چەندیان هەڵگری خەڵاتی نۆبلی ئابووری بوون، بەیانێکیان بڵاوکردەوە، کەوا ئەو پلانەی سەرۆک بۆش بۆ کەمکردنەوەی باجەکان پەیڕەوی کردووە، خزمەت بە رەوشی ئابووری ناکات، باندۆری لەسەر چاکسازی ئابووری نابێت، کە بەیانەکە بڵاوکرایەوە، کۆشکی سپی بە پشتیوانی ٢٥٠ ئابووریناس وەڵامی بەیانەکەیان دایەوە، ئەوەش کۆمەک و پشتیوانی بوو لە پلانەکەی ئیدارە، لەو ٤٥٠ ئابووریناسەی بەیانەکەیان بڵاو کردبۆوە، زۆرم دەناسی کەسانی (کنیزی) یان لەناوبوو، واتە ئەوانەی لەگەڵ بەرنامە ئابوورییەکەی کنیزن.

## سیاسەتمەدارەکان هەڵەیان کردبوو:

لە پاش هێرشەکەی ١١ی سپتمبەری ساڵی ٢٠٠١ و لە سەردەمی ئیدارەی سەرۆک بۆشدا من زۆر لە کۆشکی سپی دەمامەوە، بۆیە کەمتر لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ دەوامم دەکرد، هەفتەی جارێک و زۆرتریش بە پێیان لە نووسینگەکەمەوە بەرەو ئەو مەسعەدە دەچووم، کە بەرەو گەراجی باڵەخانەی بانکی دەبردم، بە ئوتومبێل نیو میل دەرۆیشتم و دەگەیشتمە دەروازەکەی خوارەوە. ئەو سەردانانە بۆ دیمانەی رۆتینی بوون، کە لەگەڵ (ئال هوبارد) ی سەرۆکی ئەنجومەنی ئابووری نیشتیمانی و چەند بەرپرسێکی تری بوارەکانی ئابووری، باسی رەوشە ئابوورییەکانمان دەکرد. ماوە ماوەش سەردانی (دیک تشینی) ی جێگری سەرۆکم دەکرد، دیمانەمان لەگەڵ (کۆندالیسا رایس) و ( ئاندی کارد) و چەند بەرپرسی تریش دەبوو، دیارە لەو سەردانانەمدا سەرۆکم دەبینی. لەو ماوەیەدا رۆڵی راوێژکارم دەبینی، ئەجندەی ئەو کۆبوونەوەو دیمانەیانە باسی ئابووری جیهانی و بابەتی وزەو پترۆڵمان لەسەر ئاستی نێونەتەوەیی بوو، باس لە هەڵگرتنی بەربەستە ئابوورییەکان و فێڵەکانی ژمێریاریمان دەکرد، ئاماژەمان بەوە دەدا ئەگەر کاتی خۆی هات، باس لە سیاسەتی داراییش دەکەین.

لەو دیمانەدا بۆم روون بۆوە جیاوازی لە نێوان ئیدارەی فۆردو سەرۆک بۆش زۆرە، لەبەرئەوەی من سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ بووم خۆم بە نوێنەرێکی کیانێکی سەربەخۆ دەزانی، ماوەیەکی زۆریش من لەو پۆستەدا ماومەتەوە، ئەوەش فاکتەرێک بوو من لە بازنەیەکی تەسکی داخراو نەهێڵێتەوە، منیش هیواخواز نەبووم وا بم.

من زوو لەوە تێگەیشتم. ئیدارە نایەوێت کەسێک گل بداتەوە کە بەردەوام چاودێری گرفتی کورتهێنان بکات، منیش وەک ( بۆل ئاونیل)م لێ هاتبوو ئەویش کە ماوەی دوو ساڵ لە پۆستی وەزارەتی خەزینەدا، بەردەوام داکۆکی لە بەرنامە ئابوورییەکانی کردووە، لەگەڵ ئابووریناسانی ناو ئیدارە ململانێ و مشتومڕی لەگەڵ ئیدارەی سەرۆک بۆش بووە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەندازیاری سیاسەتی کەمکردنەوەی باجەکان لاری لیندسی. پاش هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٢ هەردووکیان دەستیان لە کار کێشایەوە، لەجیاتی بۆل ئاونیل، (جۆن سنۆ) یان لە شوێنی ئەو کردە بەڕێوەبەری تەنفیزی، ئەو کارامەتر بوو، باشتر گوزارشتی لە سیاسەتی ئابوورییەکان دەکرد، ئەوەش کۆشکی سپی لە وەزارەتی خەزینە باشتر رازی دەکرد.

یەکەمین کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆک بۆش لە هوتێلی مادیسون بوو، پاش ئەو دیدارە دیمانە زۆرتر بوون، بەردەوام سەرۆکم دەبینی، بەیەکەوە لە ژوورە تایبەتییەکەی نانخواردنەکەی ئەو، نانی نیوەڕۆمان دەخوارد، زۆرجار لەسەر ئەو خوانانە جێگری سەرۆک دیک تشینی و ئاندی کاردو یەکێک لە گەورە راوێژکارانی ئابووریش بەشدار دەبوون، من وەک چۆن لەیەکەم کۆبوونەوەدا زۆرم قسە کردبوو، لە هەموو دیمانەکاندا بەشی زۆری دیدە ئابوورییە نێونەتەوەییەکان و گرفتەکان بەر من دەکەوتن، لەبەر قسەکانیش کەم بە خواردنەکان رادەگەیشتم، بۆیە کە دەگەڕامەوە نووسینگەکەم ناچار دەبووم ژەمێکی سووک بخۆمەوە. لەو پێنج ساڵەدا بەردەوام لەگەڵ سەرۆک بۆش دیمانەمان دەبوو، ئەو دڵنیای دەکردمەوە کەوا من لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵیدا سەربەخۆم و دەست لە کارەکانم وەرنادات، بۆیەش لەو ماوەیەدا رێژەی قازانجەکان تا ماوەیەکی نزیکیش تا رادەیەک نزم بوو، بۆیە شتێکمان نەبوو گلەیی و گازاندەمان هەبووبێت، کە ئابوورییەکەمان پاش ساڵی ٢٠٠٤ بووژایەوە، ئەو کاتانەش کۆشکی سپی هیچ توانجیان نەبووە. سەرۆک بۆش



ئەگەر بەرنامەکانی منیشی بەدڵ نەبوایە، بە سینگ فراوانییەوە رەخنەکانی منی وەردەگرت. یەک مانگ بوو رەخنەی توندم لە پێشنیارەکانی سەرۆک بۆ کەمکردنەوەی باجەکان گرتبوو، کە بۆ جاری پێنجەم منی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ کاندید کردەوە، بەو پێشنیارەی ئەو من زۆر سەرسام بووم، ماوەی ساڵێکیش بوو ماوەی سەرۆکایەتییەکەم تەواو ببوو. ئیدارە ئەو ئامۆژگارییانەی کە ئێمەی لە بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ بۆ سیاسەتی بازاڕ بە باشمان دەبینی، زۆری بە پۆزەتیڤ وەریاندەگرت، هەردوو کۆمپانیای ڤان مای و فری ماک لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن کۆنگرێسەوە راسپێردرابوون زەمانەتی قەرزی نیشتەجێی بکەن، کە هەستمان کرد لە یاسا لادەدەن، کۆششمان کرد بۆ راگرتنیان، لەبەرئەوەی بە راگرتنی کۆمەکەکەی کۆنگرێس سەرۆک زیانی بەرنەدەکەوت، بۆ ماوەی دوو ساڵ سەرۆک لە شەڕەکانی بانکەکەمان بۆ ئەو چاکسازی گرنگانەی دەرئەنجامەی باشیان هەبوو، پشتیوانی بەردەوامی دەکردین. کە سەرۆک مافی ڤیتۆی بۆ راگرتنی پارە سەرفکردنەکان بەکار نەدەهێنا، کە زۆرجار پێویست بوون، من هەستم بە شکان و بێئومێدی زۆر دەکرد، چونکە هەستم دەکرد مەسەلەکە لە کۆنترۆڵ دەرچووە. لە ساڵی ٢٠٠١ ەوە کۆششمان بەردەوام بوو بۆ چاکسازی رەوشی دارایی وڵاتە ئەمریکییەکان، لەو رۆژانەدا لەمێژ نییە بوارمان بۆ رەخسا بەرنامەکانمان پەیڕەو بکرێت. بڕگەکانی میزانیەمان لە سپتمبەری ساڵی ٢٠٠٦ لە بەر رۆشنایی سیاسەتی ئەو رۆژانە (یاساو رێنماییەکانی سەبارەت بە میزانیە) بەپێی راپۆرتی میزانیە لە کۆنگرێس لەگەڵ دەرئەنجامە فعلییەکانی ساڵی ٢٠٠٦ بەراورد دەکرد.

کۆی قەرزی گشتی بە مەزندە لە سپتمبەری ساڵی ٢٠٠٦ دەگەیشتە ١,٢ تریلیۆن دۆلار، بەڵام دەرکەوت دەرئەنجامی فعلی قەرزەکە گەیشتبووە ٤,٨ تریلیۆن دۆلار، دیارە جیاوازی نێوان دوو پارەکە زۆر زۆرە، دیارە ئەوەش لە ئەنجامی نسکۆی نووسینگەی میزانیەی کۆنگرێس بوو لە حیسابی کەمکردنەوەی داهاتی سەرمایەکان و ئەو باجانەی لە ئەنجامی شکستی بازاڕی دراوە داراییەکان پەیدابوون. لە ساڵی ٢٠٠٢ ئیدارەو کۆنگرێس بەڕوونی لەو مەسەلەیە تێگەیشتن، بەڵام بۆ چارەسەرکردنەکەی دەستەوستان بوون، بەرنامەی سیاسییان زۆر دەستکاری

نەکرد، دیارە هۆکاری سەرەکی ئەو کورتهێنانەش بۆ کەمکردنەوەی باجەکان و زیادی سەرفکردنەکان دەگەڕێتەوە.

دەیانەوێ بوونی ئەو بۆشاییە بەوە پڕبکەنەوە، گوایە شەڕەکەی سەر عیراق مەسروفی زۆر بووە، قەلاچۆکردنی تیرۆر پارەی زۆری ویستووە، لە میزانیەی ساڵی ٢٠٠٦ دا بۆ هەردوو مەبەست ١٢٠ ملیار دۆلار تەرخان کراوە، بەپێی مەزندە و خەملاندنی نووسینگەی میزانیە لە کۆنگرێس پارەکە بۆ ئەو دوو مەبەستە زۆرە، بەلام لەچاو ئابوورییە مەزن و گەورەکە کە دەگاتە ١٣ تریلیۆن دۆلار، بەئاسایی دەکرێ ئەو پارەیە بەئاسانی دابین بکات.

پارە سەرفکردن لە بوارە مەدەنییەکان، نەک لە مەبەستە سەربازییەکان، لە بەرنامە داڕێژاوەکانی رۆژانی بوونی پارەی زیادە لە سەرەتای هەزارەی نوێدا زۆرتر دەرچووبوو، کە یاسای دەرمان لە ساڵی ٢٠٠٣ پەیڕەو کرا، من زۆر سەرسام بووم، لەجیاتی ئەوە دەکرا لە بەرنامەی چاکسازی کۆمەلایەتی گۆڕان و دەستکاری کرابوایە، ئەوەش زۆر پێویست بوون، مەزندە دەکرا ٥٠٠ ملیار دۆلار لە دە ساڵی داهاتوو لەسەر کۆی کولفەکە زیاد کرابوایە، بەوەش سەرۆک دەیتوانی یەکێک لەو بەڵێنانەی لە پەیامی هەڵبژاردنەکەی بە هاوولاتیان دابوو، جێبەجێ بکات، ئەوەش هەنگاوێکی شیاو بوو داوای پارەی زۆرتر نەکات. ئەو مەسەلەیەش رێزپەڕو لاتەریک نییە. کە ئیدارەو کۆنگرێس کورتهێنانەکەیان لە ساڵی ٢٠٠٤ گەیاندە زۆرتر لە ٤٠٠ ملیار دۆلار، کۆمارییەکان دەستبەرداری ئەو هزرە لیبرالییە بوون کە داواکارە رۆڵی دەوڵەت تەسک بکاتەوە.

## پارە سەرفکردن لە پێناوی سیاسەتدا:

واقعێکی تاڵ بۆ زۆربەی پێشەواکانی حزب بۆ گۆڕانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان هەبوو، بە مەبەستی گەیشتن بە ئیدارە کۆمارییەکان مەرام و بەرنامەیەکی سەرەکییان هەبوو. سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران و سەرۆکی زۆرینەی ناو ئەنجومەنەکە، کەمتەرخەمی و چاوپۆشییان لە سەرفکردنی فیدراڵی کردووە، ئەوەش بۆ زامنکردنی چەند کورسییەکی تر بۆ کۆمارییەکان، بەلام هەڵوێستی



سەرکردەکانی ناو ئەنجومەنی پیران، لەوان کەمێک باشتر بووە. کۆنگرێس گوێی بە بەرنامە و پلانی دیاریکراوی سەرفکردن نەداوە، سیاسییەکان لە ئاکامی ناڕەوایی بەکارهێنانی دەسەلاتەکانیان لە سەرفکردن، چەندین گەندەڵی و شەرمەزارییان لێ کەوتەوە، ئاراستەی بەرژەوەندی تایبەتی (لۆبی) لە ساڵی ٢٠٠٥ پەیداببوو. دەستەیەک لە هەردوو حزبی کۆماری و دیموکراسی بە سەرۆکایەتی سیناتۆر ماکین پرۆژەی یاسایەکیان بۆ کەمکردنەوەی سەرفکردنی گشتی پێشکەش کردبوو، لە داوایەکەیاندا ئاماژەیان بە بوونی ٣٠٢٣ سەرپێچی لە ساڵی ١٩٩٦ واتە کۆتایی سەردەمی سەرۆکایەتی سەرۆک کلینتۆنی یەکەم دابوو، کە لە ساڵی ٢٠٠٥ واتە سەرەتای سەرۆکایەتی دووەمی حکومی سەرۆک بۆش سەرپێچییەکان گەیشتبووە ١٦ هەزار سەرپێچی، دیارە نەکراوە ئاماژە بە کۆی پارەکان بدرێت کە لەو سەرپێچییانەدا سەرف کراون، بەلام دەکرێ بگوترێت پارەکە دەگاتە دەیان ملیار دۆلار، دیارە ئەو پارەیەش لەچاو میزانیەی فیدراڵی کە ٢ تریلیۆن دۆلارە زۆر کەمە، بەلام بوونی سەرپێچییەکان هەرچەند بووبێت، ماناو باندۆری خۆی هەر هەیە، چونکە بوونی لاوازی ئینزباتی دارایی دەگەێنێت.

لە مێژووی دوورودرێژی ولاتە یەکگرتووەکان، دەکرێ بوترێت بوونی هەستی خۆشەویستی لە نێوان لیبرالییەکان (دیموکراسییەکان) و پارێزگارەکاندا نەبووە، دیارە خەڵکەکە لە ژێر چەتری حزبی لیبرالییەکان یان لە ژێر چەتری حزبی پارێزگارەکان نەبوون، بەلام ئالیەتی دەسەلات، واتە بەرپرسی لیژنەکان و پۆستە بالاکان بۆ دیموکراسییەکان یان بۆ کۆمارییەکان بووە، دەسەلاتەکەش بۆ حزب گەڕاوەتەوە، لە ولایەتەکانی باشووردا یەکسانی دەسەلاتەکە لە نێوان هەردوو حزبەکەدا هەیە، بۆیەش لە ئاکامدا توێژێکی ئایدۆلۆژی نوێ لە نێوان کۆمارییە پارێزگارەکان و دیموکراسییە لیبرالییەکان پەیدابووە، هەروەها لەو ناوەندەش کاندیدێکی بێلایەن بۆ سەرۆکایەتی ئامادەیی دەبێت، ئەوەش رەنگە لە ساڵی ٢٠٠٨ یان لە ساڵی ٢٠١٢ بێت. من دەپرسم ئەگەر کاندیدی سەرۆکایەتی لە کۆمارییەکان بە پسوولەیەکی هاوبەشی کاندیدێکی دیموکراسییەکان بۆ پۆستی جێگری سەرۆک، یان بەپێچەوانە پەیدا بێت، ئەوە توێژە زۆرەکانی ناوەندی بێلایەن بۆ بەرژەوەندی

خۆیان رادەکێشن، دیارە ئەو کێشەیە لە جیهانێکی ئاسوودەدا بایەخی نابێت. کە دەستە شاراوەکانی جیهانگیری، رۆژانە سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی بڕیارە ئابوورییەکانیان کرد، ئەوەش سوودەکان کەمتر دەکاتەوە. دیارە لە پاش هێرشەکەی ١١ی سپتمبەر ئەوە رووی نەداوە، چونکە ئەوەی ئیمڕۆ گرنگە کێ دەسەڵات بگرێتە دەست.

## دیمانەمان لەگەڵ ئەلنعێمی:

باهۆزی کاترینا و ریتا لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٥ زیانی زۆری لە پرۆژە سەرەکییەکانی پترۆڵی تەکساس و لویزیانا دا، کاریگەری زۆری لە گەیاندنەکانی پترۆڵی جیهانی کرد، ئەوەش نرخی پترۆڵی زۆر بەرز کردەوە. لەو رەوشەدا رەچاوی رووداوێکی چاوەڕوانکراو دەکرا، چونکە لەبەر زۆری بەکارهێنانی پترۆڵ هەر لە ساڵی ٢٠٠٢ ەوە لە سەر ئاستی هەموو جیهان نرخەکەی بەرەو بەرزی دەچوو، بەڵام لەبەر داخستنی کارگەکانی پترۆڵ بۆ چاکسازیی هونەری و وەستانی لەناکاوی دامەزراوە پترۆڵەکان لە کەناری خۆرهەڵاتی وڵاتە یەکگرتووەکان، هۆکار بوون بۆ بەرزبوونەوەی زۆرترین نرخی پترۆڵ. بە پەیدابوون و بەکارهێنانی سیستەمی تەکنەلۆژیای نوێ لە دەرهێنانی پترۆڵ لە قووڵایی زەویدا، ئەگەری کەمبوون و بیردۆزی نەمانی لە بیرەکان دوورخستەوە، بۆیەش یەدەگی پترۆڵی جیهانی لە نێوان ساڵانی ١٩٨٩ تا ساڵی ٢٠٠٦ بەشی ئیستهلاک و پێویستییەکانی کردووە.

نازانم بۆچی کۆمپانیاکانی پترۆڵ وەک جاران لە بواری پترۆڵدا سەرمایەگوزاری ناکەنەوە، دیارە کەوا هەموو داهاتەکانی بواری پترۆڵ کۆمپانیا حکومییەکان خاوەنداری دەکەن، کە بوویتە سەرچاوەی سەرەکی پێویستە زۆرەکانی خەڵکەکە، کە بەردەوامیش داواکارەکان زۆرتر دەبێت، چونکە دەبێ سەرمایەگوزاری لە بواری پترۆڵ لە پێشەوەی کارەکانی تر بێت، ئەوانەو ئەو بەرنامانەی لەو وڵاتانەی وا خەریکن بێجگە لە پترۆڵ و گاز سەرچاوەی تر دەدۆزنەوە، ناکرێ ئاماژەش بەوە نەدرێت کەوا کۆمپانیا ئەهلییەکان وا دەستبەکار بوون، لە کۆمپانیا حکومییەکان زۆرتر لە بواری پترۆڵ سەرمایەگوزاری دەکەن، بەتایبەتی لەو چەند ساڵانەی دواییدا. جاران کۆمپانیاکانی وەک ستاندارد ئویل ئۆف نیوجرسی بۆ ماوەی نیو سەدە



بازاڕو سەرمایەگوزاریی پترۆڵیان پاوان کردبوو، بەڵام ئیمڕۆ وا نییە، کۆمپانیای تر زۆر بووە، کۆنەکان بۆ یادگار ناویان دێت، کە نرخی پترۆڵیش بەرز بوونەوە قازانجەکانیش زۆرتر بووینە، بەڵام بواری پشکنین و گەشەپێدانەکانیش کەمتر بووە.

کۆمەڵەی کۆمپانیا جیهانەکانی وڵاتانی ئەندام لە ئۆپێک، تەنها کۆمپانیای (ئارامکۆ) ی سعودی نەبێت، هەموو وایاندەزانی زۆرترکردنی بەرهەم نرخی پترۆڵ دادەبەزێنێت، ئەوەش داهات زۆرتر دەکات و دەتوانن هەموو بەرنامە سیاسییەکانی ناوخۆش جێبەجێ بکەن. کە لە مایۆی ساڵی ٢٠٠٥ عەلی النعێمی وەزیری پترۆڵی سعودیم بینی، بەو بەرنامە ئەمریکییە رازی نەبوو، کە بۆ رامکردنی ئیستهلاکی پترۆڵی پەیڕەو کردووە، بەوەش داهاتی وڵاتانی ئۆپێک لە پترۆڵ کەم دەکاتەوە. سعودییەکان لە ساڵانی هەفتاکانەوە فێرببوون ئەگەر نرخی پترۆڵ زۆر بەرز بۆوە، ئەوا ئەو وڵاتانەی زۆرترین پترۆڵ بەکاردەهێنن، بەو نرخە پترۆڵ ناکڕن، سوود لە ئیحتیاتەکان دەبینن، چونکە لەو ساڵانەدا کە بازاڕی پترۆڵ ئەو هەژانەیان بەرکەوتبوو، ئیستهلاک کەم کرابۆوە، بەڵام بە دابەزینی نرخیش بازاڕەکە ئاسایی نەبۆوە، ئەوەیان کاتی خۆی رووی دابوو، بۆیەش رەچاویان دەکرد هەمان پرۆسە دووبارە ببێتەوە. ئیمڕۆ وڵاتە یەکگرتووەکان بەتەنها بە قەد چارەگێکی جیهان پترۆڵ بەکار دەهێنێت، ئەگەر ئەوان ئیستهلاکیان کەم کردەوە، وڵاتانی تریش بەو رەهەندە کار دەکەن، ئەوا شانشینی سعودیەی عەرەبی زیانی زۆری بەردەکەوێت. پاشای سعودیە عبدالعزیزی کوڕی سعود لەگەڵ فرانکلین رۆزفلت لەسەر هەڵگری فڕۆکەکان (کوینسی) لە ساڵی ١٩٤٥ دیمانەیان بووە، لەو رۆژەوە پەیوەندی ئەو دوو وڵاتە بەردەوام و پتەوە. کۆمپانیای ستاندارد ئۆیل ئۆف کالیفۆرنیا کە ئێستا ناوی بە (شیفرۆن) گۆڕاوە، لە مانگی مارسی ساڵی ١٩٣٨ پترۆڵیان لە سعودیە دۆزیوەتەوە، کۆمپانیای ئارامکۆ لە کۆنسورتیوم دامەزرا، کە لە چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی پێکهاتبوو، ئەوەش بۆ گەشەو پەرەپێدانی پیشەسازی پترۆڵ لە وڵاتی سعودییە کاری کردووە.

لەو رۆژەوە پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتە پتەوە، هەر لە ساڵی ١٩٩٤ وڵاتی سعودیە سەرچاوەی گەورەی ناردنی پترۆڵ بووە بۆ ئەمریکا، دیارە وڵاتی ئەمریکاش

ولاتی گەورەی بەکارهێنانی پترۆڵە لە جیهان. ئەگەرچی سعودیە لە ساڵی ١٩٧٦ کۆمپانیای ئارامکۆی خۆماڵی کردووە، منیش وەک سەرۆکی کۆمپانیای مۆبیل لە نێوان ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٨٧ ئەوەم باش دەزانی پەیوەندی ئەمریکا و سعودیە بەباشی و بەپتەویی زۆر گرنگە. ئارامکۆ لە ماوەی پێنج ساڵی رابردوو بەشێکی زۆری لە داهاتەکانی بۆ پەرەپێدانی بەرهەمهێنان تەرخان کردبوو، بەڵام ئەو برە پارەیە لە چاو ئەوەی کۆمپانیاکانی پترۆڵی ئەمریکی و بریتانی و کەنەدی و نەرویجی و هەتا رووسیش زۆر کەمە. کە ئۆپک نەیتوانی بەرهەمی زۆرتر بکات، باندۆری لەسەر بازاڕەکانی پترۆڵی جیهانی بە شێوەیەکی دراماتیکی بینی. بواری نێوان گەیاندنی پترۆڵ بە بازاڕەکان و پێویستییەکان ئەوەندە تەسک بوونەوە، بۆیەش بازاڕ بە رووی داخستنی بەشێکی گچکەی ئیستگەکانی بەرهەمی جیهانی دەستەوەستان مایەوە.

لەگەڵ هەڕەشەکانی تیرۆریستەکان بەڕووی کێڵگەکان و پاڵاوگەو تۆڕەکانی گەیاندنی پترۆڵ ئەو هاوکێشە لاوازە بزۆزە پەیدابوو، ئەگەر هێرشە تیرۆریستەکەی سەر کێڵگەی بقیق لە سعودیە لە مانگی فبرایری ساڵی ٢٠٠٦ سەری گرتبوایە، نرخی پترۆڵ بە ئاستێکی زۆر بەرز دەبۆوە، ئەوەش بە شێوەیەکی دراماتیکی باندۆر لەسەر بازاڕی دراوی جیهانی و بە گشتی ئابووری هەموو جیهان دەکرد، ئێستا مەترسی هەیە ئەگەر ئێران هێرشی کرایە سەرو ئەویش لە تۆڵەی هێرشەکە تەنگەی هرمز بگرێت، کە بوویتە دەروازەی پێنج یەکی ناردنی پترۆڵی خاوی هەموو جیهان.

سەرمایەگوزارەکان و پارەدارەکانی بازاڕی سەهمەکان، ساڵانە بە ٢٧٠ تریلیۆن دۆلار هاتنە ناو ئەو بازاڕەو توانییان هاوکێشەکە لەناو بازاڕ راگرن، لە کەمی و نەبوونی پترۆڵی یەدەگ لە بازاڕەکانی جیهان، لەسەر داوای سەرمایەگوزارەکان نرخی پترۆڵ بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینی. هەندێک لە ولاتانی ئەندام لە ئۆپک بۆ داگرتنی نرخە بەرزەکەی پترۆڵ کە بۆ یەکەم جار لە بازاڕەکانی جیهانی نرخی یەک بەرمیل گەیشتە ٧٥ دۆلار، بەرهەمیان کەمێ زۆرتر کرد، بەڵام نەکرا ئەو پلانەش پشتی پێ ببەسترێت. لە ناوچەکانی کۆنە یەکێتی سۆڤیەتیش بە کەمی کۆشش کرا بەرهەمی پترۆڵ زۆرتر بکەن، لەبەرئەوەی کرملین پیشەسازییە قورسەکانی پاوان



کردبوو، بۆیە ئەوەش نەیتوانی گۆڕانێک لەو پرۆسەیە بکات.

بازاڕەکە بە چەندین فاکتەر هاوکێشەکەی نەمابوو، لەگەڵ کەمی بەرهەمی پترۆڵی خاو، هۆکاری تری وەک پاڵاوگەکانی پترۆڵی جیهان بەرهەمیان سنووردار بوو، ئەوەش مەترسی دەگەیاند، ئەگەرچی پاڵاوگەکان لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦ تا ٢٠٠٦ بە رێژەی ١٪ فراوانیش کرابوون، لەبەرئەوەی پاڵاوگەی نوێ لەو ساڵانەی دواییدا دروست نەکرابوون، بەتایبەتی لە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٧٦ ەوە پاڵاوگەی نوێی تێدا دروست نەکرابوو، بۆیە گرفتەکان زۆرتر بەرەو ئاڵۆزی دەچوو.

فاکتەرە سەرەکییەکانی پەیدابوونی رەوشە لەرزۆکەکەی یەکسانی نێوان نمایش و داواکان لە پترۆڵ، زۆرن لەوانە ئاووهەواو ئەگەری هێرش و کارە تیرۆریستەکانی تاکە کەسی و دەستەگەری، ئەوانە باندۆریان لەسەر گەیاندن و ئامادەیی وزەی جیهانی هەیە، کە باندۆری لەسەر سستی ئابووری جیهانیش دەبێت؟

لە کۆتایی ساڵانی سەدەی نۆزدەهەم پیشەسازی پترۆڵ زۆر گەشەی کرد، بۆیە بەرهەمهێنەرەکان لەو رۆژانەوە بیریان لەوە کردیتەوە بازاڕی پترۆڵ نرخەکانی تێدا جێگیر بێت، دیارە نرخەکان لە دەست ئەمریکییەکان بوو، کە جۆن رۆکفیلر دەستی بەسەر نۆ لە دەی پاڵاوگەکانی ئەمریکا داگرت، توانی دەسەڵاتی نرخەکانی بازاڕ تا رادەیەک کۆنترۆڵ بکات، بەڵام دادگای باڵا لە ساڵی ١٩١١ بڕیاری دا کۆمپانیاکەی دابەش بکات، دەسەڵاتی نرخ دانان تا ماوەیەکی زۆر لەلایەن کۆمپانیایە ئەمریکییەکانەوە دادەنرا، کە لیژنەی شەمەندەفەرەکان لە تەکساس دامەزرا، بۆ راگرتنی نرخی سووتەمەنی کۆششیان کرد بەرهەمیان زۆرتر بکەن.

## کۆتایی هاتنی رۆڵە مێژووییەکە:

تا کۆتایی ساڵی ١٩٥٢ بەرهەمی پترۆڵی خاوی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٤٤٪ لە تەکساسەوە) نیوەی بەرهەمی دەرهاتووی جیهان بوو، کە سەرۆک وەزیرانی ئێران محمد مصدق لە ساڵی ١٩٥٢ چەند بڕیارێکی دەرکردبوو، بۆ راگرتنی باندۆرەکەی لەسەر بازاڕەکانی جیهان، پاشەکەوتی پترۆڵی تەکساسیان رەوانەی بازاڕ کردبوو، بەوەش بەرنامەکەی مصدقیان لە خۆماڵیکردنی پترۆڵی

ئێرانیان پووچەڵ کردەوە. لە رۆژانی شەڕەکانی سویسی ساڵی ١٩٥٦ و شەڕەکەی ساڵی ١٩٦٧ یش بڕیاری لەم جۆرە دەرچووە. کە پاشەکەوتی پترۆڵی خاوی ئەمریکی هەموو بازاڕەکانی تێرکرد، رۆڵی ئەمریکای مێژوویی لە نرخ دانانی جیهانی لە ساڵی ١٩٧١ نەما. لەو خاڵەوە سەربەخۆیی و دەسەلاتی ئەمریکا لە بواری وزەدا نەما، لەناکاو نرخەکانی پترۆڵ گەڕایەوە دەست چەند وڵاتێکی خۆرهەلاتی ناوەڕاستی بەرهەمهێنەری پترۆڵ، دوایی نرخەکان کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکان، بازاڕەکانی جیهانی فراوانتر بوو. لە سەرەتای هەفتاکانەوە بۆ نیشاندانی هێزەکانیان لە جێگیرکردنی نرخەکان، چەند وڵاتێکی بەرهەمهێنەر پترۆڵەکانیان خۆماڵی کرد، بەتایبەتی وڵاتانی خۆرهەلاتی ناوەڕاست. تا هەڵنەگرتنی گەمارۆیەکەی سەر پترۆڵ لە ساڵی ١٩٧٣ ئەو وڵاتانە نەیانتوانی رۆلیان بەدروستی ببینن، بۆیە نرخی یەک بەرمیل پترۆڵی سعودی کە لە ساڵانی شێستەکان تەنها دوو دۆلار بوو گەیشتە ١١ دۆلار، بەوەش نەوەستا نرخەکە گەیشتە ٣٩ دۆلار کە شۆڕشەکەی ئێرانی لە سەرەتای ساڵی ١٩٨١ هەڵگیرسا، تا ساڵی ٢٠٠٦ نرخی یەک بەرمیل گەیشتە ٧٧ دۆلار.

لە هەفتاکان و بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ماوەیەک گەشەی ئەمریکی و جیهانی لە ئیستهلاکی پترۆڵ، بە رێژەی سێ لەیەک یان زۆرتریش وەستا، ئەو نرخی بەرزەی یەک بەرمیل پترۆڵ لە ساڵی ١٩٨٦ دابەزی بۆ تەنها ١١ دۆلار بۆ یەک بەرمیل. کە نرخەکان دابەزین و بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە دەبینی، کە گەیاندن و دابینکردنی سەرچاوەکانی وزە گرفت و کێشەی زۆری هاتە پێشەوە، سەرۆک نیکسۆن بۆ دۆزینەوەی بوارێک تا لەو قەیرانە رزگاریان بێت، لە ساڵی ١٩٧٣ بڕیاری دا بوارەکانی پەیداکردنی وزە سەربەخۆو ئازاد بکرێن، لە پاش بڕیارەکەی سەرۆکی ئەمریکا چەند وڵاتی تریش هەمان بەرنامەو رێبازیان لە بوارەکانی وزە پەیڕەو کرد. مانای تەواو و دروستی سەربەخۆیی وزە، واتە دیاربوونی نرخی پترۆڵ بە گوێرەی پێویستییەکان و بەکارهێنانی، بە مەرجێک پاوانکردن و دەستبەسەر داگرتنی تێدا نەبێت، بەڵام سەربەخۆیی پترۆڵ لە دیدی ئەمریکاوە کە لە ساڵی ١٩٧١ ەوە بەدەستی هێناوە، بوونی نەما.





## پترۆڵ تەمەنی چەند ماوە؟

پرسیارێک بەبەردەوامی دەکرێت، ئەویش تەمەنی پترۆڵ چەند ساڵی ماوە؟ زۆر لە شارەزایان لەو بوارەدا وا دەزانن لە کۆتایی ئەو سەدەیە پترۆڵ کەم دەبێتەوە، بەڵام ئەو پسپۆرانەی وا دەزانن پترۆڵ کەم نابێتەوە، بە ژمارە کەمن، چونکە ئیتحتیاتەکە لە چەندی و ژمارەی بیرەکان سنووردارە، ئەو رێژەیەی هەیە هەر ئەوەندەیە. لە وڵاتە یەکگرتووەکان و ئالاسکا بەرهەمی پترۆڵ گەیشتبووە رادەیەکی زۆر، لە ساڵی ١٩٩٩ دەرهێنانی پترۆڵیش زۆر بووە، بەڵام لە مەکسیک ئەو رێژەی لە ساڵی ٢٠٠٥ بەرهەم هاتووە، دیارە لە کۆتاییدا هەموو بیرە ئیحتیاتەکان کۆتاییان دێت، بڕوا ناکرێت یەدەگی زۆرتر لەو پشکنینانەی لە سەرانسەری جیهان کراون بدۆزرێتەوە، رەنگە لە ناو قووڵایی دەریایەکان پترۆڵی زۆر بدۆزرێتەوە، بەڵام ئەوەیان ئاشکرایە کەوا دەرهێنانی پترۆڵ لە ناخی دەریا پارەو مەسرەفی زۆرە. لە ئەزموونی پەنجا ساڵەی رابردوومان دەرکەوتووە کەوا هێزەکانی بازاڕ رۆڵی سەرەکی دەبینی لە پاراستنی سەرچاوەکانی وزە، ئەوەش ئاراستەکە بەرەو بەکارهێنانی گرانبەهایان دەبات.

لە ساڵی ١٩٧٣ رێژەی ئیستهلاکی جیهانی بەرامبەر کۆی دەرئەنجامی نەتەوەیی (گی، دی، پی) گەیشتبووە ئاستێکی بەرزو زۆر، لەو رۆژەوە بەردەوام ئەو رێژەیە بە زۆری دابەزیوە، دیارە کەوا وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لە وڵاتە پێشکەوتووەکان زۆرتر پێویستییان بە پترۆڵ بووە، وڵاتانی وەک چین و هیند دوو بە قەد ئەمریکا پترۆڵیان بەکارهێناوە، بەرازیل و مەکسیک لە ئەمریکا زۆرتر وزە بەکاردەهێنن. لەوە دڵنیاین لە ناو ناخی زەوی ئەوەندە پترۆڵ هەیە، بەشی پێویستییەکانی هەموو جیهان دەکات، ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٥ ، ٨٤ ملیۆن بەرمیل دەرهاتووە، ئەوە لە ساڵی ٢٠٣٠ ئەوە بەرهەمە دەرهێنراوەکە دەگاتە ١١٦ ملیۆن بەرمیل، دیارە ئەوەش پشت بە پێشبینەکانی وەکالەتی دەولی وزە بەستراوە، بەڵام دەپرسین دەبێ وڵاتانی ئەندام لە رێکخراوی هەناردەی پترۆڵ (ئۆپک) بە لایەنی کەم نیوەی ئەو بەرهەمەیان پێ دەربهێندرێت؟

بۆ دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی و کەمکردنەوەی دیاردەی بەرزبوونی پلەی

گەرما، دەبێ ڕێژەکانی زۆربوونی ئیستهلاکی پترۆڵی ئەمریکی بەرنامەڕێژ بکرێت، بەتایبەتی لەسەر ڕێگا خێراکان، کە لە حەوت بەرمیلی بەکارهاتووی جیهاندا بەرمیلێک لەو ڕێگایانە سەرف دەکرێت. چونکە ڕۆژانە لەسەر ڕێگا خێراکانی ناو ئەمریکادا ٩,٥ ملیۆن بەرمیل بەنزین و ٢,٥ ملیۆن بەرمیل دیزل لە ساڵی ٢٠٠٥ دا بەکارهاتووە.

## چی لە ئۆپێک داوا دەکرێت؟

ڕەنگە لە ماوەیەکی وا نزیکدا وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەست نەکەوێت، ئایا ئۆپێک چی بکات؟ یان باشترە پرسیارەکە بەم جۆرە بکرێت، چی لە ئۆپێک ڕەچاو دەکرێت؟ وەکالەتی وزەی دەولی وادەزانی کەوا ئۆپێک کەمتەرخەمە لە دابینکردنی پێویستییەکانی بازاڕو گەشەپێدانی پیشەسازییەکانی بەرهەمی پترۆڵی خاو، بە مەزندەی وەکالەتەکە نرخی یەک بەرمیل پترۆڵ دەگاتە ١٣٠ دۆلار، پێویستییەکانی بازاڕی جیهانیش لە پترۆڵ لە ساڵی ٢٠٣٠ ڕۆژانە دەگاتە ١٠٩ ملیۆن بەرمیل. ئێمە زۆر دڵنیاین کەوا لە کۆتاییدا بازاڕەکان دەتوانن بەکارهێنانی پترۆڵ کەم بکەنەوە، لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتووش یەکێک لە بەرنامەکانی کەمکردنەوەی بەکارهێنانی وزە، ئەوەیە لەسەر هەر گالۆنێک باجی سێ دۆلار دابنرێت، ئەو داهاتەش لە باجەکە بۆ یارمەتیدانی کەسانی کەم دەرامەت بەکاربێت. لەو لاشەوە بازاڕەکانی پترۆڵ دەکەونە ڕەوشی ململانێیەکی توند لەو جیهانە زۆر پێشکەوتووەدا، بەڵام سەرجەم بازاڕەکانی جیهانیش بە ڕووی هەر ڕووداوێکدا زۆر هەستیارن، بە هێرشێکی تیرۆریستی ڕەنگە بەرهەمهێنان بوەستێت و ئابووری هەموو جیهان بشڵەژێت.

## کە جیراڵد فۆرد لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کرد، فرمێسکم بۆی هەڵڕشت:

کە لە نۆڤمبەری ساڵی ٢٠٠٦ کۆمارییەکان کۆنگرێسیان لە هەڵبژاردنەکان دۆڕاند، بەرپرسی زۆرینەی کۆمارییەکانی پێشوو (دیک ڕامی) لە ڕۆژنامەی وول ستریت جورنال وتارێکی بە مانشێتی (کۆتایی شۆڕش) بڵاو کردەوە، کە ئاماژەی بە دەسەڵاتی کۆمارییەکان لە کۆنگرێس لە ساڵی ١٩٩٤ دابوو، لە وتارەکەیدا نووسیبووی:



سەرەتای بەرنامەمان کۆشش بوو، بۆ چاکسازی حکومەت، چۆن پارەو دەسەڵات دووبارە بگێڕینەوە بۆ هاووڵاتیانی ئەمریکی، بەڵام لە کۆتایی داهێنەرە سیاسییەکانمان و گیانی ساڵی ١٩٩٤ مان بە دەستەیەک بیرۆکراتی سیاسی ناهوشیاری تەسکبین گۆڕییەوە، کێشەو ستراتیژی سەرەکییان بووە، چۆن لە دەسەڵات بمێنینەوە؟ زۆرینەی کۆمارییەکان لە ساڵی ٢٠٠٦ کەوتنە ناو تۆری ڕەفتاری هەڵەو گەندەڵی، ئەوانە گۆڕانەکەیان خولقاند.

بۆچوونەکانی ڕامی ڕاست بوون، کۆمارییەکان لەناو کۆنگرێس رووە ڕاستییەکانیان دۆڕاند، هەڵوێستەکانیان بە دەسەڵات گۆڕییەوە، بۆیە لە کۆتایی هەردووکیان لە دەست دەرچوو، نسکۆیان بەسەردا هات.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٦ هاووڵاتیانی ئەمریکی لە ریزێکی دووردرێژ بۆ بەڕێکردنی تەرمی سەرۆکی ئەمریکی ژمارە ٣٨ وەستابوون، بەدرێژایی ڕێگاکەی نێوان بنکەی ئاسمانی ئەندروز تا کابیتۆل، چاوەڕوانی هاتنی کاروانی تەرمەکەی بوون. جیراڵد فۆردی کۆنە سەرۆکی ئەمریکی کە مرد بە تەمەنترین سەرۆک بوو ٩٣ ساڵ بژیت، جەماوەری هەردوو حزب ئامادەبوون، هەموو هاتبوون بۆ ڕێزگرتنی بەئەدەبی کاری ئەو سەرۆکە، هەردوولا هاتبوون بۆ ڕێزگرتنی کەسایەتی میانڕەویی ئەو سەرۆکە، بۆ ئەو ڕەوشتە سیاسییە پاکە و بەرزە جوانەی ئەو هەیبوو، کە پاش نەمانی ئەو ڕەفتارەش نەما. لە ساڵی ١٩٧٦ فۆرد بەرامبەر جیمی کارتر سەرۆکایەتییەکەی دۆڕاند، کە کارتر وتاری پرسەنامەی پێشکەش کرد، ئاوڕدانەوەیەکی ڕەمزی جوان بوو.

فۆرد کە فەرمانی لێبوردنی سەرۆکایەتی بۆ ریتشارد نیکسۆن دەرکرد، پرۆسەی هەڵبژاردنەکەی دۆڕاند، ئەوەش باهۆزێکی توندی لەناو دیموکراسییەکان پەیداکرد، چونکە ئەوان چاوەڕوان بوون سەرۆک نیکسۆن لەبەر زۆری لادان و گەندەڵییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەو دادگایی بکرێت، بەدرێژایی ساڵانی رابردوو کەسایەتییە دیموکراسییە باڵاکان وایاندەزانی لێبووردنەکەی نیکسۆن لەسەر شەرمەزارییەکەی وۆترگێت، باشترین کار بوو بۆ لەبیرکردن سەرۆک ئەنجامی دابوو، سیناتۆر تید کیندی وتبووی:

دەرکردنی لێبووردنەکەی کارێکی زۆر ئازایانەی بێ وێنەبوو.

من لە ئوگستی ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندیم بە ئیدارەی سەرۆک فۆرد کردبوو، ئەو دەمانە هێشتا شەرمەزارییەکەی وۆترگێت لە واشنتۆن بەگەرمی باس دەکرا، بەڵام لەبەر لایەنگیری حزبی لەگەڵ خۆرئاوابوونا بزر دەبوو، ئەو ئێوارە خوانە ئاسایانەی کاری سیاسی کە بەشدار دەبووم، لایەنگیرانی هەردوو حزب دەهاتن، ئەندامانی هەردوو ئەنجومەنی پیران و نوێنەران و گەورە بەرپرسانی ئیدارەو کارمەندانی دەزگاکانی راگەیاندن و ناودارە کۆمەڵایەتییەکانی شارەکە تێکەڵ دەبوون. ساڵی ٢٠٠٥ دوا ساڵی مانەوەم لە ناو حکومەت، ئەو خوانانە هەر مابوو، بەڵام زۆرتر شێوەی حزبییان وەرگرتبوو، زۆرجار من تاکە کەسی کۆماری بووم بەشدار دەبووم، لە خوانەکانی کۆمارییەکانیش کەم لە کەسایەتییە دیموکراسییەکان دەهاتن.

شرۆڤە زۆرن کە ناکۆکییە حزبییەکان هەبێت و بەردەوام بێت، لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیش لەسەر ناکۆکییەکان ئەو مەسەلانە دەکران، لەناو بۆچوونەکاندا رایەک هەبوو، کەوا هاوکاری و هامئاهەنگی سالآنی پەنجاکان و شێستەکان لە نێوان ئەندامانی ئەو دوو حزبەدا، وەک مەسەلەیەکی شازو ریزپەڕی مێژوویی بوون، ئەو پەیوەندییەو دیمانانەی لەو رۆژانەدا لە نێوان ئەو هەردوولا هەیە لە تەقلیدە مێژووییەکە دوور نییە.

لە ئێوارەی رۆژی ١٧ ی فبرایری ساڵی ١٩٩٣ دا خۆم لە دیمانەیەکی هاوبەشی کۆنگرێس لە پێش رووناکی کامیرای تەلەڤزیۆنەکان دیتەوە، من لەگەڵ هیلاری کلینتۆن و تییر گۆر دانیشتبووم، لەو دەمانە بوو کلینتۆن خەریکی وتار خوێندنەوە بوو، بیرم لەوە نەدەکردەوە من لەگەڵ هاوسەری سەرۆک و جێگرەکەی لە پێشەوەی ریزەکە شوێنم بۆ دابنێن، وا دەزانم باشە دووبارە پۆستی سەرۆک بانکی فیدراڵ هەیبەتی گەڕاوەتەوە، ماوەیەکی زۆر لە سەردەمی بۆشی (باوک) دا من زۆر پەراوێز کرابووم، وا لە پێشەوەو لە تەنیشت خاتوونی یەکەمی وڵاتا شوێنم بۆ دانراوە، دیارە کە ئەو شوێنەشم بۆ دانراوە مەبەستی سیاسی لە پشتەوە بووە، کە سەرۆک وتارەکەی پێشکەش دەکرد کامیرەکان زۆر روویان لە ئێمە بوو. پاشان بۆم روون بۆوە کەوا زۆر کەس کە منیان لەو شوێنە دیبوو دڵگران ببوون، چونکە رەنگە ئەو



پێشوازیە گەرمەی من باندۆری لەسەر سەربەخۆیی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ هەبێت، من بیرم لەوە نەدەکردەوە من بکەومە ناو ململانێی حزبی و ناکۆکییەکان، من مەبەستم بوو لەگەڵ سەرۆک پەیوەندیم باش بێت، چونکە دیاربوو ئەو بایەخی باشی بە رەوشی دارایی دەوڵەت دەدا.

لە سەرەتاکانی مانگی دیسمبەرا سەرۆک کلینتۆنم بینی، هێشتا ئەو ئەرکە رەسمییەکانی وەرنەگرتبوو، بەرەسمی نەهاتبووە واشنتۆن، سەرۆک ئەجندەی ئابووری فراوان و بە بڕشتی لەگەڵ باس کردم، ئەو وتی:

من دەمەوێ رێژەی باجەکان لە توێژەکانی ناوەڕاستی ناو کۆمەڵ کەم بکەمەوە، کۆشش دەکەم کورتهێنانەکی میزانیەی فیدراڵ تا نیوەی کەم بکەمەوە، کار زۆرتر بکەم، ، من دەمەوێ هێزەکانی ململانێ لەناو وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ چاککردنی بەرنامەی خوێندن و بەرنامەکانی مەشقکاری و سەرمایەگوزاری لە ژێرخانەوە زۆرتر بکەم، هەروەها وتی: پێویستە ئێمە سەرەتاییەکانی ئابووریمان رێکبخەینەوە، من دەمەوێ لە پێناسەکەی تۆ بۆ ئابووری شارەزابم.

من لە پێشینەی بەرنامەکەمدا ئەوەبوو کورتهێنانەکەی میزانیە چارەسەر بکەم، لە سەردەمی سەرۆکایەتی سەرۆک بۆشی (کوڕ) یش و ئێستاش هەمان بەرنامەو بانگەوازی ئابووریم هەیە، دیارە تەمەنی ئەو گرفتە دەگاتە چوار ساڵ، وا قەرزە گشتییەکان دەگاتە سێ تریلیۆن دۆلار، پارە ژماردنی قازانجەکان لە پاش ئاسایشی کۆمەڵایەتی و بەرگری لە ریزی سێیەمەوە دێت.

نرخەکانی قازانجە کورتە مەوداکان زۆر کەم بوو (٣٪ بوو)، بە سەرۆک کلینتۆنم وت، بە هێدی هێدی کارکردن ئابوورییەکەمان دەبووژێتەوە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٩١ ەوە زۆرتر لە یەک ملیۆن بواری کار فەراهەم کراوە، بەڵام هێشتا قازانجەکانی مەودا درێژەکان زۆر بەرزە، ئەوەش چالاکییە ئابوورییەکان سست دەکات، پێشبینییەکان بەپێچەوانە دەرچوون، وا بەردەوام هەڵاوسانەکە رێژەی بەرزە، بۆیەش سەرمایەگوزارەکان داواکارن پەراوێزێکی زۆرتریان لە قازانجەکان بۆ وەستان بەڕووی مەترسییەکان بۆ مەیسەر بکەن. بە سەرۆکم وت:

باشترکردنی رەوشی سەرمایەگوزارەکان لە ماوەیەکی درێژدا بەهاکانی قازانج

دادەبەزێنیت، داوا لەسەر بواری نیشتەجێیەکان زۆرتر دەبێت، کەرەستەو کەلوپەلە نوێیەکان بازاڕیان گەرمتر دەبێت، دیارە خانووە نوێیەکان کەرەستەو کەلوپەلی نوێیان دەوێت، ئەوەش رەنگە بەهای سەهمەکان زۆرتر بکات، چونکە سەنەدەکان رەواجیان نامینێت، سەرمایەگوزارەکان روو لە کڕینی سەهم دەکەن، ئەوەش بواری چالاکییەکانی کۆمپانیاکان زۆرتر دەکات، بەوەش بواری کار زۆرتر دەکرێتەوە.

## پرسیارە زیرەکەکانی سەرۆکایەتی:

کە تێگەیشتم سەرۆک زۆر بایەخ بەو مەسەلانە دەدات، دڵم خۆش بوو، رێکەوتین لەسەرئەوەی بەیەکەوە کۆشش بکەین بۆ کەمکردنەوەی رێژەی کورتهێنانەکانی میزانیە، پرسیاری زۆر زیرەکانەی لێ کردم، دیارە سیاسییەکان بە گشتی ئەو جۆرە پرسیارانە ناکەن، بڕیاربوو یەک سەعات بەیەکەوە بووین، بەڵام قسەکانمان درێژەی کێشا، بۆ ماوەی سێ سەعات قسەمان بەیەکەوە کرد، پرسیاری تری لێ کردم لە ئابووری دوورکەوتینەوە، کەوتینە باسی سۆماڵ و بۆسنەو مێژووی رووسیاو بەرنامەکانی مەشقی کارکەری و فێرکردنیان، ناوی چەند سەرکردەیەکی بۆ هێنام، کە هێشتا بواری نەبووە دیمانەیان بکات، پێناسەی ئەوانەی دەویست. بەو جۆرە لەو ماوەیەدا تەنها ساکسفۆن باسی هاوبەشی من و سەرۆک کلینتۆن نەبوو. سەرۆک وەک من وێڵی زۆرترین زانیاری بوو، ئارەزووی بوو هەموو شتێک بزانێت، من زۆر بەو سەرسام بووم، بەڵام زۆر متمانەم بە هەست و سۆزەکانی خۆم نەبوو، من ئەوەم هێنایە ئاستی سەرۆکی پێشوو ریتشارد نیکسۆن، نیکسۆن لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی، من تا ئەو دەمە لەو سەرۆکانەی دیمانەم لەگەڵیان بووە، ئەوم بە زیرەکترین سەرۆکی ئەمریکی زانیوە (کاتی دیمانەکەی سەرۆک کلینتۆن). لەناو فڕۆکە بووم لە دیمانەکەی سەرۆک کلینتۆن دەگەڕامەوە، ئەوەم بەبیردا هات، بەڕاستی ئەو سەرۆکی هەڵبژێردراوە کەسێکی زۆر زیرەکە، کەسی وام لە ژیانی خۆمدا نەدیوە، بە برادەرەکانم وت، بەڕاستی دەنگەکەم بە فیڕۆ نەچووە، دەنگم بە کەسێکی شیاو داوە، ئەو لەگەڵ هەموو بەرنامە ئابوورییەکانم هاوکارو هاوبەرنامەیە، پاش هەفتەیەک بۆچوونەکانم لەسەر ئەو سەرۆکە دروست دەرچوو، دەستەیەکی ناسراوی بواری ئابووری لە لای خۆی دامەزراند.



## رووبەڕووبوونەوەی کورتهێنانەکە (العجز):

لە کۆشکە هێلکەییەکی سەرۆکایەتی لە ٢٨ ی ینایردا لەگەڵ سەرۆک کلینتۆن دیمانەمان بوو، کە دانیشتین رۆبرت رۆبین بەشداری کۆبوونەوەکەی کردین، لەبەرئەوەی سەرۆک زۆر سەرقاڵ بوو، بۆیە یەکسەر چووینە ناو بابەتەکەمان، زوو پێم وت، دەبێ بەباشترین و بەزووترین کات بەڕووی ئەو کورتهێنانەی میزانیە بوەستیت، کە شەڕە ساردەکە تەواو بوو وا باشە لەو چەند ساڵەی داهاتوو پارە لە بواری بەرگری و پڕچەککردن کەم بکەینەوە، ئەوەش چەند کێشەمان لە کۆڵ دەکاتەوە، چونکە بە هاتنی ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧ چیتر جەماوەرەکەمان لە رەوشی کورتهێنانەکە بێدەنگ نابن، لەو دیمانەدا باسی ئەوەم بۆ کرد چۆن بەرنامەکانی چاودێری کۆمەڵایەتی و بەخشینە کۆمەڵایەتییەکان لەبەر هەبوونی ئەو کورتهێنانەدا سست و ئیفلیج دەبن، بەرنامەکانیان جێبەجێ نابن، بەئاشکرا بە سەرۆکم وت:

لە داهاتوو قەرزەکان زۆرتر دەبێت، قازانجەکانی سەر ئەو قەرزانەش بە هەمان رێژە زیاد دەکات، لەوەشەوە کورتهێنانەکەی میزانیەش زۆرترو قەبەتر دەبێت، ئەوەش ئابووری وڵات بەرەو قەیرانی ئابووری دەبات، بە تەواوبوونی دیمانەکەمان سەرۆک کلینتۆن روو گرژ لە کۆبوونەوەکە دەرچوو. ئەگەرچی من بەڕاشکاویی هۆکاری سەرەکی بوونی کورتهێنانەکەی میزانیەم نەگوت، بەڵام راستی گرفتەکە لەسەر ئەستۆی سەرۆکی پێشوو ریگان بووە، ئەو دەوڵەتی خستبووە ژێر باری قەرزێکی ئەستوور، بۆیەش بارە گرانەکەی ئەو گرفتە سەرۆک کلینتۆن دەیکێشێت، ئەوەی سەیرە، ئەو گرفتە بوو کە کلینتۆن دەنگی زۆرتری لە سەرۆک بۆش زۆرتر هێناو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دەرچوو، ئەوەی شکۆو گەورەیی بۆ کلینتۆن دەگێڕێتەوە ئەو بە هیچ شێوەیەک ناوی سەرۆکی پێشووی نەهێناوەو بارە گرانەکەی میزانیەی نەخستووتە سەر ئەو. بەرنامەو پلانی سەرۆک کلینتۆن بۆ چارەسەری گرفتەکانی ئابووری وڵات ببووە مانشێتی رۆژنامەکان و بەردەوام ئەو بابەتە باسی گەرم بوو. لە ماوەی چوار ساڵەکەیدا ساڵانە بەڕێژەی ٥٠٠ ملیار دۆلاری کورتهێنانەکەی میزانیەی چارەسەر کردووە، بەرنامەکەی بەردەوام لە رۆژنامەکان ئاماژەیان پێداوە، کەوا کەمکردنەوەکان هەموو بوارەکانی گرتووتەوە، هەموو لایەک تەنها هەژاران نەبێت.

## مانگی هەنگوینی:

هەموو سەرۆکەکانی ئەمریکی، تەنها سەرۆک کلینتۆن نەبێت، لە ماوەی یەکەمی سەرۆکایەتییاندا لەگەڵ کۆنگرێس لە مانگی هەنگوینیدا بوونە، سەرەتا سەرۆک کلینتۆن بەرنامەو پلانەکانی کەوتە بەر دڵان، بەڵام زۆرینەی ئەندامانی کۆنگرێس بەڕووی هەڵسانەوە، بە کۆی دەنگ نوێنەرانی حزبی کۆماری لە کۆنگرێس دژی پرۆژەی میزانیەکە بوون، ئەگەرچی دیموکراسییەکان لە ناو کۆنگرێسدا زۆرینەش بوون، بەڵام بۆ پەسندکردنی میزانیەکە لە کۆنگرێس گومان و مەترسی لە ئارادا بوو، ناکۆکییەکە گەیشتە ناو کۆشکی سپیش، بۆیە کەسایەتی کلینتۆن بە لاوازی بینراوە، ئەوەش هۆکاربوو جەماوەرییە زۆرییەکەی لە وەرزی بەهاردا بەرێژەی ٢٨ ٪ دابەزێت. من کە لە ٩ ی یونیو بینیم هەستم کرد ترساوە، دوو هەفتە بوو کۆنگرێس بە یەک دەنگ زۆرتر میزانیەکەی پەسند کردبوو. شەڕەکە لە ناو ئەنجومەنی پیران دەستی پێکرد، لە راوێژکاری سەرۆک دیڤید جیرگنەوە تەلەفۆنێکم بۆ کرا، داوای کرد بەزووترین کات بگەمە کۆشکی سپی، کە گەیشتم هەستم کرد رەوشەکە ئاڵۆزە، بۆ بەڕێکردن و پەسندکردنی میزانیە لەناو کۆنگرێس بەردەوام کارو کۆشش کراوە.

بە سەرۆکم وت، ئەو بەرنامەی تۆ پێشکەشت کردووە چل ساڵە نەکراوە، بەرنامەیەکی سەرکەوتووە، بەوەیان دەکرێ ئابوورییەکەمان ببووژێتەوە، ئارامی پەیدا دەکات، زۆر پشتیوانی سەرۆکم کرد، ویستم دڵنیای بکەمەوە کەوا بەرنامەکەی سەردەکەوێت، وا دیارە بەهای قازانجە مەودا دوورەکان دادەبەزێت، بە سەرۆکم وت، کارەکە وا ئاسان نییە، ئەوەیان کاری دژواری دەوێت، تا میزانیەکە لە ئەنجومەنی پیران بڕیاری لەسەر دەردرێت، هەر هیچ نەبێ بۆ دوو مانگی تر شەڕو بەرگری دەوێت.

کلینتۆن توانی رێکەوتنامەی (نافتا) پەیمانی بازرگانی وڵاتانی ئەمریکای باکور بکات، کۆششی زۆری کرد، توانی بەسەر هەموو ئاستەنگەکان زاڵ بێت، کەس پشتیوانی نەکرد، سەندیکای کرێکاران، دیموکراسییەکان، بەشێک لە پارێزگارەکان، و کەمێک لە ئەندامانی کۆنگرێس دژی ئەو بوون، لەسەردەمی سەرۆک بۆش نەکرا رێکەوتننامەکە مۆر بکرێت، بەڵام لەسەردەمی کلینتۆن و دارودەستەی حکومەتەکەی



کرا، بۆیە من بەردەوام بەلێهاتوویی ئەو سەرسام بووم. بەو ئەنجامەو بە چەندین بەرنامەی تر تێگەیشتم سەرۆک کلینتۆن ئەو کەسەیە سواری پشتی مەترسییەکان دەبێت، بە رەوشە باوەکان رازی نابێت. لە بەرنامە و کارەکانیدا دەیەوێت لەگەڵ راستییەکان مامەڵە بکات، کارکردن لە رەوشە تازەکەو لە نەمانی فشارەکانی جیوسیاسی شەڕی سارد، پێشهاتی نوێ و فارسەتێکی مێژوویی بۆ ئەمریکا کراوەتەوە تا پەیوەندییە ئابوورییەکانیان لەگەڵ ئابووری جیهان ببەستنەوە، بۆیەش لە وتارەکانی سەرۆک کلینتۆندا گلەیی و رەخنەی لێ دەکرا، کەوا ئەو بۆنی لایەنی ترو باندۆری دەرەوەیان پێوە دیاربوو، بەڵام ئەو رەخنانە لە رەهەندە ئابوورییەکانیدا دووربوو لە راستی، ئەو کەسێکی هەڵوێست دیارو رامان روون بوو، لە ماوەی سەرۆکایەتیدا ئەو جەختی لەسەر گەشەی ئابووری مەودادرێژ دەکردەوە. لەو ساڵەدا بانکی ئیحتیاتی فیدراڵ لەگەڵ کۆنگرێسدا گرفتی تایبەتی لەپێشدا بوو، بۆیەش رەخنەی زۆر توندیش لەلایەن نوێنەری کۆماری لە کۆنگرێس هنری گونزالیس لە بانکی ئیحتیاتی دەکرا، ئەو داوای لادانی سەرۆک رۆنالد ریگان و سەرۆک بۆشی (باوک) و سەرۆکی بانکی ئیحتیاتی ئەو دەمانە بۆل فۆلکری دەکرد، ئەگەرچی بانکەکە لەلایەن کۆنگرێسەوە دامەزرابوو، بەڵام بەردەوام ناکۆکییان لەنێواندا هەبووە، چونکە بانکەکە کۆششی کردووە داوایەکان لە مەودا درێژدا چارەسەر بکات، بەڵام سیاسییەکان بۆ وەرگرتنی رەزامەندی و دەنگی دەنگدەران، لەگەڵ ئەنجام و بەرهەمی خێراو دەستکەوتی تەمەن کورتدا بوون.

بەرنامەکەی بانکی ئیحتیاتی وابووە، کەوا ساڵی دوو جار راپۆرتێک بۆ کۆنگرێس بەرز بکاتەوە، لە راپۆرتەکەدا سیاسەتی دراو و بڕیارە پەیوەندارەکانی تێدا بێت، هەروەها رامانی ئابووریش ئاماژەی پێ بدرێت، لە ماوەی سەرۆکایەتی بۆشدا سەرۆکی لیژنەی بانکەکان لە کۆنگرێس (ئەلفونسو داماتو) لە هەموو بوارێکی گونجاودا دژایەتی کردووە، لەو لاشەوە گونزالیس داواکار بووە نهێنییەکانی بانکەکە لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنیدا ئاماژەیان پێبدرێت، بەرنامەو کارنامەی نهێنی نەمێنێت، منیش دژی ئەوە بووم کۆبوونەوەو دیمانەکانی بانکەکەمان بەئاشکرا پەخش بکرێت و کۆبوونەوەکان کراوەبن، چونکە ئەوەیان بە نەگەتیڤ لەسەر ئەنجومەنی ئیدارە

دەگەڕێتەوە. لەسەردەمی سەرۆک فۆرد ئارثر بیرنز لە ساڵی ١٩٧٦ دا بڕیاری دابوو دانیشتنەکانی ئەنجومەن تۆمار بکرێن و هەموو وردەکارییەکانی کۆبوونەوەکە بنووسرێتەوە، ئەو پرۆسەیە بەردەوام بوو، من ئاگاداربووم، بەڵام من پێشنیارم دەکرد کەوا پاش بەئەرشیفکردنی دانیشتنەکان فیلمەکان بفەوتێندرێن، بەڵام پاشان زانیم کەوا فیلمەکان ماون، دیارە کەوا دەستەیەک لە فەرمانبەرەکان دانەی دووەمی فیلمەکان گل دەدەنەوە، لەناو خەزینەی کلیلدراودا هەڵیاندەگرن و نایانفەوتێنن، کە گونزالیس زانی ئێمە ئەو نهێنییانە دەپارێزین و ماون، هەڕەشەی کردو داوای دۆسیەکانی کرد.

بەڵام ئەنجومەنی ئیدارە، ئامادە نەبوو ئەگەر دادگاش بۆ کاری زۆر پێویست داوای دۆسیەکان بکات نیشانیان بدات، چونکە ئەوەیان لاوازی دەزگاکەی نیشان دەدا، لە کۆتاییدا ئەنجومەن بڕیاری دا هەموو بەرنامەو هەنگاوەکانی پاش بڕیاردان، لەسەر شێوەی نامیلکەیەک هەر پێنج ساڵ جارێک بڵاو بکاتەوە، هەندێک وایاندەزانی ئەوەش لە بانکەکە لە شێوەی گلاسنوستی رووسیایە، ئێمەش لە بانکەکە ئەوەمان کردو وامانەزانی ئەو پرۆسەیە ماوەی زۆری دەوێت و کاریگەری کەمە، بەڵام ئەو گۆڕانە پرۆسەکەی شەفافتر کرد، بەڵام دیارە بواری پەیوەندییەکانی ئێمەی بە بازاڕەوە لاوازتر کردووە. من بەرامبەر بە سەرۆک کلینتۆن هەستم بە دڵنەوایی دەکرد، لەگەڵ گێژاوەی ناو فنجانەکانەوە ناڵەی دەهات، ئەو سەربەخۆیی بڕیارەکانی بانکی ئیحتیاتی فیدراڵی دەستکاری نەکرد.

لەناو دیمەنە میلودراماکانی واشنتۆن ئاگام لە جیهانی دەرەوە نەمابوو، ماوەیەک بوو کودەتایەکی سەربازی لەسەر بوریس یلتسین کرابوو، من ئاگادار نەبووم ئەو رووداوەم نەزانیبوو، نیلسۆن ماندیلا خەڵاتی نۆبلی ئاشتی وەرگرتبوو من نەمزانیبوو، من ئاگاداری هیچ نەبووم، لە هێرشە تیرۆریستەکانی سەر مەڵبەندی بازرگانی جیهانی ناو ئەمریکا ئاگادار نەبووم، ئەوانە و زۆری تر.... ئەوەی زۆر بۆ بانکەکەمان گرنگ و بایەخدار بوو، ئابووری ئەمریکی بەرەو هەڵسانەوە دەچوو، لە سستییەکەی سەرەتای نۆهەدەکان هەڵسابۆوە، سەرمایەگوزارییەکان بووژاوەتەوە، پارە زۆرتر لە بواری نیشتەجێ و ئیستهلاک سەرف دەکرا، بێکاری بەرەو



کەمبوونەوە دەچوو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ ئابووری ئەمریکی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی بەرێژەی ٨,٥ ٪ گەشایەوە، ئەو بووژانەوەیە ساڵانە بەرێژەی ٥،٥ ٪ بەرەو هەوراز بەرز دەبۆوە. ئەوانە هەموو هۆکار بوون ئیحتیاتی فیدراڵ خۆی بگرێتەوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا، بۆ یەکەم جار و پاش ماوەیەکی زۆر بەهای قازانج بەرز کرایەوە، ئەوەی کە ترسی لەسەر بازاڕەکان دانابوو. لە ساڵی ١٩٩٦ ئابوورییەکەمان بووژانەوەیەکی نوێی بەخۆیەوە بینی، لە مانگی نۆڤەمبەردا سەرۆک کلینتۆن دووبارە هەڵبژێردرایەوە، دووبارە بازاڕ بووژایەوە، بووژانەوەکە بەرێژەی ٤٪ بوو، بەڵام من تا دیسمبەری ساڵی ١٩٩٦ برادەرەکانی ناو بانکی ئیحتیاتیم ئاگادار دەکردنەوە، پێم دەوتن، هێشتا کارەکانمان تەواو نەبووە، بەڵام دوایی بۆمان روون بۆوە کەوا کارو دەرئەنجامی زۆر باشمان لە بانکەکە دەستەبەر کردووە. ساڵی ١٩٩٤ بۆ سەرۆک کلینتۆن ساڵێکی شووم بوو، چاودێریی تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پیران و نوێنەران شکابووین، لە کۆتاییەکانی مانگی دیسمبەر کەوتینە ناو تاقیکردنەوە، لە مەکسیک راگەیاندرا کەوا لەسەر لێواری رووخانی ئابووریدایە، گرفتەکەیان لەوەدا بوو کە بازاڕو ئابوورییەکەیان باش بووە، چەند ملیار دۆلاریان قەرز کردووە، بۆیە سەرۆکەکانیان داوای کۆمەک و یارمەتییان لە ئەمریکا کردبوو.

---

لە رۆژنامەی «القبس»ی کوێتی لە ٢٠٠٧/١٢/٩ تا ١٢/٢٦/ ٢٠٠٧ بڵاو کراوەتەوە.



ئالان بە منالّی



ئالان لەگەڵ ژنە ژورنالیستەکەی



ئالان لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا



# پێڕست


بابەتی یەکەم – ریتشیستان ........ 7
پێشەکی ........ 9
ئامۆژگەی ستارکی ........ 11
پرنسیپەکانی ستارکی ........ 11
کەلتوورێکی نوێ ........ 13
١٥ خانوو ........ 15
گرفتی گەورە ........ 15
کارکەری تایبەتی ........ 17
کۆنگرەی ساڵانە ........ 18
مەسەلەی مشکەکە ........ 25
گەشتێکە لە ژیانی دەوڵەمەندە نوێیەکان ... 26
سەردەمی چاوچنۆکی ........ 27
فەرمانبەرە مووچە زۆرەکان ........ 31
پاداشت و لێپرسینەوە ........ 33
کەی لە ئەمریکا وەک دەوڵەمەندێک... ........ 36
کەی سەرمایەدارەکان هەست... ........ 37
بژاردەی پالم بیتش ........ 39
ناکۆکی لەسەر ئەو پۆستە ........ 40
دەسەڵات بە پارە ........ 41
سامانە کۆنەکان و سامانە نوێیەکان ........ 42
لە نێوان کۆن و نوێدا ........ 43
کەناری ملیاردێرەکان ........ 45
مەترسییەکان و کوشندەیی قەرز ........ 50
نیگەرانی ........ 53
دڵی ئەمریکا ........ 56
ترس لە رووخان و شکان ........ 59
کەشە خەیاڵییەکە ........ 66
چینێکی نوێ ........ 67
شەڕی بەلەمەکان ........ 69
فرۆکە تایبەتییەکان ........ 70
قۆناخێکی تازە ........ 72
وێنەکان بە ژمارە ........ 74
بژارە باشەکە ........ 76
شێوەیەکی تری پارە سەرفکردن ........ 78
براوەی مەزن ........ 79
لایەنێکی تاریک ........ 80
نەخۆشی خۆشگوزەرانی ........ 81
سەرمایەگوزاری کۆمەڵایەتی ........ 83
ململانێ بۆ یارمەتی ........ 85
بنەما جیاوازەکان ........ 87
رۆبن هود ........ 88
چوار چەتەکە ........ 92
ئایدلۆژیای جیاواز ........ 93
کاندیدکراوەکان بە پارەکانیان... ........ 95
ترس لە دوارۆژ ........ 96
مەترسییە گەورەکان ........ 99
ناوداری زۆرتر ........ 101
هەستکردن بە گومان ........ 104
باریس هیلتۆن.. دێوەزمەکە ........ 105
بەندەری کارامەیی ........ 107
منالّی ئورستقراتییەکان ........ 108
پێشوازییەکی رەسمی ........ 109
سەرمایەگوزاری زیرەکەکان ........ 109
کاردانەوەی خراپ ........ 116
وانە واقیعییەکان ........ 117
دووفاقی ........ 118
بۆشایی سامان ........ 119
سەرمایەگوزاری وەستانی نییە ........ 121

جیهانێکی تر ..... 122
گوندی بەفر ..... 123
ماڵە یان مۆزەخانەیە ..... 125
رۆبن هـود ..... 125
شەپۆلی سێیەم ..... 128
ئاهەنگێکی گەڕۆک ..... 128
بابەتی دووەم– سـەردەمی گۆڕانەکان ..... 135
سـەردەمی گۆڕانەکان ..... 139
پەیوەندیکردنم بە بانکەوە ..... 143
ئەمریکییەکان کەمتر پارە سەرف... ..... 145
گـورزێکی کـوشندە ..... 147
زۆربوونـی بێـکاری ..... 148
سـەرفکردن و کەمکردنی باجەکان ..... 150
گلەیی لە مـیدیاکان ..... 151
گەڕان بەدوای وەڵامەکە ..... 152
جیـهان دەگۆڕێت ..... 152
سەردەمی سەرۆک ریگن ..... 156
نهێنییەکانی رۆژە رەشەکە ..... 158
ناکۆکییەکان لە سیاسەتی ئابووری... ..... 162
بروسترویکا بـەرەو هەرەسهێنان ..... 166
سـەرەتا لە پۆلۆنیـاوە ..... 167
سۆڤیـەت لە تەنگژەدا بوو ..... 168
هـیوای گـومبوو ..... 180
بۆشی (باوک) تاوانباری کردم کە... ..... 171
نەخشەسازی مـەرکەزی و بارەگرانەکە ..... 172



هـەردوو بەشـەکەی ئەڵمانیا ..... 173
رۆیشتن لەسـەر هـەنگاوەکانی ئایرهارد ..... 175
زەمـانەتی کۆمـەڵایەتی ..... 177
پەیوەندی بە ریفۆرمخوازە رووسەکان ..... 178
رووخانی دیوارەکەی بەرلین چی... ..... 181
ناسینی ئابووری سۆڤیەت ماندووی... ..... 182
دیوارەکەی بەرلین رووخا ..... 184
هەواڵی ناخۆش بەردەوامە ..... 186
کەمکردنەوەی نرخی قازانج ..... 188
سـەرەتای بووژانەوەکە ..... 189
بووژانەوەی کەرتی نیشتەجێیی ..... 189
دەوڵەمەندەکانی مۆسکۆ، چەشەی... ..... 191
چارەسـەرکردنی توندڕەوییەکانی... ..... 195
سیـماکانی سەرۆکایەتی بۆش ..... 196
سیاسەتمەدارەکان هـەڵەیان کردبوو ..... 200
پارە سـەرفکردن لە پێناوی سیاسـەتدا ..... 203
دیمانەمان لەگەڵ ئەلنعێمی ..... 205
کۆتایی هاتنی رۆڵە مێژووییەکە ..... 208
پترۆڵ تەمەنی چەند ماوە؟ ..... 210
چی لە ئۆپک داوا دەکرێت؟ ..... 211
کە جیراڵد فۆرد لە ساڵی... ..... 211
پرسیارە زیرەکەکانی سەرۆکایەتی ..... 215
رووبەڕووبوونەوەی کورتهێنانەکە... ..... 216
مانگی هەنگوێنی ..... 217